



# سەرنجێك

# لە كاژيك ١٩٥٩

# پێشخان و پاشخانەكانی

# (دكتۆر جەمال نەبەز)

# نوری کەریم

# کوردستان

# ٢٠١٧

## چاپی سێیەم

ناوی کتێب: سەرنجێك لە کاژیك ١٩٥٩ و پاشخانەکانی،( دکتۆر جەمال نەبەز)

ناوی نوسەر : نـــوری کـــەریم

نـــەخشەسازی بـــەرگ : ناوەندی سارا ( هونەر عوسمان )

نەخشەسازی ناوەڕۆك : ناوەندی سارا ( ئارام عوسمان )

چا پی یەکەم : ٢٠١٥ , ئەڵەمانیا

چا پی دووەم : ٢٠١٦ ، کوردستان

چا پی سێیەم : ٢٠١٧، کوردستان

قەبارە : ٣٢٧ لا پەڕەی ناو نجی( ئەی٥ )

شوێنی چاپ : ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە- سلێمانی —بازاری ئاوباریك

تیراژ: ٢٥٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ، ژمارەی سپاردنی( ١٨٢٧ )ی ساڵی ( ٢٠١٦ ) ی پێدراوە

مافی چاپ و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

پێشکەشـە :

## بە گیانی بەرزە فڕی

## گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی و سەربەخۆیی کورد

## بە هەموو ئەوانەی

## لەبەرامبەر تاریکیدا شمشێر هەڵناکێشن،

## مۆمێك دادەگیرسێنن

**ناوەڕۆکی کتێبەکە :**


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| دەستپێك | ٥ ــ ١٨ |
| دەقی کتێبەکە | ١٩ ــ ٢٩٦ |
| ژێدەرەکان | ٢٩٧ |
| ئەلبوومی وێنەکان | ٢٩٨ ــ ٣٢٠ |
| سەرچاوەکانی وێنەکان | ٣٢١ |
| پاشکۆ | ٣٢٢-٣٢٧ |

## دەستپێك

وەك ئاشكرایە پرۆفیسۆر دكتۆر جەمال نەبەز, ناوێكە پانتاییەكی فراوانی لە رووبەری رووناكبیریی كورددا بە شایستەیی پڕكردۆتەوە و هەرلەپەنجاكانی سەدەی رابوردووەوە بەنووسینەكانی لەرۆژنامە عارەبییەكانی ئەوسەردەمەی بەغدادا بەناوی(صامدألكوردستانی) و ( ج . أ . كلول ) بۆداكۆكیكردن لە مافەكانی كوردو بەرپەرچدانەوەی ناحەزان , نەیاران ودوژمنانی كورد لەلایەك و وەرگێڕانە سەركەوتووەكانی لە زمانەكانی بێگانەوەو دانانی یەكەمین فەرهەنگی زانستیی و هەوڵەكانیشی بۆدانان وبەكاربردنی ئەلف و بێی لاتینی لە لایەكی دیكەوە , ئیتر پێدەنێتە دنیای رامیاریی و رێكخستن و خەباتی نهێنی ولەگەڵ هاوبیرەكانیدا١٤/٤/١٩٥٩ یەكەمین رێكخراوی نەتەوەیی لەمێژووی كورددا دادەمەزرێنن بەنێوی كۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەكێتی كورد ــ كاژیك , كەبنكە سەرەكییەكەی سلێمانی بوو, دواتریش لەسنووری پارێزگای سلێمانی دەرنەچوو, مەگەر بەئاستەم, بەڵام مامۆستا نەبەز ساڵی ١٩٦٢بەنیازی خوێندنی باڵا، وڵات جێدەهێڵێت و روودەكاتە ئەورووپاو پێلاوی نامۆیی لە شاری جنێڤ ـ سویسرا دەكرێتەوە و دەست بە خوێندن دەكات و لەپاڵ خوێندن و فێربوونی زمانی و فەرەنسایيداوەك رامیارو كارگێڕێكی چالاكیی خەبات ورێكخستنی نەتەوەیی و نووسەروكوردۆلۆگییەكی پڕكارو فرە بەرهەم وماندوونەناس

بازووی کوردانەی هەڵدەماڵێ و تەمەن درێژبێت هەتا ئەمڕۆش خاونەبۆتەوە ,بەرهەمەکانیشی لە بواری هزر و هەوڵدان بۆ خستنە قاڵبی بیری کوردایەتیی و داڕشتنی پایەکانی، وەك فەلسەفەیەکی کوردانە ... بەمەش دکتۆر نەبەز دەبێتە نەك یەکەمین بەڵکو تاکە سوارچاکی ڕێبازەکە . لێرەدا بەهەلی دەزانم بڵێم لە بەرواری سەر بلاڤۆکە سەرەتاییەکانی کاژیکدا ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەنوسران , لە مانگ وساڵەکە(١٩٥٩/٤)دڵنیام بەڵام گومانم لە ڕۆژەکە هەیە کە ١٤بێت ،بریا هاوبیرێك دۆکومێنتێکی لەو ڕووەوە بلاوبکردایەتەوە کە گومانەکەم پشتڕاست بکاتەوە یا بڕەوێنێتەوە.

گریمان نەتەوەی کورد بیرمەندانی هەن, وەك پیرەمێرد , ئیبراهیم ئەحمەد , مەسعوود محەممەد ,عەبدوڵڵاجەوهەر, زەبیحیی ,دکتۆر جەمال نەبەز ئەگەر

پێشەنگیان نەبێت بەدڵنیاییەوە دەڵێم لەهەرهەموویان بەبەرهەمترو پشوودرێژترو بەمەوداترە,منیش کە ئەم پێشەکییە دەنوسم دەڵێم نەبا هێشتا(هەرچەندە گومانیشم هەیە) خوێنەری کورد هەبێت دکتۆر جەمال نەبەز ناسنەکات . ئەز یەکەمین جارمامۆستا نەبەزم وەك نووسەر و وەرگێر ناسکرد, کاتێك ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی کەئەو کات لەشەقامی پیرەمێرد, بەرامبەر ملکێکی بنەماڵەی سۆران بوو کەبارەگای شابەندەر(کونسوڵگەریی ) ی ئێرانی تێدابوو(خوارووی باخچەی دایك).یەکەمین جار لەو کتێبخانەیە لەسەر پێشنیازی هاوڕێیەکمان کە ساڵێك لە ئێمە بەتەمەنتر بو, داوای کتێبی

(پاڵتۆ) دەکەین, دەڵـێم  داوای دەکـەین , چـونکە پێکـەوە دەمانخوێنـدەوە!!
مــن بەشــبەحاڵی خـۆم نەمــدەزانی نوســەرەکەی کێیــە , گــرنگیش نــەبو هەرکەسە, دیارە ئەوەشم نەدەزانی کە لەزمانی بێگانەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی , دوای چەندین ساڵ ئینجـا زانـیم ئـەوە (گۆگـۆڵ) نوسـیوێتی مامۆسـتاجەمال نەبـەز کردوویـەتی بـەکوردی... ئیترجارێـك و دووان وئـەو کتێبەمان وەردەگرت و هەموو جارێکیش پێکەوە تەنها یەك دوولاپەڕەمان

دەخوێنـــــــدەوەو کەدەگەیشـــــــتینە ســـــــەر نـــــــاوی پاڵــــــەوانی چــیرۆکەکە(ئەلفریدمویللەرئەفەندی) پێکــەنین دەیگــرتین وخۆمــان کــۆنترۆڵ نــەدەکرد و دەنگمــان دەبیســترا. بەڕێوەبــەری کتێبخانــەش کــە پیــاوێکی سپیکەلەی بالابـەرزی چاوێلکەلەچـاوی زۆر پۆشتەوشـیك بوو,دەهـات و زۆر بەهێمنی سووکوباریك کتێبەکەی وەردەگرتەوەو دەریدەکردینە دەرەوە, بـەلام هــەرگیز نەیــدەوت جــارێکی دیکــە نەیەنــەوە! ئێمــە ئــەوکات هەســتمان بەهەڵوێستی پەروەردەکارانەی ئەو بەڕێوەبـەرە نـەدەکرد...ئێمـە دەچـوینەوە وئەویش وەك هـیچ نـەبوبێت ئـەرکی پـیرۆزی خـۆی ئەنجامـدەدا. سـالانێکی دوورودرێژ تێپەرین وکتێبخانە گوێزرایەوە شـوێنی ئێسـتاو هـەر ئـەو پیـاوە ئێسك سووکەش بەڕێوەی دەبردو بەهۆی برای گەورەو هاوبیرو هاوڕێم شەهید مامۆستاحەمەصـالح ناسـراو بـە (صـالح هێتلـەر)زانیم نـاوی عەبدلکـەریم عارفە و دواترێکیش زانیم ئەندامی سەرکردایەتی کاژیکیشـە,جیگەی داخـە شــەوێك لەیــەکێك لەئوتێلــەکانی بەغــدا(گیان دەســپێرێت) ... دووەمــین

بەرهــەمی مامۆسـتا نەبـەز کـەمن بـە هـەرزەکاریی خوێندمــەوە چـیرۆکێك بوو(ئەگەرهەڵەنــەبم) بەناوی(ئەمرەکــەی بەگم)هەرچــەند ئێســتاش نــازانم مەبەسـت لەناونیشـانەکە کـام لـەم دوانەیـە: بـەڵێ قوربـان فەرمانتــە(یا) فەرمانەکەی بەگ . (دیارە بەهەڵەدا چوبووم, ئـەو چـیرۆکە نوسـینی یوسـف ئەلعانی و وەرگێڕانی بەهەشتیی ئەمینی میرزا کەریمـە),ئەمــە وەهـا.سـاڵی ١٩٦٢رۆژێکیــان پورزاکــانم وتیــان تەماشــاکە, دەســتیان بــۆ پیــاوێکی باڵامەیلەوبەرزی سووروسپی چاو سەوزو رووخۆش راکێشا وتیان(ئەوەجـەمال نەبەزە,کە زۆر حەزدەکەیت بیبینیت !) چاوم لێ نەتروکاند و بەهەمو کـامی دڵ تێرتێر سەرنجمدا... ئیترلەو رۆژە بـەدوا ئـەو پیـاوەم بـەبینین نەبینییــەوە بـەڵام لـە ئـەوروپاوە بەرهەمــەکانی دەگەیشـتە رێکخسـتنەکانی کاژیـك لـە کوردستان. وەك وتم ئیتر من مامۆستا جەمال نەبەزم نەبینییەوە هەتاسـاڵی ١٩٩٤ گەیشتمە ڤییەننای پێتەختی وڵاتی نەمساو میوانی هاوڕێی دڵسۆزم ئەنـدازیار ئازادحەمــە عــەلی بـوم ,وتــی خۆشــی لـەخۆت سـبەینی دەچـین بۆسیمینارێکی دکتۆرجەمال نەبەز.... بەڕاستی ئەوە بۆمن مژدەی بەهەشت بـو دوای ٣٢ سـاڵێك ئـەو پیـاوە , ئـەو روونـاکبیرە ناسـراوە, خـاوەنی ئـەو قەڵەمە بەبڕشت و فرە بەرهەمــە ببیـنم . بەڕاسـتی مـن زۆر تامــەزرۆبوم, لەهۆڵی سیمینارەکەدا هەرچاوم دەگێڕاو ملەقوتەم بوو, بەڵام ئەو جەمال

نەبەزەم بەرچاونەکەوت کەلەبیرەوەریمدابوو, یا لە وینە فۆتۆگرافەکەی لەسەر گۆڕەکەی یەکەمین شـەهیدی کاژیـك, شـەهیدی جوانەمــەرگ لـەتیف عـەلی

لەگۆڕستانەکەی شاری گـویتینگن گرتوویـەتی ونادربوویـەوە بۆهـاوبیرانی کاژیـك , وتم ئـەری کاکـە ئـازاد ئـەوە دکتـۆر نەبـەز بۆنـەهات؟ وتـی ئـەی ئەوەنییـە دانیشـتووە, ئـەوەی کراسـە رەنگاورەنگەکـەی لەبەردایـە, بـاوەرم بەچاوی خۆم نەدەکرد, زۆر گۆڕڕابو, زۆر زۆر, ئەو کاریگەرییـەکانی نـامۆیی و دەردی نامۆیی و دور لەکەسوکار و دۆسـت و ئـازیزان و یادگارییـە تـاڵ و شیرینەکانی کۆڵان ,گەڕەك,شـار و کوردسـتانەکەی ئاشـکرا پێـوە دیـاربوو. مامۆستا سیمینارەکەی بـەزمانی ئەڵـەمانی پێشکەشـکردو منـیش تەقـەی سـەرم دەهـات , وامـدەزانی گـوێزم بۆدەژمێرێـت , کەتـەواوبوو چـوومە بەردەمی و وەك هاوبیریك خۆم پێناسـاند و هەنـدیك باسوخواسـی کاژیـك و پاسۆکم وروژاند بەڵام ئەو هەر زۆر سارد و سڕ بوو, وایدەزانی هاتووم لەپـەنا ئەودا کوردایەتی یا حیزبایەتی بکەم! نە وەڵامێـك , نـە روونکردنەوەیـەك , نە کۆمێنتێك. دواتریش هەموو ئەو جارانەی لەسـیمینارەکانیدا بەخزمـەتی دەگەیشتم سـەری پریاسـکەیەکم بـۆدەکردەوە بـەڵام هـەرگیز ئـەو وەڵامانـەم دەستنەکەوتن تاسەشکێن بـن .... لـە سـەردانەکەمدا هـاوینی٢٠١٥دا بـۆ کوردسـتان, دوو رۆژ بـەر لەگەڕانـەوەم وتیـان بەرهـەمێکی دکتـۆر جـەمال نەبەز دەرچووەو وەڵامی بۆچوونەکانی دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرینیشی داوەتەوە. لەو دو رۆژەدا کتێبەکەم دەست نەکەوت بـەڵام هـەر گەیشـتمەوە ئەڵـەمانیا پەیوەندیم بە مامۆستاوەکرد , فەرمووی خەم ناکـا بەپۆسـت بـۆت دەنێـرم و وەڵامـی هەرهـەموو پرسیارەکانیشـت لەوێـدا دەبینیتـەوە. بەرەکەتـدا لـەم کتێبەدا زۆریك لەو باسوخواسـانەی(بن بەڕە)کـەی خسـتۆتە سـەر (بەڕە)کـە

بەڵام هەرچەند لاپەڕەیەکم دەخوێندەوە سەرنج و تێبینییەکانی کە پێشتر هەمبوون قووڵتر دەبوونەوە و لەهەندێك بابەتیشدا کەموزۆر, دورو نزیك, راستەوخۆ و لاوەکی (خۆمانم ) دەبینییەوە کە لە رووداوەکاندا ژیاوین و ئەو چرایەی مامۆستاش پێیکرد هانیدام و رێگای بۆخۆشکردم سەرنج و تیبێنییەکانم کۆبکەمەوەو بیانخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد بەگشتیی و هاوبیرانی کاژیك و پاسۆك بەتایبەتی .

بەرهەمەکانی مامۆستا لەژماردن نایەن ,هەموویانیش هەر لە کتێبی میری سۆران کەتێزی دکتۆرانامەکەیەتی بە زمانی ئەڵەمانی و فەخری سیلاح

شۆڕ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی وبەئەرك و ماندوبوون وپارەی خۆی چاپ و بڵاویکردوونەتەوە . کۆمەڵە وتارەکانیشی لەیادنەکەین لەرۆژنامەکانی بەغدادا, وەك وتاری بەرپەرچدانەوەی درۆ و دەلەسەکانی کونسوڵگەریی عێراق لەلوبنان بەزمانی عارەبی لە١٩٦٦/٥/١٠دا بەناونیشانی(أنتم مجرموا حرب ولستم کحکام سویسرا) ئێوە وەك فەرمانڕەواکانی سویسرا نین بەڵکو تاوانکارانی جەنگن. نووسینەکانی لە رۆژنامەی(صوت ألاهالی) بەغدادا, بەناوی نهێنی (صامدالکوردستانی) و (ج.أ.کلۆڵ)لەبەرپەرچدانەوەی دو وتاری بەڕێزان بەهادین نوری و مەسعوودی مەلامحەمەدی کۆیی, لەبەرهەمەکانیشی بە شێوەی کتێب لە بوارەکانی زمان و زمانەوانیی,دیرۆك,رامیاریی ,ئەوەندەی من بزانم بریتین لە :

١ - بەرهەمە ناوازەکەی(سەرەتای میکانیك وخۆماڵەکانی مادە) ساڵی ١٩٦٠ نوسیوێتی کە یەکەمین بەرهەمی زانستیی فیزیکە بەزمانی کوردی وشارای ئەو وشە نوێیانەی لەو کتێبەو لەفەرهەنگۆکە زانستییەکەیدا کە بۆ یەکەمجارخستییە سەر خەرمانی وشەو دەربڕینی نوێ لە زمانی کوردیداو بەرهەمەکەشی بێ بەرامبەر دابەشکردووە بەسەر خوێندکارانی کورددا لەشاری کەرکووك.

٢ـ کتێبی کوردایەتی بزووتنەوەو بڕواو رژێمە(بەناوی خواستراوی زەردەشت) ەوە .

٣ـ حقیقە کاژیك ( بەزمانی عەرەبی) .

٤ ـ فەرهەنگۆکی زانستیی.

٥ — زمانی یەکگرتووی کورد-١٩٧٦

٦— هەندێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی سۆشیالیزمی کورردی ١٩٨٤٠

٧ـ کوردو شۆڕشەکەی, ألمستضعفون ألکورد واخوانهم المسلمون.

٨ـ بیری نەتەوەیی کوردی, نەبیری قەومییەتی رۆژهەلاتی و نەبیری ناسیۆنالیزمی رۆژاواییە.

٩ ـ دۆزی ناسیۆنالی کورد....

١٠- فەلسەفەو رامانی یارسانیی -٢٠٠٩.

١١-ناسنامەو کێشەی ناسیۆنالی کورد-٢٠١٢

١٢ ـ دۆزی ناسیۆنالی کورد....

١٣ ـ پێوەندارێتیی کورد, کورد کێ یە و کوردبوون مانای چی ؟

١٤ـ رۆژانی ئاوارەییم لەسویسرا. ئەمانە جگە لەو وتارانەی لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەهەردو زمانی کوردی و عەرەبی بلاۆیکردوونەتەوە. مێژووی خەباتی نهێنی و ئاشکرای دکتۆر نەبەز لە کوردستان و لە ئەورووپا کەچێکی کەمتر نییەلە بەرهەمەکانی بەنووسین و چاپکردن و بلاوکردنەوەشەوە.ئینجا تۆ وەرە تەماشای مێژووی ژیانی رامیاریی و٦٥ساڵێك خەباتی سەخت و نەپساوەی بکە, هەر لە هاوبەشیکردنی دامەزراندنی کاژیکەوە بۆ دامەزراندنی نوکسە,سوکسە, ئەکادیمیای زانست و هونەری کوردیی,کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان,دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ پێشەوا شەهید موعەمەر قەززافی و... ئیتر ئەم کەڵە پیاوەی کورد بەهەموولایەکدا هەڵپە دەکات بۆ رەنگدانەوە و سەرخستنی بیری نەتەوەیی کوردو سەرکەوتنی شۆڕش, هەمووەدەمیش پڕکار و بەکار وبە بەرهەمە وهاوکاری بەردەوام و هاوبیری دڵسۆزو بەئەمەکیشی کاك بروسکە ئیبراهیمی ئەحمەدی قازییە.

لەم دواییەدا دکتۆرنەبەز بەرهەمێکی نوێی بەنێوی کاژیك ١٩٥٩ پێشخان و پاشخانەکانی (کۆبەرهەم ژمارە١٣ سلێمانی٢٠١٥) خستەسەر خەرمانی بەرهەمەکانی وبۆیەکەمین جارگۆمە مەنگەکەی شلّەقاندو چەندین قۆناغ و لایەنی گرنگی نهێنی و نەزانراوی پەیوەست بەکاژیك و پاسۆکی ئاشکراکرد و وەلآمی زۆرێك لەوپرسیارانەی دایەوە خوێنەری کورد بەگشتی و هاوبیرانی کاژیك و پاسۆك بەتایبەتی بەدووایدا وێڵبوون ... بەندەش کەلە ساڵی١٩٦٢ەوە لەگەڵ بزوتنەوەکەدا ژیاوم و وەك کادیرێکی پێشکەوتووش لەرووداوەکان بێئاگانیم , بۆیە لەژێر سێبەری ئەم بەرهەمە دانسقەیەی مامۆستادا سەرنج و تیبینییەکانم دەخەمە بەرچاو, **بەتایبەتیش کەمامۆستا دەڵێت : ( بەرهەمەکە بێ کەموکووڕیی نییەو پێویستی بەتێهەڵچوونی هاوبیرانی کاژیك هەیە)**,جائەوە منیش سەرنج و تێبینییەکانی خۆم دەردەبڕم وکورد وتەنی( تاڵ وکرمێش لەسەرخۆم !) ئەم هەوڵدانەش تەنها لەو سونگەیەوەیە, کە مامۆستا هەرلە١٩٦٢ەوە, هەتا ئێستا بێ پچڕان دووره ولآت ژیان دەگوزەرێنێت ولەوکاتەوە چاوی بە باشوور نەکەوتۆتەوە, پێدەچێت ئاگاداری زۆر چەمك و زۆر رووداو نەبێت ... **بۆیە هەوڵدەدەم لە پشت مامۆستاوە و پێ بە**

**پێی کتێبەکە لەهەر شوێنێکدا ڕێگەی قسەم هەبێت روخسەت لەمامۆستا وەردەگرم و بەسەربوردەی بزوتنەوەکەو ئەو هەمووکۆسپ وتەگەرەو تەنگەژانەی لە رێیدابوو سەرنجێك دەدەم و سەرەتەقەیەك دەکەم, ئەگەرنا پێگەو پلەی زانستیی وخەباتگێڕیی وماندونەبوون وخۆراگریی مەزنە پیاوێکی وەها تەنیاو تەنیابالْ , بێ پلەی دکتۆراو پرۆفیسۆریش هێشتا ئەوە نییە گەدایەکی دەست سپی وەکو من رەخنەی لێبگرێت , بۆیە بەتایبەتیش قسە لەو بابەتانە دەکەم کە خۆی ورووژاندوونی, ئەو خاڵانەش کە پەیوەندی بەو بەرێزانەوە هەیە مامۆستا ناویانی هێناوە, یا ناویانم هێناوە , بەویژدانەوە دەدوێم و لایەنی هەق و راستیی دەگرم و لەگەڵ هیچ کەسێکیاندا کێشە و ئاڵۆزیم نەبووە و نییە.**

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی مامۆستا کە گۆمە مەنگەکەی شڵەقاند, نەك کەلێنێکی گەورە بەڵکو کەندەلانێکی لە مێژووی کاژیك وبزوتنەوەی نەتەوەیی رێکخراوەییدا پڕکردەوە کە لای خوێنەر بەگشتیی و لای زۆرینەی هاوبیرانی کاژیك و پاسۆکیش پەنهان بوو... لێرەوە پێ بە پێی کتێبەکە ئەو خالأنەی سەرنج و بۆچوونم لەسەریان هەیە, جگە لە چەند شوێنێك کە لەبەر دوورو درێژیی, پوختەی کورتکردنەوەی بیر و بۆچوونەکەی مامۆستام نووسیوەتەوە, بێئەوەی تۆزقالێك ناوەڕۆك و کاکڵەی مەبەستەکەی گۆڕدرابێت , ئەگەرنا دەقاو دەق بۆچوونەکانی مامۆستادەخەمە نێوان دووجووت کەوانەی " " لەجۆرەوە و بە فۆنتی قەڵەو دەنووسم و ژمارەی لاپەڕەکانیشیان دەخەمە بەرچاو و سەرنجەکانیشم بە هێمای دوو ئەستێرە ** نیشانە دەکەم . دەخوازم خوێنەری هێژا بزانێت یەکەمین چاپی(تایپ) ی ئەم نامیلکەیە هەڵەی تایپی پێوە دیاربوو, مامۆستای هێژا کامیل ژیر دوای ئەوەی دووجار پێیداچووبووەوە لەو رووەوە رێنمایی کردم و

منیش پێداچوونەوەیەکی سەرتاخوارم کردو ئەوەی هەڵەی چاپ ـ تایپ بـوو, راستکرانەوە و بەدەم ئەو هەڵە چنییەشـەوە, پیتێـك لێـرەو وشـەیەك لـەویّ, دەستە واژەیەك لەملاو رستەیەك لەولا, سڕینەوە و لابردنێك , خستنەسـەرو زیادکردنێـك روویـداوەو ژمـارەی لاپـەڕەکانیش هەڵکشـاون و(ئـەلبوومی وێنەکان) یشی چۆتە پاڵ، بەو هیوایەی مەلۆیەك بخەمە سەر خەرمانەکە .

**نوری کەریم**

**ئەڵەمانیا,نیسانی٢٠١٦**

دکتۆر جەمال نەبەز ئەم دوا بەرهەمەی بەنێونیشانی (کاژیك ١٩٥٩ پێشخان و پاشخانەکانی) بەمجۆرە دەستپێدەکات :

**لا.١: " ... کەمێك دوورو درێژ باسێکی دامەزراندنی کاژێك و پاسۆك و رەوتی کارکردنیان بکەم , تا ئەو هەندازەیەی ئاگادارم لێیان , هەروەها پێشخان و پاشخانی هەردووکیان ... "**

**مامۆستا دکتۆر نەبەز ئەو بۆشایی و کەلێنە گەورەیەی بەمێژووی رەوتی یەکەمین رێکخراوی رامیاریی نەتەوەیی کوردەوە زەق زەق دیاربوو, بەهۆی کەمتەرخەمیی و بێباکیی هاوبیرانی دامەزرێنەر وکۆمیتەی سەرکردایەتیی (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد ـــ کاژیك)ەوە پردەکاتەوە, بەتایبەتیش ئەوانەی هەتا راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشوور لەژیاندابوون وهیچکامیان لەو رووەوە کەم وزۆر قەڵەمیان نەخستە سەر کاغەزو هەرنەبێت سەرەتای بڵاوبوونەوەی بیری کاژیك و قۆناغی ئەو چەند ساڵەی نێوان ١٩٥٩ ــ ١٩٦٤ یا مەرگە ساتی لەناکاو و خەفەکردن وکوژاندنەوەی مەشخەڵەکەی دەستی کاژیك, کە هەریەکەیان دەیتوانی بەپێی تواناو لێپرسراوێتیی خۆی تیشکێك بخاتە سەر یەکێك لەو قۆناغانە ... لە کاك ئاسۆس هەردی بیستوومە کە مامۆستا هەردی بیرەوەرییەکانی خۆیی گێڕاوەتەوە و ئاری بابانی پۆرزای کە دەبێتە پورزای منیش پاکنووسی کردوون .گرنگی بەرهەمەکەی مامۆستا نەبەز لەوەدایە ئەو کەلێنەی پڕکردەوە و گیانی هاوبیرانی شەهیدو کوچکردوو ئاسوودە دەکات و

تینوێتیی هاوبیرانی زیندوش دەشکێنێت و تەمەن درێـژبێت دوابەرهەمیشـی نابێت

**لا.٢:" لەنیوەی یەکەمی پە نجاکاندا رەخنەمان لەسیستەمی کۆمۆنیستێتی و سەرمایەداریی دەگرت وخۆمان بە قوتا بخانەیەکی کوردیی بۆ سۆسیالیزم دەزانی . جالەبەرئەوەی نەلەگەڵ پارتی ونەلەگەڵ کۆمۆنیستەکان بووین , خەڵك ئێمەیان بە ( رێبازی سێیەم ) دادەنا چونکە قسەکا نمان لەقسەی پارتەکان و کۆمۆنیستەکان نەدەچوون ."**

**ئەوە زۆر راستە نەتەوەییەکانی کورد, لەهەموو لایەنەکانی رێکخراوەیی و رامیاریی و مێژوویی و ستراتیژ وتاکتیکیشەوە, لە شـیکردنەوەی کێشـەی کورد, خەباتی هاوبەشی کوردو گەلانی عـەرەب و تـورك و فـارس ,برایـەتی کورد و داگیرکارانی کوردستان,ململانێی چینایەتی وخۆبەستنەوە بـە بلـۆکی خۆرهـەڵات بـە سـەرکردایەتی رووسـیا و بلـۆکی خۆرئـاوا بەسـەرکردایەتی ئەمـــەریکا زۆر جیـــاواز بـــوون , ئەمانـــەش هـــەمووی لەقســـەو کـــردار وهەڵســـوکەوتی رۆژانەیانــدا, وەك تیژێکـــی جیـــاواز لـــە نێـــو کۆمەڵگـــەی مەڵبەندی سلێمانی و خوێندکارانی زانکـۆ و رووناکبیرانی کـورددا لەبەغـدا رەنگی دەدایەوە , تەنانەت ناوی رێکخراوەکەش (کاژیك) نوێ بو, لەهـەموو مێژووی کورددا یەکەمجار ( ژێ ــ کاف )لە خۆرهەڵاتی کوردستان و دوای نزیکەی ١٧ ساڵیش لە باشوور نـاوی (کاژیـك) نـوێ و نـاوازە بڵاوبـووەوە و کەوتە سەرزاران ....... بەڵام رێبازی سێیەم یا هێزی سێیەم , ئەوە لە سەرو بەنـدی یـەکگرتنی پاسـۆك و حیزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان و دواتـر یەکگرتنی سێقۆڵی لەگەڵ پارتی گەل بۆ دروسـتکردنی هێزێـك بەرامبـەر دو

زلهێزەکـەی باشـوور, یـەکێتی نیشـتیمانیی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکراتی کوردستان ـ عێراق, زاراوەی ( هێزی سێیەم) بڵاوبـووەوە و نزیکـەی سـاڵێك بەسەرزارانەوە بـوو هـەتا هەرسـێکیان پێکـەوە چوونە نێـو پـارتی وفیکـەی کۆتایی گەمەکەش لێدرا, سیٚ بە هیچ.!

**لا.٢: "... پەرتووکی جۆراوجۆرمان دەخوێندەوەو هەوڵی فێربـوونی شـتی نوێمـان دەدا. لەوهاوڕێیانە مامۆستا فایەق ئارف ,دکتۆر ئەلی, مامۆستا ئەبدوڵلا میدیا,مامۆستا ئەبدوڵلا زێیاری, بەرێز ئەحمەد سمێڵ کاکەیی , مامۆستا جەلال تۆفیق , شێخ ئەحمەد نەقیب , مەلا ئەبدوولی مەلا سەئید و چەند هاوڕێیەکی دی ...... بەتێپەڕبوونی کات پەیوەندیم لەگەڵ کاك کامیل ژیر بەهێزبوو ..."**

** پێدەچێت لێرەدا دکتـۆر نەبـەز نـاوی مـامۆسـتایان محەمـەد حـەوێز و نـوری عەبدوڵلا(ناسـراو بـە مـەلا نـوری) لـەیاد نـەبووبێت یـا بەرچـاپ نەکـەوتبێت . ئـەو بەڕێزانـە لـە پیـاوە ناسـراوەکانی شـاری سـلێمانی بـوون ,یەکەمیان کـۆیی و دوەمیـان گـەرمیانی و خـەلکی گونـدی عەسـکەرە لـە دەڤەری گەرمیان.مامۆستا محەمەد حـەوێز بەڕێوەبـەری خانـەی پێگەیانـدنی مامۆستایان ,فایەق عارف مامۆستای کیمیـا و مامۆسـتا نـوری عەبـدوڵلا مامۆستای زمان و وێژەی عەرەب لە وانە بێـژە سـەرکەوتووەکان بـوون ولای خوێنـدکاران زۆر بـەرێزو خۆشەویسـت بـوون ,. لـەرووی کۆمەڵایەتییـەوە هاوکاریی خوێندکارانیان دەکرد, بەشانازییەوە دەڵێم ٣سیٚ چوار ساڵ لـە خزمـەت هەرسـێکیاندا خوێنـدکاربووم لـە دواناوەنـدی وەتـەن و خانـەی پێگەیاندنی مامۆستایان . مامۆستایان عەبدوڵلامیدیا و عەبـدوڵلا زیبـاری

دووماموّستای خویّندنی سەرەتایی و فرە دڵسوّز و کوردپەروەربوون , عەبدوڵڵا زیّباری لەسەر کوردایەتی دوورخرابووەوە بوّ سلیّمانی, لە رقی میریی و دەستوپیّوەندەکانی بە شاڵوشپیلکە نەتەوەییەکەیەوە دەهاتە بازاڕ. بەڵام کاک جەلال توّفیق ماموّستا نەبوو, دوّکانیّکی رازاوەی هەبوو بوّ فروّشتنی کاڵای کارەبایی ناومال, محەمەد عەلی توّفیقی برازای لە ریّکخستنەکانی کاژیکدابوو. شیّخ ئەحمەدیش کوڕی شیّخ رەوفی کوڕی سەیید نوری نەقیبە ولە بنەماڵەی شیّخی کوردان, شیّخ مەحموودی مەلیکی کوردستانە, خاوەنی مزگەوتی نەقیب و ئەو مڵکانەی دەوروبەری مزگەوتەکەشن کە بەشیّکی کراوە بە بازاڕی نەقیب بە ١٥٠ دوکانەوە .بەداخەوە بەریّزان مەلاعەبدوولی مەلاسەعید و ئەحمەد سمیّل کاکەیی ناناسم.

ل.٣٠: .." **پیّموابوو, ئیّستەش پیّموایە کوّمەڵگەی کورد کوّمەڵگەیەکە لەبنەڕەتەوە سەقەتە و پیّویستی بەخوّدروستکردنەوە وخوّناسین و باوەڕ بەخوّهیّنان هەیە و دەبێ جارێ خەریکی روّشنکاریی بین , بەتایبەتی بوّ ئەو سەردەمە کە ریّبازی کوّموّنیستیّتی سەربە سوّڤیّت و چین بەرچاوی گە نجی کوردی بەتەواوی گرتبوو, ریّی نەدەدا هیچ جوّرە بیروّکەیەکی دیی لەکوردستاندا روناکی ببینێ.خوّئەگەر بیروّکەیەکی دیکە سەریهەڵبدایە, ئەوا ئەوەی بەفیتی ئیمپریالیزم و زایوّنیزم و چی وچی لیّکدەدایەوە** ."

**ماموّستا دەق پیّکاویّتی , کوّمەڵگەی کوردەواری سەقەتە وهەر بە سەقەتیش هاتووە, ئیّستەش ئەم سەقەتییە چەند نەوەیەك دەپیّچیّتەوە.ئەو هەڵشیّلانەوەیەش پروّسەیەکی میّژوویی دریّژخایەنەو بە دە ساڵ و بیست

وسی ساڵیش ئەگەر ئەنجام بدرێت ئینجا دێتە سەر بارە دروستەکە و ڕاستدەبێتەوە,ئەوەش ئاسان نییە,چارەسەرکردنی هەر ئەندامێکی لەش ساناترە لە چارەسەرکردنی ئەوەی لە کەللەسەردایە.کۆمۆنیستەکانیش هەر لە ساڵی ١٩٣٤ەوە گۆڕەپانی بیر و رامیارییان نەك تەنها لەباشوور,لە کوردستانی گەورەو تۆبڵێ لە خۆرهەلاتی ناوەندیشدا لەباری رێکخستن و جەماوەرەوە قورخ و پاوان کردبوو, کۆمۆنیستە کوردەکان گاڵتەو قەشمەرییان بەزمانە زگماکەکەی خۆیان دەکردو ئاواتە خوازبوون لەکوێرە دێیەکی روسیا بهاتنایە دنیاوە و بە(زمانە پیرۆزەکەی) دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا زمانیان بپژایە,زۆربەشیان سوکایەتییان بە ئالای پیرۆزی کوردستان دەکرد و دەیان وت پەرو بەگویەکیان هێناوە لەپێناویدا شەڕدەکەن! ئەوانە لەشۆڕشی کوردیش بەدگومان بوون و دەیانگوت ئەم جولانەوە چەکدارییە بۆنی نەوت وئینگلیزی لێدێت .! لە کتێبی (پانۆڕامای مێژووی کورد, ٤٠٠٠پ.ز. ـــ ١٩٧٥, کورد نەتەوە, نیشتیمان, کولتوور) ئەم بابەتەم خەستتر کردۆتەوە .

**لا.٤: "...هەرلەو رۆژانەدا لەسلێمانی چەند کەسێك هەبوون وەك ئێمە سەربە (رێبازی سێیەم) نە پارتی بوون و نەکۆمۆنیست ... بەزۆری لەگەڵ مامۆستا ئەحمەدهەردی دەبیندران , لەوانە ئەبدوڵلا جەوهەر و فەرەیدوون ئەلیی ئەمین ...بەکاك کامیلم وت : تۆ جاری سەرێکی سلێمانی بدەو لە پێشدا پێوەندیی بکە بە مامۆستایان فایەق ئارف و ئیحسان ئەبدولکەریم فوئادەوە کە هاورێی نێزیکی منن و سەر بە(رێبازی سێیەم ) بوون و ئەگەر رازی بوون هەرسێکتان پێکەوە پێوەندی بە هەردی, جەوهەر, فەرەیدوون بکەن و بزانن بیروڕایان چۆنە . کامیل کە گەڕایەوە بەخدا گوتی : پەیامەکەتم بە ئیحسان ئەبدولکەریم فوئاد,**

**کامیل ژیر, گەیاند وهەردوولا رازین و لەکۆبوونەوەیەکدا رۆژی ١٩٥٩/٤/١٤ لەسلێمانی بە ئەو شەش کەسە : فایەق ئارف ,ئەحمەدهەردی, عەبدوڵڵا جەوهەر,فەرەیدوون عەلی ئەمین بڕیاردرا بە دامەزراندنی رێکخراوێکی نەتەوەیی, پاش ئەوە بەرەزامەندی منیش (نەبەز) و لەکۆبوونەنەوەیەکی حەوت قۆڵیدا لەسلێمانی و لەماڵی مامۆستا ئەحمەد هەردی بریاردەدەن ئەو رۆژە بکرێت بەرۆژی دامەزراندن و رێکخراوەکەش ناوی کۆمەڵە بێت ( کۆمەڵەی ئازادی و ژیاندنەوە و یەکێتی کورد ـ کاژیك ) نەك حیزب, ئەوانەی سەر بەو کۆمەڵەیەن (هاوبیر) و دژەکانیش (دژبیر)ن و دروشمی کوردستان بۆ کورد , یەکسانی بۆگەل دروشمی سەرەکی بێت . "**

**بۆ ئەم پەرەگرافە تەنها دووسێ کورتە تێبینیم هەیە:

یەکەم : جگە لەوانەی سەرەوە لە قۆناغێکیشدا (١٩٦٤ ـ١٩٦٥) سونبولێك بۆ کاژیك دانرا لە شێوەی دوو پیتی لاتینی k بەرامبەر بەیەك وکاژیك لەناوەڕاستیاندا نوسرابوو . ئەگەر هەڵنەبم دەستپێشکارییەکی جوانی هاوبیرانی باڵەکەی پارتی گەلی کورد و جێگەدەستی ئەوانی پێوە دیاربوو کە ئەوماوەیە زۆر چستوچالاك وماندونەناس هەڵدەسووڕان لەگەڵ هاوبیرانی دیکەشدا,لەوانە :

| | |
|---|---|
| شەهید شێخ محەمەدی هەرسین | دوکاندار |
| محەمەد عەزیز | پێشمەرگە |
| شەهید تۆفیق نوری بەگ | خوێندکار |
| شەهید حەمە صاڵح بێسەری(صاڵح هێتلەر) | مامۆستا |

| | |
|---|---|
| شەهید عیزەت رەشید | مامۆستا |
| شێرکۆ بێکەس | فەرمانبەر/هۆنەر |
| جەمال شارباژێڕی | فەرمانبەر/هۆنەر |
| جەلال دەروێش قادر | فەرمانبەر |
| عەلی محەمەد مامە | کرێکار |
| ئەحمەد حەمە شەمەیی | بازرگان |
| غەفور ئەمین ئەفەندیی | مامۆستا |
| سەعید گەوهەر | چایچیی |
| لەتیف سابیر قەرەداخی | خوێندکار |
| کەریم شێخ حەسەن چەخماخساز | خوێندکار |
| حەمە عەلی فەرەج | مامۆستا |
| محەمەد مەجید ئەصلان | مامۆستا |
| فەتاح عەبدولرەزاق(مەلا فەتاح) | فەرمانبەر |
| ئەحمەد ئەمین ئەفەندیی | فەرمانبەر |
| عەبدوڵڵا ئەحمەد کۆرناڵ | خوێندکار |

شێخ جەلال بەردەزەردیی          بازرکان

هیوا ...          رادیۆساز

دوەم : هاوبیر ئیحسان فوئاد لەنێو کۆڕو کۆمەڵی نەتەوەییەکاندا دەنگورەنگی نەبووە, تەنانەت لە بەیانەکەی١٩٧٥/١/٢٥ی دژبە سەرکردایەتی کاژیکیشدا ناوی نەهێنراوە. بێگومان هاوبیری جوانەمەرگ عەبدولکەریم عارفیش کە بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بوو,دواتر دەبێت بە ئەندامی سەرکردایەتی کاژیك.

سێیەم : مامۆستا نەبەز بۆ ئامادەی ئەو کۆبونەوە مێژوییە نەبوو؟ خۆ لەدەرەوەی ولات نەبو, نەتوانێت بگەڕێتەوە ,لە بەغدا بو, بەچەند سەعاتێك دەگەیشتەوە سلێمانی! لەوەش گرگنتر نازانین هێڵەگشتییەکان وئامانجە سەرەکییەکان چیبوون کە رەنگرێژکران, یا ئەوانە خرانە دواتر؟

چوارەم : لەو رۆژەدا کاژیك لە دایكبو, ناویش نرا(بڕیار دەدەن ئەو رۆژە(١٩٥٩/٤/١٤ بکرێت بە رۆژی دامەزراندن و رێکخراوەکەش ناوی کۆمەڵە بێت ....) ئەی ئامانجەکان , هێڵە گشتییەکان ,دروشمەکان چیبون , یا هەر دامەزراندن و ناونانەکەبو ,ئەوانی دیکە دواتر ئەنجام دراون !

**ل.٥: " .... پارتییەکانیش کەریم قاسمیان بە(کاکە کەریم) نێودەبرد و وەك فریشتە تێیاندەڕوانی, تەنانەت پارێزەر برایم ئەحمەد کە ئەو کاتە لە سەرکردەیەتی پارتی دابوو, لەهەڵبەستێکدا بۆ پەسەندانی قاسم , گوتی(کەریم گۆشت و ئێسقان نییە , کەریم تاکە ئینسان نییە ,کەریم بیروباوەڕە .."**

**** بەر** لە هەموو شتێك (كەریم تەنها ئینسان نییە) دروستە, نەك (كەریم تاكە ئینسان نییە)! دوای ئەوە مامۆستا برایم ئەحمەدیش هەمان بیروباوەڕی نەتەوەیی هەبوو, بگرە خۆیی و زۆرێك لەهەڤاڵەكانیشی هەتاسەر ئێسقان نەتەوەیی بوون , لەو لایەنەوە تەنها لە تاكتیك و ستراتیژدا ڕێبازێكی گونجاو و بەرنامەیەكی لەباری هەڵدەبژارد ,جیاواز لەتاكتیك و ستراتیژی كاژیك ودرۆشمی سەربەخۆیی و كوردستانی گەورەو دەوڵەتی كورد, خۆ هەر هاوبیرانی كاژیك نەتەوەیی نەبوون ,راستە ئەوانە لە ڕێخراوێكی نەتەوەییدا كاریان نەدەكرد ,بەڵام ڕێژەیەكی كورد ئەوساش هەر نەتەوەیی بوون ئەگەرنا لە ژێر (دروشمی كوردستان یا نەمان) خەباتیان نەدەكرد.عەلی عەسكەریی لە بنكەی سەركردایەتیی تیپی دوی سوپای عیراق ـ كەركوك كورسییەكی لەسەری ئەفسەرێكی باڵادا شكاند سوكایەتی بە كورد كردبو.سەركردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لەژێر دروشمی (یاكوردستان یا نەمان) دا شۆڕشیان هەڵگیرساندو دواتر دابەزین و ئەمجارە دروشمی (دیموكراتیی بۆعێراق و ئۆتۆنۆمی بۆكورد)یان بەرزكردەوە. بریا و هەزار جار بریا دوای جیابوونەوەی باڵەكەی مەكتەبی سیاسی لە بارزانی, نزیكبوونەوەو لەیەكتر تێگەیشتنێكیان لەگەڵ كاژیك بسازاندایە , بێگومان ئەو كاتە مێژووی بزوتنەوەی كوردایەتی لەباشوور و ڕێڕەوی رووداوو گۆڕانكارییەكانیش زۆر جیاوازو لەبەرژەوەندی كورد دەبوون, چەندین كارەساتی مێژوویی پشتشكێن و هەڵەو پەڵەی رەشیی ئەم لایەن و ئەو لایەنیش نەدەكەوتنەوە....مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدیش هەرچییەكی بۆ پێشەواكەی شۆڕشی

١٤/تەمووزی١٩٥٨ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم وتووە لەجێگەی خۆیدابوو. ئەو پیاوە دۆست و پشتیوانی کورد بوو , بۆ یەکەمین جار لەمێژووی عێراقدا ,خاڵێکی گرنگی لەبەرنامە رامیارییەکەی حیزبی دیموکراتیی نیشتمانیی بەسەرۆکایەتی کامیل چادرچی وەرگرت و سەلماندی کوردو عەرەب لەعێراقدا هاوبەشن و لەیاسای کاتیی عێراقیشدا( ألدستور العراقي المؤقت ) چەسپاندی کە(عارەب و کورد لەم نیشتیمانەدا هاوبەشن). هەرئەویش بوو خەنجەری کوردو شمشێری عەرەبی لە دروشمی فەرمیی کۆماری عێراقدا جێگیرکرد ,مۆڵەتی کاری رێکخستنی رامیاریشی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دا, لە کاتێکدا بە پارتی کۆمونیستی عێراق نەدا! خوا ئەوانە بگرێت کوردیان کردە دوژمنیی و ئەویشیان کردە قوربانیی بۆ بەعسییەکان . برایم ئەحمەد هەڵە نەبوو, لەبەر بارزانی وبارودۆخە (هەڵگیرسێنراوەکە) ش نەبووایە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکۆمار عەبدولکەریم قاسمدا تێکنەدەدا و بەردەوام پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کومۆنستیش پشتگیرییان لێدەکرد و بەعسییەکان بەو ئاسانییە بەسەریدا زاڵنەدەبوون .

لا٦٠: **بەم جۆرە کاژێك لەگەڵ ئاستی هوشیاریی و رادەی تێگەیشتنی کۆمەڵگە نەدەچوو بەرێوە, بەڵکو لە پێش کۆمەڵگەوە بوو, چاریش نەبوو, رێپیشاندەر چرا بەدەستە و دەبێ ریزی پێشەوە بگرێ** ..."

** بەڵێ راستە, رابەرو رێگا پیشاندەر دەبێت لە پێش جەماوەرەوە بێت ,رێبین و رێگارۆشنکار بێت بەلاّم کاژیك لە پراکتیکدا نەیتوانی ئەوە بکات ! بۆ؟ چونکە

نەیتوانی بچێتە نێو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری باشوورەوە , دەستەی دامەزرێنەر و کۆمیتەی سەرکردایەتیش کۆمەڵێکی هەڵبژاردەی چینی هەرە پێگەیشتو و رووناکبیری ئەوکاتە بوون و بە دەستەبژێر(نوخبە) ناودەبران و لەبریی ئەوەی جەماوەرەکە بەدووی ئەو چراو (چرابەدەستانە)دا بگەڕێن , ئەوان بەدووی کەسانێکدا وێڵبوون وەك خۆیان هەڵبژاردە و لە هەموو رووبەکەوە پەسەند و عەیاری ٢٤ بێت, دیارە رێکخراوی رامیاریش بەوجۆرە دانامەزرێت و ئەگەر دامەزراش سست و لاواز وبێهێز دەردەچێت و ناتوانێت رەگوریشەی قووڵ لەنێو کۆمەڵدا دابکوتێت و لە هەموو کۆلان و گەڕەك وشار و شارۆچکەو گوند و کارگەو فەرمانگەو خوێندنگەو بازاڕ و قەیسەرییەکدا ئەندام و دۆست و لایەنگری هەبێت , بۆیە کاژیك بەئاستەم لە سنووری سلێمانی چووەدەرەو دەستی بە کرێکاران و جوتیاران و کاسبکاران و ئافرەتان و ..... نەگەیشت و رۆژ لەدوای رۆژیش دەپووکایەوە و ژمارەیەك لە ئەندامانی دامەزرێنەریش زۆر زوو هەستیان بەوەکردبوو ئەم کارە هەوڵدانێکی نەزۆکە و هیچی لێ سەوز نابێت , بە بێدەنگی کشانەوە و چوونە دوواوە وەك هەستکردنێکی قووڵ بە لێپرسراوێتی مێژوویی سەرشانیان بەرامبەر نەوەکانی داهاتوو کە پڕ بە پێستی واتای وشەی , گەر (سەرکردایەتیی )نەبم , (سەیرکردایەتی) ش نابم .

کە هەنگاوێ ئەنێم      هەنگاوی دی یاریدەم نادا
نییە ئومێدی سەرکەوتن      لەبەر کەمتینیی هەنگاوم

**ل٧٠:" ئەو کەسانەی کە کاژیك دەگەڕابۆیان, دەبوو کەسانێك بن لەجۆرێکی تایبەتی و جێی متمانە بن, بێجگە لەمەش دوژمن نەیدەزانی تۆ خۆت بەژمارە چەندیت و قەوارەی خۆت و لایەنگرانت چەندە ."**

**کاژیك کەدامەزرا لەچەند دەستەو چینێکی هەڵبژاردەو(نەخت و پوخت) پێکهاتبوو:

١ـــ دەســـتەی دامەزرێنەر(حەوتەوانەکـــە): ئەحمـــەد هـــەردی, جـــەمال نەبەز,عەبـدوڵڵا جەوهـەر,کامیل ژیـر, فایـەق عـارف, فەرەیـدوون عـەلی ئەمین,ئیحســـان عەبدولکـــەریم فوئاد.ئەمانـــە هەرخۆشـــیان کۆمیتـــەی سەرکردایەتیش بوون ودوای یەکگرتنی هەردو رێکخراوە نەتەوەییەکـە(پارتی گـەلی کورد)و(کۆمەڵـەی ئـازادیی وژیانـەوە و یـەکێتیی کـورد - کاژیـك )حەمەی عەزیز وشـێخ محەمـەدی هەرسـین و دواتـر عەبدولکـەریم عـارفیش بوونەتە (ئەندامی سەرکردایەتیی)یەکگرتنەکە بـەناوی کۆمەڵـەی ئـازادیی و ژیانەوە و یەکێتیی کـورد-کاژیك.کـاك حەمـەی عـەزیز لـەو رووەوە دەڵێـت (رۆژێك تۆفیقی نوری بەگ هات,وتی چەند مامۆستایەك دەناسم وەك ئێمـە بیردەکەنەوە,یـــــەکێکیان مامۆســـــــتا ئەحمـــــــەد هـــــــەردی شاعیرە,خزمیشمانە,حەزدەکەن یەکتربناسین و قسە بکەین.ئـەوەبوو لـەماڵی ئەحمەد هەردیی کۆبووینەوە و هەردوولا یەکمانگرت بە ناوی کاژیکەوە.)

٢ - دەســتەی دووەم : کـادیرە پێشــکەوتووەکان , وەك هــاوبیران شــێرکۆ بیکـەس ,حەمەعـەلی فـەرەج , محەمەدصـاڵح فـەرەج (ناسـراو بـە صـاڵح هیتلەر), محەمەد مەجید ئەصلان,عەبدولفەتاح عەبدولرەزاق(ناسراو بە مەلا فەتاح), ساڵح سیك ,جەلال دەروێـش قادر,غـەفوور ئـەمین, شـەهید تۆفیـق نوری بەگ,جەلالی حەمەی قەپانچیی,شەهید فـەتاح ئاغا,عەبـدوڵڵا عـەزیز خالید(دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین),سەعید گەوهـەر,عـارف قەرەچـەتانی,ئەکرەم عـــارف و ئـــەنوەرعارف قەرەچـــەتانی,کەمال عوسمـــان دایی,لـــەتیف ســـابیر

قەرەداخی,عــــــەلی محەمــــــەد مامە,کـــــەریم شــــێخ حەســـــەن چەخماخساز,عەبدوڵڵائەحمەدچاپچـــــی(عەبدوڵڵاکورناڵ),ئەحمەد ئـــــەمین ئەفەندیی,کەبەوپەڕی چالاکی هەڵدەسووران و جەماوەریان بە بیروباوەڕەکە گۆشـدەکرد و ئامادەیـان دەکـردن بـۆ ڕێکخسـتنەکانی لاوان و قوتابیـانی نەتەوەیی و ئینجا لەوێوە دەکەوتنـە بـەر پرۆسـەیەکی سسـت و درێژخایـەنی لەبێژنگـدان و تەتەڵـەکردن و بڕیـاردان لەسـەر (وەرگـرتن یاوەرنـەگرتن) لـە ڕێکخستندا, جابزانە بۆ ئەندامێتیی کاژیـك چـەندی دەویسـت و مەرجـەکان چیبوون و چەند گرانبوون ؟ بێگومان ڕێکخسـتنی جـەماوەر و دامـەزرانـدنی کۆمەڵـە و ئۆرگـان وحیـزب بـەمجۆرە شـتێکی لێسـەوزنابێت و وەك ئەوەیـە ئاسـنی سـارد بکـوتین یـا ئـاو بەبێژنگـدا بکـەین ! زۆریـش لـە هـاوبیران و بەتایبەتیش دەستەی دووەم هەستیان دەکرد ئـەو جـۆرە دیسـپلینە یـەکجار سـەخت و دژوارە ,دەسـت و پێـی بەسـتوون و کاژیکیشـی کردۆتـە ئـەو ڕێکخراوەی دەنگی هەیەو ڕەنگی نییە , هەوادارانیشی هـەر سـاڵێك و دوان بێئارام چاوەڕوانیان دەکـرد و ئـیتر بێهیـوا دەبـوون و بـەناکامیی روویـان لـە لایەکی دیکە دەکرد یا هەر وازیان لە حیزبایەتیی دەهێنا .

٣ ـ چـینی پێشـمەرگە و ئەوانـەی لـەنێو شۆڕشـدابوون, بەتایبـەتیش هێـزی خـەبات کـە بـەهۆی هـاوبیران و هـەوادارانی کاژیکـەوە ئەوەنـدە فـراوان بوو,سـەرکردایەتیی شۆڕشـی ئـەیلوول ناچـاربو بیکـات بـە دووهێـز. لـەو پێشـمەرگانەش شـەهیدان فـەتاح محەمـەد ئـەمین ئاغـا( فەرماندەری هێـز)

,نـوری حەمــە عەلی(فەرمانــدەری بــەتالیۆن وجێگـری فەرمانــدەری هێـز),
عومەری صالّح مەنصوور(سەرلق),صالّح سـیك, نـوری شـەریف (سـەرپەل),
ئەنوەری عـەلی نەججار(دەستەی تایبەت),محەمەدی حاجی مەحمود,حامیـدی
حاجی غالی مولازم عومەر , شەوکەتی شا محەمەد,رەوف بالآبەرز و هتد...
ئایا دوژمنانی کاژیك و ناحەزەکانی ئەندامان و هـەوادارانی ئـەو رێکخـراوە
(زۆر نهێنی)یەیان نەدەناسی ,زانیاریـان لەسـەریان نـەبوو,قالّب و قـەوارەیان
چەندە؟ بـەلّی زانیارییـان هەبوو,هـەموو ئەندامانی(سـەرکردایەتی) وکـادیرە
پێشـکەوتووەکانیان دەناسـین بـەلاّم بەلّگـەیان لەسـەر جموجـۆلّ و چـالاکییان
نەبوو کـە زیـانی راسـتەوخۆ و بەتایبـەتیش سـەربازیی بـەدواوە بێـت ,ئـەو
ململانیّ فیکریی و فەلسەفییەی کاژیـك لەگـەلّ کۆمۆنیسـتەکان و پـارتی و
جلالییەکانیشــدا دەیکــرد وچــۆن حکومەتــەکانی عێراقــی بــەداگیرکاری
کوردســتان دەبینی,ئێـران و تورکیاشـی هــەر بەوچـاوە تەماشـادەکرد,بۆیە
دەسگا هەوالّگرییە تۆقێنەر و داپلۆسێنەرەکانی میریی عێراق نەیدەوروژاندن
...کـە دەلّـێم دوژمنــان و ناحــەزان بەلّگــەیان لەســەر هــاوبیرانی کاژیــك
بەدەستەوە نەبوو, هەتا سالّی١٩٧٥وهەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بەهەرهەموو
دەسـگاکانی میریـی و سـیخوڕەکانیانەوە , بەهــەموو هێـزە رامیارییــەکانی
گۆڕەپانەکەی کوردستانی باشوور کۆپییەکی کاژیکنامەیان دەستنەکەوت کە
زۆر بەتایبــەتیی عــەودالّی بــوون , یــەکێك لــەو (هاوبیرانــە) پەیوەنــدی
رێکخستنی بە بەنـدەوە بـو! ئـەو بـرادەرە راسـپێردرابوو بەهـەرجۆرێك و بـە
هــەرنرخێك بـیّ مــن بخاتــە سـەر ئـەو بـارە کاژیکنامــەی بـدەمی شـەوێك

بیخوێنێتـــەوە و بـــەیانی زوو بیهێنێتەوە.لـــەو ڕۆژگارەشـــدا دەســـگاکانی هەواڵگریی میریی ئامێریان هەبوو کتێبێك زۆر بە خێرایی کۆپی بکات.

**ل ٧٠:"... بەرامبەر بەم خاڵە نەریتییانە کەلەژێرباری ناچاریی و لەبن باندۆری بارودۆخە سەختەکەدا سە پێندرابوون بەسەر کاژیکدا ئەم نهێنیکارییە لایەنێکی باشەشی هەبوو کـە دژبیرو دوژمن نەیاندەتوانی پەی بـەکاروبڕیارەکانی کاژیـك بـەرن و بەئاسـانی خۆیـان بخزێننە نێو ریزەکانی ... کاژیك لەسەر ڕێبازی نەخت و پوخت نەك زۆر و بۆر دەڕۆی بەڕێوە ....... دوژمن نەیدەتووانی بزانێ تۆ خۆت بەژمارە چەندیت و قەوارەی خۆت و لایەنگرانت چەندە."**

** بارۆدۆخی خەباتی نهێنی هەموو کاتێك هەرسەختە,بەڵام خـۆ هـەر بـۆ کاژیك وەهـا نـەبوو, بەگشـتیی بـۆ لایەنـەکانی دیکـەی نێـو گۆڕەپانەکـەش (جادەکەی پان نەبوو).ئەوە راسـتە ناحـەز و دوژمـن نەیـدەتوانی بەئاسـانیی دزە بکاتە ریزەکانی کاژیکەوە, بەش بەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام لای ناحەزان و دوژمنان هەر هەموو هـاوبیرانی نەتـەوەیی ناسـراوبوون و دەزانـرا ژمـارەو قەوارەشیان چەندە. لـە کۆبوونەوەکـەی هێزەکـانی کـوردی باشـوور لـەلیبیا, شاندەکەی (ینك)کە هاوبیران بروسـکە ئیـبراهیم وجـەواد مـەلا دەبیـنن, بـە یارمەتیـدەرەکانی پێشـەوا شـەهید موعەممـەر قـەززافیی دەڵـێن: ئەمانـە جوداخوازەکـانی پاشمـاوەی کـاژیکن و ژمارەشـیان لـە ژمـارەی پەنجـەکانی دەست تێپەڕناکات , نە جەماوەریان هەیەو نەکاریگەریشـیان بەسـەر رەوتـی رووداوەکانەوە هەیە.قەزافی کە ئەو قسەیەی پێدەگات بەیەکێك لە هاوکـارە نێزیکـەکانی دەڵێـت : ئـەو بەڕێزانـە سـەرەرای ئـەوەی بـانگ کـراون بـۆ

کۆبوونەوەکـە, میـوانی تایبـەتیی مـنن . ئـەوەبو دەمودەسـت جێگـەی دانیشتنیان لەریزی هەرە پێشەوە بۆ دیـاریکردن . مـەلا بـەختیاریش١٩٧٧ نامەیەکی نووسیوە بۆ(حەمەی عەتێ) بەرپرسیی (ینك) لەشارباژێڕ: (جـارێ بەسەبر بن لەگەڵ پاسۆك, هێشتا مەترسیی نـین بۆسـەر ئێمـە , هـەرکاتێك ژمارەیان گەیشتە ١٠٠ صـەد کـەس ئینجـا پـەلاماریان بـدەن.) قوربـان , مامۆستا گیان , دوژمن و نەیارانیش کـەموزۆر زانیاریـان لەسـەر کاژیـك و هـاوبیرانی کاژیـك هەبوو,دەمـە دەمـی هەڵگیرسـاندنەوەی شۆڕشـی نـوێ بەرپرسێکی بالأدەستی حیزبی بەعس لە سلێمانی لە دانیشـتنێکدا لەگـەڵ کۆمەڵێك کورددا وتوویەتی: با کـەس بەهەڵـەدا نەچێت زانیـاری تـەواومان لەسەر هەموولایەنە سیاسییەکانی کـورد هەیـە, تەنانـەت کـازیکیش(پیتی (ژێ ) کەی بە (زێ) دەربڕیوە) . خۆ ئـەوەش نهێنـی نییـە هـەر کـادیرێکی سەر بە پارتی , یەکێتی,کۆمۆنیست تەزبیحێکی بەدەستەوە بگرتایە , دانـە دانـە هـەموو هـاوبیرانی کـاژیکی دەژمـارد ! بـەلأم لەگـەڵ ئەوانەشـدا خۆشـبەختانە بەدرێـژایی سـالأنی ١٩٥٩ ـ ١٩٧٥هـەر بـە نـەخت پـوختی مایەوە, هەرچەندە وەك (دوکانەکەی بەکر و چوار قالّب صابوون) مانـەوەو و وەك کریستەکانی سلێمانی کە هەر بە زاووزێ زیاد دەکـەن ! پارتـەکان بـە کاژیکیـان دەوت شـەش کـەس و لـەتێکن ویـەکێتیش بەپاسـۆکی دەوت مەنجەڵێك یاپراخ سەرو زیادیانە .

ئەوەنـدەی منـیش بـزانم وکـاتی خـۆی ناوەکانیـانم گەیانـدووە,دوو(هاوبیر)ی کاژیـك, یـەکێکیان پەیوەنـدی ڕێکخستنیشـی بـە منـەوە بـوو, جـۆرە پەیوەندییەکیان بە میرییەوە هەبوو{ئەگەری ئەوەشم لەبەرچاوگرتبوو ناپـاك نین بەڵکو بە(لارێدا- خەت مائیل) نێردراونەتە نێو میریی}بەڵام دواتـرو لـەم ساڵانەدا هـاوبیرێکی دێرینمان(جـەلالی حـاجی دەروێشـی بـەقاڵ) کـە کـاتی خۆی ئەویش پەیوەندی ڕێکخستنی بەمنەوە بوو بەڵگەی سـەلمێنەری لەسـەر یەکێکیان پێدام کە باوەڕپێکراوێکی بەعسییەکان بـوو, منـیش بەڵگـەکانیم سەلماند چونگە ئەو بەناو هاوبیرە چـەند جارێـك داوای کاژیکنامـەی دەکـردو کلاشینکۆفێکی بێقۆناغی دەخستە بەردەسـتم و دەیـوت (تـەنها یـەك شـەو کاژیك نامە بخوێنمەوە , ئەم دیارییەت پێشکەش دەکەم) .خۆ ئەگەر بپرسین ئەی بۆ کاژیکیش بەرشاڵاوی دڕندانەی دوژمن نەدەکەوت؟ ئەوە بەو هۆیـەوە بوو کە کاژیك مەترسییەکی هەنووکـەیی بۆسـەر دوژمـن نەبوو,بەتایبـەتیش لەڕووی جەنگییەوە کـە هێـزی چـەکداری نەبوو.ئەمـە جگـە لـەوەی کاژیـك لەیـەك کاتـدا بەربـەرەکانێی پـارتی و کۆمۆنیسـت وعێـراق وئێـران و تورکیاوسووریا وئەمەریکاو سۆڤێتیشی دەکـرد! ڕژێمـەکانی عێـراقیش هـەر دژی ئەوانـەبوون.ئینجا ئایـا کاژیکـەکان نەدەناسـران؟ وەك پێشـتریش ڕوونمکردەوە, بەڵێ دەناسران... سـاڵی ١٩٦٤ڕێکخەرەکـەم لـە ڕێکخسـتنی قوتابیانی نەتەوەیی کورددا, لەبەردەم دەرگای قوتابخانەی دواناوەندی وەتـەن, ئاسایش دەسـتگیریانکردبوو, مـن نـەمزانیبوو, وەك هـەموو ڕۆژانـی دیکـە ئاسایی چووم بۆ قوتابخانە,دوو هاوڕێی خوێندن جیـا بـەجیا هـاتن و وتیـان(

نــەوزاد گــیراوە , تۆچــۆن هاتوویتــەوە؟هــەتا زووە دەربازبــە, تــۆش دەگــرن.)
کەواتە ئەو هاوڕێیانە نەك هەر ئەوەی بزانن ئێمە کاژێکین بــەڵکو دەیــانزانی پەیوەندی ڕێکخستنیشمان پێکەوەیە!!

**لا.٧: مامۆستا نەبەز دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨و بەرلەوەی کاژێك دا بمەزێت تایــپ ڕایتەرێکی عارەبیی کڕیوەو هێناویێتییەوە بۆ سلێمانی بۆ کاروباری تاییــەتیی خــۆی و دواتــر داویێتی بەهاوبیران و لەوباوەڕەدایــە : "بەرهەڵســتێکی گــەورە لەبــەردەم کاژێکــدا لــەڕووی تەکنیکییەوە نەبوونی تایپ ڕایتەرو ڕۆنیۆ بووە بۆ دابینکردنی کاروباری چاپەمەنی ."**

**قوربان هەرگیز باوەڕمەکە, ئەوە بەرهەڵســت بووبێــت .ڕێکخســتنەکەش ئەوەندە لقوپۆپی لێنەبووبوەوە بە هۆی تایپ ڕایتەرەوە نەبێت فریانەکــەوێت, ئەگــەرنا ئــەویش وەك لایەنــەکانی دیکــە پەیدایدەکرد.ئــەو تایــپ ڕایتــەرەی ئێوەش هەرمابوو,لەماڵی هاوبیر عەبدولفەتاح عەبدولڕەزاق (مــەلا فــەتاح) بــوو ,ســاڵی ١٩٦٨ بەنــدە لەگــەڵ هــاوبیر ئەحمــەدی ئــەمین ئەفەنــدی بــە ماتۆڕەکەی ئەو( هێنامانەوە) و لە گەنجینە تاریکەکەی مــاڵی کــاك ئەحمــەد شاردمانەوە وکاك ئەحمەدیش تەمەن درێژبێت هێشتا لەژیاندایە . مامۆستا جیهان عومەری چیرۆکنووس دوای خوێندنەوەی چاپی دووەمی کتێبەکە,بیرەوەرییــەکی سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردووی لەمــەڕ تایــپ ڕایتــەرێکی کاژێــك بــۆ ناردم بەڵام لە ساڵەکەی دڵنیا نییە, بۆیە ناتوانین بڵێین هی پارتی گەلی کورد بــووە یــا هی کاژێك بووە؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا پێش یەکگرتن بووە یا دوای یەکگرتنی هەردوو ڕێکخــراوە نەتەوەییەکــە بــووە؟ مامۆســتا جیهــان دەڵێت(لــەو ســاڵانەدا هاتوچــۆی دۆکانەکەی شەهید شێخ محەمەدی هەرسینم دەکرد لە سەر شەقامی مەولەوی سلێمانی

و له بارو دۆخی ئەو سەردەمەی کورد و لایەنە رامیارییەکانی گۆڕەپانەکەی باشووری کوردستان دەدواین, بیرو راو بۆچوونەکانیشمان جووت دەهاتنەوە و باوەڕێکی چەسپاو و نەگۆڕیشم بە هێڵە درشتەکانی کاژیك هەبوو,بەردەوام لە نووسینەکانیشمدا رەنگدانەوەیان هەبوو,بەڵام لە ڕێکخستندا نەبووم. رۆژیك وتی ئەرێ کاکە جیهان شارەزاییت لە(تابیعە) هەیە؟ وتم بەڵێ,وتی دانەیەکمان هەیە دەمێکە هەڵگیراوە و شریتەکەشی پچڕاوە,دەتوانیت بۆمان چاکبکەیتەوە؟ وتم بەسەرچاو. رۆژی دوایی لە شوێنی دیاریکراو چاوەڕوانی کوڕێکم دەکرد بە پەرلەیەکی نهێنیدا یەکتربناسینەوە...ئەو کوڕە شەهید تۆفیقی نوری بەگ بوو کە دواتر ئەو و هاوبیرێکی دیکەی کاژیك(مامۆستاعەبدوڵڵا ئەحمەد(عەبدوڵڵا کۆرناڵ) بوون بە هاوژینی دووان لە خوشکەکانم! چووینە ماڵی شەهید تۆفیق و لە گەنجینەیەکی تاریکدا چاڵێکی هەڵدایەوە تایپەکەی دەرهێنا.دەستوبرد بەنەوت پاکمکردەو دوای وشککردنەوەی چەورمکرد و شریتە پساوەکەشم گۆڕیی و بۆ دڵنیابوونیش چەند دێڕێکم پێ چاپکرد.دواتر بەدەستی کاك عوسمان حەمە صالح (برای مامۆستا یاسین,یاریزانی هەڵبژاردەی تیپی تۆپی پێی سلێمانی,لە رۆژە رەشەکەی ١٩٦٣/٦/٩شەهیدکرا)سوپاسنامەیەکم لە (یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورد)ەو بۆ هات .دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئاخۆ ئەو تایپ رایتەرەی دکتۆر جەمال نەبەز باسیکردووە, ئەوەیە کە من چاکمکردەوە یا ئەوەیە کە تۆ و کاك ئەحمەدی ئەمینە فەندی لە ماڵی کاك فەتاح (مەلا فەتاح)ەوە گوێزاوتانەتەوە بۆ گەنجینەکەی ماڵی ئەوان؟

لا.٩: لەبارەی ئەو چەندو چوونەی کراوەو دەکرێت کە ئایا کێ کاژیکنامەی نووسیوە , چاکبوو ماموستا نەبەز (بەرلەوەی هەموو شتەکان بێ خاوەن بمێننەوە) فریاکەوت و ئەوگرێیەی کردەوە وتەمومژەکەشی رەواندەوە ودەڵێت : **" کاژێکنامە بەرهەمێکی ناوکۆییە, پێشەکی و پاشەکییەکەی کەبانگەوازێکی بەسۆزن,**

**هاوبیر عەبدوڵڵاجەوهەر نووسی, بەشی تیۆری و سۆسیالیزمەکەی نووسینی منـه, بەشـی مێژووەکەی بەرهەمی هەموومانه بەتایبەتی هاوبیران ئەحمەد هەردی وهاوبیر فەرەیدوون ئەلی ئەمینیش چەند پێشنیازێکی بەکەڵکی هەبوو, لەسەر پێشنیاری منیش ناونراوە."**

**لـه سـەرکردەکانی کاژیـك ,تەمـەن درێـژبن تـەنها مامۆسـتایان دکتۆرجەمال نەبەز, کامیل ژیر, فایـەق عـارف لـه ژیانـداماون. مامۆسـتا نەبەز قسەی خۆیی کـرد و مامۆسـتا فایـەق عـارفیش زۆر بەداخـەوە بـاری تەندروستییەکەی زۆرناسازە, دەمێنێتەوە کـاك کامیـل ژیـر ئـەویش قسـەی خۆی بکات وئەگەر برایان ئاسۆس هەردی و رێـبین هەردی,ئاسـۆ فەرەیـدوون عەلی ئەمین(پارێزگاری سلێمانی),ئاری هەرسین زانیاریی تایبـەتییان لەهـەر روویەکـەوە لـەباوکیان بیسـتبێت.یا بـەرگوێ کـەوتبێت ,کـەلێنێك دەگرێـت ,هـاوبیرانی دیکـەش دڵنیـام هەریـەکێکیان کـەموزۆر سـەرەداوێك,باس و خواسێکی بەلاوەیە.

لا. ١٠: "... **بەمجۆرە هەتا کاژیکنامەم بەتەواویی لە نێزیکەی ٧٥لا پەڕەدا( نیوە پـەڕە ) تایپکرد, بەقەوارەی گیرفان. بەرگێکی جوانیشم تێگرت و دامە دەست هاوبیران, کە بەداخەوە نەیانپاراست. )هەروەها دەلیت ( تلینڤیسێك( تایپ رایتەر)ەکەشیان نە پاراست."**

** بـه دڵنیاییـەوە دەڵـێم هـاوبیرانی دەسـتەی یەکـەم یـا (سـەرکردایەتی) چەندین کـۆپی کاژیکنامـەیان وەك گلێنـەی چـاو دەپاراسـت و هـەر یـەکێ لەوان وهاوبیرانی دەستەی دووەم و دەستەی سێیەمیش هەریەکەو کۆپییەکی (کتێبـه پیرۆزە)کـەیان روونـووس کردبـو, ئەوەنـدەی مـن بـزانم هـەتا دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولیش جگە لە ئەندامانی کاژیك , هـاوبیرانی لاوانـی

نەتـــەوەیی وقوتابیـــانیش  نەیانــدیتبوو ! چــجای نــەیاران . هــەر هــەموو لایەنەکانیش  وەك پارتی و جـەلالی وپـارتی کۆمونیسـتی عێـراق و میریـی عێراقیش بەئاواتەوەبوون بەچاو بیبینن . چەندهاوبیرێکی جواننـووس  چـەند کۆپییــەکی دەستنووسـیان لێهــەڵگرتبووەوە, بــەلاّم بـە قــەوارەی لاپــەڕەی خورشیدی(ئەی ٤ )چونکە ئەرکی کەمتر و لاپەڕەی کەمتریشی دەویسـت وبـۆ شاردنەوەش قەبەو ئەستوور نەبوو, بەئاسـانیش تێبینیـدەکرا دەسـتخەتەکان جیاوازن و ژمارەی دێڕەکان ودیزاینەکانیش چوونیەك نـین. بلاّوکردنەوەشـیان تەنها بۆ ریزەکانی ڕێکخستن بوو, دوای خوێندنەوەش لەماوەی دیـاریکراودا, وەردەگیرایەوە.! جگە لە کاژیکنامــە , بلاّوکراوەکـانی دیکـە بـە نهێنـی بـۆ کەسـانێکی دیـاریکراو لــە خوێندنگـەکان دەخرانــە مێـزی خوێندکارانــەوە و شەوانیش فرێدەدرانە حەوشەی مالاّنــەوە .لەگـەلّ کۆمــەلّێك هـاوبیردا هــەتا ١٩٦٧/١٩٦٦لــە ڕێکخســتنەکانی یــەکێتی قوتابیــانی نەتــەوەیی کــورددا بووین,کەمال عەلی نانەوا,کەمالی جەمالی موختـار و بەنـدە , پەیوەنـدیمان بە هاوبیر عـارف ئەحمەد(ناسـراو بـە عارفـە سـوور)ەوە بـوو, پێویسـت بـوو هەفتانــەش هەریەکــەمان ٩کــۆپی لەبــەر ئــەو نووسـراوانە بنووسـێتەوە کــە پێماندەدرا و دوواتـرییش دەبـوو بــەیانی زوو بەرلــەهاتنی قوتابیـان, بچـینە پۆلەکان و بە نهێنی بیانخەینە  مێزەکانی چـەند قوتابییــەکی دیـاریکراوەوە! هەرچەندە ئێمــە کارەکــەمان زۆر بــەنهێنی ئــەنجام دەدا , بــەلاّم هاوڕێکانمـان هــەموویان دەیــانزانی ئێمــەین , چــونکە کاژیکــەکان  وەك گــای قەشــە

دەناســـــران. چـــــەندین جـــــار هاوڕێیـــــانی خوێنـــــدن وەك نەجمـــــەدین عەزیز(سالارعەزیز) و سەلاحی شێخ جەلال باراوی بەپێکەنینەوە دەیـانوت : (ئەریٚ کاکە بۆ نایدەنـە دەسـت خۆمـان!) راستیشـیان  دەکـرد, بـەڵام ئێمـە دەبوو وەك سیستمی سەربازیی (ئەرکەکە ئەنجامدە ئینجا رەخنە بگرە) ئێمە رەخنەکــەمان دەگــرت بــەڵام تــەنها جــارێکیش وەڵامێــك ,ئــەنجامێکمان بۆنەهاتەوە . با ئەوەش بڵێین گشت پێداویستییەکانی کۆپیکردنەکـەشمان بـە پارەی خۆمـان دەکـرِی. هـەموو نامەیـەکی رێکخسـتنیش دوای خوێندنـەوە دەسووتێنرا. دێمەوە سەر کاژیکنامەی پیرۆز, کەبەراستی شـاکارێکی مـەزن بـوو لـە مێـژووی چـاپەمەنیی خـەباتی نهـێنی هـەموو کوردسـتاندا, لـەو رۆژگارەدا بۆ ئێمە وەك (بیبلێ) وەهابوو بۆ کریسـتەکان, کەسـانێکی پسـپۆڕ لـــە بوارەکـــانی مێـــژووی کـــورد و دراوســـێکانیدا, لـــەزمان و کولتـــور و دەروونناسـیدا بـەزمانێکی سـفت وپوخـت وپـاراو و بەشـێوازێکی نـوێ و زۆر بەتام وشام مرۆڤی کوردی دەدواند کـە زۆر جیـاواز بـوو لەگـەڵ چـاپەمەنیی لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانەکەدا,بەتایبـەتیش ئەوانـەی کۆمۆنیسـتەکان کـە هەر قەوانـە سـواوەکەی ئیمپریـالیزمی جیهـانیی وکۆمپانیـا مۆنۆپۆڵـەکانی نـەوت و یـەکێتی خـەباتیی کـوردو عـەرەب و خـەباتی چـینایەتی و قـەڵای ئاشتیخوازان و....هتد. بوون و خوێنەر هەر زوو لەخوێندنـەوەیان بێزاردەبـوو چونکە سەرتاخوار وشەو دەستە واژەو رستەی وشك وبێزارکار بوون, ئەوانەی پارتیش تەنها بلاڤۆکی شەڕی بەرەکانی جەنگ و چـالاکییەکانی پێشـمەرگە بوو ,خوێنەری بەردەوامیشی هەبوو چێژی لێوەردەگرت .ئەمـە جگـە لـەوەی

بیرو بۆچوونەکانی کاژیك وشـیوەی خەباتیشـی نـامۆ و نـاوازە بـوو, دروشمـە سـەرەکییەکانیش چـاوی لـە هـیچ داگیرکـارێکی کوردسـتان و چـینێکی کۆمەڵگای کوردەواری نەدەنووقاند (کوردستان بۆ کـورد یەکسـانی بۆگـەل) ئەمەش نەك هەر دەسەڵاتدارانی عێراق , ئێـران, تورکیـا و سـوریا , بـەڵکو شۆڤێنزمی عەرەب و فارس و تـورك و فێـودال (ئاغـاو دەرەبـەگ) و چـینە مشەخۆرەکانی کوردەواریشی بێ جیـاوازی پێدەناسـاندین و ئـاڵای خـەباتی لەدژیان بەرزکردبووەوە و هەر ئەوەش ئەو شـێوە خەباتـە نهێنییـە سـەخت و دیسپلینە ئاسنینەی بەسەردا سەپاند,کە نەدەبوو بچێتە ژێر ئەو بارە گرانە.

**لا.١٠: "...(کاکە کـەریم) بەتـەمای تـەختکردنی سـلێمانی بـوو بـە بۆمبـای فڕۆکـە شەڕکەرەکانی(میگ و سۆخۆ و ئیلیوشن) کە لە سۆڤێتەوە بۆی هاتبوون."**

** فڕۆکـەکانی سـۆپای عێـراق لـەجۆری مێـك ١٧حەڤـدەی بەرهـەمی کارگەکانی یەکێتی سۆڤێت هێندە نزم بەئاسمانی سلێمانیدا دەفڕین , هەموو جارێك بەربەستی دەنگیان دەبەزاند(حاجزالصوت). دواتر فڕۆکەی شەڕکاریی مێـك ١٩, ٢١, ٢٣ درا بـە عێـراق , سـوپای عێـراق دوای هەرەسـهێنانی رێککەوتنی ١١ی مارتی ١٩٧٠ ی نێوان شۆڕشـی کـوردو میریـی عێـراق و دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ, لـە بـەهاری ١٩٧٤ دا فرۆکـەی سـۆڤێتیی جـۆری (سـۆخۆی) دژی کـورد و شۆڕشـەکەی بـەکارهێنا, نـەك لـە ١٩٦١ەوە , هەرچـەند فڕۆکـەی مێـك بـە توانـاترو کاریگـەرتربوو.کوردی بـێ پشـتیوان کەدەکەوتە ژێر رۆکێتەکانی ئەو فڕۆکانەی رووسـیای قـەڵای ئاشـتیخوازانەوە

دەبوو سەر بەرزبکاتــەوە بــۆ ئاسمــان و هاواربکــات (کــۆتری ئاشــتی) قــەڵای ئاشتیخوازان , خۆت یا هێلکەکانت .! بەڵام هەرگیز نە ئەو سـەردەمە و نـە دواتــریش بەرنامــەو پلانــی (تــەختکردنی شــارە گــەورەکانی وەك ســلێمانی ,کەرکوك ,هەولێر ,دهـۆك لـە ئـارادا نەبووە,بـەڵکو حکومـەتی بەعسـییان لــە١٩٨٦ بــەدواوە پلانــی چــۆڵکردنی ســلێمانی و هــەولێری هــەبوو, دانیشتووانەکەش راگوێزێت بۆ عەرەبستانی عێراق و عـەرەب لـە شـوێنیاندا نیشتەجێ بکات .

٧١٣: "... **خۆپیشاندانی خۆکرد لەشارەکانی کوردستاندا بۆ بەجێگەیاندنی مافەکانی کورد کەلە دەستوورەکەی قاسمیشدا نوسرابوو, کەوتە سەرپێ . سەرکردەکانی پارتی و کۆمۆنیست هەردوولایان دژ بـەم خۆپیشـاندنانە بـوون و دەیانویسـت ئۆباڵەکـەی بخەنـە ئەسـتۆی ئێمەمانانی ناسراو بە( رێبازی سێیەم ) و کەسانی نەتەوەیی** ."

** خۆپیشاندانەکان( وەك زۆربەی بەرخۆدانەکانی دژبە دوژمن لـە باشـوور هـەر لـە سـلێمانی بـووە) بـەبڕیاری سـەرانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ـ عێراق بوون, بەمەبەسـتی قورسـکردنی پارسـەنگی هێـزی بـارزانی مسـتەفا بەرامبــەر ســەرکۆماری عێــراق ژەنــەڕاڵ عەبدولکــەریم قاســم و ســوپاکەی, هــەروەها هێــزو پێــزی جــەماوەری کــورد پێشــانی کۆمۆنیســتەکان بــدەن . یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق سەر بـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لقــی ســلێمانی داینــەمۆی بــەکاریی خۆپیشــاندنەکان بــوو, هەرهەموشــیان نەتەوەیی و خوێندکاری سەرگەرم بـوون بـەڵام لـە رێکخسـتنەکانی پارتیـدا خەباتیان دەکرد.

ل.١٤: "... **نارەزایی جەماوەرانە کە بوو بەهۆی بەرخۆدانی چـەکدارانە و لەئە نجامـدا هەڵگیرسانی شۆڕش واکوتوپڕ و لەو هەلومەرجە نالەبارەدا, لەکلۆڵی و بێشانسیی کاژێـك بوو, چونکە کاژێك هێشتا بنکـەی خـۆی جێگیرنـەکردبوو, رەگـی خـۆی لەنێوجـەماوەردا دانەکوتابوو, هەمووی دووساڵ و نیو بوو دامەزرابوو.**"

**لای هەموان ئاشـکرایە شۆڕشـی ئـەیلوول کاردانـەوەی فیـوداڵی کـوردی باشوور(ئاغاو دەرەبەگەکان) بوو لەدژی یاسای دابەشکردنی زەویوزارەکانیـان بەسەر جووتیاراندا.ئەوەبوو پێشـتر هەنـدێکیان بـە خێزانـەوە چـوونە ئێـران, تەوژمی هەڕەشەو پاڵەپەستۆی بـەردەوام و ترسـناکی چـینە چەوسـاوەکانیش بە هاندانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق روو لە هەڵکشـان بـوو , بەتایبـەتیش ئەوانـەی کۆمۆنیسـت بـوون و ئەوانـەش کـە تـەنها لـەدژی ئاغاودەرەبـەگ چووبوونە ریزەکانی پارتی کۆمۆنیسـتەوە. ئـەو دەمـە سـەرکردایەتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بەگشـتی پشـتگیریی چەوسـاوەکانی دەکـرد... هەوڵیانـدەدا بارودۆخەکـە بقۆزنـەوەو بەرەکـە لـەژێر پێـی فیۆداڵـە یاخییـە چـەکدارەکان دەربهێـنن و رێـڕەوی یاخیبوونەکـە بـە ئاراسـتەی شۆڕشـێکدا بگـۆڕن لـەپێناو مافـەکانی کـورددا و رەزامەنـدیی بارزانیشـی لەسـەربێت, هەرچـەند بـارزانی هێشـتاکاری دیکـەی هـەبوو, پەیوەسـت بەکێشـەکانی بارزانیان لەگەڵ هۆزەکانی دراوسێدا وەك لۆلان , هەرکیی , سورکیی ودەبوو ئەو کێشانە (بەلایەکدا بکەون).پارتی گەر سەربکەوتایە ئەوە ئالای شۆڕشـی کوردی بەرزکردۆتەوەو پێشـڕەوی خـەباتی رزگـاریخوازی کـوردە, خـۆ ئەگـەر سـەرکەوتووش نـەبوو, ئـەوە یـاخیبوونێکی چـەکدارانەی فیۆداڵـەکان بـوو

دامرکایەوە . خۆشبەختانە ئەنجامی ڕووداوەکان بەدڵی ئەوان و جەماوەری کوردی باشوور کەوتەوە و دروشمی( پێشڕەوی کورد پارتییە, سەرۆکمان بارزانییە)زۆر بەفراوانیی بڵاوبووەوە وحەپولکی دروشمی دیکەی نەدەدا. دەشێت کورد شانازی بە ڕۆڵی ئەو سەردەمەی پارتییەوە بکات کە پشتگیریی چینە بەشخوراوەکانی کوردی باشوری دەکرد, هۆکارەکەشی دیاربوو لە کوێوە سەریهەڵداوە کە بریتیبوو لەسەرهەڵدانی ناکۆکیی سەرانی پارتی لەگەڵ بارزانیدا ولە ولاشەوە بووە ململانێ وکێشەیەکی ئاشکراتر لەجاران لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا, کە وایاندەزانی ئەوان لەهەرکوێ بونیان هەبێت, هەر خۆیان پێشڕەوی جەماوەرن. کاژیکیش هەتا ١٩٦٤ بانگەشەی ئەوەی نەدەکرد پێشڕەوی ڕاستەقینەی کوردو خواستەکانێ جەماوەرو ئامانجە نەتەوەییەکانێتی , چونکە نە ئەو سەردەمەو نە دواتریش ئەوهێزەی نەبوو دروشمەکان بکاتە کردار, ئەگەرنا کاژیك لەبری باڵەکەی مەکتەبی سیاسیی بەرابەرایەتی ئیبراهیم ئەحمەد لە بارزانی ڕاستدەبووەوە , جا ئەنجامەکەی چۆن دەکەوتەوە, وەڵامدانەوەی ئاسان نییە و ئێرەش شوێنی ئەوە نییە.ئینجا کە دکتۆر نەبەز دەڵێت (هەڵگیرسانی شۆڕش وا کوتوپڕ و لەو هەلومەرجە نالەبارەدا, لە کلۆڵی و بێشانسیی کاژیك بوو,چونکە کاژیك هێشتا بنکەی خۆی جێگیر نەکردبوو,ڕەگی خۆی لە نێو جەماوەردا دانەکوتابوو, هەمووی دووساڵ و نیو بوو دامەزرابوو.) دەتوانین بڵێین :

١ ـ بارو دۆخەکە زۆر لەبار بوو, کورد تینووی ئازادی و سەربەخۆیی بوو,ئامادەییەکی تەواوی هەبوو بە سەر و سامان هەموو قوربانییەك لەو پێناوەدا بدات .پۆلیسی کورد لە بنکەکانی پۆلیسدا لەدەرەوەی شارەگەورەکان , پۆلیسە عارەب و تورکمانەکانیان چەك دەکردو بە بارێك تفەنگ و فیشەکەوە پەیوەندییان بە شۆرشەوە دەکرد,سەربازە کوردەکانی نێو سوپای عێراق لە (عەرەبستان) ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەهەزار دەردەسەری و رێگایەکی دور و پڕ لە مەترسیدا چەکەکانیان دەفڕاند و بە(کونی هەتیتە)دا خۆیان دەگەیاندەوە کوردستان و دەچوونە نێو شۆڕشەوە, تەنانەت شوورەیی بوو سەربازێکی کورد بێ چەك پەیوەندی بکات بە شۆڕشەوە .

٢ ـ ئینجادکتۆر نەبەز کەدەڵێت: کاژێك هێشتا بنکەی خۆی جێگیرنەکردبوو, رەگی لە نێو جەماوەردا دانەکوتابوو... هەموو ئەوە دەزانین و دەشزانین نە جێگیر دەبوو نە لە نێو جەماوەریشدا رەگی دادەکوتا, چونکە کوڕی خۆی دەکرد بە قوربانی کچی خەڵکی ,ئەوەندەی پەرۆشی حاڵوباری خۆی بوو, چەندانەی ئەوە پەرۆشی سەرکەوتنی شۆڕشی کورد بوو بە سەرکردایەتیی بارزانی مستەفا .

٣ ـ ..."**هەمووی دوو ساڵ و نیو بوو کاژێك دامەزرابوو**" قوربان دوو ساڵ و نیو کەم نییە, بەتایبەتیش بۆ ئەو رۆژگارە کە وەك بینیمان پارتی کۆمۆنیستی عێراق هەتا ساڵی١٩٥٩ـ١٩٦٠ زۆر لە پێش پارتی دیموکراتی کوردستانەوە

بــوو لــە نێــو جــەماوەری کــورددا و لــەناو جــەماوەری عەرەبیشــدا ئــەوە هەرمەپرسە,هەرکەس خۆی بە روناکبیر لە قەڵەم بدایە دەبوو سەر بەو پارتــە بێت, بەڵام پارتیی بە بەرنامەو پلانی دروست تــوانی زۆر ســەرکەوتووانە لــە ماوەیــەکی کورتــدا بــە پشــتدا ئــەوان بخاتــە چــاڵەوەو ئــاڵای پێشــڕەوایەتی جــەماوەریی لــە دەســت دەرهێنــان و(پێشــڕەوی کــورد پارتییــە , ســەرۆکمان بەرزانییـــە)ی بـــەرز و جـــێگیر چـــەقاند و وەك پـــارتێکی نیشـــتمانیی باوەڕپێکراویش(بــە هیمــەتی مامۆســتا بــرایم ئەحمــەد و هــەڤاڵانی مۆڵــەتی یاسایی وەرگرت ولە١٩٦١دا شۆڕشیکی نەتەوەییشی بەرپاکرد و دوو ســاڵ و نیویشــی نەخایاند...بزوتنــەوەی گــۆڕان لــە مــاوەی کــەمتر لــە (دوو ســاڵ و نیودا) دامەزراو لە هەڵبژاردنەکانیشدا ئەوەندەی جەمار هەبوو ٢٥ کورســی پەرلەمانی کوردستان داگیربکات .

**لا.١٤ " شۆڕشیش لەسەرەتاوە را پــەڕینێکی جەماوەرانــەی خۆجــۆش بــوو,هیچ حیــزب و رێکخراو وسەرکردەو کەسایەتییەکی ناسراوی لە پشــتەوە نــەبوو, دەســتی هــیچ بیــانی و ناحەزێکی کــوردی تێدانــەبوو, بێزاریــدەربڕینێکی رەوای خەڵکەکــەبوو دژ بــە ملــهوڕی و لووتبەرزی کەریم قاسم, ئەگەرنا خۆپیشاندەرەکان هیچ داخوازییەکی گەورەوەگرانیان نەبوو کەجێبەجێ نەکرێ, دەیانویست قاسم بەڵێنەکان و دەستوورەکەی خــۆی بخاتــەکار بــەڵام گەوجێتی قــاسم کارێکی وایکرد مەلامستەفای بــارزانی کــەتا ئــەو دەمــەی قــاســم فرۆکــە بۆمباهاوێژەکانی نەناردبووە سەری, بێ قرەوبــرە لەگوندەکــەی خــۆی دانیشــتبوو بــەڵام بەقسەی قــاسمی نەکرد کەداوای کردبوو لێی خۆپیشاندەرەکان بە نۆکەری بێگانــە بداتــە قەڵەم .کە نێوچەی بارزان بۆمباران کرا لە١٩٦١/٩/١٦ دا, مەلامستەفا ناچارکرا بکەوێتە بەربەرەکانی لەشکری دەستدرێژکەری ئێراق, ئەوجا خەڵکەکەش کەدەیاندی پیاوێکی وەك مەلامستەفای بارزانی سەرکردەیەتیی بەرخۆدان دەکا, ئەوانەی پێیاندەگوتن (کوڕەکوڕە) چ**

**بەئارەزوو چ بەناچـاری و لەترسـی گـرتن و کوشـتن چـوون بـۆلای مەلامسـتەفاو بوونـە پێشمەرگەی ویی. ئیدی روویان لەکاژێك نەکرد, مەگەر کەسانی خاوەن باوەڕو تێگەیشتوو, ئەوانیش زۆر زۆر کەم بوون لەو رۆژەدا و ئێستەش هەروا کەمن ئەگەر نەبێژم دەگمەنن ."**

**بـەڵێ شۆڕشـی ئـەیلوولی١٩٦١دەسـتی دەرەکیـی تێدانـەبوو, یاسـای چارەسـەرکردنی کشـتوکاڵ یـا دروسـتتر بڵـێم یاسـای چارەسـەرکردنی زەویـو زاری کشـــتوکاڵیی کـــە ســـەرکۆماری عێـــراق خوالێیخۆشـــبێ ژەنـــەڕاڵ عەبدولکەریم قاسـم بڕیـاری جێبـەجێکردنی دابـوو لەبەرژەوەنـدی جوتیـار و پاڵەی چەوساوە و فلیقاوەی چنگی چینی فیوداڵ و مشەخۆرەکانی کوردستان و عێـراق, بەرژەوەندییـەکانی ئـەو چـینەی خسـتە مەترسـییەوە و جوتیـار و پاڵەو رەنجدەرانی کوردستان راچڵەکین و ئینجا راپەڕین و سەریان بـەرزکردەوە بینییـان ئاغـاو دەرەبەگـەکان تـا دوێنـێ خوێنیـان دەمـژین, ئێسـتا کـزو لاواز,پشتوپەنایان نەماوە,ئەوچـینە چەوسـاوانە بـەجۆرێك راپـەڕین هەنـدێك لەو دەرەبەگانە خۆیان لەبەردەم رقوکینەی پەنگخواردوویاندا رانـەگرت و بـە خاووخێزانەوە هەڵاتن و پـەنایان بـۆ شـای ئێـران بـرد. شـای ئێـرانیش لـەوە تۆقیبوو لەپەنایەوە لە عێراق شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز رژێمـی پاشـایەتیی رامـاڵیی وگـەلانی عێـراق جگـە لـە تورکمانـەکان بـەدڵ و گیـان و هـەموو توانایەکیانـــەوە پشـــتگیریی دەکـــەن و ســـەربازی گیـــان لەسەردەســـتی خوالێخۆشبوو سەرکۆمار ژەنەڕاڵ عەبدوڵکەریم قاسم بوون,هەسـت و سـۆزی خۆشەویسـتیی بـۆ یەکـەمین سـەرکۆماری عێـراق گەیشـتە ئاسـتێك کـە بەبرینداری لەپلانی تیرۆرکردنەکەی بە دەسـتی بەعسـییەکان رزگـاربوو کـە

صەدام حسەین یەکێك بوو لە تیرۆریستەکان, بەو بۆنەیـەوە رۆژیـك تـائێوارە چێشتخانەو کەبابخانەو چایخانە شەربەت و ماسـتاو و دۆی کـوردیی وگـەڵێك خــواردن و خواردنـــەوەی بـــەخۆڕایی پێشـــکەش هاووڵاتیـــان دەکـــرد....

نێوەڕاستی ساڵی ١٩٦١ ولەم بار و دۆخەدا چینە چەوساوە و بەشخوراوەکان لـەزادەی بـیری سـادەی خۆیانـەوە دروشمـە بەنێوبانگەکـەی ( فـەلاح ئـەرزی خۆیـەتی  ئاغـا باوکـە رۆیـەتی ) بەرزدەکەنـەوە و تـەنگیان بـە رەنجخـۆر وخوێنخۆرەکانیـان هەڵچـنی , ئـەوانیش (ئاغـاو دەرەبەگـەکانی دەڤـەری پشـــدەرایەتی و بیتـــوێن) دژی یاســـاکە و رژێمـــی کۆمـــاریی و یاســـای چارەســـەرکردنی زەویـــوزار دەســـتیان دایـــە چـــەك و یاخیبوونیـــان راگەیاند,دەربەندی بازیان و رێگەی سلێمانی ـ کەرکووك دەبەستن , ئەمـەش فرە وەگیـانی بـەریتانیاو ئێـران و تورکیـاو هاوپەیمانـەکانیان خۆشـبوو بـەڵام یاخیبوونەکـــە بەرگـــەی یەکـــەمین بەرپەرچـــدانەوەی ســـوپای عێراقـــی نەگر,چەکدارەکان بڵاوەیان لێکرد, سـەرانی پـارتیش دەمودەسـت ئـەو هەلـە دەقۆزنـەوەو سـواری شـەپۆلەکە بـوون . جەماوەرەکـەی پـارتیی و بـارزانیی بەوپـەڕی ناهوشـیاریی کولتـووریی ومێـژوویی و رامیارییـەوە , تینـووی سەربەخۆیی نەتەوەیی بـوون, پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و بـارزانیش بـێ زەمینەسازیی وهەلومەرجی گونجاوو ئامادەکردنی چینوتوێژەکانی کۆمەڵ بۆ شۆڕش, فوویان پێداکردو چوونە شاخ , دەستیان دایە چەك و بووبـە شۆڕشـی ١٩٦١/٩/١١ بۆیـە ئێسـتەش هـەر کێشـەو قـەیرانی چارەسـەرنەکراوەوبێ

چارەسەر بەسەریەکتردا کەڵەکە بـوون وبـە دوای یـەکتردا دێـن و زۆربەشـیان گەیشتوونەتە بنبەست.

**"خۆپیشاندەرەکان داخوازی گەورەو گرانیان نەبوو"**

** ئەگەر دکتـۆر نەبـەز مەبەسـتی خڕبوونـەوە چـەکدارییەکەی دەربەنـدی بازیانە, ئەوە یاخیبووتێکی چەکداریی بوو رۆژێك خۆیان رانـەگرت, (بـەرەی شەڕ) یان چۆڵکرد کشانەوە بۆ پشتی چوارتا ـ شارباژێر و فڕۆکـەکانی هێـزی ئاسمانیی عێراقیش لە جۆری مێك١٧ی دیاری رووسـیا لـەوێش پەلاماریـدان ویەکەمین قوربانیش شـەهید حەمیـد کـاوانی و دوای ئـەویش شـەهید مـەلا رەســوول بوو.خۆپیشــاندانەکانی ئەوسەردەمە(خۆپێشــاندانی ئاشــتییانە) یەکێتی قوتابیانی کوردستان  زۆر چـالاکانە و کاریگـەر رابەرایـەتیی دەکـرد بە ئامانجی پیادەکردنی یاسایەك بۆ خوێنـدن بـە زمـانی کـوردی (بەرنامـەی خوێنـدن بـە کـوردی کـە ئـەو کاتـە پێـی دەوترا(مـەعاریفی کوردسـتان) وکۆمۆنیستەکان بـۆ سـوکایەتی بـە لاقرتـی دەیانوت(مـەعاریفی قلیاسـان!) هـەرگیز سـەرکۆماریش ئـەو خۆپیشـاندنانەی بـە نایاسـایی یـا مەترسـیدار نەبینیوە هەتا داوا لە بارزانی بکات ئەوانە بە(نۆکەری بێگانە بداتە قەڵـەم) ئەوەشمان لەیاد بێـت ژەنـەڕاڵ قاسـم بەدەسـتی خـۆی دو دەسـکەوتی گـەلێك مەزنی بۆکورد لە یاسای کاتیی کۆماری عێراقدا چەسپاند: عـارەب و کـورد هاوبەشن لەم ولاّتـەدا(عێراق ولاّتـی عـارەب و کـوردە) و دروشمـی کۆمـاری عێراقیش شمشێری عارەب و خەنجەری کوردە.جگە لەوانـەش هـەموو کاتێـك

بۆ ئەو جۆرە داواکارییانە رووی لە شێخ ئەحمەدی بارزان دەکرد نەك مەلا مستەفا کە پەنجەی بە ئاودا نەکرد بێ رەزامەندیی گەورەو سەردار و رابەری دینیی ودنیایی بارزانیان (خودانی بارزان)... ژەنەراڵ قاسم گەوج نەبوو بەڵام لێبوردەییەکەی و فرە باوەڕبەخۆبوونەکەی,خاڵی هەرە لاوازی بوو کەبەدەستێکی ئاسنین لەو بەعسییانەی نەدا کە رۆژی١٩٥٩/١٠/٧لە کاتی تێپەڕبوونی بە شەقامی رەشیددا لەناوجەرگەی شاری بەغدادا کە سەرەکیترین شەقامەکانی پایتەختە,تەقەیان لێکرد.ئەو دەستوەشێنە جەربەزانەی بەعسییەکان زۆر پشت ئەستوور و بێباك ئەو چالاکییەیان ئەنجامدا: عەبدلوەهاب غرێری,صەدام حسەین, ئییاد سەعید سابیت,تەحسین معەلە,سلیم زیئبەق و خالید عەلی صالیح .عەبدولوەهاب غرێری وصەدام حسەین ئازاترین لاوە دەستوەشێنەکانی حیزبەکە بوون بەلام ناکۆك و رکەبەری یەکتریش بوون,صەدام لەبەردڵی گران بوو کەسێك لەو ئازاتربێت,لەو چالاکییەدا لە دوواوە تەقەی لێکرد و کوشتی!! صەدام بە برینداریی بە هۆی دۆستێکی هەرە دڵسۆزی بنەماڵەکەیانەوە لەکەنار رووباری فورات خۆی گەیاندە سوریا. ئەوە هەمان ئەو دۆستە هەرە دڵسۆزە وهەمان ئەو ماڵەی سەنار کەناری رووباری فورات بوو کە صەدام لە چاڵێکی حەوشەکەیدا دەستگیرکرا چونکە خانەخوێ دڵسۆزەکە ئەمجارەیان دڵی گۆڕیی و ناپاکیی لێکرد! با لێرەدا ئەوەش بڵێین صەدام حسەین و عەبدولوەهاب غرێری لە هەرە لاوە سەرگەرم و دەستوەشێنەکانی بەعسییەکان بوون بەڵام رکەبەر و ناحەزی یەکتریش بوون,صەدام حسەین

بەدەم تەقەکردن لە سەرکۆمار عەبدولکەریمەوە تەقەی لە غریریش کرد و کوشتی !

لەبارەی پەیوەندی نێوان ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم و بارزانی مستەفاشەوە , ماوەیەك بوو نێوانیان تێکچوبو بەڵام هەرگیز ئەو بارزانی پاڵنەدا دەست بداتە چەك , نەخێر, لە کۆبوونەوەی سەرۆك هۆزەکانی کورددا بۆ چارە سەرکردنی کێشەی نێوان بارزانیان و هۆزەکانی هەرکی و سورکی و لۆلانی بەسەرپەرشتیی پاریزگاری هەولێر بەدرەدین عەلی, نوێنەرانی بارزانییەکان بەسەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەد ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون, بەو بیانووەی میریی و(صدیق میران) ی سەرۆکی هۆزی خۆشناو ,مەحموود ئەفەندی سەرۆکی هۆزی هەمەوەند بیلایەن نین و پشتگیریی دوژمنەکانیان دەکەن وهەوڵی لاوازکردنی بارزانیان دەدن. ئەوە لەکاتێکدا بارزانیان لەچەند شەڕێکدا بەسەرکردایەتیی خودی بارزانی مستەفا , دەستی قورسیان لە دوژمنەکانیان وەشاندبوو... ئیتر ئەوەبوو پارێزگاری هەولێر و هەردوو سەرۆکی هۆزی خۆشناو و هۆزی هەمەوەند کوژران و گوایە مامۆستا برایم ئەحمەدیش لەو کێشەیەوە تێوەگلاو میریی عێراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆدەرکرد و ناچار چووە شاخ بەڵام راستییەکەی ئەوەیە مامۆستا برایم وتارێکی لە رۆژنامەکەی نیشتمانپەروەری عەرەبی عێراق مامۆستا کامیل چادرچی بڵاوکردبووەوە بەرپەرچی شۆڤێنیستانی عەرەبی دابووەوە کە گەلی عێراق بەشێك نییە لە نەتەوەی عەرەب بەڵکو گەلی عەرەب لە عێراق

بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب و گەلی کوردیش لە  عێراق بەشێکە لەنەتەوەی کورد ... جەماوەری کورد بەخۆشیی بارزانییەوە باوەشی بۆ شۆڕش کردەوەو کەوتنە شوێن ناو و ناوبانگ و مێژووی خەبات و کولنەدانی ژەنەراڵ مستەفا بارزانی و داستانی پەڕینەوەی بارزانییان لە رووباری ئاراس بۆ ئەرمینیا ــ یەکێتی سۆڤێت . دکتۆر نەبەز دەڵێت **"گەوجێتی قاسم کاریکی وایکرد مەلا مستەفای بارزانی کە تا ئەودەمەی قاسم فڕۆکە بۆمباهاوێژەکانی نەناردبووەسەری, بێ قڕەوبڕە لە گوندەکەی خۆی دانیشتبوو "** قوربان مامۆستا نەبەز, مەلا مستەفای بارزان کەی بێ قڕەو بڕەدانیشتووە؟ بۆمبارانی گوندی بارزانیش لە ١٩٦١/٩/١٦دا پێنج رۆژ بوو شۆرش بەفەرمان و بە سەرکردایەتی خودی بارزانی مستەفا لە١٩٦١/٩/١١دا هەڵگیرسابوو. ئینجا مامۆستا دەڵێت **"ئەوانەی پێیان دەگوتن (کوڕە کوڕە" چ بە ئارەزوو چ بە ناچاری و لە ترسی گرتن و کوشتن چوون بۆلای مەلا مستەفاو بوونە پێشمەرگەی ویی. ئیدی روویان لە کاژیك نەکرد"** لێرەشدا هەر بۆ مێژوو چەند راستییەك دەخەمە روو:

١ ـ لاوانی خوێن گەرمی کورد لە سلێمانی, ئەو دەمەی مامۆستا باسیدەکات هیچ ترسێکیان لە میریی نەبوو, زۆربەی هەرە زۆری سیخوڕەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش(ئەمن)لە رێکخستنەکانی پارتیدابوون و هەرە چالاکەکانیشیان شەهید عومەری سام سام , حەمەی شەریف وسابیرە لووتە بوون, ئەوانەی دژی شۆڕشیش دەجوڵانەوە لیژنەی رێکخستنی پێشمەرگەی ناوخۆ(ناوشار) زوو دەستنیشانی دەکردن و رۆژانە چەند

دانەیەکیان بە ئاسانی لەنێو دەبران ... گومانم نییە ئەو ساڵانە لاوانی سلێمانی لە ترسی گرتن و کوشتن چوونەتە شاخ , نەخێر باو باوی بوون بە پێشمەرگە بوو, ئەوەی بەخۆیدا رادەپەرموو(دەچووە دەرەوە) ئەگینا بەر تانەو تەشەری هەڤاڵانی دەکەوت . کەواتە هەرگیز ئەوە رێگر نەبوو لە پەیوەندیکردن بە کاژیکەوە, چەندین کەسانی نەتەوەیی پەیوەندییان بە ریکخستنی لاوان یا قوتابیانی نەتەوەیی سەر بە کاژیکەوە کردووە و چوونەتە شاخ و چەکی پیشمەرگایەتییان کردەشان و هەر بە هاوبیری دڵسۆزی کاژیکیش مانەوە, وەك ئەو هاوبیرانەی هێزی خەبات چونکە کاژیك (لای) نەبوو هاوبیرەکان بچنە لای... ئیتر کاژیك هاوبیرانی خۆی پەروەردە دەکرد وئامادەی دەکردن بۆ خزمەتی شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی بارزانی مستەفا, هەروەك چۆن لە پەنجاکانی سەدەی رابوردودا کە هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق بوو,رێکخستنەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتانی بە مارکسیزم پەروەردە دەکردو ئامادەی دەکردن بۆ پەیوەندیکردن بە پارتی کۆمونیستی عێراقەوە!

**لا. ١٥ : "وەك لەمەوبەر بڕیارم دابوو کەلەوڵات بچمەدەرەوە بۆ ئەورووپا بۆ درێژەدان بەخوێندن و هەوڵبدەم ئاشنایەتیی و پێوەندی لەگەڵ کەسانی زاناو زانستگەکان و رۆشنبیران و رامیاران ببەستم و چەند زمانێکی دیکە فێرببم و ئەوجا بگەڕێمەوە کوردستان..... بێجگە لەوەش رێکەوتنێك هەبوو لەنێوا نماندا کە هەندێکمان بچنە دەرەوەی وڵات بۆدروستکردنی پێوەندییەك لەنێوان ئەوروپاییەکان و کورداو کێشەی کوردو رۆڵی کاژیك بە رۆژنامەوانەکانی ئەوروپاو رامیارەکانیان بگەیەنین. بۆ ئەمە هاوبیر ئیحسان فوئاد زەمالەیەکی خوێندنی بۆ وێژەی کوردیی لەسۆڤێتی دوابڕاو درابوویە, چوو بۆ مۆسکۆ**

**بۆخوێندن بەڵام هیچ چالاکییەکی بۆکاژێك نەبوو ...بێجگە لـەوەش بووبـوو بەئەنـدامی کۆمەڵەی KSSE ی سەر بە پارتی نەك ئەندامی یەکێتی نەتـەوەیی خوێنـدکارانی کـورد لەئەورووپاNUKSEکە لە ١٩٦٥/٣/٢١ دا لە میونشن دروستمانکرد.... و لەسـەر ڕێـازی کاژێك دەچوو بەڕێوە ."**

** وا مەزەنـدە دەکـەم دامەزرێنـەرانی کاژیـك هـەر لەسـەرەتاوە نەخشـە ڕێگایەکیان داناوە بـۆ ئەرکـەکانیان و بـۆ ئـەو مەبەسـتەش بـەپێی ئاسـتیی زانسـتیی و پسـپۆڕیی ولێوەشـاوەییان لـەبوارە جیاجیاکانـدا, بەسـەر سـێ دەستەدا دابەشبن :

چەند کەسێکیان بچنە نێو ریزەکانی شۆڕشەوە : فەرەیدوون عـەلی ئـەمین و دواتر محەمەد عـەزیز و شێخ محەمەدی هەرسین .

ژمارەیـەکیان ئـەرکی سەرپەرشـتیکردنی رێکخسـتنەکان و رابـەریکردنی بزوتنەوەکە بگرنە ئەستۆ: ئەحمەد هەردی, عەبدوڵڵا جەوهەر, فایەق عارف.

ئەوانیدیکـەش بچـنە دەرەوەی وڵات بـۆ ناسـاندنی بزووتنەوەکـەو دۆسـت و پشتیوان پەیداکردن : جەمال نەبەز, ئیحسـان فوئـاد و کامیـل ژیـر . بـەڵام هـەر زوو دەرکـەوت ئەنجامـەکان هیوابـەخش نـین و هـیچ نیشـانەیەکی سەرکەوتنیان پێوە دیارنییە, جگـە لـە مامۆسـتا جـەمال نەبـەز کەجێگـەی خۆیی کردەوەو خوێندنی باڵای بەکامی دڵـی خـۆی تـەواوکرد و درێـژەدەدات بەو خەباتەی کاژیـك دەسـتیدابوویە , بـەڵام مانەوەکـەی لـە ئـەورووپا هـەر نەبڕایـەوە وهـەتا ئـەمڕۆش هـەر درێـژە دەکێشـێت و بـۆ تـەنها جـارێکیش

سـەردانی کوردسـتان وسـلێمانییەکەی زێـدی بـاو و بـاپیرانی نـەکردەوە کـە ئەوانیش وەك بنەماڵەی حاجی تۆفیقی تازە دەوڵەمەند لە بنەماڵە رەسـەن و هەرە دێرینەکانی سلێمانین ,ئەمـە جگەلـەوەی**"ڕێکـەوتنێك لەنێوا نمانـدا هەبوو**..." لەهیچ بڵاوکراوەیەکی کاژیکدا نەبینراوە, کە ئامانجێك بوبێت.

**لا.١٨٠:"... بەدرخان شتێکی پەیداکرد بۆم کەبەوشتە هاوبیرانم لەکوردستان توانییـان زووتر و باشتر دەنگوباسەکان بگەیەنن پێم . ئەوشتەم بە زەکیْ خانی خێزانی خوالێخۆشبو سەئید قەزازدا ناردەوە بۆهاوبیران."**

** بێگومان ئـەمڕۆ خوێنـەران بـە گشـتیی و هـاوبیران بەتایبـەتیی و بـەر لەهـەموان دەپرسـن : دەبـێ ئـەو شـتە چـی بووبێـت و کـەی نێردراوەتـەوە بۆهاوبیران؟ ئینجا ئەگەر وایە , دەبوایـە بـەردەوام و گـەرموگوڕ لـە هـەموو روویەکەوە ئاگاتان لەیەکدیی بوایە و لە رووداوە گرنگەکان بێئاگانەبوونایـە, هــەر بــۆ نموونــە یــەکگرتنی پــارتی گــەلی کــورد لەگــەڵ کاژیــك کــە هەتاسەردانەکەی هاوبیر بروسکە ئیبراهیم لە ئەیلوولی١٩٦٤ دا بۆ سلێمانی و لەگەڵ خۆیدا چەند بڵاوکراوەیەکی کـاژیکی لەگـەڵ خۆیـدا هێنابوو,ئینجـا زانیتــان یــەکگرتنێك کــراوە , بــەڵام چــەند و چــۆن و ســەرو ژێــر و وردەکارییــەکانی چــیبوون و بــۆ و بــە چ ئامانجێــك ئــەو یەکگرتنــە یــا تێکەڵاوبوونە لە نێـوان پـارتی گـەلی کـورد و کاژیـکدا کرابـوو, ئێـوە هـیچ زانیاریتان نـەبوو هـەتا هـاوینی١٩٧٠کـە مامۆسـتاکامیل ژیـر و دواتـریش مامۆسـتا فایـەق عـارف بەسـەردان دێنـە ئەڵـمانیا و ئاگـادارت دەکـەن ,

ئـەوەش ئـەوە دەسـەلمێنێت کە(شـتەکە) نەگەیشـتۆتە دەسـت هـاوبیران یـا بێکەڵك بووە یا هەرنەبووە.

ل.١٨ : " **رادیۆی قاهیرە کەلەساڵی ١٩٥٧دا بەشی کوردی کردەوە بەهۆی هەوڵی منەوە بوو**."

** دکتۆر فوئاد مەعصووم کە ئێستا سەرکۆماری عێراقـی فیدراڵـەو ئـەو کاتە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول ناردبووی بۆ میصر بۆخوێندن و هـەروەها بۆ هاوکاریکردنی نوێنەری شـۆڕش لـەقاهیرە , لـەبارەی پەخشـی ئێسـتگەی رادیۆی قاهیرە بە زمانی کوردی بۆ ماوەی کاژێرێـك بووچـوونێکی جیـاوازی هەیـە . لــەو دۆکۆمێنتــەدا کــە کــەوتبووە دەســت پــارتی و کۆپییــەکم دەســـتکەوتووە, راپۆرتێکیشـــی تێدایـــە فوئـــاد مەعســـووم کـــە ئێســـتا سەرکۆماری عێراقی فیدراڵە,لەسەر جەلال تاڵەبانی پڕکردۆتەوەو ناردوویەتی بۆ بارەگای بارزانی . دکتۆر فوئاد پەخشی ئەو ئێستگەی رادیۆیـە بـەزمانی کوردی و بەڕێوەبردنیشی بە دەستە گوڵی خۆیان دەژمێرێت .

ل. ٢١ : **لـەبارەی نێـوانی میرکامـەران بـەدرخان و عیسـمەت شـەریف وانلـی سـەرۆکی KSSEمامۆسـتا نەبـەز دەڵێـت " ...میرکامـەران بـەدرخان بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی کوردستانی هەوڵیدەدا, بە پێی پەرتووکی (ألموساد فی ألعراق و دول ألجوار, أنهیارللامـال ألاسـرائیلیە وألکردیـە, ترجمـە بـدرعقیلی ), کامـەران بـەدرخان پێوەنـدیکردبوو بەئیسرائیلەوە بۆ یارمەتیدانی کورد بەلام ئیسمەت شەریف وانلـی لای ئیسـرائیلییەکان و مەلامستەفای بـارزانی تێچێنی دژ بـە میربـەدرخان کردبـوو, لەئە نجامـدا ئیسـمەت کـرا بە(نوێنەری شۆڕش ) لەلایەن مەلامستەفاوە**."

* *خوێنەر بـۆی هەیـە بپرسـێت (تێچـینی) یەکـە چیبوو , چ تۆمـەتێکی درایەپاڵ ؟ بەداخەوە مامۆستا بـۆ نەیدرکانـدووە, ئەوانـە میـژوون وئـەرکی مێــژوونووس, لێکۆڵــەر, روونــاکبیر و بەتایبــەتیش دکتــور نەبــەز کــە کوردۆلۆگییە , ئـەرکیان ساغکردنەوە , روونکردنـەوە و کردنـەوەی گـرێ و گـرێ کوێرەکـانی مێـژو و رووداوەکانـە , بەتایبـەتیش هـەردوو تێکۆشـەری چالاکی کورد لە ئەورووپا کامەران بەدرخان و عیسمەت شەریف وانلی رۆڵی بەرچاویان لە خەباتی کوردایەتیدا هەیەو خاوەن چەندین لاپەڕەی پڕ شانازیی مێژوون .دیرۆکی کورد چەندین لاپەڕەی پـڕ لـە گرێکـوێرەو لایـەنی ئـاڵۆز و ئاڵۆسکاوی تێدایە هەر وەك خـۆی بـە لێڵـوپێلی وتەمومـژێکی ئەسـتوورەوە ماونەتەوە.

**لا. ٢٤ : "... رژێمی سۆڤێت سـەبارەت بـەوەی بەئسـییەکان کوشـتاریکی گـەورەیان لـە کۆمۆنیستەکانی ئێراق کردبوو , هەڵوێستییان بەرامبەر رژێمی ئیراق دوژمنانـەبوو,رژێمی سۆڤێت ماوەی چەند مانگێك پشتگیریی کـوردی دەکـرد. لـەکۆنگرەی کۆمەڵەدا(مەبەسـتی لەکۆمەڵەی خوێندکارانی کوردە لە ئەوروپا.ن . ك) لە میونشن لـە ٩ ـ ١٥مـارتی١٩٦٣ ... کۆمۆنیستەکان و پارتییەکان تووکەی سمێلیان دەهات . بۆ ئەو کۆنگرەیە جەلال تاڵەبانی ومحەممەد مەهدی جەواهیری و گەلێك کەسی دیی وەك میوان هاتبوون . کاك بروسکەو ئەز گوتمان " ئێمە ئەم هەڵوێستەی دوایی سۆڤێت بەباش دەزانین هیوامان وایـە لەسـەر ئـەم هەڵوێستە بمێنێتەوە , لەگـەڵ ئەوەشـدا نـابێ رابـوردووی یـەکێتی سـۆڤێت دژ بـەکورد لەبیرخۆمان ببەینەوە" ئەم قسانە هەلایەکی گەورەیان نایەوە. سەیر ئەوەیە کـاك ئـەلی قازی( کوڕی پێشەوای شەهید قازی محەمەد ) کەئەوکاتە لە کونسلخانەی ئێران لەبـەرلین کارمەندبوو لەنێو ئەوخەڵقانەدا داوای ئـەوەی کـرد کـەکاك بروسـکەو ئـەز لەکۆمەڵـەی خوێندکارانیکورد لە ئەوروپا KSSE دەربکرێین چونکە قسەمان بەیەکێتی سۆڤێت گوتووە."**

**شای ئێران و هاوپەیمانەکانی, یەکێتیی سۆڤێتیان بەمەترسی هەرەگەورە دادەنا بۆسەر ئێران وناوچەی خۆرهەلاتی نێوەند وهەموو بلۆکی خۆرئاوا وئەمەریکاش, ئاخۆ دەشێت کارمەندێکی کونسولخانەی ئەمەریکا وەها ئاشکراو بەرۆژی نیوەڕۆ داکۆکی لەسۆڤێت بکات؟ جا ئەمە لەچاو هاوکاریکردنی کاك عەلی قازی لەگەلٚ شای ئێرانی باوە کوشتەیدا , هەر هیچ نییە .

**لا ٢٧: " لەمانگی تەباخی ١٩٦٤دا بوو کەهاوبیر بروسکە ئیبراهیم لە پشووی زانستگەدا چووەوە بۆکوردستان و پێوەندیکرد بەهاوبیرانی کاژێکەوە. لەسلێمانی چاوی بەهاوبیران فایەق ئارف , کامیل ژیر و ئەحمەد هەردی کەوتبوو, پێیانی گوتبوو کەدەیەوێ ببێ بەئەندامی کاژێك, ئەوانیش بەخۆشییەوە رازی بوون ... کەهاتەوە میونشن چەند بلاڤۆك و نوسینێك کەهاوبیران دابویان پێی... یەکێك لەونوسینانە بیرخەرەوەیەك بوو لە ١٩٦٤/٥/١٣ بەئارەبی نووسرابوو بۆمەلامستەفای بارزانی لەبارەی جەمال عەبدولناسرەوە ... نووسینێك باسی ئەوەکرابوو کەحیزبێك بەنێوی "پارتی گەلی کورد"ەوە لەگەلٚ کاژێك یەکیگرتووە و لەو رووەوە هیچیان بەبروسکە نوگوتبوو, ئەم نهێنییە هەروامایەوە هەتا هاوینی١٩٧٠هاوبیر کامیل ژیرهات بۆبەرلین و گوتی ئەوانەی سەربە پارتی گەلی کورد بوون کاك حەمەی ئەزیز و شێخ محەمەدی هەرسین و چەندکەسێکی دیی بوون ... ئێمە ئەو دووکەسەمان ناردنە نێو شۆڕشەوە کەخزمەتی بیری کاژێك بکەن لەنێوشۆڕشدا , کەچی خزمەتی پارتییان کردو هیچ خێرێکیان بۆکاژێك نەبوو."**

**دیارە هاوبیری بەڕێزمان بروسکە ئیبراهیم بەتەزکییەی تۆ و بەقەلٚەمبازێك بووە بە ئەندامی کاژێك! من ئەو هاوبیرەم خۆشدەوێ و وەك دۆستایەتی خۆیی و ناسیاری هاوسەرەکەشی رێزی تایبەتیم بۆیان هەیە و ئەو شەرەفە گەورەیەشی پیرۆزبێت چونکە بەردەوام و بێ پسانەوە هەتا

ئەمڕۆ ساردنەبۆتەوەو چالاكیی كوردانەی ئەكادیمیی و زانستیی بەهێز و پێـز پـەخش دەكـات بـەلام ئـەوە ڕێگـام لێناگرێـت بڵـێم زۆر كـوردی دڵسـۆزمان هەبوو, چەند ساڵێك چاوەڕوان بـوون لـە ڕێكخسـتنی كاژیكـدا وەربگیرێـن و ئـەو شـەرەفە گەورەیـەیان هـەبێت بـەلاّم بـەو ئاواتـەوە سـەریان نایـەوە و وەرنـەگیران! نـاردنی ئـەو دوو بـرادەرەش شـەهید شـێخ محەمـەد هەرسـین و محەمەد عەزیز بۆ نێـو شـۆڕش و چـۆن وازوو گەیشـتنە بارەگـای بـەرزانی و بوونە دوان لەهـەرە نزیكـەكانی بـارزانی و باوەڕپێكراوەكـانی و بناوانەكـەی چۆن و بەدەستی كێ و كێ شێلرابوو, كەینو بەینەكەی سەر بە كوێوە دەنێـت نهێنییەكـــە ئێســـتەش ئاشـــكرا نـــەبووە و كەســـیش ســـەرەداوێكی لێشۆرنەكردۆتەوە نەك بەو دووقسەیەی مامۆسستا ژیر لە١٩٧٠ دا, گرێكـە كرابێتەوە ,چونكە بۆمان هەیە بپرسین ئەی مامۆستا فەرەیدون عەلی ئـەمین لـە نێـو شۆشـدابۆ جێگـەی نـەبووەوە ؟...لـەبارەی ئـەو دووكەسەشـەوە كـە خێریـــان بـــۆ كاژیـــك نەبووە,لەهەلۆیســـتدا بەرامبـــەر هـــاوبیرانی كاژیـــك جیـــاوازبوون , شـــەهید شـــێخ محەمـــەدی هەرســـین دەســـتی بـــەرووی هـــیچ هاوبیرێكـەوە نەناوە.كەبەرپرســی لقــی چــواری پــارتیش بــوو هــەتا١٩٧٠ دڵســـۆزانە هاوكـــاریی هـــاوبیرانی كـــاژیكی دەكـــرد وهـــەوڵی دەدا لـــە هەڵبژاردنـەكانی لیژنـەی ناوچـەكاندا هـاوبیران سـەربكەون, بەتایبـەتی بـۆ مامۆستایان كامیل ژیر, فایەق عارف و شەهید تۆفیق نـوری بـەگ و بەنـدە نوری كەریم كەخۆمان پالاّوتبوو بۆ ئەنـدامێتی لیژنـەی ناوچـەی سـلێمانی . ئەو ماوەیەی دوای ڕێككەوتنەكەی مارتی١٩٧٠ی نێوان حكومـەتی عێـراق

و سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردی باشووریش کە بەرپرسی لقی سێی پارتی بوو لەکەرکووك درێغی نەدەکرد, هەربۆنموونە دەڵێم دووخزمان لەوێ کارێکی گرنگیان کەوتبووە لق, نامەیەکی ئاساییم پێدان ئاسانکارییان بۆبکرێت,شێخ محەمەد بەدڵی خۆیان کارەکەی بۆ ئەنجامدابوون . بەڵام کاك حەمەی عەزیز وەهانەبوو, دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەی(کۆنفرانسەکەی) شاری نەغەدە ـ خۆرهەڵاتی کوردستان(کۆتایی پایزی١٩٧٥), کاك هەردی فەرمووی حەمە نوری ئەم ماوەیە هاتوچۆت زۆرکردووە و لەسەر گیرفانی خۆتیش, نامەیەکت بۆ دەنووسم بۆ کاك حەمەی عەزیز یارمەتییەکت بدا, نامەکەی نوسیی و لەوەدابوو زەرفەکە دابخات , زمانی بەکەتیرەکەشیدا هینابوو, فەرمووی بەخوا باوەڕناکەم ...! وتم خەم مەخۆ, ئەم سەفەرەیان پارەم خەرج نەکردووە, کاك فەتاح ئاغا بۆی دابین کردووین و ئوتومبیلێکیشی خستۆتە ژێردەستمان و پەنجا دیناریشی بۆ سەرف کردووین و بێمنەتیش لەگەڵ نوری حەمە عەلیدا دەگەڕێینەوەو دەچێنەوە بۆ پێنجوین . لێرەدا خاڵێکی یەکجار گرنگیش ماوە, نامەوێت بەسەریدا تێپەڕێم , هەر هەموو ئامادەبووانی کۆنفرانسەکەی نەغەدە یەك ئامانج کۆی نەکردبوونەوە وەك لە هەموو کۆنفرانسێکدا دەبینرێت,هەر گروپ و هەر تاکێکیش بەخۆی و چەند خاڵێکەوە بەشداریدەکات , جا دەیەوێت بیانکاتە بڕیار و پیادە بکرێت یا جەند خاڵێکی لە پەیڕەوی ناوخۆ یا پرۆگرامدا دیاریکردووە و هەوڵدەدات دەستکاریی پێویستییان تێدابکرێت یا هەر بڕیاری سرینەوەی بدرێت , هەوڵی بردنە پێشەوە و سەرخستنی هاوبیر و

هاوده‌نگه‌كان ولاوازكردن و په‌ڕكردنی نه‌یاره‌كانی ده‌دات به‌ڵام كۆنفراسـه‌كه‌ی نه‌غه‌ده زۆر جیاوازبوو, شه‌هیدان كاك فه‌تاح ئاغا و شێخ محه‌مـه‌دی هه‌رسـین , كاك حه‌مـه‌ی عـه‌زیز, كـاك عه‌بـدوڵڵا ئـاگرین پـرۆژه بڕیارێكیـان ئامـاده كردووه بۆ (كپكردنی) ده‌نگی كاژیك و له‌ڕێگه‌ی عه‌بدوڵڵا ئاگرینه‌وه له‌گـه‌ڵ مامۆسـتایان ئه‌حمـه‌د هـه‌ردی,كامیل ژیـریش پێشـوه‌خت (جۆرێـك له‌یـه‌كتر تێگه‌یشتن) له‌نێوانیاندا هه‌بووه, ئه‌گه‌رچی بۆ ئه‌م یا ئه‌و (نابه‌دل) یش بـووه! شـه‌هید نـوری حه‌مـه عـه‌لی , عـه‌لی تۆفیـق, فـه‌رهاد عه‌بدولحه‌میـد هه‌رسـێكیان لـه هێـزی خـه‌بات و لای شـه‌هید كـاك فه‌تاحـه‌وه هـاتبوون و ده‌یانزانی بۆچی هاتوون و ده‌بێ چی بلێن چی نه‌ڵێن به‌و جۆره‌ی خزمـه‌ت بـه و( جۆرێك له یه‌كتر تێگه‌یشتن)ه بكات و بیكاته بڕیاری كۆنفرانسه‌كه بـه‌لای كه‌مـه‌وه بـه زۆرینـه‌ی ده‌نگـی ئامـاده‌بووان .جوانـه مـه‌رگ عومـه‌ر حه‌مه‌شه‌مه‌یی پێشمه‌رگه‌یه‌كی باره‌گـای بـارزانی بـوو لـه ده‌ربه‌نـدی رایـات وپه‌یوه‌ندیشی به كاك حه‌مه‌ی عه‌زیزه‌وه هه‌بوو .ده‌مێنێته‌وه سه‌ر مامۆسـتا محه‌مه‌د مه‌جید ئه‌صلان و به‌نده نوری كه‌ریم, ئه‌م دوانه‌مان وه‌ك دو ئه‌ندامی هـه‌ر كۆنفرانسـێك چووین و هه‌ریه‌كـه‌مان كۆمـه‌ڵێك ره‌خنـه‌و پێشـنیازمان گه‌ڵاڵه كردبوو بیخه‌ینه‌به‌رده‌م كۆنفراس و پرۆژه‌یـه‌كی لـێ ئاماده‌بكـه‌ین بـۆ بزواندن وهه‌ستانه‌وه سه‌ر پێی كاژیك ... به‌ڵام هه‌ر زوو هه‌ستمان كرد (ئاش له خـه‌یاڵێك و ئاشـه‌وان لـه خه‌یاڵێكـه). بـه‌و جـۆره مـن به‌شـبه‌حاڵی خـۆم كۆنفراسه‌كه‌م وه‌ها بینـی وه‌ك ئـه‌وه‌ی پرسـه‌ی كۆچیدوایی كاژیـك بێـت و ئێمه‌ش هاتووین فاتیحایه‌ك بۆ رۆحی پاكی بخوێنین و (گه‌رمه گـۆڕ)ه كه‌شـی

هەر لە ماڵی کاك هەردی بووە خواردنی نیوەڕۆی ئامادەبوان کە بریتیبوو لە خورماو رۆن و دەست شتنیشی نەدەویست وهەریەکەمان بگەڕێتەوە جێگاو رێگای خۆی و باقی حورمەت !!

**لا.٢٨ : " هاوبیر لەتیف عەلی ١٩٣٩ـ١٩٦٨/٣/٨لە رۆژی ١٩٦٤/١٠هاتە میونشن ونامەی هاوبیرانی کوردستانی بەدەستەوەبوو."**

**شەهیدی جوانەمەرگ هاوبیر لەتیف عەلی , یەکێك بوو لەدەیەها پێشمەرگەی کاژیك لە شۆڕشی ئەیلوولدا. تەنها بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەشی روونەکردە هەندەران بەڵکو ئەوو چەند هاوبیرێك بەئامانجی خوێندن و پێکەوەنانی پێگەیەك بۆ کاژیك چوونە ئەوروپا, وەك مامۆستاکامیل ژیر , بروسکە ئیبراهیم ئەحمەدی قازیی ,عەتا سوڵتان , عومەری حاجی عەبدوڵلا مولازم عومور(لەتورکیاوە گەڕایەوە) بەلام هیچیان نەمانەوە و گەڕانەوە. ئەمە سەرەتاو بنەتای ئەو پڕۆژەیەبوو.هاوبیر لەتیف هاوبیر و هابیرێکی خەباتگێڕ و ماندوو بوو, وەك ئەوانە نەبوو بۆ کارئاسانی راپەڕاندنی کارەکانیان لە تۆ دەهاتنە پێشەوەو خۆیان لێدەکردیتە کاژیکێکی عەیاری٢٤,ئینجا بۆ دڵنیابوونیش دەپرسم جوانەمەرگ لەتیف عەلی کە هاوبیرێکی کاژیك بوو,نامەی چ رێکخستنێکی بەدەستەوە بوو, قوتابیانی نەتەوەیی,لاوانی نەتەوەیی؟ یا نامەی پشتگیریی لیژنەی ناوچە, لق , لیژنەی پەیوەندی یا سەرووتر؟ یا نامەی هاوبیرێکی ناسراوی پێدرابوو؟ چونکە ئەو خاڵە لە رووکەشدا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە بەلام بۆ نووسینەوە

و لێکۆڵینەوەی مێـژووی کاژیـك زۆر گـرنگن و چـەندین گرێکـوێرەو لایـەنی شاردراوە و تەمومژاویی روونده‌کەنەوە .

**ل.٢٩ : " هــاوبیر ئەحمەدنــەقیب کەلەســەردانێکی کوردســتان گەڕایــەوە لەســەرەتای بەهاری١٩٦٥دا,تاکە بلاڤۆکێکی کاژیکی لەگەڵ خۆی هێنابوو کەلە ١٩٦٥/٢/١٢دا بەئارەبی لەبارەی بارودۆخی سلێمانییەوە دەرکرابوو, باسی وەستاندنی چـالاکیی کـاژیکی تێـدابوو بەهۆی بەرچاوگرتنی بارودۆخەکەوە, ئێمە وامان دەزانی بۆماوەیەکی کورتە بەڵام بەداخەوە هەتاسەربوو, ئەوەش دوابلاڤۆکی کاژیك بوو کەبگاتە دەستمان لە ئەورو پا."**

** نە ئەوکاتەو نە دوای ئەو کاتـەش( سـەرکردایەتی )کاژیـك راسـتوڕەوان روونی نـەکردەوە هۆکـاری راسـتەقینەی پشـت ئـەو بڕیـارە چاوەڕواننەکراوە چیبوو, چالاکی کاژیـك بـۆ لـەکارخرا, بڕیارێـك بـوو بەسـەریدا سـەپێنرا و توانـای رەتکردنـەوە و بـەردەوامبوونی نـەبوو یـا (رێککـەوتن) بـوو؟ ئـاخر رێککەوتنیش لەنێوان دولایەن یاپتردا دەکرێت , ئەو لایەنانەی پشت پـەردەو کەوالیسـەکان کێبـوون ؟ ئـەمڕۆ هـاوبیران و دڵسـۆزانی کاژیـك بـۆ تفـەنگ بەتاریکییەوە بنێن و لە خۆڕا ئـەم و ئـەو تاوانبـار بکـەن و هەنـدێکیش بـێ خشپە, سـوکوباریك وەك بـەرزەکی بانـان شـانی پێدابکـەن و خۆیـان بکەنـە (کوڕە ئازاکە) . بۆیە دەبوو مامۆسـتا نەبـەز هەرنـەبێت بـەهۆی (شـتەکەوە کەناردبوویـەوە بۆهـاوبیران) پـێش وەخـت ئاگـادار و بەشـداریش بووایـە لــەبڕیارێکی وەهــا چارەنووســازدا, لەتەکدایــە یــا دژە ؟ هەرنــەبێت لەئــــەورووپاوە روونکردنەوەیــــەکی بڵاوبکردایەتــــەوە, یــــا دوای راپەڕینەمەزنەکـەی باشـوری کوردسـتان ودامەزرانـدنی حکومـەتی هـەرێمی

کوردستان ئەو سەرکردانەی کاژیك ( مەبەستم دەستەی دامەزرێنەرە) کەلەژیاندا مابوون ئەو لایەنەو چەندین لایەنی دیکەشیان روونبکردایەتەوە .
ئێستەش تەمەن درێژبن تەنها مامۆستایان کامیل ژیر و فایەق عارف لەژیاندا ماون ئەگەر بێنە دواندن . پێویستە ئەوەش نەکەین بەژێر لێوەوە کە کاژیك و رێکخراوەکانی لاوانی نەتەوەیی کوردو قوتابیانی نەتەوەیی کورد هەتا١٩٧٤ ـ ١٩٧٥بەردەوامبوون لەخەباتداو دواتریش ئەندامانی کاژیك دووراو دوور جۆرە پەیوەندییەکیان پێکەوە مابوو. هەر بۆ نموونە کۆبوونەوەکەی ماڵی مامۆستا فایەق عارف بەئامادەبوونی: فایەق عارف , کامیل ژیر , محەمەد مەجید ئەصلاَن , عومەر شەمەیی , مژدە تاهیر , نوری کەریم بۆ تاو وتوێکردنی نامەکەی دکتۆر نەبەز سەبارەت بە هاوکاریکردنی کاژیك لەگەڵ لایەنێکدا..... لە نێوان ئامادە بوواندا یەکێك زۆر سەرگەرم و پەلەی بوو لە ئەنجامی ئەو رێککەوتنەدا پۆستێکی گرنگ وەربگرێت .نامەکەش کاك بەختیاری برای هاوبیر بروسکە ئیبراهیم لە ئەڵمانیاوە هێنابووی . هاوینی٢٠١٤ لەگەڵ هاوبیری هێژا خوالێیخۆشبێت ئەحمەد سەلام چووینە دیدەنیی مامۆستا کامیل ژیر و لەنێو بابەتەکاندا ئەم خاڵەشم بەسەرکردەوە , مامۆستا وتی (فەرامۆشیکەین باشترە.) لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم دوای کۆبوونەوەکە هاوبیر عەبدوڵلا ئاگرینم ئاگادارکرد , بۆ مێژوو دەڵێم ئاگرین وتی( نەکەن, کاکە نوری هەوڵی تەواو بدە ئەوانی دیکەش تێبگەیەنیت هەنگاوێکی زۆر ترسناکەو بەراستی و بێ پەردە چوونە پێشەوە و بەشداریکردن لە وەها پرۆژەیەکدا تەنهاو تەنها

ریسوابوونی لە دوایە... فلان سەری لەو جۆرە سەرکیشییانە دەخوریت ,
وریابن دەستتان نەچیت بە زاخدا...) لە راستیشدا ئەو فلان کەسە فرە
وەگیانی خۆشبوو, هەرخیرا قەلەم و قاقەزی دەرهیناو وتی با کورتە وتاریک
بنوسم لەوێ دەیخوێندمەوە ! من ئیستەش کە لەتەك دکتۆرعەبدوللا
ئاگریندا ساردییەکمان لەنیواندایە ئەو هەلویستەی بەرز دەنرخینم , ئەویش
ئەو کات زۆر سوپاسی منی کرد کە لە رووی دلسۆزی و خەمخۆری
هاوبیرانەوە ئەوم ئاگادارکردووە چونکە نەك ئاگاداریان نەکردبوو بەلکو
نەیاندەویست بەهیچ جۆریکیش کەموزۆر شتیك لەوبارەیەوە بزانیت.لە
سەردانەکەی ئەمجارەدا بۆ ولات رۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٩لەگەل خوێندکاری
دکتۆرا,هیوا کەریم حسەین(مامۆستا کەریم بە شەهید هاورێ گەرمیانی
ناسراوە) بە شەهید گەرمیانی) چووینە دیدەنیی مامۆستا کامیل ژیر, لەنیوان
باسوخواسەکاندا پرسیاری ئەو (پرۆژەیەوە) م لیکرد کە کۆبوونەوەیەکمان بۆکرد لە
مالی مامۆستا فایەق لەگەرەکی شۆرش (عەقاری), مامۆستا لە وەلامدا وتی ( کاك
وریا کە براگەورەی هاوبیران بروسکە و بەختیاری ئەحمەدی قازییە, لەگەل کوردانی
دانیشتووی نەمسا لە خۆپیشاندانیکی نارەزاییدا لە بەردەم کونسولخانەی عیراقدا لە
ڤییەنای پیتەختی نەمسا , پاسەوانەکانی کونسولخانەکە و ئەفسەرانی دەسگای
هەوالگریی عیراق پەلاماری خۆپیشاندەرەکان دەدەن و یەکیك لەوانەی بەردەستیان
دەکەویت هاوبیر وریا بوو, هەتا پۆلیس فریای دەکەویت نیوە گیانی دەکەن ... پۆلیس
تاوانکارەکان دەسگیردەکات و فایلیك بۆ رووداوەکە دەکاتەوە . چەند پیاویکی
کونسولخانەکە چەند جاریك سەردانی وریا دەکەن و داوای لیبوردن دەکەن بەلام هاوبیر
وریا پیداگرە لە سەر سکالاکەی و دەلیت دەبیت سزای تاوانەکەتان بچیژن, خۆ ئیرەش

عێراق نییه بکوژ و ببڕ خۆتـان بـن . لـه یـه‌کێك له‌ســه‌ردانه‌کاندا ده‌پرسـن , ئێـوه بـۆ دژایه‌تی حکومه‌ت ده‌که‌ن؟ لیره‌وه گفتۆگۆ و شێوه دانوستاندنێك دێتـه کایـه‌وه, وریـا ده‌ڵێــت ئێمــه نه‌تــه‌وه‌یین و داوای مافــه ره‌واکــانی نه‌ته‌وه‌کــه‌مان ده‌کــه‌ین, بــۆ ده‌مانچه‌وسێننه‌وه, بۆ مافه‌کانمان زه‌وتده‌که‌ن , ولاتی ئێمه کۆلۆنییه...ئه‌وانیش ده‌ڵێن ئێمه‌ش نه‌ته‌وه‌یین و ولاتمان پارچه پارچه کراوه... ئێمه وه‌ك حیزب و وه‌ك حکومـه‌ت ئامــاده‌ین هــه‌موو یارمه‌تییــه‌کتان بـده‌ین و ده‌تانبه‌ینــه‌وه کوردسـتان هاوبیره‌کانتـان ئاگاداربکــه‌ن ئێمــه ده‌مانــه‌وێت یه‌کتربناســین و له‌یــه‌کتر تێبگــه‌ین , رێکه‌وتنێکلــه نێوانماندابێت بۆ به‌رژه‌وه‌ندی هه‌ردولا , ئێوه‌چه‌ند که‌سێکتان سـه‌فه‌رێك بکـه‌ن, ئێمـه‌ش نوێنه‌رێکی خۆمان له‌ته‌کتاندا ده‌نێرین بچنه‌وه ولات و هه‌وڵبـده‌ن هاوبیره‌کانتـان بچـنه به‌غدا بۆ گفتوگۆ.....ساڵی ١٩٧٧/١٩٧٨بـوو, رۆژێـك هـاوبیر برووسـکه ته‌لـه‌فوونی کرد, وتی له سلێمانیم, زۆر به‌لامه‌وه سه‌یر بوو, وتم چۆن هاتوویته‌وه؟ وتی به‌ته‌له‌فوون ناوتریَ,له ماڵی خۆمانم, چاوه‌ڕوانتم. ده‌موده‌ست چـووم, بینـیم بروسـکه و بـه‌ختیاری بـرای له‌گه‌ڵدایـه‌و نوێنه‌ره‌کـه‌ی کونسـوڵخانه‌ش لـه ئوتێـل دابه‌زیوه.باسوخواســه‌که‌ی به‌دورودرێژی بۆ گێڕامه‌وه...بۆ رۆژی دواتر ئه‌وان سیان و من و کـاك فایـه‌ق عـارفیش دووان پێکه‌وه به ئوتومبیلێکی تایبـه‌تی کـه لـه گـه‌ڵ خۆیـان هێنابوویـان چـووین بـۆ به‌غدا, به‌ڵام کاك فایه‌ق نه‌هات بۆ کۆبوونه‌وه‌کـه... چـووینه وه‌زاره‌تـی رووشـنبیریی و وه‌زیر(نه‌عیم حه‌دداد) پێشوازیکردین به ئاماده‌بوونی عه‌بدولصه‌مه‌دحه‌مید.من ده‌بـوو ئه‌و هاوبیرانه رزگاربکه‌م به سه‌لامه‌تی بگه‌ڕێنه‌وه ئه‌ورووپا,بۆیه هه‌ر له سـه‌ره‌تاوه وتم ئه‌م براده‌رانه ئاگادارنین که ئێمه وه‌ك رێکخستن له ساڵی ١٩٧٥ه‌وه رێکخسـتنه‌که‌مان هه‌ڵوه‌شاوه‌ته‌وه‌و به‌یان ده‌رچووه و ئێمه لابراوێن...) له کۆبوونه‌وه‌که‌ی ئه‌و سـاڵه‌دا لـه ماڵی هاوبیر مامۆستا فایه‌ق عارف لـه گـه‌ڕه‌کی شـۆڕش(عه‌قاری) ئێمـه‌ی هـاوبیرانی ئاماده‌بووی ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه: کامیل ژیر,فایه‌ق عارف,محه‌مه‌د مه‌جید ئه‌صلان,عومه‌ر

شــــەمەیی,مژدە تــــاهیرو بەنـــدە نـــوری کـــەریم دەنگمـــان بـــە پرۆژەکـــە نـــەداو ڕەتمانکردەوە.مامۆستا کامیل ژیـر ئەوەشـی وت کـە خۆشـبەختانە هێنـدەی نەخایانـد نـەعیم حـەدداد و هاورێکـانی ناویـان نـەما و ئـیتر شـتەکە کـپ بوو,نەکـەس بـەدوادا چوونێکی بۆکرد و نـە ئێمـەش لـەوە پترمـان دەویسـت ,بروسـکەو بـەختیاریش بێـوەی گەڕانەوە ئەورووپا.!

بــەبیری هەموانیشـــی دەهێنمـــەوە هەرچـــی دەنووســـم بەدەســـتپاکیی و بەویژدانەوە دەینووسم و دۆستایەتی فلان و ساردو سـڕییەك لەگـەڵ فیسـاردا لـەو ڕێبـازەم لانـادەن, نـە دەروێـش وموریـدی شـێخم نـە دەسـندەخۆر و جانتاهـەڵگری هـیچ کـەس ولایـەنێکم ,وەك نـاتوانم کـەس بکەمـە پاڵـەوان ناشتوانم لەپلـەو پایـەی هـیچ کەسـیش کەمبکەمەوە,ئـەوەی دەینووسـم بـۆ مێـژوو, بـۆ ڕوونکردنـەوەی بەرچـاوی خوێنـەر و دەوڵەمەنـدکردنی مێـژووی بزوتنەوەکەیە, نەمکردۆتە عادەتیش وشـەی ترشوشـیرین ببەشمـەوەو هـەوڵی پەیداکردنی(دۆست) و (دڵسـۆزی) خـەیاڵی بدەم.کـە دکتـۆر جـەمال نەبـەزم بەرزنرخاندووە ,ڕەخنەشـم لێگرتووە,کـاك عەبـدوڵلا ئـاگرین گلـەیی دەکـات گوایـە لـە چـاپی یەکـەمی ئـەم کتێبەدا(بـەجۆرێك لـە بێڕێزیـی) نـاوم هێناوە,بەمـەرجێك تـەنها جـارێکیش بـێ (کـاك ,مامۆسـتا,دکتۆر) نـاوی نەهاتووە ,دیارە زمانی بەد بەدکارییان تێدا کردووە! نـەك ئـەوە بـەڵکو لـە لاپـەڕەکانی ٧٣, ١١٠, ١٩٦. ٢٠٣, ٢٠٧, ٢١٥, دا بێمنـەت داکـۆکیم لێکردووە.دیارە نووسـەر لەروانگـەی نـاوەڕۆکی بابەتەکـە و پەلوپۆکانییـەوە دەنووسـێت ,خوێنـــەریش لەروانگـــەی خـــۆی و تێگەیشـــتنی بابەتەکـــە

بڕیاردەدات.هـاوریٚ و دۆسـتی دیٚـرینم پرۆفیسـۆردکتۆر حەمەدلیٚرمیسـریی وتی(ریٚـز و نـەوازش نرخانـدنیٚکی یـەکجار زۆرت بـۆ دکتـۆر جـەمال نەبـەز دەربڕیوە) لە بەرامبەریشدا,دۆستی خۆشەویستم کاك فەرەج بیٚسـەریی بـرای شەهیدی نەمرحەمەصالٚح بیٚسەریی وتی (بـرا, زۆر قـورس دابەزیویتـە سـەر دکتۆر جەمال بائەوەندە دەستت دانەگرتایە)...بەلاٚم نووسەریش هەیـە (فـوو لە دۆ ناکات) و بەپیٚوانـەی جـۆرو ئاسـتی پەیوەندییـەکانی بـە هاوبیرەکـانی دویٚنیٚوە دەنووسیٚت .

{ گویٚی راستت سوك بی بۆ چاکە بیستن
گویٚی چەپت کەڕ بیٚ بۆ فیت هەلٚبەستن
قسەی چاك زەحمەت ئەگاتە جیٚی خۆی
قسەی بەد زۆرکەس پۆستە چییە بۆی }

**لا.٣٤: "هاوبیر کامیل ژیر لەوتوویٚژەکەیدا لەگەلٚ کەنالٚی ( ئیٚن ئار تی )گوتی کە ئیٚمە (نوکسە ) ئەو هەلٚویٚستەی نوکسەمان ناردووە بۆ مەلا مستەفای بارزانی( مەبەستی لەگومانی نوکسەیە لەریٚکەوتنی١١/٣/١٩٧٠کەلەئۆرگانەکەی نوکسەدا,کوردستان ئینفۆڕماسیون ژمارە ١٤ ی رۆژی ٢١/٣/١٩٧٠ بەئەلٚەمانی بلاٚوی کردبووەوە) ئەوە راست نییە. ئیٚمە بە ئەلٚەمانیی بلاٚومان کردەوە بۆ رای گشتی, نەك بەتایبەتی بۆتاکەکەسیٚك."**

** هەمیشـە لـە گیٚڕانـەوەی بەسـەرهات و رووداوەکـانی رابـوردوودا لـە کەسیٚکەوە بۆ کەسیٚکی دی جیاوازی و گۆڕانکاریی روودەدەن , بەتایبـەتیش ئەو رووداوانەی کە نەنووسراونەتەوە.ئەوەی لەم خالٚەدا گرنگە ئەوەیە بـەپیٚی

لێدوانەکەی مامۆستا ژیر, هەرنەبێت چالاکییەکانی کاژیك هەتا ئەوکاتە ( ١٩٧٠/٣/٢١) بەردەوام بووە .

**لا . ٣٥: "... لەسیانزەمین کۆنگرەی ( K.S.S.E )دا لە١١ ـ ١٩٦٩/٨/١٧ی کۆمەڵەدا لەبەرلینی رۆژاوا, بەسێ ئەندام, هاوبیران بروسکە ئیبراهیم, یوسف زەند و جەمال نەبەز بەشداری تێداکرد و بۆ ئەو کۆنگرەیە د.ئەورەحمانی قاسملو, کەمال فوئاد( کەهێشتا خوێندنی خۆی تەواونەکردبوو) د. پاکیزە رەفیق حیلمی, هیوامستەفابەهجەت, داراتۆفیق( وەك نوێنەری سەرکردایەتیی شۆڕش) محەمەدمەحمودئەبدۆ(سامی ئەبدولڕەحمان), میرکامەران بەدرخان و خێزانەکەی, دکتۆر جەمال رەشید کەهێشتا خوێندکاربوو, جوێس بلۆ , حیلمی ئەلی شەریف, ئیسمەت شەریف وانلی بەشدارییان تێداکرد."**

** بەراوردێکی سەرپێیی کۆبوونەوەکانی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا KSSEوکۆبوونەوەکانی خوێندکارانی نەتەوەیی کورد لەئەوروپا NUKSE و تێڕوانینی ئامادەبووەکان لەرووی چەندێتی و چۆنێتییەوە دەریدەخات هەوڵ و کۆششی بەردەوام و تاقەت پڕوکێنی دکتۆر نەبەز و دکتۆر بروسکە ئیبراهیم و هاوکارەکانیان نەبووایە کە لاپەڕەیەکی پرشنگداریان لە مێژووی خەباتی خوێندکاران و رەوەندی کورد لە ئەوروپاو کوردایەتیشدا نەخشان, ئەو هەموو چالاکییە بەچەند کەسێك نەدەکرا کە ئەرك وکاری رێکخراوێکەو چەند کەسێکی لە خۆبردوو ئەنجامیاندەدا هەرچەند زۆر بەداخەوە ئەویش وەك کاژیك (دووکانەکەی بەکر و چوار قالّب سابوون) ی لێقەوما!

**لا.٣٦: " هەر بەهۆی ئەوکۆبوونەوەیەوە لەگەڵ داراتۆفیق کەنوێنەری سەرکردەیەتیی شۆڕش بوو.... دوویە دوو قسەمان کرد, باسی ئەوەی کرد کە ئێران زۆر دەستی خستۆتە نێو شۆڕشەوە**

**و پێویستە کارێك بکرێ بەئسییەکان لەترسی ئێران و بە نێوانکاریی سۆڤێت، دان بەئۆتۆنۆمیی کوردستاندا بنێن . لەوەوە هەستم کرد بەوەی شۆڕش بەرەو نەمان دەچێ . زۆر لەگەڵ داراتۆفیق خەریك بووم کە ڕێ بدرێ پێم بگەڕێمەوە کوردستان، دارا گوتی ئەو حەزدەکا کە ئەز لەنێو ریزەکانی شۆڕشدابم بەڵام ئەوە بەدەستی وی نییە. گوتم ئەی بەدەست مەلامستەفای بارزانییە؟ گوتی باوەڕبکە هەمووشتێك لە شۆڕشدا بەدەست بارزانی نییە، ئێران شتێکی بەدڵ نەبێ ناکرێ ."**

**بەعسییەکانی عێراق لەترسی ئێران کە خەریکبوو راستەوخۆ دەکەوتە شەرەکەی نێوان کورد و بەعسەوە و ڕۆکێتی جۆری (هۆك) ی دژ بە فرۆکەکانی عێراق بەکاردەهێناو چالاکییەکانی فرۆکەکانی جۆری (باجەر ـــ رامالـدەر) ی کەمکردەوە لەسەر شۆڕش، بەتایبەتیش دوای خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی باجەر بە ڕۆکێتێکی (هۆك) لە دەڤەری چۆمان ـ حاجی هۆمەران ، بەعسییەکان لەترسیی ئەوەی شەڕەکە نەبێتە شەڕی عێراق و ئێران، لەگەڵ شای ئێراندا پێکهاتن لەسەر حسابی کورد کە چوار ساڵ پێشتر دانیان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا نابوو. هەرگیز ئەو بۆچوونەش بە دروست نابینم( ئێران شتێکی بەدڵ نەبێ ناکرێ) ، نەخێر هەموو شتێك لەشۆڕشدا بەدەست بارزانی و بارەگای بارزانیی بوو. نەك شتێکی وەها بچووك کە بریتییە لە گەڕانەوەی نووسەرێکی ناسراو بۆوڵات کە پێویست بە هیچ جۆرە رەزامەندییەك ناکات.دکتۆر نەبەز نەتاوانێکی کردبوو، نەفەرمانی دەستگیرکردنی هەبوو،نەناو و نیشانیشی لای ئەنتەرپول تۆمارکرابوو. بارزانی رێککەوتنی مارتی١٩٧٠ ی لەگەڵ صەددام حسێن مۆرکرد، پرسەگورگانەیەکیشی بە ئێران نەکرد کە نەك بەدڵی شای ئێران

نەبوو, بەڵکو زۆریش نیگەران بـوو, بەسـووکایەتییەکی گەورەشـی بینـی بـۆ شانوشەوکەتی خۆی کـە (ئولیـا حـەزرەت شاهەنشـای ئێـران حەمەرەزاشـای پێدەڵێن .

**لا.٣٦: کاتی خۆیشیی پێویستە جەمال نەبەز کە ئەحمەد نەقیب گـەڕابووەوە کوردسـتان و چاوی بە بارزانی کەوتبوو, پێی گوتبوو بهێنیتەوە بۆ کوردستان. بارزانی پێیگوتبوو" دەبـێ پرس بکرێ" ئەحمەد دەیگوت" دیاربوو پرسەکە بەبێگانە بوو, نەك بە کورد."**

**بـەش بـەحاڵی خـۆم سـەر لەوەدەرناکـەم بەربەسـت و رێگـر لەبـەردەم گەڕانەوەی دکتـۆر نەبـەز بـۆ کوردسـتان دەسـەڵاتدارانی ئێـران بـوون یـا لـە بارەگای بارزانییەوە یا هەردوولا لەسەرییی کۆکبوون.بـەڵام بـارزانی مسـتەفا هەرگیز دەستەمۆ نەبووە , تا بۆ وەها کارێکی سادە ئەوەندە دەستەمۆو چاو لەدەمیی ئیران بێ , هەرگیزاو هـەرگیزیش خـۆی لـە سـەرۆکەکانی وڵاتـانی دراوسێ بەکەمتر نەبینیوە و جار هەبووە ناچاری سـەفەری سـەخت و دژواری چیاکانی کوردستانیشی کردوون , قۆناغێـك بـە کۆپتـەر دەهاتنـە نـزیکترین شوێن بۆ نیشتنەوە بگونجێت ئینجا هەتا ئوتومبیل دەربچێت بـە ئوتومبیـل و لەوە دەاتریش چارناچـار قۆنـاغێکیش بـە سـواری ئێسـتر و دوا قۆنـاغیش بەسەر پشتی گوێدرێژەوە لە گەشتێکی تاقەت پڕوکێندا دەگەیشتنە خزمەت بارزانی! دکتۆر نەبەز خـۆ کـەمیی بـە رژێمـەکانی عێـراق و بەتایبـەتیش بـە رژێمـی بـەعس نـەکردبوو, دوور و نـزیکیش پەیوەنـدی بەلایـەنێکی دۆسـتی بەعسەوەنەبووە, بەڵام رێگرییان لێنەدەکرد نووسین لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری

کورد لەبەغدا بڵاوبکاتەوە, ئارەزووی گەڕانەوەشی هەبوایە بە شانازییەوە پێشوازیشیان لێدەکرد, تەنانەت ئەوەندەشیان حەزدەکرد بگەڕێتەوە چەند جارێك دەنگۆی (جەمال نەبەز دەگەڕێتەوە) ش بڵاوبووەوە . ئەی رژێمەکەی شای ئێران بۆ بەوجۆرە لە دکتۆر بەداخبوو, خۆ دکتۆر نەبەز پەیوەندی دۆستانەو هاوکاریی لەگەڵ حیزبی پان ئیرانیست هەبوو کەسەر بە شای ئێران بوو(ئەو پەیوەندی و هاوکارییە هەنگاوێکی دروست و لەبەرژەوەندی بزوتنەوەی کوردایەتیش بوو.)

**ل.٣٦: " وابزانم زەینم بەهەڵە نەچووبوو کە داخۆیانی ١١مارتی١٩٧٠لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەرکرا, ئەوەم بەئاشبەتاڵی یەکەم زانی."**

**لە مێژووی کورددا دەیەها جار ئاشبەتاڵ لە جۆرەها ئاش و ئاشەوان روویداوە بەڵام هەتا بەهاری١٩٧٠ (ئاشبەتاڵ) نەبووبووە زاراوەیەکی رامیاریی و سەربازیی . ژمارەیان کەم نەبوو ئەوانەی پێشبینیی سەرنەگرتنی رێککەوتنی ١١ی مارتی ١٩٧٠ یان دەکرد بەڵام گردەبڕ دەڵێم هیچ کەسێك ئاشبەتاڵی بەبیردا نەهاتبوو.

لێرەوە زنجیرەی باسەکانی کتێبەکە بازدانێکی تێدەکەوێت و دەچێتە سەر کۆنگرەی کۆمەڵە لەتەباخی١٩٦٩ دا، دکتۆر نەبەز دەڵێت: **"سەیر لەوەدابوو کابرایەك هاتبوو بۆ کۆنگرەی کۆمەڵە(کوڕی بارزانی بوو لە ژنە رووسەکەی بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە بەکری حاجی مەلاخالید لە بەرلینەوە چەندجار نامەی ناردبۆم و نووسیبووی کە لەبەرلین خوێندکاری کورد زۆرن و دەیانەوێ لەگەڵ نوکسە کاربکەن, وازم لەهامبۆرگ هێناو خوێندنەکەم گواستەوە بەرلینی رۆژاوا. داخەکەم قسەکانی کۆچکردوو بەکرخالید کە دەیگوت**

**لەسلێمانی کاژێك بووە, راست دەرنەچوون. چەند کوردێکی کەم لەبەرلین وەك جەمالی حەمەی قەپانچی و قادر خەریب ئامادەی کارکردن بوون لەگەڵ نۆکسە، ئەوانیش بە مەرجی چـەقۆ. بەڵام ئەمە ئەو خێرەی تێدا هـەبوو کەلەبـەرلین لـەماڵی حـەمرەش رەشـۆ, کەلەسـەردەمی میونشنەوە یەکدیمان دەناسی,کاك جەواد مەلام ناسـی, ئـەوە لـە پایزی١٩٧٠دابـوو. کـاك جەوادیش پاش گوێگرتن لەبیروڕاکانی کاژێك و نۆکسە, بوو بە ئەندامی نۆکسـە و کاژێـك و بڕیاری دا هەرئەو ساڵە لەرێی لوبنانەوە بەدزییەوە بچێتەوە بۆ سوریاو لـەوێ کۆمەڵەیـەکی خوێندکارانی نەتەوەیی کورد دا بمەزرێنێ, ئەمەش پاش ئەوەی کە کـاك کامیـل ژیـری هـەر لە پایزی ئەو ساڵەدا( ١٩٧٠ ) لەبەرلین دیی."**

**ئـەو کـاك بـەکرە خوالێیخۆشـبێت هـەر بـە(دەیگوت) بووبـە کاژێـك؟ بروسکە ئیـبراهیم بەتـەنها چـاوپێکەوتنێکی چـەند هـاوبیرێکی دامەزرێنـەر وداواکارییەك بوو بەئەندامی کاژێك وکاك جەوادیش سوکو ئاسان تەریقـەتی لە شێخەوە وەرگرت! پیرۆزیان بـێ, وانەبووایـە دکتـۆر هـەتا ئـەمڕۆش هـەر خۆی و خۆی دەبوو! بۆ مێـژووش ئـەم پرسـیارە دەکـەم : قسـەکانی ئـەوکاك بەکرە, لە چیدا راست دەرنەچوون , لـەوەدا کـەکاژێك بـووە یـا لـەوەدا کـە خوێندکاری کورد زۆرن و دەیانـەوێ لەگـەڵ نوکسـە کاربکـەن ؟ ئینجـا چـۆن دەبێت هەر وتیان جەژنە و برنج بکەینە ئاو, هەر ئەوەندەی بڵێن فلانـە شـار ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری کوردی تێـدا دەژیـن , مامۆسـتا بنـەو بارگـەی بپێچێتەوەو دوایی بۆی دەربکەوێت ئەوە ئاو نەبو هـەر تراویلکـە ـ سـەراب بوو. حەزرەتی مەحوی دەڵێت : **بەئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا, هەرسەرابێ بوو**

**هەموودەشچین بە خنکان ولە وشکیشە مەلەی مەخلووق**

**ل.٣٧" ١٩٧٢ كاك فەرەیدوون عەبدولقادر برای هاوبیر فەرهاد بە کاك جەوادی گوتبوو, ئەو هەرچەندە لەنێو پارتیدایە بەڵام کاژیکە.کاك جەواد گێڕایەوە دەیگوت (کە لەسلێمانی بووم, واهەستم دەکرد هەموو خەڵکەکە کاژێکن. "**

**نازانم بۆ کاك جەوادمان نەبینی, یا من لە یادم نەماوە, خۆ هەر لە سەرەتای ١٩٧٠ەوە بەشێوەی شانەیەکی فراوان لەدەرەوەی کاژیك کارمان دەکرد, هاوبیران فایەق عارف لە سکرتارییەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان (سەر بەپارتی),کامیل ژیر لە یەکێتی لاوانی کوردستان (سەر بە پارتی), بەندەش لەپاڵ شەهید تۆفیق نوری بەگ لە رێکخراوی فەرمانبەران و قوتابیانی پارتیدا کارمان دەکرد لەگەڵ فەرهاد عەبدولحمید و کامیل سەراج و عومەر شەمەیی. ئەو سەردەمانە کاژیك زۆربوون کە دواتر و بەرودوا پەیوەندیان پچڕا , هەر بۆ نموونە: ,مولازم عومەر.حامیدی حاجی غالی,,حەمەی حاجی مەحموود,بەرهەم سالح,شێرکۆی شێخ عەلی وزۆری دیکەش کە ناوهێنانیان لێرەدا بەپێویست نابینم . پێشمەرگەی دێرین حەمە عەلی هەڵەبجەیی دەڵێت ئەو شانە چەکدارەی لەشارەزوور شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە زۆربەیان لە رێکخستنەکانی ماژیکدا بوون وەك حەمەی حاجی محمود حامیدی حاجی غالید.

**ل.٣٨: " ئەلی ئوسمان سۆرانیی (خولە فیرنەگولە) شاربەشار لەگەڵ نوێنەرانی بەئس دەگەڕان بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ حیزبی بەئس و هەڤاڵبەندییەتیی پارتی و بەئس و دوژمنایەتیی پیشاندان بەرامبەربە کاژیك و بەتایبەتیش بەرامبەر بەمن ."**

**وەك پێشتر سووكە باسێكم كرد, لە هەڵبژاردنەكانی لیژنەكانی ناوچەكانی پارتیدا لە سلێمانی . هاوبیرانی كاژیك سەركەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا , بەڵام كەلقی چواری پارتی و (ل.ن.س) ئەو سەركەوتنەیان بۆ قووتنەچو. شێخ محەمەدی هەرسینیش لە لقی چوارەوە گوازرایەوە بۆ پەرپرسی لقی سێی كەركوك و دووركەوتبووەوە. بۆیە كار گەیشتە بارەگای بارزانی و هاوینی١٩٧٠لە مەكتەبی سیاسییەوە دكتۆر مەحمودیان نارد بۆ بەلاداخستنی كێشەكە, ئەویش دوای بەدواداچوونێكی سەرپێیی ولقی سلێمانیش ژمارەیەك لە ئەندامانی پارتیی سەر بە لیژنەی ناوچەی سلێمانی داواكرد بۆ لێپرسینەوەی حیزبیی كە گومانیان لێدەكردن كاژیكن و لێكۆڵینەوەیەكی وردی راستەوخۆو رووبەرووی لەگەڵدا ئەنجامدان, وەك مامۆستایان كامیل ژیر, فایەق عارف , خوالێیخۆشبێت مامۆستا حەمەعەلی فەرەج, تۆفیق نوری بەگ و بەندە نوری كەریم. پێش من مامۆستا حەمەعەلی فەرەج بانگكرا , بەڵام هەر زوو بووە هەراوزەناو مامۆستا بەتوورەیی هاتەدەرەوە و وتی زەندەقیان لە كاژیك چووە! من پێویست بوو خۆم وەها پێشان بدەم كە لە گەڵ مامۆستادا یەكتر ناناسین .... چوومە ژوورەوە بینیم ئەندامێكی كارگێری لقی چوار, شەهید صدیق ئەمین(صدیق ئەفەندی) دانیشتووە وكاك جەلالی كوریشی یە پێوە وەستاوە و یەكسەر وتی باوكە ئەمە كاك نوری خۆمانە, نەتەوەییە بەڵام كاژیك نییە.كاك صدیق وتی : جەلال تۆ بڵێیت هاورێ هەرەنزیكەكانت نەناسم؟ رۆڵە من نەك خۆی باوكیشی دەناسم . وەرە حەمە نوری ناوە نهێنییەكەت و

ناوی لێپرسراوەکەت بە گوێمدا بچرپێنە , با جەلالیش نەیبیستێت... ئینجا وتی ئەو مامۆستایە( مەبەستی مامۆستا حەمەعەلی فەرەج بوو) شەوێك لەماوەت هەتا نیوەشەو خەریك بوو خۆشەم بکات بۆکاژیك, بەڵام ئەمڕۆ،کە وتم تۆ کاژیکیت کردی بەهەراو دەنگە دەنگ. دەی کاکە با لێبینەوە لەم بەزمە! دکتۆر مەحمودیش کە گەڕایەوە هەتا سێ ڕێیانەکەی تاسلووجە بەڕێکراو لەوێ راپۆرتەکان و داکۆکیکردنەکانی ئێمەشی لە زەرفێکی گەورەدا , دابوو بە کۆچکردوو عەبدوولی سۆران بەرپرسی لقی چوار و بەخەتێکی درشت لەسەری نوسیبوو(تکایە بێ عائیدییەت)دکتۆر مەحمود لە ئەنجامیشدا بە لایەنگیرییەوە دوابڕیاری لەبەرژەوەندی ناحەزانی کاژیك دابوو.

ل.٣٨: "... **کاژیکیش کە لە زستانی ١٩٦٥ بەولاوە هیچ جۆرە چالاکییەکی پێوە دیارنەبوو, تەنانەت ساڵی١٩٦٩ کاتێك نامەیەکم بەهۆی برادەرێکەوە کەلەتاران دەژیا گەیاند بە سەرکردایەتیی کاژیك و داوام کرد هەوڵی گەڕانەوەم بدەن بۆ نێو ریزەکانی شۆڕش. هاوبیر فەرەیدون ئەلیی ئەمین وەرامی دامەوە کەناتوانن هیچ یارمەتییەکم بدەن . ئەوەش دەبێ بێژم کە لەساڵی ١٩٦٤ەوە کاتێك هاوبیر بروسکەئیبراهیم چووەوە کوردستان و هێندەك بلاڤۆکی لەگەڵ خۆی هێنا, تا ئەو نامەیەی هاوبیر فەرەیدون هات, بێجگە لەو بلاڤۆکەی هاوبیر ئەحمەد نەقیب هێنای و بەرواری٦٥/٢/٢١ی لەسەربوو, هیچ نامەو هیچ بلاوکراوەیەکی کاژیکمان پێنەگەیشت. کە کاك کامیل ژیریش ساڵی ١٩٧٠ هات بۆ بەرلین هیچ بلاوکراوەیەکی لەگەڵ خۆی نەهانی (نەهێنا ) چونکە نەبوو. بەڵام نامەیەکی مامۆستا ئەحمەد هەردیم پێگەیشت, نووسیبوی( لە نووسینەکانتاندا پەرگیرمەبن, باسی ئۆتۆنۆمیی بکەن.** " دکتۆر نەبەز هەر لەم لاپەڕەیەدا باسی شەهید فەتاح ئاغا دەکات کە لەگەڵ شەهید ئیدریس بارزانیدا هاتوونەتە لەندەن ولەوێوە نامەیەکی بۆ ناردووە...

** ماموٚستا گیان خۆ تۆ زۆر قایمکاریت و ئەرشیفێکی ناوازەشت هەیەو بەمەزندەی من چوارەم ئەرشیفی کوردە, لە دوای ئەرشیفەکانی مام جەلال , مالّی مەلامستەفا, نەوشیروان مستەفاوە و هەمیشەش لەدەستی دوژمنان و زەوتکردن و لەنێوچوون و مشك و مارو مێرووش دووربووە . بۆیە خوێنەر چاوەڕوانی بلاّوکردنەوەی ئەو دووسێ نامەیەشی دەکرد لەگەلّ بەلّگەنامەکاندا.

**لا ٣٨. : "پاش داخۆیانیی مارتی١٩٧٠, رۆژژێکیان نامەیەکم لەلەندەنەوە پێگەیشت کەخوێندمەوە هی فەتاح ئاغای فەرماندەی هێزی خەبات بوو, نووسیبووی لەگەلّ ئیدریسی کوڕی مەلامستەفای بارزانی هاتووە بۆ لەندەن و ئەگەر کارێك یان راسپێرییەکم هەیە بۆبرادەران لە ولاّت, بنووسم بۆی تا بیگەیەنێ. ئەز دەسبەجێ نامەیەکم نارد بۆی بە پۆستی ئێکسپریس و نووسیم, تکایە ئەگەر بۆ رۆژێکیش بێ سەرێکم بدە لەبەرلین, ڤیزەی بەریتانیا بۆمن کە پەساپۆرتی ئێراقیم هەیە زۆر زەحمەتە, ئەگەرنا دەهاتم بۆلات, هاتنت زۆر بە پێویست دەزانم. پاش٧ ـ ٨ رۆژ وەرامی نامەکەم هاتەوە, نووسیبووی ئەو رۆژەی کە نامەکەی ناردووە بۆم لەو هوتێلە گواستوویەتەوە بۆلایەکی دیی, بەلاّم بەرێکەوت رێی کەوتووەتەوە ئەو هوتێلە وکارمەندی هوتێلەکە پێیگوتووە نامەیەکی بۆهاتووە, کە کردوویەتەوە نامەی من بووە. کاك فەتاح لەوەرامدا نووسیبووی ئەو ( نایەوێ بێ بۆ ئەلّەمانیاو دەگەڕێتەوە بۆ ولاّت ). ئەمە هەموو پەیوەندییەکی من ورەحمەتیی فەتاح ئاغای فەرماندەی هێزی خەبات بوو, کە خۆی وهێزەکەی لەسەرکاژێك حسێب بوون. بێجگە لەمەش ... دیارە وەرامی منی بەلاوە گرنگ نەبووە, نامەکەیشی هەر بۆ شەرم لەسەر خۆ لابردن بووە.هەر بەم بۆنەیەوە... پاش ئاشبەتالّ, ئازادی کوڕی پوورم ( ئازاد قەراخیی ) ماوەیەکی کورت لەنەمسا مایەوەو بەوبۆنەیەوە چووم بۆیبینیی, چونکە ڤیزەی ئەلمانیایان وەرنەگرتبوو بۆی, تاکو نەتوانێ من ببینێ, ئازاد گوتی کەئاشبەتالّ روویدا, لەگەلّ گەلێك**

**کەس قسەمکرد بۆ ئەوەی بزانم بیروڕایان چییە, یەکێك لەوانە فەتاح ئاغا بـوو, گـوتم دەڵێیت چی؟ گوتی : (سەرۆك بارزانی چی بلێ گوێڕایەڵم.)"**

**بەر لە هەمووی ئـاخۆ دکتـۆر نەبـەز مەبەسـتی چـییە کـە لـە وەلاّمـی نامەکـەی شـەهید فەتاحـدا داوای لـێ کـردووە (هاتنـت بـۆ بـەرلین زۆر بـە پێویست دەزانم )ئەو پێویستە چییە ،بـە تایبـەتیش کـە وەك دکتـۆر دەڵێـت یەکتر ناناسن !؟ نێـوانی کـاك فـەتاح و کاژیـك زۆر هەڵـدەگرێت , مـن ئـەو پیـاوە دەناسـم و وەك نوێنـەری کـاژیکیش دوو جـار لەگـەڵ کـاك عـەبـدوڵلا ئـاگرین و جـارێکیش لەگـەڵ کـاك شـێرکۆ بێکـەس چـووینەتە گوندەکـەیان (زیـێ) کە حەزیاندەکرد بەو جۆرە بوترێت نـەك (زێ). کـاك شـێرکۆ چـەندو چـوونێکی زۆری لەگەڵـدا کـردو رەخنـەی زۆریشـی لـە چـالاکیی و شـێوەی کـارکردنی کاژیـك دەگـرت . کـاك فـەتاح هـەموو هاوکارییـەکی هـاوبیرانی کـاژیکی دەکـرد **هـەتا** ئەوشـوێنەی سـنووری ویسـت و یاسـاکانی بارەگـای بـارزانی نەبـەزێنێت.هاوبیر شـەهیدی سـەرکردە نـوری حەمەعـەلی و هاوبیرعەلی تۆفیق دوو بەرپرسی هێزی خەبات بوون و بەئاشکراش هـاتن بـۆ کۆبوونەوەکەی نەغەدە وخەرجیی چوون و هاتنەوەشمان لەسەر هێـزی خـەبات بوو, کاك فەتاح ئوتومبیلە تایبەتەکـەی شـەهیدی سـەرکردە تـاهیری عـەلی والی بەگیشی خستە خزمەتمان, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بارەگای بـارزانی و سەرانی پارتیش پێشوەخت ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەیەو ئامادەبووەکـان بـوون . کاك فەتاح هەرگیز ئەوەشی نەدەشاردەوە کە (پێی بەرزانی لە کوێ بێت , سەری منیش لە وێیە) . لێکۆڵینـەوە و بەدواداچـۆنی ورد و بێلایـەنیش زۆر

لایەنی تەمومژاوی پەیوەندی ئەو پیاوە هەڵکەوتووە رووندەکاتەوە بە کاژیك و هاوبیرانی کاژیکەوە. شێرکۆ بێکەس کە ماوەیەك رێکخەری کاك فەتاح بووە بەر لەوەی بچێتە شاخ و پلە بە پلە سەربکەوێت هەتا پلەی فەرمانداری هێز( هێزی خەبات) دەڵێت ( دوا بەدوای هەرەس , ئەو کاتەی هیچ هیوایەك نەمابوو, ئێمەو خەڵکی تریش لە پێنجوین چووینە لای, داوای ئەوەمان کرد کە وەك ئامرهێزێکی شۆڕش, وەك پیاوێکی لێ هاتوو, کە خەڵکی خۆشیان ئەویست, بڕیاری مانەوە بدات و چ پێشمەرگەو چ خەڵکیش گەلێ ئامادەبوون لەگەڵیدا, بمێننەوە , بیرمە لە هەموو لایەکەوە ئەچوونە لای, تەنانەت کەسانی وەك شەهید شەهابی شێخ نوری و ئارام چوونە لای , وەرامی شەهید فەتاح ئەوەبوو کە (ئەو ناتوانێ لە قسەی جەنابی مەلا مستەفا دەربچێ! ئەمە حەقیقەتەو هەموو ئەوانەی ئەو رۆژگارە لە پێنجوین و لە مەریوان بوون ئەمە ئەزانن...) تکایە بڕوانە کتێبی حوسێن موحەمەد عەزیز,شێرکۆ بێکەس یاد و یادەوەری,٢٠١٣ز.) لێرەدا بۆمان هەیە ئەوەش بپرسین ئێوە کە ناسیاویتان لەگەڵ شەهید فەتاح دانەبووە , ناونیشانی ئێوەی چۆن دەستکەوتووە؟ بەهەرحاڵ لێرەدا شتێکم بیردێتەوە, بۆهاوبەشیکردنی پرسەی حەمە ئەمین ئاغای باوکی کاك فەتاح , مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین و بەندە وەك نوێنەری هاوبیران چووینە گوندی زیبێ , حەشاماتێکی یەکجار زۆری لێبوو , بەردەوامیش خزم و دۆست و ناسیاو ونەناسیاو هەر دەهاتن , ئەوە جگە لە لێپرسراوانی شۆڕش . کاك فەتاح حەزیدەکرد ئێمە بمێنینەوە , دووشەو گلیداینەوەو لەرادەبەدەر رێزیان

دەگرتین و پتر لە بالآترین بەرپرسانی شۆڕش دەستی ڕێزیان لەسەر ئێمە دادەنا, هەموانیش هەستیان بەوەکردبوو بایەخێکی زۆر( بەو دوو مامۆستایە دەدرێت) بەتایبەتیش یادی بەخێر تایەری عەلی والی بەگ کە نەیشاردەوەو وتی کاك فەتاح ,ئەها چۆن خزمەتی مامۆستاکان دەکەیت! مەبەستیشی ئەوە بوو کە تۆ مامۆستایەك بوویت ئێستا فەرمانداری هێزیت ! کاك فەتاحیش زوو لە و فیکەیە تێگەیشت وپڕبەپڕی خۆی وەلأمیدایەوەو وتی کاك تایەر, ئەگەر دوو پۆلیس لێرە بونایە تۆش خزمەتی ئەوانت دەکرد.! (مەبەستی ئەوە بوو تۆش ئەفسەری پۆلیس بوویت )

**لا. ٤٠: " لەزستانی ١٩٧٥دا شتێك ڕوویدابوو کەماوەیەکی زۆر دوای ئەوە بیستم کەسانێك, بەرلەوەی ئاشبەتاڵ ڕوویدا, بلاڤۆکێکیان لە دژی سەرکردەکانی کاژێك دەرکردووە و گوایە ئەوسەرکردایەتییەیان ( هەڵپەساردووە ) و سەرکردەیەکی( سەرکردایەتییەکی ) تازەیان دامەزراندووە, ئەم قسەیەم لە دکتۆر کەمال فوئاد بیست. هاوبیرانی کاژێك لەکوردستانەوە بە هیچ شێوەیەك ئێمەیان ئاگادارنەکرد لەوە. وەك لەخەڵك و دوایی لە خۆشیانم بیست, وەرامی ئەوەیان نەداوەتەوە. مامۆستا فایەق ئارف ئەندامی دامەزرێنەری کاژێك کە لە١٩٧٧/٧/٦دا لە بەرلین چاومان بەیەك کەوت, دانی بەوەدانا کە وەرامنەدانەوەیان هەڵەبووە, چونکە ئەوەیان بە ناگرنگ گرتووە, گوتی (ئەوە هەڵەیەك بوو کردمان, دەبوو زوو وەرامان بدایەوە). کە پرسیارم کرد لێی ,کێ ئەوەی کردووە, گوتی دەستی گەلێك لایەنی تێدابوو, دەستی بەئس , دەستی پارتی, دەستی ساواك, دەستی کۆمۆنیستەکانی سەر بە ئەزیزولحاجی فەیلی( مەبەستی لە ناوەندی سەرکردایەتی ـ ألقیادە ألمرکزیە للحزب ألشیوعی ألعراقی بقیادە عزیزالحاج )ە. لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی بووبوونە سەرکردەی نوێی کاژێك, بێجگە لەو بەیانە هیچ چالاکییەکیان بەنێوی کاژێکەوە لێ دەرنەکەوت. ئەمەش دەری دەخا کەهەر ئەو ئەرکە سپێردرابێ پێیان. بێجگە لەمەش, بە پێی هەواڵێك کە دکتۆر کەمال خۆشناو کاتی خۆی بلاویکردەوە, پارتی بەتەمابووە هەشتا کەسێك لە ئەندامان و**

**لایەنگرانی کاژیك بکوژێ, بەڵام ئاشبەتاڵی١٩٧٥بووە هـۆی سـەرنەگرتنی ئـەو پیلانـە( سەرنج: ئەم هەواڵە لە تەلەفیزیۆنی (ئێن ئار تی )دا لەچاوپێکەوتنەکەی شێرزاد فاتیح دا باسکرا, ج.ن)**

**هەروەها لەلا.١١١دا,دکتۆر نەبەز دێتەوە سەر ئەم باسە , کە نووسەرانی بلاڤۆکەکە داوای (حوکمی زاتی)یان کردووە بە سەرکردایەتیی بارزانی... " ئێستا دیارە پەنجەی کـێ لـەو قورِەدا بووە بۆ خرا پکردنی (ناوی) کاژیك و سیخورِێتیی بەسەریانەوە.... پـاش ئاشـبەتاڵی پارتی ئەوانیش ئاشبەتاڵیان کردووە چونکە ئەو فەرمانانەی پێیان سپێردرابوو تەواوبووە و ئیدی فەرماندە کاری نەماوە پێیان ..."**

**ئەگەر بێلایەنانە لەو بلاڤۆکە برِوانین , نەك هەر ئەوانەی نووسیبوویان و بڵاویـانکردەوە بـەڵکۆ زۆرێـك لـەهاوبیران بەتایبـەتی و نەتەوەییـەکانیش بەگشـتیی تێبینـی و رەخنـەکانیان لـەکاژیك بـێ وەڵام مابوونـەوە: (کاژیـك دەنگی هەیەو رەنگی نییە), پەنگخواردنەوەی درێژخایەن و مانەوەی کاژیـك لەشـوێنی خـۆی لـەنێوان بـوون و نـەبوون, بـەردەوامبوون و وەسـتاندا, کەڵەکـەبوونی پرسـیارە بـێ وەڵامـەکان بەسـەر یـەکتردا و بێدەنگییـە نائاساییەکەی(سـەرکردایەتی)ش یـا باشـتر وەهایـە بڵـێم دەسـتەی دامەزرێنەر... (نییە هەر دەنگی هیچ نایە , لە هیچ شوینێ لە هیچ لایـە , لەرەی پووشێ شنەی بایە) ئـەو فاکتانـە سـەرەتا لـەرووی دڵسـۆزییەوە لای ئـەو کۆمەڵـە گەنجـەوە بـوون بـە چـەند پرسـیارێکی زەق و رەق بـەرووی سەرکردایەتی یا ( سـەیرکردایەتی )دا تەقینـەوە ... ئـەو هەنگاوەشـیان بـە بزوتنەوەیەکی شۆرِشگێرِانە دەناساند و هێندەش سەرگەرم و بەپەلـەش بـوون , کارەکـەیان لای دۆسـت و ناحـەز و دوژمنـانیش نـەك هـەر ئاشـکرابوو,

دەستیشیان تێوەردابوو, ئاشکراش جێگە پەنجەی برادەرانی سەرکردایەتیی ناوەندیی جیابووەوە لە پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتیشی پێوە دیاربوو ,هەریەکێك لەو ناحەز و دوژمنانەش بەجۆرێك بۆ بەرژەوەندی خۆی و دژی کاژیك قۆستییەوە و لەیەکەم هەنگاوی ئاشکراشدا تەنها بلاڤۆکەکەیان خۆبەخشانە بڵاودەکردەوە. خودی خۆم چەند دانەیەك لە و بلاڤۆکەم بەدەست گەیشت , یەکەمجار لە کاك فاروقی مەلامستەفاوە کە بەرپرسێکی باڵای کۆمۆنیستەکانی باڵی (ناوەندی سەرکردایەتی) بوو لە کوردستان دانەیەکم بەدەست گەیشت .{ئەم باسەم لە کتێبی پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد٤٠٠٠پز.ـ١٩٧٥ .... (لەژێر چاپدایە ) بە دوور ودرێژی باسکردووە } و دانەیەکیشم لە هەمان بلاڤۆك لەکاك جەمالی عومەر ملۆزم سەر بە پارتی بە دەست گەیشت و دانەیەکیش لە ( ش . ح . م ) ی سەر بە پاراستن کە دواتر دەرکەوت سەر بە رژێمی بەغداشە . جا ئەو کارەی بە فەرمانی پاراستن یا رژێمی بەغدا دەکرد یا بە فەرمانی هەردولا بوو؟ دڵنیانیم .... لە شوێنێکی دیکەدا ئەنجامی ئەو دەست تێکەڵکردن و هاوکارییەی ئەو( بەدناوە) م لەگەڵ دوژمندا روونکردۆتەوە کە ناپاکیی لەگەڵ نزیکترین هاوڕێیدا کردو بووە هۆی لەسیدارەدانی. هەڵەی گەورەی ئەو هاوبیرانەی کاژیك ئەوەبوو دەبوایە پیشتر پرۆژەیەکی پێداچوونەوەو چاکسازییان پێشکەش بە هاوبیرانی دەستەی دامەزرێنەر و سەرجەم هاوبیران بکردایە و ئەگەر ئەنجامێکی گونجاوی نەبوو, هەڵوێستی دێکەیان بنواندایە , لە هیچ بارێکیشدا نەدەبوو ناوی (سەرکردەکان) بۆ دوست و دوژمن ئاشکرا

بکەن.بەهەرحاڵ(شتەکە) لـەپڕ هـەڵتۆقی و هـەروا خێـرا و زووش وەك بلْقـی سەر ئاو توایەوە و ناوی لەناواندا نەما, جا بەهۆی هەرەسیی شۆڕشـەوە بـوو یا هەر خـۆی (شـل پێچـرابوو), زوو هەڵوەشـا. ئـەوەی مامۆسـتا فایـەقیش وتوویەتی , راستە, بەڵام یەکێکی وەك هاوبیر شەهید فەتاح ئاغاش بـەر لـە هەموان ئاگای لە هـەموو کـەین و بـەینێکیان بـووە وچـەندین پێشـمەرگەی هێـزی خەباتیشـیان لەگەڵـدابوو , هـەر بـۆ نموونـە شـەهید ئـەنوەری عـەلی نەجاڕ،بەلاّم هیچ جۆرە دەنگدانەوە یا رەنگدانەوە یا هەلوێست وەرگرتنێکـی ئەرێنی , نەرێنی و ئـەو قڕوقەپکردنـە سـەیرە و وەڵام نەدانـەوەیان بـە هـیچ جۆرێك وەك ماموستا فایەق عارفیش دەڵێـت بێگومـان هەڵەیـەکی گـەورە بوو هیچ پاساوێك هەڵناگرێت.. هەڵەیەك بـوو بـەگرێوگۆڵ پێچـرابوو, تـەنها مامۆستایان ئەحمەد هەردی(ئەگـەر لـە ژیاندابوایـە),کامیل ژیـر, عەبـدوڵلا ئاگرین ,محەمەد عەزیز دەتوانن گرێکـان بکەنـەوە یـا بەشـداریی کردنـەوەی بکـەن و بـوێریی کـاك شـێرزاد فـاتیحیش باسوخواسـێکی لەهەمبـەردا بورووژێنێت.لـەبارەی بەرزکردنـەوەی دروشمـی ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتان بەسـەرۆکایەتی بـارزانیش , ئاشـکرایە بـارزانی دەیویسـت جۆرەهـا دەنگـی دیکەش هەبێت جگـە لـەپارتی و هێـزی پێشـمەرگە و پاراسـتن بـەڵام لـەژێر سـێبەری خۆیـدا, ئـەو سیاسـەتەی لەگـەل پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراقیش لەسەردەمی هەردو سکرتێری ئەو پارتـەدا کـەریم ئەحمـەد و عـەزیز محەمـەد پیادەدەکرد.

ل ٤٢.٧: مامۆستا باسی رێککەوتنەکەی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردو حکومەتیی عێراق دەکات کە هەردوولا پێویستیان بەپشوویەك هەبوو, هێزەکانیان بحەسێنەوە وخۆیان رێکبخەنەوە بۆ گوژمێکی دیکەی شەڕ, هەردوولاش هەریەکەو ئامانجی تایبەتی خۆیی هەبوو لەو ئاگربەستە کاتییە نەك رێککەوتن و کۆتایی هێنان بەکێشەکە. **مامۆستا نەبەز لەو رووەوە دەڵێت " سەرکردەکانی شۆڕشی کوردیش, واتە مەلا مستەفای بارزانی ودکتۆر مەحمود ئەلی ئوسمان( خولە ) و داراتۆفیق وحەبیب محەمەد کەریم و...هتد, لەترسی لەنێوچوون بەدەستی جەلالییەکان کە بووبوونە هاوکاری حیزبی بەئس و لەشکری ئێراق, ئەمانیش پێویستیان بەحەوانەوەیەك بوو."**

** راستە هەردوو لایەنەکە, شۆڕشی کورد و لەشکری عێراق ماندووبوون و هەریەکەشیان لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی خۆیەوە بڕیاری ئاگربەست و رێککەوتنی١١مارت١٩٧٠ی مۆرکرد هەرچەند کێشەی هەرە گەورەی بارزانی, جەلالییەکان بوو , بەلاّم مەترسییان نەگەیشتبووە ئاستێك دەستیان بگاتە کادرەکانی پارتی, چجای لە نێوبردنی خودی بارزانی و هاوکارە هەرە نێزیکەکانی وەك شەهید ادریس بارزانی ، مسعود بارزانی ،دکتۆر مەحمود،حەبیب محەمەد کەریم،ئەوانی دیکە .لەو ئاستەدا هەولێکی سەرنەکەوتوودرا بۆ تیرۆرکردنی عەبدولوەهاب ئەتروشی،مەفرەزەیەکی گیان لەسەر دەستی کۆکۆییەکان بە سەرکردایەتی قادر کۆکۆیی خۆیان گەیاندە سەربانی بارەگاکەی عەبدولوەهاب و نارنجۆکێکیان خستە لوولەی زۆپاکەوە ،تومەس ئەوانیش لوولەی زۆپاکەیان بە تەلی هێلّك گرتووە.قادر کۆکۆیی

ئەوەنـدەی هـەوڵ دەدات نارنجۆکەکـە ڕەت بکـات بـە دەموچـاوی خۆیـدا تەقییـەوە   لەهـەموو ئـەو ماوەیەشـدا تـەنها ئیـبراهیم ژاژڵـەیی کـوژرا کەئەندامێکی لیژنەی ناوچەی شارباژێری پارتی بوو .

**لا.٤٣: " سـەرکردەکانی شۆڕشـی ئـەیلوولیش کـە خۆیـان و شۆڕشـیان خسـتبووە داوی داخۆیانییی١١ی مارتەوە,لەباتی ئەوەی هەوڵبدەن خۆیان لەشای ئێـران دووربخەنـەوە و شەڕی نێوان کوردو بەئس بگۆڕن بە شەڕی بـەئس وئێـران, کـە دەرفـەت و هەلومـەرج زۆر لەباربوو بۆ ئەوە...."**

** ئەو کارانە جێبەجێکردنیان هەروا ئاسان نییە , تۆ پلانی خـۆت بخەیتـە کار و دوژمنەکەشت دەست بەستراو تەماشـابکات , نـەخێر ئـەویش پـلان و دژە پلانی هەیەو دەجووڵێت و تواناکانی هەواڵگریی وسیخوریی و دزەکردنی دەستنێژ و بەکرێگیراوەکانی دەیەهاو بگـرە صـەدەها جـاران لـەتۆ بـەهێزترە وئەو هەموو کەناڵە دیپلۆماسیی و کونسوڵگەرییەشـی لەبەردەسـتدایە و تـۆ لێیان بێبەشیت.ئینجا کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا شۆڕش بکـات , دەبێت دەست بۆ دراوسێیەك درێژ بکـات, کـە هـەرکامیان هەڵبـژێرێت هـەر دوژمنەو داگیرکار . شۆڕشی ئـەیلوول ئێرانـی لەپشـتەوە نەبوایـە هەناسـەی لێـدەبڕا, هــەروەها شوڕشــی بــاکووریش لــە گــەڵ ســووریادا.پەیوەندی دانەمزراندایـە توانـای بـەرخۆدانی نەدەبوو.سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئـەیلول ئەوەشی تاقیکردەوە "شەڕی نێوان کورد و بەئس بگۆڕن بـە شـەڕی بـەئس و ئێران کە دەرفەت  هەل و مەرج لەبار بوو بـۆ ئەوە"ئـەوەبوو سـەرکردایەتیی ،شەڕەکەی بردە سەر سنوورەکانی ئێـران عێـراق بـە تایبـەتیش لـە دەڤـەری

حاجی هۆمەران و دەرووی عەلی بەگ بەڵام ئەنجامەکەی پێچەوانە کەوتەوە ، سەرکردایەتی بەعسیەکانی عێراق هەستی کرد شەڕەکە وردە وردە دەبێتە جەنگێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێراندا ،ئەوانیش ئەوەیان نەدەویست بۆیە کەوتنە هەوڵ و تەقەلای دیپلۆماتکارانە و لە بەختی ئەواندا کۆنگرەی ولاَتانی هەناردەکاری نەوت لە جەزائیر بەسترا و بە هۆی (دەلاَلی سەرکۆماری جەزائیر هەواری بۆمیدیەن هەردوولا کۆبوونەوە و سەددام حوسێن بە هەموو مەرجەکانی شای ئێران ڕازی بوو،ئێرانیش سنوورەکانی خۆیی بە ڕووی کورددا داخات و ڕۆژی ٦-٣-١٩٧٥ پەیماننامەکە بلاَو کرایەوە و شای ئێران و سەددام یەکتریان ماچ کرد .یەکیك لە شانازییەکانی کاژیك ئەزموونکاریی سەرکردەکانی بوو, ساڵی ١٩٦٤ بەنامەی تایبەتیی بارزانییان ئاگادارکردووە : چ مەترسییەك روو لە شۆڕش دەکات ئەگەر لە عێراق کۆدەتایەکی سەر بە ئێران رووبدات یا لە ئێران کۆدەتایەکی سەر بە عێراق (یا عەرەب) رووبدات؟ کاژیك ئەوەی خستە بەردەم بارزانی , نەك هەر ئەوە، بیرخەرەوە و نامەی دیکەشی بۆناردووە بەلاَم نەك سوپاس و پێزانین , تەنانەت لە گەیشتنی نامەیەکیش کاژیك ئاگادارنەکرایەوە. مەسعوود بارزانیش هەروایە, دوو نامەی دڵسۆزانەی پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەزی پشتگوێ خست وەك بەدەستیشی نەگەیشتبێت . منیش خودی خۆم نامەیەك بەهۆی لقی شەشی ئەوروپای پارتی و نامەیەك بە ئیمێل و نامەیەکیش بەدەستی خۆم بردمە بێرۆی تایبەتیی سەرۆکی هەرێم لەپیرمام ــ سەری رەش , بەلاَم وەك بەردی بنگۆم ! بۆ دڵسۆزان وەهاو,

بەڵام سەرۆك بۆ ماستاوچی,كوڕی ڕۆژ و خۆبەرەپیش, هەلپەرست وچی وچی ئامـادە و لەسـەر خەتـە. هـەر بـۆ نموونـە بـۆ راكێشـانی رێگایـەكی ٨٠كیلومەتری, سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان نامەیـەكی ئەوەنـدە دورو درێـژی بـۆ كۆمپانیایـەك نووسـیوە هـەر بـەجارێ بەڕێوەبەرەكـەیی شـەرمەزار كـردووە و لـە وەڵامـدا نووسـیویانە: (بـەڕێز جـەنابی سـەرۆكی حكومەتی هەرێم , زۆر بەختەوەر بووم كـە سـەرەڕای سـەرقاڵیت نامەیـەكی دورو درێـژت بـۆ نووسـیوم ...حكومـەتی ئێـوە داوای لـە كۆمپانیاكـەمان كـردووە بـۆ دروسـتكردنی ٨٠كـم. رێگـا... ـ گۆڤـاری پـەیڤین ژمـارە/٢٥ لاپـەڕە٢٤٢ت١/٢٠٠٩.) بـەڕێزان سـەرۆكی هـەرێم و سـەرۆكی حكومـەتی هەرێم , داواكارییەكەی منیش چاپكردنی كتێبێكی ١٣٠٠ لاپەڕەیی بوو لە سەر مێـژووی كـورد كـە مـاوەی دە١٠ سـاڵی رەبـەق پێـوەی مانـدووبووم و ئەگـەر دێرەكـانی درێژبكەینـەوە٨٠كیلومـەتر درێـژترە و بـەرێزیان بـە سانتیمەترێك , بە تەنها وشەیەك وەڵامیان نەدامەوە !

**ل.٤٣: " راستە مەلامستەفای بارزانی لەم ئاشبەتاڵەدا بەشی گەورەی گوناهەكە دەكەوێتە ئەستۆی, ئەگەرچی ئەوانەی كەتا رۆژی ئاشبەتاڵ لەگـەڵی بـوون , بەتاییـەتی دوكتـۆر مەحموود ئەلیی ئوسمان( خولە ) هەموو گۆتاوڕۆكەی ئاشبەتاڵیان خستە ملی مەلامستەفا و بنەماڵەكەی, بەڵام ئەوانە هەموویان زۆروكەم گوناهبارن. ئەوەی مەلامستەفا لەسەری بوو بیكاونـەیكرد, دەبـوو دەسـتبەجێ بەرپرسـیارێتیی بخاتـە مـل خـۆی و, وازبهێنـێ لـە سەركردەیەتیی و كارەكە بسپێری بەكەسانێك كە خەڵكەكە هەڵیانبژاردنایە بۆ برِیـاردان لەبارەی چارەنووسی شۆڕشەوە. زۆر بەداخەوە كە ئەمەی نەكرد و دەمی هەموو لایەكی بەڕەواو ناڕەوا لە خۆی كردەوە. گوناهی ئەوانی دیكەش ئەوەبوو كـە خـاوەن هەڵوێسـت نـەبوون و**

**نەیانگوت (مەلامستەفا و کێش لەگەڵی دەڕۆن,خوایان لەگـەڵ, ئێمــە درێــژە بــە شــۆڕش دەدەین).ئەز پێموایە ئەگەر فەتاح ئاغای فەرماندەی هێــزی (خەبات)ئــەو هەڵوێســتەی بنواندایە, شەڕو هەراو بەیەکدادانی لێنەدەکەوتەوە وئەوی بیویستایە بچێتە ئێران یــان ئێراق دەیتوانی بچێتەوە. پێشمەرگەش ئەودەمە بەژمارەیــەکی کــەم, بــەڵام هەڵبــژاردە, دەیانتوانی رژێمی ئێراقیش و ئێرانیش بەچۆکدابهێنن ودوژمنانی ئێرانیش وئێراقیش دەستی یارمەتیدانیان درێژدەکرد بۆی و شۆڕشی کوردیش رێزێکی گەورەی دەبوو کە ســەربەخۆیە و دەستکەلای دەستی کەس نییە. بەداخەوە ئەمە روونەدا."**

** ئەو باسە زۆر هەڵدەگرێت و پــەلوپۆی کــورت و درێــژی لێدەبیتــەوە,خۆ هەر شەهید فەتاح نەبوو, چەندین سەرکردەی بەئەزموونی دیکــە هــەبوون , با بڵێین هەموویان نــا, خــۆ ســەرکردەیەکی وەك شــەهید عــەلی عەســکەریی رابوردوویــەکی دیــار و ســەرکردەیەکی ئــازاو دڵســۆز و بــە ئــەزموونیش بــوو لەبەرامبەر ویست وبڕیاری بارزانیدا دەست بەســتراو و (بــێ ئــیرادە) مانــەوە وهیچــیان بۆنەکرا...پێشــەوای عــەرەب کۆچــکردوو جــەمال عەبدولناصــر کە١٩٦٧جەنگی(رۆژی لێخۆشبوون) یا جەنگی شەش رۆژەکــەی لەبەرامبــەر جوولەکەدا دۆڕاند, ئازایانە ئۆباڵی شکستەکەی خستە ئەستۆی خــۆی, بۆیــە هەتا ئێستەش سەرۆکەکانی بەدوایداهاتن جێگەی ئــەویان بۆگــەلی میصــر و عەرەب نەگرتۆتەوە.ئینجا کەی و کام سەرکردەی کــورد بەدرێــژایی مێــژووی پڕلە شکست وژێرکەوتنی کورد, ئۆبــاڵ و بەرپرســیارێتی شکســتێکی خســتە ئەستۆ, ئەوانی دیکەش لە ناخی دڵدا دەیانوت(ئاگرە ســوورە لــەخۆم doورە) .پێویستە ئــەو راســتییەش بــدرکێنین کــە راگەیانــدنی رێککــەوتنی صــەددام حسێن و شای ئێران و داخستنی سنووری ئێران بە رووی شۆڕشــدا وهەرەســی

شۆڕش بـەو شـێوە ناکـاو و بروسـکە و هـەورە تریشـقە ئاسـایە راگەیەنـدراو کۆمەڵی کوردەواری هەژاند وتووشی شۆکیکرد, ورەو متمانەی هەمووانی لە رەگوڕیشـــەوە هەڵتەکانـــد و مـــەحال بـــوو کەســـێك بتوانێـــت رابەرایـــەتی لەشکرێکی بەزیو و گەلێکی سەرلێشێواو بکات .

**لا. ٤٥: مامۆستا نەبەز باسی دانیشتنێکی سێ قۆڵی دەکـات , خـۆیی وجـەلال تاڵـەبانی و دکتۆر کەمال فوئاد لە نیسانی١٩٧٥دا, کەدەکاتە دوومانگێك دوای هەرەسی شوڕشـی ئـەیلوول وچەند پرسیارێك دەخاتە بەردەم تاڵەبانی کە گرنگترینیان چوار پرسیارە:**

**1ـ "چۆن بـوو کەبـەهاری١٩٧٤شـەڕ تـازەبووەوە لەگـەڵ رژێمـی عێراقـدا, تـۆ لەگـەڵ بەعسییەکاندا رێکنەکەوتیت دژی مەلا مستەفا؟ بەعسییەکان بـەدوای هـاوڕێ وکەسـێکدا ناگەڕێن بیروڕای خۆی هەبێ, بەدوای خزمەتکاردا دەگەڕێن, نەمویست خزمەتکارییان بکەم, بێجگە لەمەش کەرکووکیان بەکوردستان دانەدەنا."**

**٢ ـ ئەگەر بەئسییەکان کەرکووکیان بە کوردستان دابنایـە , شـەڕی بارزانیـت دەکرد؟گـوتی ئەگەر بارزانی بەوە رازی نەبووایە و دژی بوەستایەتەوە , شەڕی بارزانیم دەکرد .**

**٣ـ " کاتی خۆی سۆڤێت یارمەتی شۆڕشی دەدا؟ "**

**" مانگی٥٠٠٠هەزار دیناری دەداینێ, بەڵام ئەم قسەیە باهەر لای خۆت بێت."**

**٤ـ " لەبارەی رژێمی حافز ئەسەدی دژ بەکورد و بارودۆخی کوردەکـانی سـووریا وپشـتێنی عارەب (ألحزام ألعربی)شەوە پرسیارم کرد, گوتی حافز ئەسەد هیچ دوژمنی کورد نییە."**

**"ئەی بۆچی مافی کوردەکانی ئەوێ ناداو ئەو(الحزام ألعربی)یە لانابا؟"**

**" گوتی جا ئەوە چییە؟ (گوتم) چۆن چییە؟ گوتی بە کوردەکان دەڵێ کەمێك بچنە ئەولاوە. گوتم خۆ ئیسرائیلیش هەر ئەوە بە فەلەستینییەکان دەڵێ ."**

** تاڵەبانی یا دکتۆر کەمال فوئاد کە ویستوویانە مامۆستانەبەز ببینن مەبەستیان چیبووە؟ خۆ بۆ ئەوە نەبووە مامۆستا ئەو پرسیارە ترش وسوێرانە لە جەلال تاڵەبانی بکات؟ تاڵەبانیش بەوجۆرە گرێی دڵی خۆی بۆکەس ناکاتەوە, بەتایبەتیش کە نەبەز بەهەواداری بارزانی دەزانێت و بەدرێژایی ساڵانی ١٩٦٤ــــ ١٩٧٠ش سەرومڕ وسەرسەختانە دژی جەلالییەکان بوو. مام جەلال پەیوەندی هاریکاریی لەگەڵ ئەو یا ئەم داگیرکاری کوردستان کردووە و بەناچاریش چاوی لە خاڵێك یادووانی پرەنسیپەکانی کوردایەتی نووقاندووە , وەك (حافز ئەسەد هیچ دوژمنی کورد نییە) بەڵام هەرگیز خزمەتکاریی نەکردووە . مامۆستاش ئەوە چاکتر دەزانێت . ئۆجەلان سەردەمیك دەیوت سووریا خاکی کوردی داگیر نەکردووە, بەڵام هەموو دنیای بەپاککردنەوەی کۆبانی سەرسامکرد و سێ کانتۆنی رزگارکراویشی دامەزراندو دوست و دوژمنی حەپەساند. ئەگەر هەندێکیش بەجۆرێك لە جەلال تاڵەبانی تێگەیشتوون, ئەوە بەو هۆیەوەیە ئەو پیاوە زیادەڕۆیی لە تاکتیکدا دەکرد و هەمیشە بۆ رزگاربوون لە کێشەیەك چارەسەرێکی کاتیی نیوەو ناچڵی دەدۆزییەوە و هەمیشەش پەنای بۆ تاکتیکێك دەبرد و زۆریشی نەدەخایاند ئەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەو هەنگاوە بەرۆکیان دەگرت و بۆ چارەسەرکردنی ئەوەش تاکتیکێکی دیکەی پیادە دەکرد, بەڵام کێشەکان هەر کێشەبوون و چارەسەری هەنووکەیی وشلوپڵ وکاتیی ( وەك رەچەتەی پزیشك بۆ دەنووسین) و بەرووکەش کێشە لەئارادا نەمابوو, بەڵام لەپشتەوە کەڵەکە دەبوون ولە ئەنجامیشدا گەیشتە

رادەیەك توانای بەسەریاندا نەمێنێت و لە پەلوپۆی بخەن . بەداخەوە ئەمە کاتێك روویدا کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ئەوپەری پێویستییان پێی هەیەو بەلای کەمەوە ئەو نەیدەهێشت بارودۆخی ناوخۆی هەرێم و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا بگاتە بنبەست . ئەوەش وەك تواناو کارامەیی دیپلۆماتیی و فرە ئەزموونی بەڵگە نەویستە ونکوولی لێناکرێت , دوورکەوتنەوە و دیارنەبوونی لەگۆڕەپانەکەدا, راستەخۆ لە یەکێتیدا رەنگیدایەوە , هەر لە سەرکردایەتییەوە بۆ بنکردایەتی و بەهەموولایەکی باشوور, باکوور,رۆژاوا و عەرەبستانی عێراقیشدا بڵاوبووەوە .

**لا.٤٧ : " لەکۆبوونەوەکەی( بەنێوی کۆنگرەی خوێندکارانی کورد )ەوە ٢٧ ـ ١٩٧٥/٨/٢٨ لەبەرلینی خۆراوا سازکرا, ژمارەی ئەوانەی کەخوێندکارنەبوون چوار هێندەی ژمارەی ئەوانەبووکەخوێندکاری راستەقینەبوون! "**

ئینجا مامۆستا لەلاپەڕە٤٨دا دەڵێت : " **ئێمەی هاوبیرانی نوکسە بەژمارە کەم و بەکاروکردەوە گەورە و ناسراو: بروسکە ئیبراهیم, یوسف ناسرۆ, لۆفری نابۆ, یوسف مارف زەند, ئەز و چەند کەسێکی هاوکارمان چالاکیی بەرچاومان نواند... وێنەیەکی یەکجار گەورەی مەلا مستەفا هەڵواسرابوو, چەند کەسێك بەدەنگی بەرزو بەتووڕەییەوە داوای داگرتنیان دەکرد, مەلاییەکانیش بەتاییەتی تاریق ئاکرەیی وسیامەند بەننا دەیانوت بەهیچ جۆرێك لاینابەن و بووە هەرایەکی گەورە. بیروڕای ئێمەی هاوبیرانی (نوکسە)ش ئەوەبوو ئەگەر کۆنگرەی خوێندکارانە, دەبێ وێنەی خوێندکارانی خەباتکار,شەهیدان,شەهیدانی زانکۆی سلێمانی لە قەلادزێ بەرزبکرێنەوە.ئەگەرنا, فەرموون نەخشەی کوردستان و ئالای کوردستان هەڵدەواسین. بەڵام مەلایی و جەلالی لەوەدا یەکدەنگ و یەکهەڵوێست دژی ئەوەبوون و تەنانەت دژی ئەوەش بوون باسی کوردستانی خۆراوابکرێت و دەیانگوت( لەسوریا کوردستان نییە!! ) "**

**هـــەر لـــە ســـەرەتاوە وهـــەتا ئـــەمڕۆش خـــوا ئـــەو بەشـــەی بـــەباڵای نەتەوەییـــەکانی کـورد بڕیـوە, بـەبیرو بـاوەڕ مـەزن و بـەژمارەو قـەبارە کـەم وبچووك . کاژیك و پاسۆکیش هەروا هـاتن و هـەرواش چـوون . باشـە ئـەوە یـــەکێتی نیشـــتیمانی کوردســـتان هاوپـــەیمانی ســـووریابوو دژی عێـــراق و هاوکاریی نەختینەو چەك و تەقەمەنی لەوێوە وەردەگرت ولـە دەسـتگاکانی پـــەخش و راگەیانـــدنی بینـــراو وبیستراویشـــدا دەســـتیان واڵابـــوو, بـــەردی نەدەهاویشتە ئەوکانییەی ئاوی لێدەخواردەوە , ئەی هەڤاڵانی پارتی بۆ ئـەو خزمەتـــەیان بێبەرامبـــەر بـــە ســـووریا دەکـــرد ؟ ئـــەوەیان لـــەو روانگەیـــەوە بووە(چـاکە بکـەو بیـدە بـەدەم ئـاوەوە ) . ئینجـا خوێنـەری بەویـژدان بەراوردێکی هەڵوێستی کوردانەی مامۆستا نەبەز و هاوبیرەکـانی بکـات لـە گەڵ هەڵوێستی تەسك و چەواشەی حیزبییانەی هەڤاڵانی پـارتی و یەکێتیـدا لـەو بۆنەیـەو لـەو هۆڵـەدا, تێـدەگات بـۆ نەتەوەییـەکان وەك کریسـتەکانی سلێمانی مەگەر هەر بە زاو و زێ ژمارەیان زیادبکات .!

مامۆستا بەسەرهاتێکی نوکتـەئامێزیش دەگێڕێتـەوە : .... درگـای هـۆڵی کۆبوونەوەکە لەسەرپشـت بـوو, خوێنـدکارێکی ئەڵـەمان بەوێـدا تێدەپـەڕێت ودەپرسێت ئەم کۆبوونەوەیە چییە, ئەوانیش دەڵێن کـۆنگرەی خوێنـدکارانی کوردە . کابرای ئەڵمان تەماشایەکی وێنە گەورەکەی مەلامستەفا دەکـات و دەڵێت دیارە ئەمش وێنەی بەتەمەنترین خوێندکارتانە.!

**ل. ٥١ ـ٥٢ : وەك لـەو دوولا پەڕەیـەدا دەردەكـەوێت , دوای سـەرهەڵدانی ململانێـی توندوتیژو كوێرانەی نێوان مەلایی و جـەلالی, كۆمەڵـەی خوێنـدكارانی كـورد لەئـەورووپا شـەقو پەق بـوو بەدووكەرتـەوە, ژمارەیـەك خوێنـدكاری لەهـەردوولا بێزار,دەیانویسـت كۆمەڵەیـەك پێكـەوەبنێن دوور لـە حیـزب حیزبێنـە و ئامـادەبوون لەگـەڵ خوێندكارانی( نوكسە )داكاربكەن بەمەرجێك بەناوێكی دیكەوە خـەبات بكـەن . دوای ١٣سـاڵ خەباتی دیارو كاریگەر,كۆمەڵەی خوێنـدكارانی نەتـەوەیی كوردلـە ئەورووپا( نوكسـە ) لـە ١٩٧٧/٩/٣دا هەڵدەوەشێننەوە.!**

** خوێنـەر تووشـیی جـۆرە تێڕامانێـك دەبێـت , مامۆسـتا بـەو هـەموو ئەزموونەوە وەها سووكوسانا ریشـی خـۆی دەداتـە دەسـت خـەڵكیی, ئـاخۆ ئـەوەش پلانێـك نـەبوو بـۆ زیندەبەچـاڵكردنی (نوكسـە)؟ پێدەچـێت هـۆی كاریگـەر, بـەدەر لەهۆیـەكانی دی (دەردە دوابڕاوەكـە) بێـت كەهـەر بـە كۆرپـەیی دەپەڕێتـە هـەناوی هـەموو ئـەو بزوتنـەوە نەتەوەییانـەوە ڕێبـازی نەتـەوەیی راسـتەقینە دەگرنەبـەر و ناهێڵێـت گەشـەبكەن و وەك حـەوت كورتەبالاكانی داسـتانە ئەفسـانەییەكە دەكەونـە بەرچـاوی ناحـەزان یـا وەك (أصحاب الكهف) حەوت كەس و سەگێك .

**ل. ٥٢و٥٣ : " لە هاوینی ساڵی ١٩٧٦دا كاك فەرهاد ئەبدولقادرو كاك شێرزاد فاتیح هاتن بۆ بەرلین بۆلام. ئەز لەوە پێش ئەو دوو بەڕێزەم نەدەناسی. هەردووكیان خۆیان بەخـەڵكی كەركوك وئەندامی كاژێك بەمن ناساند و گوتیان, بەتایبەتیی هاتوون بۆلای من, چونكە بارودۆخی كاژێك زۆر خراپ بووە و پێویستە چارەسـەرێكی بكـرێ. پێیـا نمگوت لـە پـاش ئاشبەتاڵەوە كەبۆم دەركەوت ئەوانەی لەسەر بیروبۆچوونی نەتـەوەیی دەژمێـردرێن هـیچ هەڵوێستێكیان نەبوو دژ بە ئاشبەتاڵ, ئەگەرچی فەتاح ئاغای حەمەمین ئاغـای نـۆڕك ( حەمەمین ئاغای زێێ و ئەورەحمان ئاغای نۆڕك بران. ن .ك. ) كە ئەو دەمە فەرماندەری هێزی**

**خەبات بوو, خۆیی و هێزەکەی بەلایەنگری کاژێك دەدرانە قەڵەم, ئەز لەو کاتەوە خۆم بە مرۆڤێکی لەبارەی رێکخراوەوە, بە سەربەخۆ دەزانم ونامەوێ لەگەڵ هیچ رێکخراوێك کاربکەم و ئەگەر ئێوەش لە کاژێك نارازین, فەرموون لەکوردستان کۆنگرەیەك یان کۆنفرانسێك ببەستن بۆ هەموو ئەندامانی کاژێك, با ئەو کۆبوونەوەیە بڕیاربدا چی بکرێ. گوتیان ئەوەنابێ, چونکە ئەندامە خراپەکانی کاژێك دیسانەوە دێنەوە نێو کاژێك و ریسەکەمان دەکەنەوە بە موو.(گوتم ئەو ئەندامە خراپانە کێن؟) گوتیان هەر بۆ وێنە : حەمەی ئەزیز(دۆم), شێخ محەمەدی هەرسین و... ئەو جۆرە کەسانە نێوی کاژێکیان خراپ کردووە, بۆیە بەنێوی کاژێکەوە کارناکرێت و خەڵك کۆناکرێتەوە, لەبەر ئەوە پێویستە نێوی کاژێك بگۆڕدرێ. (گوتم ئەگەر کێشەکە هەر نێو بێ و بیروڕاو رێباز هەر کاژێکانە بێ, ئەوە زۆر گرنگ نییە, هەرچەندە نێویش رۆڵی خۆی هەیە." شایانی وتنە مامۆستا نەبەز نێوی پارتی سۆسیالیستی کورد( پاسۆك) دیاریدەکات بۆیان و ئەوانیش پێداگرییەکی زۆر دەکەن شتێکیشیان بۆبنووسێت وەك مانیفێست بلاّوییکەنەوە و ئەم کەموزۆر هیچ ئەرك و بەرپرسیارێتییەك ناخاتە ئەستۆی خۆی و ئەگەر کارەکانیانی پەسەندکرد دەستخۆشییان لێدەکات .ئەوانیش "بەڵێنیان دا, وابکەن."**

** بارودۆخی کاژێك یەکجار خراپ بوو, ئەوە راستییەکە هیچکام لەهاوبیرانی کاژێك لەسەری ناکۆك نین, نەك ئەو کاتە بەڵکو دەمێك بوو( خوم شێوابوو) چارەسەری بەپەلەی دەویست , بەلاّم کێ بیکات؟ نەخێر نەکەس هاتە پێشەوە و نە بیر لەهیچ چارەسەرێکیش کراوەتەوە مەگەر ئەوەی دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین دەیلێت لەگەڵ کاك شێرکۆی هەژاردا خەریکیبوون , چونکە نەك بارودۆخە خراپەکە , بەلکو رێکخراوەکەش کەس خۆی نەدەکردە خاوەنی , هەولی سازدانی کۆبونەوەیەك , کۆنفرانسێك بدات بۆ هەڵسەنگاندنی بار و دۆخەکە بەگشتیی و دیاریکردنی تەنگەژەو خاڵە لاوازەکان بەتایبەتی و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و کاژێك بکەوێتەوە

سەرپێی خۆی .نەك هیچ دەست پێشخەرییەك نەكرا و هەنگاوێك نەنرا ,بەڵكو وەك دەردی بێدەرمان تەماشادەكرا, كە ئەنجامەكەی هەر وشكبوونەوە و لەناوچوونە و ئەوەتە ئیستەش كاژیك لەنێوان ژیان و مردندا راكشاوە و تەنها بە(رۆح) زیندووە.

فەتاح ئاغا هەموو هاوكارییەكی هاوبیرانی دەكرد, بەلاّم دڵسۆزیەكەی بۆ بارزانی بێسنووربوو, لە هیچ كات و شوێنیكیشدا ئەوەی نەشاردۆتەوەو راشكاوانە بەدۆست و دوژمنی وتووە(پێی بارزانی لە كویّ بیت , سەری من لە وێیە.) بەلاّم ئەوەی لای من پرسیارەو چەندین جاریش لای هاوبیران وروژاندوومە بەتایبەتی لای هاوبیران شێركۆبێكەس, كامیل ژیر,عەبدوڵلاّ ئاگرین,ئایا مرۆڤ چۆن لەیەك كاتدا خۆی بە دوو رێبازی جیاوازەوە دەبەستێتەوە و دەكرێت دڵسۆزی هەردوو رێبازەكەش بێت . بیەوەی یا نەیەوێت لایەكیان لەپێشترەو بەسەر ئەوی دیكەدا دەیشكێنێتەوە .شەهید كاك فەتاح ئاوهابوو, بەلاّم لەبەرژەوەندیی بارزانی.

ئامادەبووانی گرووپەكەی پێنجوین لەكۆبوونەوەكەی گوندی (بناوەسووتە)كە بلاڤۆكێكیان دژی كاژیك بۆ بلاّوكرایەوەو ئیتر هیچی دیكەی بەدوادا نەهات , ئەوان ودواتریش دامەزرێنەرانی پاسۆك رەخنەكانیان لە كاژیك لەجێگەی خۆیدابوو, بەو پێیە بیركردنەوە لە گۆڕینی ناوی كاژیك بیرێكی درووستبوو, ئاخر بە ناڕەوا جێگەدەستی رەش وچەپەڵ و پوخلەواتی ئەموئەوی كەم بەدواوە نەبوو, بەلاّم  كە هەموو ئەندامانی كاژیك بانگ نەكرێن بۆ كۆنگرە

, نـەبا ئەندامــە خراپــەکان دیسـانەوە بێنــەوە نێـو کاژێـك بەڕاسـت نـازانم و بیانوویەکی لاوازیشە چونکە کاك محەمەدی عەزیز و شێخ محەمـەدی هەرسـین لە دوای هەرەسی شۆڕشـی ئەیلوولـەوە هـەرگیز ئامادەنـەبوون تـوخنی هـیچ چـالاکییەکی کاژێـك بکـەون چـجای بەشـداریکردنی کـۆنگرە, هـەمووشمان دەزانین کەس بە تۆپزیی ناتوانێت خۆی بە رێکخراوێکدا بکات و خۆی بکاتە ئەندامی کۆنگرە...دکتۆر جەمالیش ناهەقی نەبوو ئەو بڕیارە بدات کـەدوور و بێبەرییـە لـە هـەموو رێکخراوێکـی رامیـاریی و لەگـەڵ هـیچ لایەنێکـدا کارناکـات, بـەڵام نامەگۆڕینـەوەی ئاسـایی لەگـەڵ مامۆسـتاکامیل ژیـر و مامۆســـتا فایـــەق عارفـــدا هـــەبوو, دەیتـــوانی نامەیـــەك بنێرێـــت و لەســـەردانەکەی۱۹۷٦ی هــاوبیران فەرهادعەبــدولقادر و شــێرزاد فــاتیح و ناوەڕۆك و ئەنجامی چاوپێکەوتنەکە ئاگاداریان بکـات و ئـەوانیش ئاگـاداری بکەنەوە ئەو دوانە و هاوبیرەکانیان چییانکردووە و چی بـەدوادا دێت,جگـە لەوەشـــهەر رێکخراوێکی(کاژیکانە)بـــە هـــەرناوێکی نوێـــوە دابمـــەزرێت باوەڕناکرێت لە پاسۆك بەهێزتر و لەو زۆرتری بۆبکرێت.

**لا.٥٤: "... دوایی دەرکەوت کە ئەو کۆنگرەیەیان نەگرتووە و بێ کۆنگرە (پاسۆك) یـان دامەزراندووە و ئەوەشیان لەمن شاردۆتەوە. بێجگە لەمەش ئەوەشیان لـەمن شـاردەوە کـە ئەوانیش بەشداربوون لەگەڵ شێرکۆی هەژار و محەمەد مستەفا لەو بلاڤۆکـەدا کـە دژ بـە سەرکردەیەتیی کاژێـك دەریـانکردووە. ئەمـەش دەچـێتە ریـزی ناپـاکی و فێڵکردنـەوە. بۆیەکە مجار لە دکتۆر کەمال فوئادم بیست کەلەکۆتایی زستانی۱۹۷٤دا, بەر لە ئاشبەتاڵ کــردن بەشــۆڕش لەبـــەهاری۱۹۷٥دا, بلاڤۆکێــك لەکوردســـتان بڵاوکراوەتـــەوە لـــەدژی**

**سەرکردایەتیی کاژێك و گوایە ئەو سەرکردایەتییە هەڵپەسێردراوە و سەرکردایەتییەکی نوێ دانراوە..."**

** من هەتا هاتمە ئەورووپاو بە خزمەت دکتۆر نەبەز گەیشتم , وامدەزانی ئاگای لە خشەی مارومێرووە, بەلاَم ئەوەتە کەموزۆر ئاگاداری شتێك نەبووە کەهەتا ئەمڕۆش زۆر گرنگ و پیرۆزە بەلایەوە, مەبەستم کاژێك و دامەزراندنی کاژێکە بەو کوێرەوەری و دەردی سەرییە ودواتر لە ١٩٧٥ دا چەند هاوبیرێکی لاو و سەرگەرم بلاڤۆکێکی (گومانلێکراو) دەردەکەن و بڕیاری وەدەرنانی ــ دەرکردنی(حەوتەوانەکە) لە کاژێك دەدەن کە دامەزرێنەران و سەرکردایەتیش بوون . پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئاستی رۆشنبیریی ئەوانەی نووسیبویان نەك زۆر نزم نەبوو,وەك مامۆستا دەڵێت, بەڵکو بەهیچ جۆرێك نزم نەبوو ... ئینجا قوربان گیان نازانم تۆ بەو هەموو ئەزموونەی ژیان و دوورە ولاَتی و تەنیاییە چۆن نەجارێك و نەدوان و نەسیان ریشی خۆت دەدایە دەست کەسانێك ئەوان تۆ ناسدەکەن و تۆ ئەوان ناسناکەیت , وەك فەریاد فازیل عومەر, سەروەت عەلی (کوردۆ عەلی) , فەرهاد عەبدولقادر , شێرزادفاتیح , ئازاد مستەفا..... کورد دەڵێت (جارێکت خەڵەتاندم خوابتگرێ , ئەگەر دووجارت خەڵەتاندم خوا خۆم بگرێ ).خۆتۆ لەگەڵ خانەوادەکەتاندا لەسلێمانی نامەتان لە نێواندا بوو, هەروەها لەگەڵ مامۆستایان کامیل ژیر و فایەق عارف وعەبدوڵلاَ ئاگریںداو هەواڵ و دەنگوباسی کوردستانیشت پێدەگەیشت , من دووجار نامەی تۆم دیوە کە بە ناونیشانی بەرێز فاتمە خانی حاجی ... ناردبووت کەوابزانم جەنابی

دایکتانه.لــەو دواییانەشــدا(ئەگەرهەڵەنەبم١٩٨٠) نامەیــەکت بــە کــاك بــەختیاری بــرای هــاوبیر بروسـکەدا نــاردبوو, پێشـنیازی کارێکـت کردبـوو, هاوبیران لە کوردستان بیکەن,کارەکە زۆر گـرنگ و هەسـتیاربوو,لە دەرەوەی وڵات قســـەی لەســـەرکرابوو,هەر ئـــەوە مـــابوو هـــاوبیرانیش بڕیـــاری لەسەربدەن,کارەکە دەکرا ,بەڵام ئەنجامەکەی بـاش نـەدەبوو, نـاو و ناوبـانگی نەتەوەییەکانی لەکەدار دەکرد. لەکۆبونەوەکەی هاوبیراندا لە ماڵی مامۆستا فایەق عارف بە ئامادەبوونی (فایەق عارف , کامیل ژیر , محەمـەد مەجیـد ئەصـڵان , عومــەر شــەمەیی , مـژدە تـاهیر, نـوری کـەریم ) پێشـنیازەکە پەسەند نەکراو بەکاك بەختیاردا وەڵامەکەمان بۆ ناردیتەوە . ئـەوەی لێـرەدا سەرنجراکێشە ئەوەیە کاك عەبدوڵڵا ئاگرین لەو کۆبوونەوەیـەدا نـەبوو, مــن خودی خۆم بەلامەوە سەیر بوو, کە پرسیارم کرد مامۆستایان کامیـل ژیـر و فایــەق عــارف وەڵامــەکانیان جـووت نەدەوەسـتانەوە وەك ئــەوەی (شــتێك لەئارادا بێت) بۆیە کە کاك عەبدوڵڵام ئاگادار کرد دەرکـەوت هـیچ نازانێـت لــەو بارەیــەوە و ئــەوە لــەمن دەیبیسـتێت , دوای مــن عومــەر شــەمەییش ئاگاداری کردبوو. ئەمەش بەر لـە هـەموو شـتێك نیشـانەی ئەوەیـە نـاوبراو پەیوەنــدیی بــە (ســەرکردایەتیی) کاژیکــەوە نــەبووە کــە ئــەو کاتــە تــەنها مامۆستایان کامیل ژیر و فایەق عارف لە باشوور بوون و مامۆستا ئەحمـەد هــەردیش پەنابــەر بــوو لــە ئێــران, بــۆ مێــژووش دەڵــێم کــاك عەبـدوڵڵا زۆر بەگەرمی دەستخۆشی لێکردین کە نەچووینەتە ژێر ئەو بارەو هەنگاومان بـۆ نــەنا و بەهــەمان رێگــای خۆیـدا ناردمانــەوە بـۆ نێرەرەکـەی کـە هەمیشــە

دەیەوێت هاوبیران (هەنگاو بنێن و بجولێن) و ئەویش لـە دوورەوە چـاودێریی ئەنجامەکان بکـات و بزانێـت کـار بەچـیدەگات ! ئـاگرین نـاوی یـەکێك لـە ئامادەبووانیشی هێنـا کـە (حـەز لـەو جـۆرە کارانـە دەکـات ) و راستیشـی دەکرد, یەکێکمان هەر زوو قەڵەم و قاقەزی هێناو وتی (با وتەیـەکی کـورت بنووســم لــەویً دەیخوێنمــەوە) بەراســتی شــەنوکەوکردنی ئــەم خاڵــە تێهەڵچــوونێکی قــووڵی گەرەکــە و تــەنیا بــە منــیش ئــەنجام نادرێــت و مامۆستایان فایەق عارف وکامیل ژیر و عەبدوڵلا ئاگرین وهاوبیران محەمـەد مەجید ئەصلان و مژدە تاهیریش هـەتا زووتـر بۆچـوونی خۆیـان رابگەیـەنن درەنگە .

**لا. ٥٥: " ئەز هەتا نامیلکەکەی ئەبدوڵلا ئـاگرینم نـەدیبوو لـە بـەهاری٢٠١٣دا, ئـەو بلاڤۆکـەم لـەوەپێش نـەدیبوو. سـەرنجراکێش ئەوەیـە نێـوی سـەرکردەکانی کـاژیکی تێدایە ,بەڵام نێوی کاك حەمەی ئەزیز(دۆم ) و شێخ محەمەد هەرسینی تێدانییە. ئەمـەش بۆخۆی پرسیارێکە کە دەبێ لە ئەبدوڵلا ئاگرین و (خاڵە حەمە ) ی ئەبدوڵلا بکرێ. ئەوەش دەبێ بگوترێ کە پاش ئەو بلاڤۆکە ئێـدی هیچـی دیکـە دەرنەچوو( دەرنەچـووە ) لەلایـەن (سەرکردەیەتیی نوێی )کاژیکەوە. وادیارە ئەوانە هەر ئەوفەرمانە سپێردراوە پێیان. ئەوجا ئەگـەر کۆتـایی بلاڤۆکەکـە تەماشـا بکـرێ, داوای (حـوکمی زاتـی راسـتەقینە ) دەکـا بەسەرۆکایەتی بارزانی و باسی (برا شیوعییەکانی قیادەی مەرکەزی )دەکا, ئەوسا تێدەگەین کە کێ لە پشت دەرچوونی ئەم بلاڤۆکەوە بوو؟! کە ئێستە ئەبدوڵلا ئاگرین دەیەوەێ ئەمـە بشارێتەوە لێمان ."**

** مامۆستا گیان, ئەو دوانە , شێخ محەمەدی هەرسـین و محەمـەد عـەزیز کـە لـەدوای ١٩٦٤ەوە چـوونە دەرەوە و لـەبارەگای بـارزانی گیرسـانەوە و

پشتیان کردە کاژیك و هاوبیرەکانی دوێنێیان , ئیتر بڕای بڕ هاوبیرانی کاژیك ودواتریش هاوبیرانی پاسۆك ئەو دوانەیان , نە بە کاژیك و نەبە هاوبیر نەژماردووە , ئیتر چۆن بەسەرکردە ناویان دەهێنن؟ ئەو سەرکردە نوێیانەش(خوداعەفوویان بکات) تەقینەوەکەیان و هاتنە دەرەوە یان لە قومقومە تونوتۆڵ داخراوەکەی کاژیك , دەتوانین چەندین خوێندنەوەی پوزەتیڤ و نێگەتیڤیشی بۆ بکەین بەڵام بەو شێوە نەشیاوەی کەخۆیان و ڕێبازەکەیان بەجەماوەر ناساند, گومان و نیشانەی پرسیاری زۆر و زلی خستە سەریان . نازانم ڕێکخراوێك پۆستی بەرپرسیی ئاسایشی نەتەوەیی تێدابێت کە ئەو کات ئەو پۆستە تەنها لەحکوومەتی هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەبوو, چۆن بە حوکمی زاتیی رازی دەبێت ؟ باسەکەمان ئەو دوو برادەرە بوو,شەهید شێخ محەمەدی هەرسین و کاك محەمەد عەزیز , پرسیارێکی زۆر گرنگیش ئەوەیە: ئەوان چۆن وازوو, لەماوەیەکی ریکۆردا بەیەك قەڵەمباز لە سلێمانییەوە گەیشتنە لای بارزانی و دامەزران و بوون بە کارگێڕی بارەگای بارزانی وهاوکار و جێگە باوەڕ ومتمانەی خودی بارزانی و بارەگای بارزانی و پۆستی باڵاشیان لە شۆڕشدا وەرگرت , کە سەرزارەکیی بە ئەندامی کارگێڕی بارەگای بارزانی دەناسران . ئاخر بارزانی مستەفا باوەڕی بەهەمووکەس نەدەکرد , بە نزیکەکان و باوەڕپێکراوەکانی خویشی دەوت : ئەوەی دێت و شتێکت پێدەڵێت یا بۆت دەگێڕێتەوە , تۆ وابزانە هەرهەمووی درۆیە! بۆیە گەشتە ئەفسوناوییەکەی

ئەو دووبرادەرەم  هەروەك بەسەرهاتی کوڕی چیرۆکەکانی گوێ ئاگردان دێتــە بەرچاوکە(لە پرێ دەبێ بەکوڕێ) .

**لا.٥٦ ,٥٧ : " لە١٩٧٧/٧/٦دا مامۆستا فایەق ئارف کە یەکێك بوو لەحەوتەوانەی کاژێك هات, بۆ بەرلینی رۆژاوا بۆ سەردانم, کە لێم پرسی ئەو داخۆیانییە چــی بووکــە لــە دژی سەرکردەیەتیی کاژێك دەرچووە, گوتی (ئەوە دەستی گەلێك لایەنی تێدابوو, دەستی پارتی , ساواك, دەستی تاقمێك لەکۆمۆنیستەکانی سەر بە ئەزیزولحاجی فەیلی کە بووبــوو بــە نۆکەری بەئسییەکان, دەستی بەئسیش...هتد, ئەوە کارێکی یەك لایەنە نەبوو(گوتم ) باشە ئێــوە هــیچ وەرامێــك ,هەڵوێســتێك, بەرپێچــدانەوەیەکتان پیشــاندا بەرامبــەر بــەوە؟ گوتی(نەخێر), گوتم ( باشە, ئێوە کۆنگرەتان بەست, پاش گەڕانەوەی مامۆستا شێرزاد و کاك فەرهاد بۆ کوردستان؟ ) لەمەدا باسی هاتنی ئەبدوڵڵا ئاگرین و شێرکۆی هەژار وکــاك فەرهاد ئەبدولقادر ومامۆستا شێرزادم گێڕایەوە بۆی, گوتی نە ئەوبرادەرانە هــاتوون بــۆ لامان و نە کۆنگرەش گیراوە و ئێستە حیزبێك بــەنێوی پاســۆکەوە دامــەزراوە کــە ئێمــەی تێدانین. ) هەروەها مامۆستا فایەق گوتی (شێرکۆی هەژار و ئەبدوڵڵا ئاگرین وەك مــەقاش بەکارهێندراون. ) سالأنێك دوای ئەمە ملازم مەنسوور حەفید گوتی ئــەو بلاڤۆکــەی دژ بــە سەرکردەیەتیی کاژێك بوو لەلایەن شێرکۆی هەژار وفاروقی مەلا مستەفاوە دەرکرابوو. "**

** دوای شەهیدبوونی ئەحمەدی حاجی مەحمود, ناسراو بە ئەحمەد حــەللاق کــە جــەلادەکانی نــازم گــزار بەبەرچــاوی عــەزیز حاجــەوە بــە چــەقۆیەکی سەروریش تاشین ئەڵقاو ئەڵق سەریان بڕی , عەزیز حاج ئەژنۆی شکا, رووخا وچۆکیدادا و چووە پاڵ بەعسییەکان وخزمەتیانــەوە و ئــەوانیش لەپاداشــتدا کردیان بە کونسوڵی عێراق لە بــراغ , ســەرکردەکانی دیکەشــیان روویــان لــە کوردســـتان کـــرد و دەیانویســـت رێبـــازێکی نەتـــەوەیی سۆسیالیســـتانە یـــا مارکسییانە بگرن بەڵام هێزو پێزێکی ئەوتۆیان نەمابوو, هەوڵیشیاندەدا لــە

کاژێك نزیك ببنەوە و سەرکردەکانی دەیانوت کاژێك کۆمەڵێکی پوخت و ئامادەن بەلام عەبدوڵلا ئاگرین لەو ئاستەدانییە رابەریی بکات . چەندین جار ئەم قسەیەم بیستووەو چەند جارێکیش بەتایبەتی داویانە بەگوێی مندا کە نزیکم لە کاك عەبدوڵلا ئاگرینەوە بەلام هەموو جارێك ( کاژیکانە) خۆم واپیشان دەدا لەو بارەیەوە هیچ نازانم و بیر و باوەڕی رامیاریی کاك عەبدوڵلاشم بۆ دەرنەکەوتووە ! ئەوان پرۆژەیەکیان هەبوو رێکخستنێکی (نەتەوەیی سووورباو - نەتەوەیی مارکسییانە) دابمەزرینن و لەگەڵ نەتەوەییەکاندا بەشێوەیەك لەشێوەکان کارو چالاکییەکانیان یەکبخەن هەتا بەئاستی یەکگرتنیش دەگات . جارێك بە رێکەوت چەند ئەندامێکی سەرکردایەتییانم لەماڵی خاڵۆم( مامۆستا فەرەج ئەحمەد بابان) بینی و نزیکەی٤٥ خولەکێك وەلامی پرسیارەکانیانم دەدایەوە, یەکێکیان کە زۆر پرسیاری دەکرد ناوی (عامر) بوو , دواتر زانیم کاك فاروقی مەلا مستەفاش یەکێکیان بوو, من نەمدەناسی و ئەویش خۆی ئاشکرانەکرد.( ئەم دانیشتنەم لە کتێبی پانۆڕامای دیرۆکی کورد دا بە درێژی باسکردووە) ئەوەبوو چەند هەنگاوێکیشیان هاویشت وەك لێکۆلینەوە و بەدواداچوونی تاوانەکەی کانی ماسیی ( بەمەبەستی یەکلاییکردنەوەو داخستنی فایلەکە) و دادگاییکردنی چەند گومانلێکراوێك کە یەکێکیان عەبدوڵلا محەمەد بوو, ناسراو بە عەبەلالە ,لەلایەن مامۆستا فەرەج بابان وپارێزەر حەمەسدیق مەحموود, ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش ئەوەبوو(لێکۆڵەرەوەکان)بڕیاردەدەن بەڵگەی تاوانبارکردن لەبەردەستدا نییە

وگومانلێکراوەکـە بێتاوانـە.  ئـەو باڵـەی پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق کاردانەوەیـەکی پـۆزەتیڤ لـەکاژیك نـابینن, بۆیـە روودەکەنـە نـەیارەکانی سەرکردایەتییەکەی و پەیوەندی بەوکۆمەڵە هاوبیرە خوێنگەرمـەوە دەبەستن وکەینوبەینێك دەکەن , بەڵام ئەوان بەوهەموو ئەزموونەی چل ساڵێك کـارو چـالاکیی رامیـاریی خۆیانـەوە, کارەکـە بـەهاوبیرەکان دەکـەن و خۆیـان لەدوورەوە چاودێری کاردانـەوەو ئەنجامـەکان دەکـەن و بەشـێوەیەکی نیمچـە ئاشـکراش بەیانەکـەی ئـەو هاوبیرانـەیان بڵاودەکـردەوە کـە سـەرکردایەتیی کاژیکیان لە کارخستبوو, لـە شـوێنیدا سـەرکردایەتییەکی نوێیـان لـەخۆیان دانـابوو . داینـەمۆی پرۆژەکـەی برادەرانـی کۆمۆنیسـت کـاك فـاروقی مەلامستەفا( ئەنـدامی سـەرکردایەتی باڵەکـەی ناوەنـدی سـەرکردایەتیی - پارتی کۆمۆنستی عێراق) بوو بەهاوکاریی کاك شێرکۆی هەژار موکریـانی - دەمڕاسـتی گرووپـە دابڕاوەکـەی کاژیـك .دەسـگای پاراسـتنیش هـەمان بلاڤۆکی بڵاودەکردەوە , خودی خۆم ئەو بەیانەم لە سێ کەس وەرگرت: کـاك فاروقی مەلا مستەفا , جەمالی عومـەر مڵۆزم سـەر بـەپارتی و(ش . ح . م)کە سەر بە دەسگای پاراستنی شۆڕش بوو, ژێربـەژێریش خۆفرۆشـە و کـار بـۆ دەسـگانهێنییەکانی حکومـەتی بەعسـییەکانی بەغـدا دەکـات و دەستەکەشـی نەکەوتـە روو هـەتا راپەڕینـە مەزنەکـەی بـەهاری١٩٩١ی جـەماوەری کوردسـتانی باشـوور, ئەوکاتـە دەرکـەوت  کـە یـەکێك لـە خزمەتەکانی بۆ دوژمن , شانەیەکی رێکخستنەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ( حسك ) ی بـۆ دوژمـن ئاشـکراکردووە و بـەو هۆیـەوە جـەمالی

حەمە نوقڵە و مامۆستا مەحمودی حاجی عومەری شاناز دەستگیرکران , جەمال بەرپرسی شانەکە بوو , لە زینداکانی مەرگدا لە مووصڵ لەسێدارەدراو گەیشتە کاروانی شەهیدە نەمرەکان و مەحموودیش هیچی لەسەر ساغنەبووەوە لەمەرگ رزگاربوو.

لا.٥٧, ٥٨, ٥٩:کاك حەمەی عەزیز لەسیمینارەکەی هاوینی١٩٧٧دا کە بۆ مامۆستا سازکرابوو لەشاری دۆرتمونـد, خۆی بە مامۆستا نەبەز ناساندووە و وەهای پیشانداوە کەتازە هاتۆتە ئەڵەمانیاو ئارەزووشی نەدەکرد لەبارەی کاژیکەوە بدوێت وەك چۆن لە شۆڕشیشدا نزیکیان نەدەکەوت.ئەمە سەرباری ئەوەی بەهیچ جۆرێکیش بەمامۆستای نەوتووە لەشۆڕشدا بالادەست بووە. ماموستا نەبەز ئەو خۆناساندنە بەمجۆرە باسدەکات: **" لەو بۆنەیەدا کاك محەمەد ئەزیز( حەمەی ئەزە دۆم ) خۆی بەمن ناساند, کەتا ئەو کاتە نەدەبیووم نەدەمناسی.کەویستم باسیی کاژیك و بارۆدخی هاوبیرانی کوردستان بپرسم لێی, هەستم کرد نایەوێ لەوبارەیەوە زۆرقسەبکا, وامزانی تازەهاتووە و دەترسێ, بەلام دوایی زانیم کە دووساڵ پێش ئەوکاتە هاتووە بۆ ئەڵەمانیا و ئەز نەمزانیوە.بەکورتیی, باسی بارودۆخی ئابووریی خۆی کرد کەزۆر خرا پە,لەبەر ئەوە هێندەك یارمەتیم دا.دوایی هاوبیر ئومەر کەرکووکیی کەوەك پێشمەرگە لەشۆڕشی ئەیلوولدا کاك محەمەدی ئەزیزی ناسیبوو گوتی لەشۆڕشدا دەسەلاتی زۆر دەرۆی ولەبارزانی وحەبیب محەمەد کەریمی سکرتێری پارتییەوە زۆر نێزیك بوو, پارەی باشی بەدەستبوو, بەیەك و شەش چییە, باسی کاژیك نەدەبیسترا لێی, هەرکەسێکیش کاژیك بووایە نێزیك نەدەبووەوە لێی... هەرلەو ماوەیەدا رۆژێکیان شێخ محەمەدی هەرسین تەلەفونیکرد بۆم وگوتی حەزدەکا چاوی پێم بکەوێ, لەلایەن برادەرانەوە لەکوردستان هێندەك دەنگوباسی هێناوە بۆم.چووم بۆ هامبۆرگ بۆلای. وەك دەرکەوت بۆم هیچ دەنگوباسێکی بالکێشی پێنەبوو, بەلام زۆر تکایکرد**

**کەیارمەتی بدەم بۆکڕینی ترومبێلێك... سێ چوار مانگی پێچوو, جارەکی دیی حەمەی هەرسین تەلەفونیکردەوە." ئە مجارەیان لەبەرلین یەکتر دەبینن و ئەم گفتوگۆیە دەکەن : " گوتم تکایە باسێکی کاژێك بکە لەو کاتەوە کە ئێوە چوونە نێو کاژێکەوە.گوتی مەبەستت لە (ئێوە) چییە؟ گوتم پارتی گەلی کورد. گوتی ئێمە بووینە هۆی پاراستنی برادەرانی کاژێك, ئەگەرنا یەکێکیان نەدەمان. گوتم چۆن؟ گوتی دارودەستەی برایم و جەلال وایان لەبارزانی گەیاندبوو, کە کاژێك دەیەوێ دەست بەسەر شۆڕش و هەموو شتێکدا بگرێ و ئەگەر فریانەکەوتینایە ئە نجامی زۆرخرا پی دەبوو.گوتم ئە نجامی خراپ وەکو چی؟ گوتی (وەکو ئەوەی ئەوی گومانیان بکردایە لێی کە کاژێکە, ناچاریان دەکرد بچێ خۆی رادەستی ئێراق بکا. گوتم وەك هەوالێ گەیشتووە بەمن هیچ خرا پەیەك نەماوە دژ بە کاژێك نەیکەن...ئەوجا گوتی بەلام حەزدەکەم بلێم کە ئێوە لێرە زۆر شتی خرا پتان نووسیوە و بلاوکردۆتەوە, چ لەبارەی پارتییەوە و چ لەبارەی ئێرانەوە, ئەمەش بارودۆخی ئێمەی لەوێ زۆر شلۆق کردووە..."**

** کاژێك بەگشتی ودکتۆرنەبەز بەتایبەتیی رەخنەی توندی لەپارتی دەگرت وەك حیزب بەلام بێپەروا داکۆکی لەشۆڕش و رابەرەکەی دەکرد, بارزانیش هەر ئەوەی دەویست و ئێرانیش هیچ گلەییەکی لەوەنەبوو, هەردولاش , شاهەنشای ئێران و بارزانی مستەفاش رقیان لە هەموو حیزب و حیزبایەتییەك بوو .لێرەدا پرسیارێك بەزۆر خۆی دەسەپێنێت: ئایا کاك حەمەی عەزیز و شێخ محەمەدی هەرسین چۆن خۆیان بە مامۆستا ناساند, بەچ سیفەتێك؟دیارە پێشینەیەك هەبووە , ئەگەرنا,مامۆستا کەکاك حەمەی عەزیزناسناکات,چۆن باسی کاژێك و بارودۆخی هاوبیرانی کوردستان دەپرسێت لێی؟جگە لەوەش بۆ لەو باوەڕەدایە دەترسێت باسی کاژێك بکات چونکە تازە هاتووە, ئەمە لە کوێش لە ئەلمانیا کە گرووپی رێکخراو هەن

بانگەشەی رازیست دەکەن دژی دەوڵەت!بەداخەوە مامۆستا لەهەندێك باسدا تەنها سەرکۆزەرەکەی بۆ گرتووین و خستوویەتییە بەر دیدەی خوێنەران بەڵام بنکۆزەرەکەی هەڵگرتووە و جارێ داپۆشیوە!ئەمە جگە لەوەی کاتێك شەهید شێخ محەمەدی هەرسین و محەمەد عەزیز لە شۆڕشدا دەستیان هەبوو(دارودەستەی برایم وجەلال) نەك لەپارتی جیابوبوونەوە, تەنانەت لەمدیویش نەمابوون , چوبوونە ئەودیو,هەرچەندیش دەکەم لەو هەواڵە تێناگەم( ...**ئەوی گومانیان بکردایە لێی کە کاژیکە,ناچاریان دەکرد بچێ خۆی رادەستی ئێراق بکا**). شێخ محەمەدی هەرسین یادی بەخێر ساڵی١٩٦٤دوای دایکی کاك سەلاح ,کچێکی دراوسێی ئێمەی خواست لە گەڕەکی شێخان ـ سلیمانی, خوشکی شەهید جەمالی حەمەی سابیر, هێشتا زەماوەندییان نەکردبوو, زۆربەی ئێواران کورتە سەردانێکی ماڵی خەزووری دەکرد . هەرچەند بهاتایە یەکێك یا دوو کەسی لەتەکدا بوو, ئەوان لای ئێمەی کوڕانی گەڕەك دەوەستان هەتا ئەو دەگەڕایەوە.دواتر ئەو هاوبیرانەم ناسیی , یەکێکیان کاك کەریمی شێخ حەسەنی چەخماخساز بوو . شێخ محەمەد کەلەهاتنندا تەنها( کوڕینە ئێوارەتان باش) ێکی پێدەوتین , ئەوە لە گەڕانەوەدا کورتە وانەیەکی سەرپێیی لەسەرکوردایەتی و ئەرکەکانمان بەرامبەر بە نەتەوەکەمان پێدەوتینەوە , ئێمەش ئەوەندە قسەکانیمان بەلاوە خۆش بوون ,حەزماندەکرد ئەو وانەیە زوو نەبڕێتەوە. شەهید شێخ محەمەد هەرسین وەك کاك حەمەی عەزیز نەبوو, کاژیك یا هەر هاوبیرێك پێویستییەکی بووبێت هاوکاریی کردووە,بەتایبەتیش ئەو ماوانەی بەر لە

رێکەوتنەکەی ١١ئازاری ١٩٧٠کە بەرپرسی لقی چواری سلێمانی بوولە ماوەت, دووای رێککەوتنەکەش یەکسەر بووە بەرپرسی لقی سێی کەرکووك , دوو خزمان لە کەرکووك کارێکیان کەوتبووە لقی سیٚ, هاتنە سلێمانی و نامەیەکی ئاساییم پێدان , شێخ زۆر رێزی گرتبوون وگورجوگۆل و بەدڵی خۆیان بەرێیکردبوون .

**لا . ٦٠ :"لە مانگی نیسانی١٩٧٨دا بیستم کە مامۆستائەحمەد هەردیی هاتووە بۆلەندەن, ئەو دەمە هێشتا لەئێران پەنابەربوو. لەبەرلینەوە چووم بۆ لای, لەماڵی دکتۆر شەفیق قەزازی زاوای میوان بوو, گوتی( دەڵێن حیزبێك بەنێوی پاسۆکەوە دامەزراوەو تۆیان کردووە بە براگەورەی خۆیان وهیچ پرسیکیش بەمن نەکراوە ) لەبارەی بانگکردنی هاوبیرانی کاژێکیشەوە بۆ کۆنگرە , ( مامۆستا هەردیی گوتی: کەس پێوەندیی نەکردووە پێوە و هیچ کەسێکیش بانگی نەکردووە بۆ کۆنگرە ) ئەوجا گوتی: ( خۆ ئەگەر مەسەلەش هەر گۆڕینی نێوبیٚ, بەلاّم رێبازهەر رێبازی کاژێك بیٚ, ئەوا هیچ رەخنەیەکی نییە. ) گوتم ئێوە لەماوەی ئەم (١٩) ساڵەدا, تەنیٚ( ٣ ) نامەتان ناردووە بۆمن وجارێکیش کاك کامیل ژێر لەهاوێنی١٩٧٠دا هاتووە بۆ سەردانی من. لەنامەیەکدا کە پاش بەیانی مارتی١٩٧٠ تۆخۆت ناردبووت, نووسیبووت کە دەبیٚ ئێمە لێرە نووسینی( توندوتیژ) بلاّونەکەینەوە و باسی (ئۆتۆنۆمی) بکەین لەجیاتی سەربەخۆیی . ئەمە بێجگە لەوەی ئێوە لە مانگی شوباتی١٩٦٥بەولاوە تا ئەورۆ( نیسانی١٩٧٨) کە ١٤ساڵ دەکا,هیچ چالاکییەکتان نەبووە کە ئێمە لێرە ئاگامان لێی بیٚ. بەکورتی کەستان خۆتان نەکردووە بەخاوەنی کاژێك.ئەو هەموو چالاکییە کە لە ئەورووپا کراوە,ئێوە هیچ سووتتان وەرنەگرتووە لێی... مامۆستا هەردی گوتی: ( بارودۆخی کوردستان وەك ئێرە نییە. ئەوی وەك کاژێك بناسریٚ لەلایەن پارتی وکاربەدەستانی شۆڕش و حکوومەتی ئێراق و ئێرانەوە خوێنی رەوایە, ئەم کارانەی ئێوەش لێرە, ئێمەی لەویٚ خستووەتە بەر مەترسیی لەنێوبردنەوە...هتد. ) گوتم: باشە, وەك کاك کامیل ساڵی١٩٧٠گوتی: ئێوە لەکوردستان چەند کەسێکتان ناردۆتە نێو شۆڕشەوە کەبوونەتە ئەندامی پارتی و خۆیان لەمەلا مستەفا نێزیك کردووەتەوە, ئەی ئەوانە چی؛ چ خێرێکیان**

**هەیە بۆ کاژێك؟ گوتی: ( ئەوانە هیچیان ناتوانن خزمەتی کاژێك بکەن. کاژێـك دوژمنـی یەکجار زۆرە.ئەو نووسینانەی کە ئێوە پاش ئاشبەتاڵ لێرە بڵاوتان کردووەتەوە, رکی پارتی یەکجار هەستاندووە...ئەوەی راستیبێ کاژێك هەر وەك بیر مـاوە, وەك رێکخـراو دەمێکـە نەماوە...) بەکورتی وەك کاك فەرهاد ئەبدولقادر وکاك شێرزاد فاتیح بەڵێنیان دا بەمن لە کوردسـتان کـۆنگرەی کاژێـك بگـرن وهـەموو هـاوبیرانی کاژێـك بـانگ بکـەن وکـۆنگرە بڕیاربدا( بڕیاری چارەنووسی کاژێك.ن.ك), ئەوە رووی نەداوە و پاسۆك وەك شتێکی نـوێ دروستبووە, نەك وەك جێگرەوەی کاژێك. ئەمەش هۆیەك بـوو لـەنێو هۆیـەکانی دیکـەدا, بۆدەرگەکردنەوە بە رووی کەسانی لە هەموو بابەتێك کەبتوانن دەستبگرن بەسەر پاسۆك داو پاسۆك بەرەو بێهێزبوون و تواندنەوە لەنێو پارتیدا ببەن لەلایەن ئەبدوڵلا ئاگرینەوە. خۆ ئەگەر مامۆستایان ئەحمەد هەردی و فەرەیدوون ئەلی ئەمین و فایەق ئـارف و کامیـل ژیـر وئیحسان فوئاد بانگ بکرانایە بۆ کۆبوونەوە, دیارە رێبازی کارەکە جۆرێکی دیکە دەبوو.**

**مامۆستایان فایەق عـارف و فەرەیـدوون عـەلی ئـەمین بەهیمـەت بـوون .بـەڵام فەرەیـدوون دوابـەدوای رێککەوتنەکـەی ١١ی مـارت١٩٧٠ی نێـوان سـەرکردایەتیی شۆرشـی کـورد و میریـی عێراق,لـە شـاخ گەڕایـەوە و بەیـەکجاریی دەسـتبەرداریی کاژێـك بـوو وگواسـتییەوە بـۆ بەغـدا و هاوسـەرگیریی لەگـەڵ خوشـکێکی مامۆسـتا موکـەڕەم تاڵـەبانی ئەنـدامی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عێرقـدا کـرد و کـاك ئاسـۆی پارێزگـاری سـلێمانی لەسـەر لیسـتی صـەوز نۆبـەرەی ئـەو هاوسەرگیرییەیە.ئیحسـان فوئادیش دەمێك بوو لە کاژێکدا نەمابوو.

مامۆستا هەردی لەئێرانەوە بە پەنابەریی دەچێت بـۆ لەنـدەن, بـا لـەخۆمان بپرسـین ئایـا دەسـگای سـاواك نەیـدەزانی مامۆسـتا هـەردی کاژێـك و ئەندامێکی دامەزرێنەری کاژێك و سەرکردایەتییەکەشیەتی؟ ئایا نەیـدەزانی

که دەچێت بـۆ ئـەورووپا چـیدەکات و پەیوەنـدی بـە کێـوە دەکـات؟ کاژێـك دوژمنی زۆربوو, دۆستیشی کەمنەبوون,هیزی خەبات ئەوەنـدە فـراوان ببـوو کرا بەدووهێز و پینج هەزار پیشمەرگەیەك لەسەر کاژێك حسیب دەکران.

پاسۆك باوەڕی بەسەرکردەکانی کاژێك نەبوو, هەر هـەموویانی بەترسـنۆك و بوودەڵەو هیچ لەباردا نەبوو دەژماردن. چەند جارێك دەمەتەقـەو چەندوچـۆنم لەمبارەیەوە لەگەڵداکردوون , یەکەمجار کە ئەو رەخنە توندوتیژەم لە مـولازم شوان بیست مانگی نیسانی١٩٩١لە (سـەیران بەنـد) ی سەرسـنووری ئێـران وچـەنجارێکیش لــە شــەهیدی ســەرکردە مــولازم کــەریم هــەمان رەخنــەی توندوتیـژم بیسـتووە. پاسـۆك خۆشـیان کەسـانی وایـان نـەبوو, دیسـپلینیش زۆرکزبوو,ســەرکردەیەکی بــەتواناو هەڵکەوتووشــیان نــەبوو بتوانێــت وەك پێویست رابـەرییان بکـات , کەسـانی لـە خۆبـوردووی وەك شـەهید مـولازم کەریم سەلام و مولازم شـوان و ئـازاد مسـتەفاش هەرئەوەنـدە فریادەکـەوتن ...کێشەو نـاکۆکی ناوخۆیـان ئەوەنـدە زۆر بـوو, رێکخسـتنێکی بەقـەوارەو ژمارە بچووك بەئاسـتەم خـۆی لەبـەردادەگرت و پاسـۆك شـایانی ئافـەرین و رێزلێنانیشە کـە نەکـەوت و هـەتا قۆنـاغی دوای راپـەڕین لەسـەرپێی خـۆی وەسـتابوو و سـەربەخۆیی سیاسـیی و پێشـمەرگایەتیی خۆیشـی پاراسـت . رێکخسـتنەکە هـیچ گلەییـەکی لێناکرێـت , چـجای رەخنـە! ئـاخر پاسـۆك بەگشتیی لەمنداڵێکی هـەتیوی بـێ بـاوك و دایـك دەچـو, بـۆ پڕکردنـەوەی بۆشایی رابـەرێك داوایـان لـە مامۆسـتا ئەحمـەد هـەردی کـرد براگـەورەییان

بکات,مامۆستاش لەوتەمەنە هەڵکشاوەشدا چووبەدەنگیانەوەو ماوەیەکی لەگەڵدا گوزەرانن ...دواتریش عەلی بەگی جاف بانگکراو بووبە ئەندامی سەرکردایەتیی , عەلی بەگ لای من وتی (برا, ئەمانە زۆر ویرانن , رووناکبیریکیان تێدانییە!) هەرچەند من هاوڕای نەبووم ,شەهید ملازم کەریم سەلام رووناکبیر بوو, بەردەوامیش دەیخوێندەوە, جگە لەوەی بەراستیش سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی جەنگی پارتیزانی بوو, بە شایەتیدانی جۆرەها پێشمەرگەو بەرپرسی لایەنەکان پێشمەرگەیەکی زرنگ و ئازاو بوێر و بەدەستی خۆی ئازابوو. دوای راپەڕین سەرەتا من لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا ئاگریندا پێکەوە بڕیارماندا هاوکارییان بکەین و چووینە سەردانیان لە یەکێك لە بارەگاکانیاندا لە نزیك ( سەهۆڵەکە) کە پێشمەرگەی دێرین کاك عومەر قەرەچەتانی بەرپرسی بوو , هەرچەند کاك عەبدوڵڵا زۆریش(غایلە ـ تەحەففوز)ی هەبوو, وایدەزانیی هێشتا شەهید تۆفیقی نوری بەگ لەگەڵیاندامابوە. پاسۆك بە ژمارە زۆر پەرەیسەند, بەو بۆنەیەوە بە شەهید مولازم کەریم وت: باوەڕمەکە ئەم ژمارە زۆرە میلاکی پاسۆك بێت, نیوەی بەرەوژوور لایەنەکانی دیکە ناردوویانن و یارمەتی مانگانەو چەك و خواردنیشیان لەسەر ئێمەیە.

عەبدوڵڵا ئاگرین دەمێك بوو ئاواتی بوو ئەوکۆمەڵەیە بدات بەعەردا کە ئازاد مستەفایان بەسەرکردەی نەتەوەیی دەزانی کەلەگەڵ ئەمدا شیر و تیریان لەیەکتر دەسوو.

دکتۆر نەبەز کە بە مامۆستا ئەحمەد هەردی(یادی بەخێر) دەڵێت : (کەستان خۆتان نەکردووە بەخاوەنی کاژیك) راستییەکەی وتووە بەڵام هۆکاریش زۆرن و ئەوانیش قسەی خۆیان هەبوو, بەداخەوە نەیاندرکاندو بڵاویشیان نەکردەوە و باوەڕناکەم خستبێتیانەتە سەرکاغەز,بەڵکو خواو راستان رۆژیك روونـاکی ببینن, ئەوانەی لەژیانیشدا ماون تەمەن درێژبن تەنها مامۆستایان کامیـل ژیـر و فایـەق عارفـە ئەگـەر بینـە قسـە. کامیـل ژیـر نیـازی نووسـینەوەی مێژووی کاژیکی هەبوو,زۆریشی ئەنجام دابوو.مامۆستایان ئەحمەد هـەردی و فەرەیدوون عەلی ئەمین یادیان بەخێر زۆر دڵسـۆزو خـەمخۆربوون,کاك هـەردی کە دەینووسی شاکاری دەنووسی , بەتـەنها چـەند هۆنراوەیـەك تـوانی ریـزی پێشەوەی هۆنەرانی کـورد بگرێـت بـەڵام لەنووسـینداخاوو سسـتبوو(هەندێك دەڵـێن تەمـەڵ بـوو) سـاڵانێك خـەریکی مێـژووی بابانـەکان بـوو, هەرتەواونەبوو.چەند جارێك لەخزمەتیدا چووین بۆ پرسیارو زانیاری وەرگرتن لـەخزمانی ئێمـە وەك نـوری بـەگی ئـەورەحمان بـەگی قەپانچـی( بـاوکی شـەهیدتۆفیق نـوری) وئەحمـەدی رەشـید بـەگ(باوکی مامۆسـتا فـەرەج بابان).بەداخەوە کاك فەرەیدونیش زووجێیهێشتین , ناهەقیشی نـەبوو, بۆیـە گلـەیی لێناکرێت.ئـەوەی ئاهێـك بـەدڵی خـەمخۆرانی کـوردا دەهێنێـت وهیوابەخشە,کاکە دیاری بابانی پورزام لەم رۆژانەدا وتـی مامۆسـتا ئەحمـەد هەردی رەشنوسیی بیرەوەرییەکانی بە کاکە ئاری برای نوسیوەتەوە, بەراستی ئەوە بۆمن و بۆ هەرهەموو هاوبیرانی نەتەوەیی مژدەیە.

شـوباتی٦٧ بـۆ نیسـانی٧٨کـە دەکاتـە١١سـاڵ, دکتـۆر نەبـەز ئاگـاداری چـالاکییەکانی کاژیــك نـــەبووە لەکوردســتان و ئـــەوانیش کـــەڵکیان لەچـالاکییەکانی ئـەوروپا وەرنـەگرتووە, ئـیتر بـۆ دەبـێ دوژمنـان لەسـەر نووسـینەکانی دکتۆرجـەمال نەبـەز گێچـەڵ بـەهاوبیرانی کاژیـك بکـەن لەکوردستان؟ ئەو کاتەش هێشتا دەکرا, مامۆستا نەبـەز هەڵوێسـتی خـۆی لەمەڕ ئەو چمکانە دەرببڕێت کە ئاگاداریـان نـەبووەو بـەهوی سـەردانی ئـەو هاوبیرانەوە بیستوویەتی . خۆ ئەگەر ئەو چـەند سـەردانە نەبوایـە مامۆسـتا نەبـەز ئێسـتەش نەیـدەزانی کاژیـك و پـارتی گـەلی کـورد یـەکیان گرتـووە ودووئەنـدامی سـەرکردایەتی ئـەو یەکگرتنـە نێـردراون بـۆ پـەنا بـارزانی و١٩٧٥یـش کۆمــەڵێك لــە هــاوبیرە سـەرگەرمەکان دوای وەرس بـوون و بێهیوایی لەو شێوە نەزۆکەی کارکردنی کاژیـك , سـەرکردایەتییەکی نوێیـان بۆ کاژیـك هەڵبژارد...هتـد. راسـتە کاژیـك وەك بـیر مـاوە, وەك رێکخـراو دەمێکە نەماوە, بەڵام دکتۆر نەبەز لە مامۆستا هەردی نەپرسیوە: بۆ؟ چۆن وبەچ بریارێك سەری کـرا بەگۆمدا ؟لایـەنێکی دیکـەی زۆر روون وئاشـکراش ئەوەیە, پاسـۆك بـە ژمـارەو قـەوارە ئەوەنـدە نـەبوون تـا هـەموو بابـەتێکی تێبکەوێ...زۆربەی هەرە زۆریشیان حـەزیان نـەدەکرد بچـنە نێـو پـارتی یـا یەکێتییــەوە بەتایبــەتیش شــەهید مــولازم کـەریم شـێخ سەلام.نەوشـیروان مستەفا دەڵێت(مولازم کەریمی پاسۆك ئەوە بەچاکتر دەبـینێ سـەرکردایەتیی کۆمەڵێك پێشمەرگە بکات وەك بێتـە نێـو یەکێتییـەوە بـە پلـەی ئەنـدامی سـەرکردایەتی. سـەرەتای راپەڕینەکـە کـاك عەبـدوڵڵاو مـن دەسـتمان بـە

هاوکـاریکردنی هـاوبیرانی پاسـۆك کرد ,بـۆ کۆکردنـەوە و هاتنەپێشـەوەی هـاوبیرانی دیکـەی کاژێـك ودرێـژەدان بەخـەبات لـەنێو پاسۆکدا ,لەسـەر داواکاریی مولازم کەریم سـەلام بەنامـەی فـەرمیی مەکتـەبی سیاسـییەوە , یەکەیەکە دەچوومە خزمەت هاوبیرانی کاژێك, بۆنموونە: فایەق عارف, برایم حـاجی کـەریم ,غەفورئەمین,سـەعید گەوهـەر, ئەحمـەد سـەلام ,عومـەر شـەمەیی, ئەحمـەد ئەمین,عەبدوڵڵائەحمـەدکۆرناڵ, شـێخ جـەلال بـەردە زەردی,قادر عومەر, کەریم عومەر,...هتد. بەڵام هەندێکیان نەیاندەویست بێنە نـاوەوە و لەملاشـەوە تاقـە ئەنـدامێك هـەبوو حـەزی نـەدەکرد ئەوانـە بێنەناوەوە,کەهاتیشـــن هـــەر زوو دەرکـــەوت چـــەند ناکۆکـــە لەگەڵیاندا,بەتایبەتیش لەگەڵ مامۆستافایەق عـارف و عومـەر شـەمەیی و بەوهۆیەشەوە ئەوانە و چـەند هـاوبیرێکی کاژێـك بوونـە هـاودەنگی مـولازم شوان.

**لا.٦٢ " کوردۆ گوتی (ئەندامی کاژێك بووە) گوتمان هیچ نامەیەکی کاژێکت هیناوە؟ ئەویش وەك ئەبدوللا ئاگرین وشیرکۆی هەژارو مامۆستا شیرزاد و کاك فەرهاد گوتی بە پەلە پروزکێ خۆی رزگارکردووەو لەبەر ئەوە فریای هیچ نەکەوتووە... بارودۆخی ئەوانـەی نەتـەوەیین لەکوردستان زۆر خراپە**".

**رەوانشادکوردۆ عەلی-سەروەت عـەلی(٢٠١٦/١٢/١٨کۆچیدواییکرد) کە وتوویە ئەندامی کاژێـك بـووە , بـەمانای لـە رابـووردوودا ئەنـدام بـووە. ئەگـەرنا دەبـوو بڵێـت (ئەنـدامی کاژێکـە) و ئەنـدامیش دەتـوانێ نامـەی پشتگیریی وەربگرێت و هەرگیز بارودۆخەکەش ئەوەندە خراپ نـەبووە فریـای

ئـەوە نەكـەون. ئەگـەر ئـەوەیان وتبێـت ئـەوە درۆیـەكی یـەكجار گەورەیـە. ئەمەیان وەها ئەی كاك عەبدوڵڵا چۆن ؟ خۆ ئەو مۆرەكـانی لقـی سـلێمانی, لیژنەی پەیوەندی و سەركردایەتیش بەدەست خۆیەوە بوو!! بۆیە ئەوە دەبێتـە پرسیارێكی زەق زەق و چەندین نیشـانەی سـەر سوڕمانیشـی بـە دوادا دێـت نـــاوبراو١٩٧٢/٨/٢٤ بـــەرەسمی و بەپاســـپۆرتی عیراقـــی كەلەســـلیمانی دەریهیناو من كەفیلی بووم چوو بۆ ئەڵەمانیا و وتی تەنها تۆ دەزانیـت ئـەم سەفەرە دەكەم .

ل.٦٣: "**دوایی زانیم كە پاسۆك لەچەند كەسێك پێكهـاتووە: جـەلالی حـاجی حســەین كەلۆش,فەرهاد ئەبدولقادر, شێركۆی هەژار, حەمەی مستەفا(ئازاد) و چەند ئەفسەرێك: ملازم مەنسوور حەفید, ملازم كەریم, ملازم شوان, ملازم حەمە شەوقی...**" مامۆستا نەبەز هەر لەم لاپەڕەیەدا دەڵێت: " **سێ جار چووم بۆ ڤیەننا بۆ سەردانی كوردۆ, ئەو دەمە زانیم كاك جەلال لەگەڵ هێندەك لەوانەی بوونەتـە ئەنـدامی كۆمیتـەی پاسـۆك , وەك مـلازم مەنسوورحەفید وملازم شوان و كاك فەرهاد ئەبدولقادر و شێركۆی هەژار ومحەمەد مسـتەفا ناكۆكیی هەیە...جەلال وفەرهاد جیابوونەوە وجەلال چـۆتە سـوریا و فـەرهادیش چـۆتە سوید.**"

** من نامەوێت بچمە شەنوكەوكردنی ئەو باسـانەوە كـە پەیوەنـدییان بـە پاسـۆكەوەهەیە, تـەنها ئەوەنـدە دەڵـێم كـە یـەكێك لەهویـەكانی نـاكۆكیی شەهیدی جوانەمەرگ جەلالی حاجی حسێن لەتەك هاوبیرەكانیدا و تەنانـەت شەهید ملازم كەریمیش , چەند خالێك بوو : ئاستی خوێنـدەواریی, پەنابرنـە بەر هێزو بـەكارهێنانی چـەك بـۆ بەلاداخسـتنی ناكۆكییـەكان. كـاك جـەلال

کـــوڕێکی ئـــازاو جەربـــەزە بـــوو, زۆریـــش باوەڕبـــەخۆ بـــوو, ســـەرەتای دروستبوونەوەی شۆڕشی نوێ ,لەکۆبوونەوەیەکی فراوانی هەموو لایەنەکانـدا لە شارباژێر, مام جەلال ناوی لایەنەکان دەخوێنێتەوە و ئەوانیش لەلایەکەوە بەجیا ریزدەبن . کە دەڵێت (نەتەوەییەکان), جەلال بەتەنها دەچیتە دەرەوەو وەك هێمای گرووپێك رادەوەستێت ! جارێکیان شـەهید جـەلال لـە سـلێمانی زۆر بە گەرمیو پێداگریی وتـی : زۆر پێویسـتمان بەئیوەمانانـە, براگـەورەی ئیمەن, بۆنایەنە دەرەوە و رابەریمان بکـەن؟ وتمـان ئـەی کـاك ئـازاد مسـتەفا رابەرتان نییە ؟ وتی : ئەوە هەر زۆر ئاسانە !

مامۆسـتا چـۆن ئاگـاداری ئـەم شـتانە نـەبوو, شـەماڵی جوانەمـەرگ لـە ئەڵەمانیا, بەختیار شەمەیی لە هۆلەندە,سەرداری صدیق ئەفەنـدی لەسـوید بەرپرسی رێکخستنی پاسۆك بوون .

هەموو ئەوانەی ناوێکیان هەبوو لەنێو پاسۆکدا , ناکۆك و ناتەبابوون, هـەتا (قووتدانی) پاسۆکیش شەهید مولازم کەریم وملازم شوان ناکۆك بوون بـەلام دەریان نەدەخست ,هەریەکەشیان هەوادارانی خۆیان هەبوو, شـوان پیـاوێکی ئـــازاو بەهیمـــەت, وشـــك و رەق وکەمـــدوو, لاپـــەریز و تاســـەر ئیســـقان میلیتاریزم, بارەگای خـۆی بردبـووە رەوانـدز و لەگـەل خزمەکانیـدا سـەریان پێکەوە نابوو...لەگەڵ شەهید مولازم کەریم سەلامدا ساردییەکیان لەنێواندا بوو,بەڵام بە هـەردولا نەیانـدەهیش ببێتـە کێشـەو بکەوێتـە سـەرزاران.کاك عەبـدوڵڵا هەسـتیکردبو بـەڵام نەیـدەزانی هۆکارەکـان چـین .دەیویسـت

بیزانێت,جارو بارێك دەیوت تۆ لەگەل مولازم کەریم زۆر نزیکیت, هۆی ناکۆکییەکانیان چییە؟دوای راپەڕینەکەی١٩٩١کەپاسۆك بارەگای خۆی لە بیارەوە بردە قەڵاچوالان, کاك عومەر قەرەچەتانی بارەگای خۆی جیابوو, هەر پەنجا مەتریش لەبارەگای گشتییەوە دووربوو, زۆرتریش لە سەربەخۆدەچوو. نانەواخانەیەکی چاکیشی هەبوو بەلاّم هەر بۆخۆیان بوو, نانێکی بەئێمە نەدەدا,کەسیش گلەیی وگازندەیەکی لێنەدەکرد... دواتر کەچەککرا لەسەر ئەوەی دەستی بەسەر لاندکرۆسەی کاك کەریمداگرت کە ئەودەم دوامۆدێل و ناوازەش بوو, ئینجا زانیم ئەو کارەی بە پشتی مام رۆستەم کردووە و دەستنێژی یەکێتییە لەناو پاسۆکدا.لاندکرۆسەکە لە پێشانگاکەی کاك صالّح حاجی ئەحمەدی سیرەمێرگ(صالّح میزەللی) دانرابوو بۆ فرۆشتن ,پەیوەندیم بە کاك صالّحەوە کرد کە ئەوە ئوتومبێلی پاسۆکە,وتی دلّنیابە لەم پێشانگایەدا کرین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت , ئەوەندەم لە توانادایە.زۆرمان هەولّدا ئۆتومبیلەکە وەرگرینەوە,مام جەلالیش بەلّێنیدا... بە ئاشتی هیچمان بۆنەکراو بەشەڕیش لە کێشی یەکّتیدا نەبووین (دامانە دەست خوا.)

**ل.٧١: " لێرەدا دەبێ ئەوەش باس بکەم کە پێش بەستنی کۆنگرەکە لەبەرلین,هێندەك شت روویان دا, گومانی منیان بەرامبەر حەمەی مستەفا و کوردۆ ئەلیی قوولّترکردەوە:**

**١ـ کێشەی هاوبیر جەوادی مەلا لە کوردستان و هەولّدانی حەمەی مستەفا بۆلەناوبردنی.**

**٢ـ بوختان کردن بە ئەحمەد نەقیب و هەوڵدان بۆلەکەدارکردنی نێوونێوبانگی بەناڕەوا وەك خۆشخزمەتییەك بۆ رژێمی ئێران.**

**٣ـ بانگێشتکردنی حەمەی ئەزیز( حەمەی ئەزەدۆم ) بۆ کۆنگرەکە, ئەگەرچی زۆربــەی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی کە لە رابوردووی حەمەی ئــەزیز ئاگــاداربوون, دژی ئەوەبوون بەشداربێ, کە لە کوردۆم پرسی بۆچی کاکەحەمەت بانگێشت کردووە بۆ کۆنگرە؟ ئەو خوێندکار نییە وگەلێك لەوانەی لەکوردستانەوە دەیناسن, رازی نین بەوەی ئەو بێتــە کۆنگرەکە.گوتی : ( بەڕاستیی کاك حەمە منی منەتبارکردووە, مــانگی ٢٠٠مــارك دەنێــرێ بۆم. )( گوتم زۆر سەیرە... هاوینی١٩٧٧ کاك حەمەی ئەزیز کەدووساڵ بوو, بێ ئاگادارییی من وەك پەنابەر لە دۆرتمۆند دەژیا, بۆ یەکەمجار دیم و ناسـیم و لــە قســەکردندا لەگــەڵی دەیگوت باری ئابووریی زۆر خراپە و منیش ئەوکاتە بەباشیی نەمدەناسی , پارەیەکم دایە وەك یارمەتیی ."**

❊❊کاك حەمەی عەزیز چ لە نێو کاژیکداو چ لەبارەگای بارزانیش دەنـگ و رەنگی تایبەتیی هەبوو, زۆریش جێگەی باوەڕو متمانەی بارزانی و ئیـدریس و مەسـعوود بـوو. دوای ئاشـبەتاڵ وەك پەنابـەر دێتــە ئەڵــەمانیا, بــەڵام پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە بنەماڵەکەوە نەمابوو, سـەیرە مامۆسـتا تەنانـەت نەیزانیوە لـە ئـەڵمانیاش دەژی! باوەڕبکـەن مـن وامـدەزانی دکتـۆر جـەمال نەبـەز ئاگـاداری خشـەی مـار و مێـرووە و هیچـی بەسـەردا تێناپـەڕێت و دەزانێـت لـە هەرچـوار پارچـەکەو وئـەورووپاش چـی دەگوزەرێـت لـەوەی پەیوەستە بە کورد و کێشـەی کـوردەوە, ئـاخر لـە کاژیکـدا زانیـاریی وەهـا کرنگ و هەستیارمان پێدەگەیشت کە شانازیی بە دەسگا هەواڵگرییە فراوان و باڵ درێژەکەیەوە بکەین کە دەستی دەگاتە هەموو شوێنێك ! توومـەز ئـەو زانیارییانـە لـە دەسـگایەکی دیکـە یـا بەرپرسـێکی ناسـراوی دەسـگایەکی

هەواڵگرییەوە دەهاتن !! کورد دەڵێت (ئاش لە خەیاڵێك و ئاشەوان لە خەیاڵێك)

هەرچۆنێك بێت دکتۆر نەبەز با حەمەی عەزیزیش ناسنەکات, بەڵام کاك محەمەد پێشتر ئەندامی کۆمیتەیەك بووە بەناوی سەرکردایەتیی کاژیك کە جەمال نەبەزیش یەکێك بوو لە ئەندامەکانی و لە١٩٦٢ ەوە لەئەڵەمانیا دەژیی (سەرکردایەتیی کاژیك هەموویان بە یەکسانیی پلەی ئەندامانی سەرکردایەتییەکەیان هەبوو, سکرتێر یا سەرۆك یا رابەر دیارینەکرابوو, پاسۆکیش هەروابوو) مەگەر کاك ئازاد مستەفا حەزیدەکرد بە سکرتێر ناوببرێت,یا هاوبیرانی پاسۆك حەزیان دەکرد ئەوانیش وەك لایەنەکانی گۆڕەپانی حیزب حیزبێنەی باشووردا ئەوانیش سکرتێریان هەبێت. لە نێو ئەوانەدا تەنها یەکێتی نیشتمیانی کوردستان سکرتێری گشتیی هەبوو کەلە رۆژی دامەزراندنییەوە لەساڵی١٩٧٦داهەتا ئەمساڵیش٢٠١٦هەر لە پۆستەکەیدایە هەرچەند دەمێکیشە نەخۆشی برستی لێبڕیوەو لە پەلوپۆی خستووە.

ئەوەی لەم بوارەدا زۆر جێگەی سەرنجە,ئەم پرسیارە خۆی دەسەپێنێت: چۆن کاك حەمەی عەزیز کەچاك دەزانێت دکتۆر نەبەز لەئەڵەمانیایە و هەرنەبێت وەك دوکورد لەغەریبیی , دوکوردی خەڵکی سلێمانی, نەك سەردان ودیدەنیی , هەواڵ پرسییەکیشی نەکردووە و بگرە خۆیشی لێ ئاشکرانەکردووە , ئەوە یەك , یەکەودواش لەملاوە مامۆستا نەبەز بەپارە

یارمەتی کاك حەمەی عەزیز دەدات و لەولاشەوە کاکە حەمە مانگانەی بۆ کوردۆ عەلی بڕیوەتەوە؟ سەیرە , بانێکەو دوو هەوا, یا رۆن رژابوو؟ ئەم پرسیارەم راستەوخۆ رووبەڕووی کاك حەمەی عەزیز کردەوە لە دانیشتنێکدا لە سلێمانی پالاس بە ئامادەبوونی دکتۆر ئەبوبەکر عومەر,لە وەلامدا وتی(سەر لەبەری ئەو قسانە درۆن,هەرگیز نەکڕوزاومەتەوە, من ئەوە چەندین ساڵە بەدەست دوو جۆر شێرپەنجەوە دەناڵێنم,گەدەم نییە,بەتەواوەتیی دەریانهێناوە نەکروزاومەتەوەو ناکڕووزێمەوە, ئێدی ئەوکات سپوساغ و لە هیچم کەمنەبوو,بۆ کڕوزاومەتەوە؟جەمال نەبەز هاتۆتە ماڵی من و وەك دیاری کە لە کوردەواریدا باوە پارەیەکی بە منداڵەکانم داوە.)

**لا.٧٢: " حەمەی مستەفاکەینوبەینێکی رێکخست, ئاراس وەلی(کە ئێستە لە سوید دەژی)لەگەڵ خوشکەزایەکی جەلالی حاجی حسەین کە نێوی نیازە, حەمەی مستەفا هانی دابوون بۆ کوشتنی جەواد, بەلام جەواد هاتە دەست و پیلانەکە سەری نەگرت بۆیان."**

** ئەو جۆرە کارانە ١٩٧٥ لە پێنجوین دەستی پێکرد : فرمانێکی رەش بۆ لەناوبردنی کاك فوئاد حەمەئەمین سەڕاج کە مەنجەلێك ئاوی لەکوڵ بکرێت بەسەریدا! خوێنەر دەخوازێت بزانێت ئەو کەینوبەینە چۆن بووە , دەشێت لە ئاوی لەکوڵ سەیرتر بووبێت ؟ حەمەی مستەفا بۆ هەوڵی کوشتنی جەواد مەلا دەدات ؟ ئەی هاتنە دەستەکەی کاك جەواد چۆن بووە,

یا دکتۆر نەبەز تەنها مەبەستی ئەوەیە کاك جەواد پێشتر پێیزانیـوەو فریـای خۆی کەوتووە یا دەستی گەیشتۆتە چەك و چنگ لەسەرشان هەڵیبڕیون؟ ئـەو خوشـکەزایەی شـەهیدی جوانەمـەرگ جـەلالی حـاجی حسـەینم دەناسـیی, لەشـــاری کـــوێلن _ ئەڵـــەمانیا لـــە دوکـــانێکی خواردەمـــەنی خێرا(ئیمبیس)کاریدەکرد ,ئەم دواییانە پرسیارم کرد لەو دووکانە نەمابوو.

**لا.٧٣ : مامۆستا باسی شێخ ئەحمەدی نەقیب دەکات کە محەمەد مستەفا فەرمانیداوە بە کوردۆ عەلی ئەم پیاوە لە ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا( سۆکسە )دەربکرێت چونکە ئێران رازی نییە! کوردۆش دەڵێت برادەری جەمال نەبەزە وناتوانین دەریبکەین بەلام بەئاشکرا لەنێو خەڵکدا وتبووی ئەحمەد نەقیب پیاوی ئەمەریکایە. ئەوەی پێدەوت و نانی ماڵەکەشی دەخوارد! هۆیەکەش ئەوەیە شێخ ئەحمەد دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلوول چۆتە کۆنسولاتی ئەمەریکا لەتاران و داوای کردووە فریای کوردبکەون و ئەگەر ئەوکارەبکەن ئەم ئامادەیە خۆبەخشانە هاوکارییان بکات بەڵام ئەوان ویستوویانە هاوکارییان بکات و پارە وەرگرێت, ئەمیش ئەوەی قبوول نەکردووە. ئەم راستییەش لەوبەڵگەنامانەدایە کە شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی بەسەرداگرتن و بەزەقیش تۆمارکراون, وەك خۆی و بەفارسیش بلاوکرایەوە. ئینجا نەبەز دەڵێت " ئەحمەد نەقیب هەتا مرد سەربەرزانە و بەرەنجی شانی خۆی دەژیا بەڵام کوردۆ پەنای بردە بەر پارتی و یەکێتیی و سەری شۆڕکردەوە بۆیان..."**

**بەندە بنەماڵەی نەقیب لەنزیکەوە دەناسم و هەتا ساڵی١٩٦٠ماڵی نەنکم بەرامبەر ماڵە گەورەکەی ئەوان بوو,چەند هەنگاوێك سەروو مزگەوتی ئەوقاف _ سلێمانی, ماڵی خۆشمان٥٠٠مەترێك سەرووتر بوو . بەڕێز شێخ ئەحمەد نەقیب کوڕی شێخ رەوفی کوڕی سەید نووری نەقیب و لەساداتە هەرە ناسراوەکانی گڵەزەردە و لە هەمان بنەماڵەی شێخ

مەحموودی مـەلیکی کوردسـتانە ومزگـەوتی نـەقیب لەسـلێمانی بەهیمـەتی ئـەوان و لەسـەر زەوی ئـەوان دروسـتکراوە, ئـەو ملّکانـەی دەور و پشـتی مزگەوتەکەش ئەمبەر و ئەوبەر کە بازاڕە گەورەکەی نەقیب بەشـێکێتی.لەو بەڵگەنامانـــەی خوێنـــدکارە شۆڕشگێڕەکانی(ســـەربەئایەتوڵلاخومەینی) لەکونسولّخانەی ئەمەریکادا لە تاران دەستیان بەسەرداگرت (هەرچەند بـە ئـامێری تایبـەتیش ونجڕونجڕکرابـوون),دواتر مۆنتاژکرایـەوەو لـە شـێوەی کتێبێکـدا بـە چـەند بـەرگێك چـاپکرا,بەڕێزان حەمـەی حـاجی مـەحموود و عەبـدوڵلائاگرین وەك شـاندێکی پـارتیی چـوبوونە ئێـران ئـەو کتێبـەیان پێدابوون, لـە یـەکێك لـە بەڵگەنامەکانیـدا راپۆرتیـك لـەبارەی ئەوبنەماڵـە بـەڕێزەوە هەیـە و باسـی بـەرێز شـێخ رەوفـی سـەید نـوری دەکـات کـە دژی تورکەکان بوون و هەواداری ئینگلیزیش نەبوو.

کوردو(ســـەروەر عـــەلی) ئـــەنجامی نەخۆشـــییەکی درێژخایـــەن رۆژی ٢٠١٦/١٢/١٨لە شاری سـلێمانی جوانەمـەرگ بـوو, بـەو پێیـەی کەوتۆتـە پەرێزی ئەوانەی سەردەمی کێشەی نێـوان ئیمـام عـەلی وموعاویـەی کـوڕی ئـــــەبو ســـــوفیانەوە کـــــە دانیشـــــتوانی مەکـــــە پەنـــــدێکیان بەبەردابڕیبوون(لەســـەرخوانی معاویـــە دەلـــەوەڕی و لـــەدوای عەلییـــەوە نوێژدەکات) ...ئەوان کە ناتوانن شێخ ئەحمەد لە نوکسـە دەربکـەن چـونکە برادەری جەمـال نەبەزە, ئەی چۆن دەیانەویت خودی جەمال نەبـەز پەڕبکـەن, وەك لەلاپـەڕە ٧٩دانوسـراوە: (**بڕیــاری پــەڕکردنی جــەمال نەبــەز پێویســتیەکی**

**مەوزووعییە.** ) جگە لەمەش ئەگەر وەهابێت کە(**محەمەد** مستەفا فەرمانیداوە بە کوردۆ عەلی, شێخ ئەحمەد لە (نوکسە)دەربکرێت چونکە ئێران لێی رازیی نییە, دەڵێین ئاخۆ ئەوانیش بە دەهـۆڵی ئێـران هەڵدەرین ؟جگە لەوەش ئێران کـە لـە شـێخ ئەحمـەد نـەقیبێکی ناسـراو و میـانڕەو رازی نەبێت لەنێو پاسۆکدا بێت , چـۆن لـە پاسـۆك رازییـە کـەئاڵای سـەربەخۆیی کوردستانی گەورەی بەرزکردۆتـەوە. ئینجـا پـارتیش و ئێـرانیش حەزدەکـەن یــەکێکی وەك دکتــۆر جــەمال نەبــەز بگەڕێتەوەکوردســتان و بکەوێتــە بەردەستیان , ئاخر ئەو لەئەورووپا مەلێکی بەرزەفڕە , کەگەڕایـەوە دەبێتـە بەندی قەفەز, ئەمە جگە لەوەی خۆمامۆستا سـەری بـەماڵی ئەمەریکاشـدا نەکردووە .

**لا ٧٨ : رۆژێك دوای کۆنگرە, کۆردۆ دەچێتە لای مامۆسـتا و دەڵێـت بەبۆنـەی هـاتنی کـاك جەلالەوە دانیشتنێکی چوارقۆڵی دەکەین, تۆ,من ,کاك جەلال , کاك محەمەدمستەفا. نەبەز دەڵێت با ئەندامانی کۆنگرەش ئامادەبن.کوردۆ دەڵێت " بۆخـاتری خـوا ئابڕومـان دەچـێ, دوورنییە کاك جەلال قسەی زۆر رەق بە کاك محەمەد مستەفا بڵێ... لەو دانیشتنەدا کـاك جەلال قسەی وای بە محەمەد مستەفا گوت, ئەگەر بەخۆی بگرتایە دەبوو بگریایە, دەمی بۆ بەتەڵەی تەقیو, کوردۆ ئەلیش دەمی نەکرایەوە. "**

**شەهیدی جوانەمەرگ جەلالی حاجی حسێن سامێکی بەسـەر پاسـۆکەوە هەبوو, ئەوەش لە جەربەزەیی خۆیی وگیانی رووبەڕووبوونەوە و پێشتر هاتنە دەست و بەردەوام ئامـادەییش بـۆ پەنابردنـە بـەر تونـد و تیـژیی وچـەك بـۆ یەکلاییکردنەوەی کیشەکان و ئەزموونی ساڵانێکی پێشـمەرگایەتی( ناوشـار ـ ناوخۆ) وشاخ و ناسـیاویی و دۆسـتایەتییەکی فـراوانیش بـەدەور و بـەرەوە ,بەڵام ئەو برادەرانە توانای داکۆکیکردنیك , پاکانەکردنێکیشیان نـەبوبێت و

بووبنە(مقەبا)،ئـەوە جۆرەگومانێـك لای خوێنـەر دروسـتدەکات کـە خـاڵی لاوازیان لەدەسـت کـاك جەلالـدا بووە.بـەڵام دەتـوانین بپرسـین ئـەوان ئەگـەر زاتیان نەبوو لەبەردەم ئەودا دەم بکەنەوە،ئەی چۆن توانییان لە بـەڕێوەبردنی پاسۆك کارکەناری بکەن؟

لا.٨١، ٨٢:" **بـەر لـەمردنی حەمـە مسـتەفا، فـەرهاد شـاکەلی و شـێرکۆی هـەژار چەندلا پەڕەیەك بەناوی ئەوەوە دژی کاژێك بلأودەکەنەوە بەڵام هەر لەو ماوەیەشدا ئەوانەی پاسۆکیان بەڕێوەدەبرد ،تکا لە مامۆستا ئەحمەد هەردی دەکەن کە یەکێکە لە دامەزرێنەران و رابەرانی کاژێك ، پاسۆك بگرێتە دەست خۆی."**

**" مامۆستا هەردیی لەتارانەوە تەلەفونیکرد بۆم و گوتی( شتێکی وا هەیە تۆ دەڵێیت چی؟ گوتم تۆ ئازادیت و خاوەنی بڕیاری خۆتیـت، بـەڵام ئەگـەر بـیروڕای مـن دەپرسـیت، تـۆ سەرپەرشتییان بکەیت لەکەسێکی دیکە باشترە. گوتی( بارودۆخی ئێرە زۆر خراپ بووە) گوتم لێرەش بەناوی محەمەد مستەفاوە چەند لا پەڕەیەك دەرچـووە ئەگـەرکرا دەینێـرم بـۆت. مامۆستا هەردیی ماوەیەك سەرپەرشتی پاسۆکی کرد، پاش ئەوەی کەنووسـینەکەی دژ بـە کاژێکی پێگەیشت، داوای لە سەرکردەکانی پاسۆك کرد بێزاریی خۆیان دژ بـەوە دەربـبڕن. ئەوانیش دەڵێن (هێندە راوەستە تا لاشەی محەمەد مستەفا دەگاتەوە کوردستان و دەنێژرێت، ئەوجا بەسەرچاو) ئەوان ئـەوەیان نـەکردو مامۆسـتا هـەردیش دەسـتبەرداریان بوو،لـە وتووێژێکیشدا لەگەڵ کەنالی مید تی ڤی، زۆر بە توندوتیژی دژی پاسـۆك قسـەی کـردو بەرگریی بۆ هەڵوێستی من کرد."**

**" کەمامۆستا هەردیی وازی لەسەرپەرشتکاریی پاسۆك هێنا، پاسۆك بـەهۆی خزمایـەتیی ملازم شوان و ئەبدوڵلا ئاگرینەوە کەوتە دەست ئەبدوڵلاو ئەوەبوو ئەویش فرۆشتی بە پارتی، بەرامبەر بە وەرگرتنی هێندەك پلـەو پـارە و لـە حکوومـەتی پارتیـدا کـرا بەئەنـدامی سەرکردایەتیی پارتی و پلەی دکتۆرا وپرۆفیسۆری پێدرا بەرامبەر بـەوەی پاسـۆکی کـرد بەخۆڵەمێش."**

**" لەو رۆژانەدا کە پاسۆك دەفرۆشرا بە پارتی, نامەیەك لە ملازم شوانەوە هات بۆم کە باس لەبارودۆخی خرا پی خۆیان دەکا. ئەز چۆن وەرامی حەمەی مستەفام نەدایەوە وەرامی ملازم شوانیشم نەدایەوە, چونکە کارەکە بەدەست خۆیان بوو, لەبەرئەوە پێویستە جامە ژەهرەکە , وەك مامۆستا هەردیی لەهۆنراوەیەکدا دەبێژێ, بنۆشن. پاش ماوەیـەك مـلازم مەنسـووری حەفیدیش نووسیبووی بۆم کە وازی لە پاسۆك هیناوە."**

** ئەم هەڵوێستەی مامۆستائەحمەد هەردی کـە یەکێکـە لەبیرمەنـدەکانی کـورد , ئەگـەر بیرمەنـدمان هـەبن , پێویسـتە زۆر بـەرز بنـرخێنین .دوای هەرەسی شۆڕشی ئـەیلوول چـووینە خزمـەتی بـۆ ماڵـەوە , وتـی کـورد ئـەو شۆڕشە گەورەیەی دۆڕاند, ئەمە کارەساتێکە گورچکبڕ, کورد هەڵدەستێتەوە وشۆڕشیش دەکاتەوە بەڵام بۆ گەیشتن بە ئامانج باشترین رێگەچارە ئەوەیـە رووبکاتە زانست , خوێندن و خۆپێگەیاندن . یابانەکان وەك ئێمـە جـەنگیان دۆڕاندو ژێرکەوتن بەڵام بیریان لە تۆڵسەندنەوە نەکردەوە , بەجۆرێکی دیکـە هەستانەوە و هەموو جیهانیشیان سەرسامکرد بە پێشـکەوتنی تـەکنۆلۆژیاو بەرهـەمی پیشەسـازیی و مارکـەی بـاوەڕپێکراو. هـەر ئـەوەش رێگەچـارەی کوردە بۆ هەستانەوەو قەرەبووکردنەوەی شکستە مێژووییە گەورەکە.بۆچـوون و پێشـــبینییەکانی مامۆســـتا هـــەردیش هـــەروا دەرچوون,شۆڕشـــی نوێش١٩٧٦هەڵگیرسایەوەو راپەڕینـە جەماوەرییەکـەی بـەهاری١٩٩١یشـی بـەدوواداهات,کوردی بـەکوێ گەیانـد؟ ریگەیـەك پـڕ لەکۆسـپ و تەگـەرەو هەورازو نشێو,پەرلەمانێکی ئیفلیج و پەکخراو,حکومـەتێکی شەلوشکست لەســەر دوو دارشــەق وەســتاوە هەنــدێك لایــەنی ئــاوەدانیی لێدەرچــێت سەرلەبەری بەرنامە وپڕۆژەو ئەنجامەکانیش سەقەت و سەقەتتر و سەقەتترین

و ســەیرترین حکومــەتی ئــەم ســەرزەمینەیە.کار و ئــەنجام بــەو تەمەنــە هەڵکشاوەیەوە کەشاندەداتە بەر ئــەو ئەرکــە گرانــەی رابــەریکردنی پاســۆك, هەموو هاوبیرانی کاژیك و نەتەوەییــەکان پشــتگیریان دەکــرد , بەتایبــەتیش لەبەر چەند هۆیەك :

١ ـ بەو هیوایەی دەنگوڕەنگی کاژیك بگەڕێتەوە نێو ناوان , ئەگەر چـی بـە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێ .

٢ ـ پڕکردنەوەی کەلێنە گەورەکەی پاسۆك لە نەبوونی رابەرێکی روونـاکبیر و بەئەزموون و ناسراو.

٣ ـ رزگارکردنی بزوتنەوەکە لەو سنوورە تەسکە کە هێـزو پێـزی لێبڕیبـوو , رێگەی بڵاوبوونەوەو گەشەسەندنی نەدەدا .

٤ ـ بـەهێزکردنی بزوتنەوەکـە , بـە رادەیـەك بگاتـە ئـەو ئاسـتەی بتوانێـت لــەرووی یــەکێتی نیشــتمانی یــا پارتیــدا خۆڕابگرێــت و توانــای ململانێــی پێشمەرگانەی هەبێت بەرامبەریان , ئەو کاتەش دەتوانێ کاریگەریی لەســەر رەوتی گشتیی شۆڕشەکە دابنێ بەلای ئامانجە نەتەوەییەکاندا.

ستافەکەی مامۆستا هەردی بریتیبو لەکوڕەکانی خۆی کاکە ئاسۆس و کاکە رێبین و پوورزاکانیان کاکە ئاری وکاکە دیاری قادر بەگ کە پـورزای منیشــن و تۆفیقی نووری بەگ کە دەبێتە مامی کاکە ئاری ودیـاری بەرپرسـیی لقــی سـلێمانی پاسـۆك , بــەڵام مامۆسـتا هــەردی بـاری تەندروسـتییەکەی زۆر

سازنەبوو, بەتایبەتی کە هەر لەمێـژبوو هەناسـەبڕکێ(رەبوو)ی لەگەڵـدابوو, بارودۆخی پاسۆکیش لەبارنـەبوو,کادرە باشـەکانی کـە کۆمـەڵێك ئەفسـەری سوپابوون, شەهید بوون یا دانیشتن , بەڵام دەبێـت بپرسـین ئـەو ژمـارە زۆرە ئەفسەرە بۆ کشـانەدواوەو دانیشـتن ؟ ئـەوە جگـە لـەوەی مامۆسـتا هـەردی کاژیکانە کاریدەکرد, یانی کوردایەتی دەکرد, بەڵام ئـەوان بەسـەرێك حیـزب حیزبێنە و بەسەرێکیش سیاسەتبازییان دەکرد, کە بریتییە لە هەموو شتێك لـەپێناو بەرژەونـدی تەسـکی حیزبدا.ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی نـە یـەکێتی و نەپارتیش نەیاندەویست رێکخراوێکی نەتەوەیی بـەهێز لەگۆڕەپانەکـەدابێت. نامەیـــەکی مـــەلا بـــەختیار دەســـت پاســـۆك کـــەوتبوو, لەســـەرەتای دروستبوونەوەی شۆڕشی نوێدا بۆ بەرپرسیی یـەکێتی لـە شـارباژێر ,محەمـەد (ناسراو بەحەمەی عەتێ)ی نـاردووە: پاسـۆك هـەتا ژمارەیـان دەبێتـە ۱۰۰ نەفەر مەترسییان نییە, بەڵام لەوە بترازێت لێیاندەن!

** پاسۆك بەهۆی خزمایەتی کاك عەبدوڵڵا ئاگرین و ملازم شوان نەچـووە دەسـت عەبــدوڵڵا ئــاگرین ,کــاك شــوان دوای راپــەڕین کچــێکی کــاك عومەرمەحوی(سۆران مەحوی چیرۆکنووس) برای کاك عەبدوڵڵای خواسـت. عەبدوڵڵاو شوان نێوانیان خۆشنەبوو, هەریەکەشیان هەوادارانی خۆی هەبوو, ئــەو هاوبیرانــەی رۆژی شــیرینی خواردنەوەکــە ئامــادەبوون , دووبەشــی نەیاربوون, بەشێکیان مولازم شوان بانگیکردبوون(ماڵی زاوا) وبەشێکیشیان کاك عومەرمەحوی و عەبدوڵڵای بـرای بانگیانکردبوون(مـاڵی بـووکێ) وەك

ڕەنگدانەوەی ئەو ناتەباییە,کاك عومەرشەمەیی روویکردە من وبەدەنگی بەرز و بەشێوەیەك هەموان بیبیستن وتی ( من ماڵی زاوا بانگیان کردووم!) ئەو ومامۆستا فایەق عارف و چەندکەسێکی هاوبیری کاژیك , هاودەنگی شوان بوون, عەبدوڵڵا بانگی نەکردبوون . پاسۆك لەچەند قۆناغێکدا بۆ یەکێك دەگەران لەدەرەوەی بازنە تەسك و داخراوەکەی خۆیان کە بەشێك نەبێت لە کێشە قوولەکانی نیوان کەسە دیارەکانیان کە رێگەی نەدەدا کادیری نوێی تێدا دەربکەوێت. ژمارەیەکی کەمیان رووناکبیر بوون, وەك مولازم کەریم و ئازادمستەفاو مژدە تاهیر, رێباز .... عەلی بەگی جاف کەدانرا بەئەندامی سەرکردایەتی , دوبە دو لەماڵی ئەوان دانیشتبووین وتی : (برا, ئەمانە زۆر وێرانن ئەی هاوار روناکبیرێکیان تیانییە.) مولازم شوان گروپێکی لە خۆی گردکردەوە لەو هاوبیرانەی لە مولازم کەریم وعەبدوڵڵا ئاگرین رازی نەبوون,زۆرینەیان خزمەکانی خۆی وخزم ودەروێشەکانی کاك ئازاد مستەفا بوون,چەند هاوبیرێکی کاژیکیش وەك مامۆستا فایەق عارف , جوانەمەرگ عومەر شەمەیی, فوئاد سەرڕاج,بەڵام لە یەکەمین کۆنگرەی پاسۆکدا شکستیان بە رکەبەرەکانیان نەهێنا... عەبدوڵڵائاگرین لە یەکەمین کۆنگرەی پاسۆکدا ,ئەوەندەی من بزانم بەشێوەیەکی دروست و ئاسایی هەڵبژێردرا و دەستی کەس و لایەنێکی بەپشتەوە نەبوو, شەهید مولازم کەریم لەویدا بازیکی بەسەرمولازم شواندا دا و ژمارەی دەنگەکانی زۆر لەسەر بوون ,کاریگەرییەکەشی زەق زەق بە مولازم شوانەوە دەبینرا کە چەند نیگەرانە. دوای ئەوەش کەچوونەنێو

پارتیشەوەو بوونە ئەندامانی سەرکردایەتی ,عەبدوڵڵا ئـاگرین پێشـتر چـەند گفتو و بەڵێنێکی بۆ خۆی, کـەریم , شـوان ,مـژدە وەرگرتبـوو, هەربـەوەش رازیی کردن بڕیاربدەن بچنە نێو پارتییەوە, ئەگەرنا مولازم کەریم نەدەچـووە ژێر ئەو بارە کە هەرگیز بیریشی لێنەکردبووەوە و لە یەکێتیشەوە نزیکتر بوو وەك لە پارتی و لەگەل مەسعود بارزانیشدا نیوانی ناخۆشبوو.کاك عەبـدوڵڵا لەهەڵوەشاندنەوەی پاسۆك بەتیریك دوو نیشانی شکاند و کردیشـی بەمنـەت بەسەر پارتییەوە کە حزبیکی پاکی پیشکەش دەکا.هەرچەندە پاسۆك سەنگ وقورسایی هێزی پێشمەرگەی ئەوەندە نەبوو بـەڵام بـۆ پارسـەنگی تـەرازووی هیزەکـانی بـەرەی کوردسـتانیی زۆرگـرنگ بـوو .ئـەو کاتـە مـام جـەلال لەدیمەشـق بـوو, بروسـکەی بۆمەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی کردبـوو ( هەرچۆنیك بێت نەهێڵن ئەو یەکگرتنە بکرێت هەتا خۆم دیمەوە.) لەو رووەوە کاك عومەری سەید عەلی بـەمنی وت ( کـوڕی بـاش, هـەر بۆبەرژەوەنـدیی خۆتان پرسێکتان بەئێمە بکردایە). هۆنراوەکەی مامۆستا ئەحمـەد هـەردیش کـە هـەر وشـەیەکی مروارییەکـەو قووڵبوونەوەیـەکی فەلسـەفییە, وەهـا وەستایانە لە فۆرمێکی ناسکدا هۆنیویەتییەوە, هەتا کـورد مـاوە هۆنـەر و هۆنراوەکەی بەنـەمریی دەمێننـەوە . مامۆسـتا هـەردی هـۆنراوەی کەمـە بـەڵام ئـەو کەمـە هـەر هـەموی دوڕو گەوهـەرە وەك ئـەو مریشـکەی کـەم هێلکـەی دەکـرد, بـەڵام کـەدەیکرد هێلکـەی مـرواری دەکـرد! سـەرەتای هۆنراوەکەی مامۆستا هەردی :

کەجامی شەرابت خستە سەر لێوت غەشیمانە

ئـەگەر ژەهریشی تێدابێ گوناهی خـۆتە بیزانە

هەڵە یاخو گوناهت کرد,لەکاتیکا کە بێهۆشیی

سزاو تاڵاوی هەرچی بێ , ئەبێ وەك بادە بینۆشی

**لا.٨٣: "سۆكسە بەرەسمی لە ٢٠٠٥/٤/٢٢دا هەڵوەشایەوە" پێشتریش نوكسە لە١٩٧٧/٩/٣دا هەڵوەشابووەوەوە,كاژێكیش پە نجاســاڵە نـەهیچ بلاڤـۆكێكی لەكوردســتان بلاوكردۆتــەوەو نەهیچ چالاكییەكی پیشانداوەو پاسۆكیش لە ١٩٩٣وە تواوەوە, هەمووشـیان لەسـەر ڕێـازی نەتەوەیی بەڕێوەدەچوون .**

** ئــەوە چ دەردیــك بوونەیدەهیشــت ئــەو بزوتنەوانــە بكەونەســەرپێ, شكستەو ئیفلیج ئاسا بەهەموویەكدا (هەڵدەسوڕا)؟ ملازم شـوان جارێكیـان وتی: وەك (أصحاب ألكهف) ئێمەش حـەوت پێشـمەرگەو سـەگێك بـووین . سەرانی كاژیك هەڵبـژاردە و پوختـەی ڕوونـاكبیرانی كوردبـوون و لێوەشـاوەو بەهیمـەتیش بـوون , بـەلاّم هـەرزوو مامۆسـتا عەبـدوڵلا جەوهـەر, دكتـۆر ئیحسان فوئاد ئینجا مامۆستا محەمـەد سالّح (سـالّح هێتلـەر) , مامۆسـتا غەفور ئەمین , مامۆسـتا فەرەیـدوون عـەلی ئـەمین و دوای ئـەوانیش كـاك شـــــێركۆ بیكەس,مامۆســــتا حەمەعــــــەلی فەرەج,عەبدولفــــــەتاح عەبدولرەززاق(مەلافەتاح) وودوای هەموانیش مامۆستایان هـەردی و فایـەق عارف و كامیل ژیر گومانیان نەما كە بزوتنەوەكە هیچی لێسـەوزنابێت.... ئەمە جگەلەوەی كاژیك هەر لەسەرەتاشەوە خەباتی خۆی تێكـەل بـەپارتیی

کـرد و بووبـە کـراس سـووری بەرلەشـکر و نـەیاران و ناحـەزانی پـارتیی و دوژمنەکانیشـی وەك باڵەکـەی مەکتـەبی سیاسـیی ,پـارتی کۆمۆنیسـت ,حکومـەتی عێـراق بـی سـێو دوو دوژمنایـەتی کاژیکیـان دەکـرد... ئـەو شـیوەی کـاری نهێنییـەش بەکـەس قـووت نەدەچـوو بـەلام ئەوانـەمان کـە هەتا ۱۹۷۵وهەرەسی شۆڕش ئەیلوول مابووینـەوە.وەك فـەرمانی سـەربازیی پیڕەویماندەکرد و باوەڕیشمان پێینەبوو.

لا.٨٤: مامۆستا رازیی نەبووە دەستپێکی پەخشی بەرنامەکانی سـەتەلایتیN.R:T بـە چـاوپێکەوتنێکی ئـەو دەسـت پێبکـات , چـونکە نازانێـت ئـاخۆ سـەربەخۆن یـان سەربەحیزبێکن و ناشزانێت سەرچاوەی داراییەکەیان لەکوێوەیە , ئەمەش دەبێتە هـۆی ئەوەی ئەوانیش لەبەرامبەردا چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کاك عەبدوڵڵا ئاگرین دا سازبکەن بۆ ئەوەی گوایە بەدڵی بەرنامەکە قسـە لەسـەر کاژیـك بکات.سـەربەخۆبوون دەمێکـە رەها نییەو بۆتە پرۆسەیەکی رێژەیی, بەو پێوانەیە ئەو کەناڵە دەیتوانی لە بری دکتـۆر نەبەز (سەرێکی) لە سەرەکانی ئەو حیزبانە بـانگ بکردایـە.ئاخۆ میـدیای سـەربەخۆ هەیـە, یـا سەرچـاوەی دارایـی خـۆی ئاشـکرابکات؟برا ئـەو شـتانە لە(نهێنییـەکانی پیشەکەیە) رۆژێکیـان لـە ئەڵـەمانیا ناسراوێکی(ئیسـلامیی) میوانمـان بوو,شووشـەی ئاوەکـەی بـەردەمی هـەڵگرت و وتی:ئـەم ئـاوە حەڵاڵـە؟ وتم براله,نـە گۆشـتەو نـە شیرەمەنیشە, بلێی هی بەراز یا گوێدرێژە!ئاو پاك و پیسی هەیە, نەك حەرام و حەڵاڵ.

** بەشبەحاڵی خۆم باوەڕناکەم ئەو چاوپێکەوتنەی دکتۆر ئاگرین سـیناریۆ بووبێت . لەوبارەیەوە لەگەڵ ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەکەدا , کـاك فەیسەل قسەمانکرد, ئەویش بۆچوونی تایبەتی خۆیی هـەبوو بەرامبـەر ئـەو

کاژیکانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵداکردوون . هۆیەکە لای دکتۆر ئاگرین تـەنها خۆدەرخسـتنە لەمیدیاکانـدا بـۆ پاککردنـەوەی پـەرێزی خـۆی لەوهـەموو تۆمەتانەی رووبەڕووی دەکرێنـەوە,جا چـەندی راسـتە و چـەندی بێبناغـەیـە, کورد چاوی کراوەتەوە و میژووش شەرم لەکەس ناکات.

**لا. ٨٥, ٨٦ "بەلام بەهەڵبژاردنی ئەبەئاگرین بۆگێڕانی ئەو رۆڵـە بە پەندبووانەیـە, دەریا نخست کە نەك هەر سـەربەخۆنین بـەڵکو لەرامیاریشـدا گێـل و نـەزانن,خۆ ئەگـەر مەبەستیی N.R.T زانیاری مێژوویی بووایە, دەبوو هیچ نەبێ پرسیارێکی لە دکتۆر بەرهەم سالحیش بکردایە,چونکە جەنابی دوومانگ و پێنج رۆژ(بە پێی زانیارییەك کە لە مامۆستا ئەحمەد هەردیم بیست)ئەندامی کاژیك بووە. ئەوجا حکوومـەتی بـەئس ناردوویـەتی بـۆ لەندەن بۆخوێندن... ئەبەئاگرین ئەوکەسەیە پاسۆکی فرۆشت بە پارتی.... ئەوجا بەرامبەر بەچی وا پاشلی پیسی خۆی دەرخستووە...خۆی هەڵدەکێشی پڕ بە کراسێ, وەك ئەوەی کەس نەیناسێ, چونکە پێیوایە کە بەڕێزان ئەبدوڵلا جەوهەر وئەحمـەد هـەردی و فەرەیـدوون ئەلیی ئەمین و ئیحسان ئەبدولکەریم کۆچیدواییان کردووە, هەر درۆیەك بفرۆشێ بەنرخی رۆژ لێیدەکڕدرێ. ئەوە نازانێ کەهێشتا هـی وامـاون کـەباش دەیناسـن و ئەگـەر چـەند وێنەیەکی لەگەلێ دامەزرێنەرانی کاژیك بلاوبکاتـەوە, ئـەوە ناگەیـەنێ کە پاشـلی پـاك بووە.ئەبە ئاگرین دەبێژێ پاش جیابوونەوەی ئەبدوڵلاجەوهەر لەکاژیك و چوونی ئیحسان فوئاد بۆخوێندن لە مۆسکۆ,کاروباری کاژیك کەوتە دەست دووکەس, کاروبـاری رێکخراوەیی کەوتووەتە دەست جەنابی لەکوردستان و کاروباری نووسین کەوتۆتە دەست بەندە(جـەمال نەبەز), ئەوەش باش دەزانێ کە لە پاش١٩٦٤/١٩٦٥ەوە کاژیـك لەکوردسـتان هـیچ جـۆرە چالاکییەکی نەبووە..."**

** دکتۆرعەبدوڵلا ئاگرین حەزلەخۆدەرخستن دەکـات, **زۆربەی هەرە زۆری رۆژهەلاتیـانیش مێژووی سیاسیی , کۆمەلایەتیی یا وێژەیی وهونەریی خۆیان بەراستی ناگێڕنەوە, هەندێك کەسیش لە پاش مردووان ئینجـا**

**قســـان دەكـــەن**... كـاژیكیش هــەتا هەرەســی شۆڕشــی ئــەیلوول لــە بەهاری١٩٧٥دا, هێشتا لە بازنەیەكی تەسكدا جۆرە چالاكییەكی هـەبوو , نەك هـەتا ١٩٦٤/١٩٦٥ . مامۆسـتا عـەبـدوڵلا جەوهـەریش جیانـەبووەوە بەلكو كشایە دواوەو دانیشت چونكە بەو ئەنجامە گەیشت كە (تۆز لە دەریـا هەڵناسێت) .دوای ئەو مامۆستایان ئەحمەدهەردی, فەرەیدوون عەلی ئەمین, كامیل ژیر وفایەق عارف مابوون . كاك فەرەیدوون دوای ١١ئـازاری١٩٧٠و گەڕانـەوەی لەشـاخ , لـەماڵی جیهـانی بـرای دابـەزیبوو لەگـەڕەكی ئـەزمڕ, لەگەڵ كـاك عـەبـدوڵلا ئاگرینـدا چـووین بـۆ بەخێرهاتنـەوەی, وتـی بـەنیازە یەكجاریی بچێت لە بەغدا دابنیشێ .

وینەگرتنیش گرنگییە میژووییەكەی لەوەدا نییە ئەو كەسایەتییانە هەتاسەر دۆسـت وهاوكـاربن ,سـەددام و حەسـەن بـەكر زۆر وینـەیان پێكـەوە گـرت, هەروەها بارزانی و كەریم قاسم,مام جەلال و بارزانی مستەفا, مام جـەلال و نەوشیروان مستەفا.

** لــەبارەیN.R.T یشــەوە دەڵــێم ئــەو كەناڵــەی تەلــەفیزیۆن ســەر بەهەرلایەك بێـت , سـەربەئێران نییـە, ئەگـەر وابوایـە لەسلێمانی پـەلامار نــەدەدرا. مــەرجیش نییــە ئەگــەر سەرچـاوەی داراییەكـەیی دەرنەخسـت, ســـەربەخۆنەبێت, چـــەند لەمیـــدیاكانی كـــورد سەرچـــاوەی دارایـــی و پاڵپشتەكانیان ئاشكراكردووە؟ لەوەش گرنگتر ئەوەیە لـە هـەر بوارێكـدابێت خزمـەت بـەكورد بكات.رۆژنامـەی تێگەیشـتنی راسـتی و گۆڤـاری پـەیام

لەسەردەمی پاشایەتیدا بەپارەو سەرپەرشتیی راستەوخۆی کونسولخانەی بەریتانیا لە عێراق و (مێجەرسۆن)ەوە دەردەچوون ,خزمەتی بەرچاویشیان بەزمان و وێژەی کورد دەکرد ,مێجەر سۆن خەلاتی نەختینەی ئەو نووسەرەکوردانەی دەکرد هۆنراوەیەك,وتارێك,چیرۆکێك بە کوردییەکی پاکوپەتیی بنووسن.

**دکتۆر بەرهەم و زۆری دیکەش کاژێك بوون, وەك فەرەیدوون عەبدولقادر, حەمەی حاجی مەحموود,شەهیدعومەری سالح مەنسوور,شەهید نوری شەریف, مولازم عومەر,ئەندازیارعوسمان عەبدوللا برایمولازم عومەر , حامیدی حاجی غالیی...هاوبیر حەمەعەلی هەڵەبجەیی ئەو ناوانە پشتڕاستدەکاتەوەو دەڵێت:(بەڕێزان حەمەی حاجی مەحموود,حامیدی حاجی غالی,شەهید نوری شەریف ,شەهید بەختیاری مەجیدخان,مامۆستا سەید ئەحمەد(کارگێڕی لقی١٢یپارتی),وریابراخاس,فایەق براخاس,نامیق براخاس,شەهید جەمال(وەستامحەمەد),سەید فاتیح شێخ حەیدەر,کەریم عوسمانی ئەندازیار,عەلی حەمە سالح(عەلی فەیمە)حەمەی فەرەج چوارکلاوی,حەمەی غەفورشەریف) هاوبیر حەمەعەلی هەڵەبجەیی ئەوەش دەڵێت کە(مەفرەزە سەرەتاییەکەی شارەزوور کە ساڵی١٩٧٦شۆڕشی نوێیان لەو دەڤەرە هەڵگیرساندەوە شەش حەوت پێشمەرگەبوون زۆرینەیان لەو هاوبیرانەی کاژێك بوون).

وەرگرتنی کەسێك لە ڕێکخستنەکانی کاژیکداوەك وەرگرتنی کەسێك نەبوو لای پـارتی, یەکێتی,سۆسیالیسـت,پارتی کومۆنیسـت, هـاوبیران سـالآنێك چاوەڕوانییان دەکرد بێنە نێو بازنە تەسـکەکەی کاژیکەوە..دڵنیاشـم دکتـۆر بەرهەم حکوومەتی بەعس نەیناردووە بۆلەندەن, بەڵکو لـە ڕێکخسـتنەکانی یـەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتانداکاریدەکردو دەسـتگیرکرا,لەژوورێکدابووە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی (سابیرکۆکەیی) و لەوبارەیەوە کاك سابیر لەکتێبی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت : ڕۆژێکیان کـوڕێکی پاکوخـاوێنی (قـژ بـە شـامپۆ) یـان هێنـا, ئێمـە گومانمـان لێـدەکرد, بۆسـبەینێ بردیـان و ئـیتر نەهاتەوە.ئەمە لەلایەك , ئەوەشم بیستووە بەرهەم ساڵح بەهۆی گۆڕینـەوەی دیلـەکانی میریـی لەگـەڵ ئەنـدامانی( ینـك ) ئـازادکراوە و هـەر ئـەویش بـــوو١٩٧٦لـــەرادیۆی دەنگـــی ئەمـــەریکاوە یەکـــەمین جـــار هـــەواڵی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی ڕاگەیاند.

**کۆمپانیای نالیاو تەلەفیزیۆنەکەو(چاڤی لاند)ش بەناوی بەڕێز شاسواری وەسـتا واحیـدی کەبابچـی گـوزەری ئاسـنگەرەکانەوەیە و سەرچـاوەی داراییەکەشی پارەی دکتۆر بەرهەم و( پشکی هاوولآتییانـە)و سـەتەلایتەکەو دواتـر چـاڤی لانـدیش کەوتـە بازنـەی ململانێکـانی نێـو سـەرانی یـەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە وشاسوار بەر پەلاماری چـەند چـەکدارێکیش کـەوت وبەسەختیش زامداربوو.شاسوار پشتی بەهێز بوو,ئـەگینا ئـەوێکی تـەنیاباڵ بـە خـۆی وقەڵەمێکـەوە ناتوانێـت خـۆی بگرێـت. خالیـدی خولەسـوور

بـــە١٦كـــوڕی چـــەك بەدەســـت و جگەرگۆشـــەی خـــۆی و٣٠٠چـــەكداری كەسوكارییەوە بەرۆژی نێوەڕۆ لەبەردەم ماڵەكەی خۆیدا كوژرا.

**لا.٨٦: " قوربەسەریی كاژێك ئەوەبوو كەئەو جـۆرە كەسـانەی وەك ئەبـە ئـاگرین لـە رێی( پارتی گەلی كورد )ەوە كەوتنە نێو كاژێكەوە, گابەردیان خستە بەر رەوڕەوەی كاژێك و ئێستەش لەرێی درۆ و دەلەسەوە نان و كەبابی پێوە دەخۆن... ئـەز كـەوڵاتم بەجێهێشـت لە١٩٦٢/٥/١٩دابوو, واتە ٣ساڵ دوای دامەزراندنی كاژێك, لەو سێ ساڵەدا ئەبە ئاگرین و محەمەد ئەزیز( حەمەی ئەزەدۆم ) و شێخ محەمەدی هەرسین هیچیان پەیوەندییان بەكاژێكەوە نەبوو, ئەمانە لەساڵی ١٩٦٤ەوە پاش توانەوەی ئەوەی نێویاننابوو( پارتی گەلی كورد ) كە ئەز هەر بەنێو بیستوومە, هاتنە نێو سەركردەیەتیی كاژێكەوە. ئەمەش بەبێ پرسوڕای من و بێ ئاگاداریی من. ئەز یەكە مجار لە١٩٧٠دا, لەكاك كامیل ژیر, نێوی ئەوانەم بیست."**

** ئەوەو چەندین شتی دیكەی گرنگیش كە دكتۆر نەبەز نە خـۆی ئاگـادار بووە و نە ئاگـاداریش كراوەتـەوە بـەڵكو زۆر درەنـگ و ئـەویش بەرێكـەوت گوێبیستیان بووە زۆر جیگەی پرسیارن و هـاوبیران وخوێنـەرانیش دەپرسـن : دكتۆر جـەمال نەبـەز بەهـەموو حسـابێك یەكێكـە لـە ئەنـدامانی دەسـتەی دامەزرێنـــەری كاژێـــك و سەركردایەتییەكەشـــی, كـــە لـــەو رووداوانـــە ئاگادارنەكراوەتەوە, نهێنییەكی تێدایـە چـونكە هـیچ رێگرێكـی تـەكنیكیی لەئارادا نەبوو, پۆست و تەلەگراف و پەیوەندی تەلەفۆنیش لە نێوان عێراق و دەرەوەدا كراوە بوو, تاك و تەراش كوردانی هەندەران سەردانی كوردسـتانیان دەكـرد, ئـەی دكتـۆر نەبـەز بـۆ وەهـا درەنـگ و بەرێكـەوتیش ئـەو روداوە گرنگانەی دیرۆكـی كـاژیكی بیسـتووە؟! ئـەوەش بۆخـۆی نهێنییەكـەو هـەتا زووتر ئاشكرابكرێت درەنگە و مـن دەسـتم ناگاتـە كلیلـی ئـەو نهێنییانـە

بەڵكو تـەنهاو تـەنها چـەند كەسـێك كـە تەمـەن درێـژبن هێشـتا لەژیانـدان دەتوانن گرێكوێرەی ئەو نهێنیانە بكەنەوە, بەتایبەتیش مامۆستایان كامیل ژیر و فایـەق عـارف و  كـاك محەمـەد عـەزیز و دوورنییـە دكتـۆر عەبـدوڵڵا ئاگرینیش شتێك لەو رووەوە بزانێت .لە دانیشتنێكی تایبەتیی سێقۆڵیدا لـە ئوتیل سلێمانی پالاس (كاك حەمەی عـەزیز,دكتۆر ئەبوبەكرعومـەر, بەنـدە نوری كەریم) رۆژی٢٠١٦/١١/٢٣ دوای چەندین باسوخواس لێرەو لـەوێ لـە نۆرە قسەی خۆمدا وتم بەرێز من لە بەرگی یەكەمی كتێبی (چەند سـەرنجێك لە دوابەرهەمەكەی دكتۆر جـەمال نەبـەز, كاژیـك ١٩٥٩/٤/١٤پێشـخان و پاشخانەكانی)ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێوەوە و هەر كەسێكی دیكـەوە هەیـە بێلایەن و راستیی پارێزبووم , بە رەش وتومە رەش و بە سپیم وتووە  سـپیی ,رەخنەشم لێتان هەبووە...ئەوەی دەمویست لە كاك حەمەی ببیستم لەچەند پرسیارێكدا چڕمكردنەوە ولە بەردەمیدا هەڵمڕشـت .پێویسـتە ئـەوەش بڵـێم پرسـیارەكانی٥  ـ ٨ لــە نـاوەرۆكی كتێبەكـەی دكتـۆر جـەمال نەبـەزەوە سەرچاوەیان گرتووە:

١ـ پارتی گەلی كورد كـەی دامەزرانـدنی خـۆی راگەیانـدو كـەی تێكـەڵ بـە كاژیك بوو؟

(دامەزراندنی پارتی گـەلی كـورد بـەبلاوكراوە رانەگەیەنراوە,بـەلام بـەیانێك لە١٩٦٤دا بەبۆنەی یەكگرتنی پارتی گەلی كورد و كاژیك بلاوكرایەوە.)

٢ـ بە چ هۆیەكەوە ماوەیەك لە ماوەت دەستبەسەرو لە ژێرچاودێریدا

بوویت؟

(هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە پەیوەندیم کرد و چوومە شاخ ,ساڵی **١٩٦٣** بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ فڕنێکی شۆڕش گەڕامەوە سلێمانی, ڕۆژە ڕەشەکەی مەنعی تەجەولەکەی ١٩٦٣/٦/٩ ی بەسەرداهات ... لەگەڵ سەعید گەوهەر و عومەری حاجی قادردا خۆمان دەربازکردو چوینە بەرزنجە,ئەوان گەڕانەوە و من چووم بۆ ماوەت, دەمویست بچم بۆ بارەگای بارزانی .جەلال قەرەداخی پسووڵەی هاتوچۆی بۆکردم, بەڵام بۆ سبەینێ کەمال مەولوود کە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ماوەت بوو هات و پسوڵەکەی لێوەرگرتمەوەو وتی نابێت لەماوەتیش بچیتە دەرەوە! ئەوەش مانای دەستبەسەرکردنە! هەتا سەرەتای ١٩٦٤ بە دەستبەسەری مامەوە.ئەو دەمە دەڤەری سلێمانی لە ژێر کۆنترۆڵی مەکتەبی سیاسیدابوو.)

**٣ـ** تۆو شەهید شێخ محەمەدی هەرسین چۆن وا زوو گەیشتنە پەنا بارزانی و پۆستی زۆر گرنگتان وەرگرت؟

(ئێمە پێکەوە نەچووینەتە دەرەوە, من هەر لەدەستپێکەوە پەیوەندیم بەشۆڕشەوەکرد, شێخ محەمەد لەسلێمانی دوکانێکی هەبوو, سەروەختی کۆنگرەی شەشەمی پارتی کە١٩٦٤لە قەڵادزێ بەسترا هاتە دەرەوە ...هەر کەسێکیش لەهەر بوارێکدا هەوڵبدات ,ماندو نەبێت و دڵسۆز بێت پێشدەکەوێت)

٤ ـ هەردوكتان كادیری پارتی گەلی كورد بوون ,كـە دەبـوو یـەكێكی ئێـوەو یەكێكی كاژیك بێت .

(وەك وتم من هەر لە سەرەتاوە ساڵی١٩٦١ پەیوەندیم بەشۆڕشەوە كرد, بـەر لە یەككگرتنی پارتی گەلی كورد و كاژیك و زۆر ئاسایی و وەك ئەو هەموو كوردەی پەیوەندییان دەكرد, نە بڕیار و نـە پێشـنیازی هـیچ لایـەنێكی تێـدا نەبوو.)

٥ـ سەرانی كاژیك هەمیشە وتوویانە تۆ و شەهید شێخ محەمەدی هەرسین بـە بڕیـاری ئـەوان نێردرانـە نێـو ریزەكـانی شۆڕشـی ئەیلوولـەوە بـە مەبەسـتی خزمەتكردنی بیری نەتەوەیی و كاژیك بەڵام خێرێكتان بۆ كاژیك نەبوو.

( من كە چوومە شاخ هێشتا ناوی كاژیكم نەبیستبوو,شێخ محەمەد هێشـتا نەهاتبووە دەرەوە .مامۆستایان ئەحمـەد هـەردی,كامیل ژیر,فایـەق عـارف, فەرەیـدوون عـەلی ئەمین,عەبـدوڵڵا جەوهەر,جـەمال نەبـەز, تاقیانمـان نەدەناسیی, بە ویست و ئارەزووی خۆشمـان چـووینە شـاخ بـۆ خزمـەتكردنی شـۆڕش و كوردایـەتی . عەبـدوڵڵای ئیسـحاقی ناسـراو بـە ئەحمـەد تۆفیـق هاتبووە ناوچەی سلێمانی , راو بۆچوونی ئەوانـەی وەردەگـرت كـە ناوێكیـان هەیە, لە گوندی تەگەرانـەوە نـاردبووی بـە دوای مـن و هەرسـیندا, كـە راو بۆچـوونەكانی ئێمـەی بیسـت لـە مـەڕ شـۆڕش و رێبـاز ئامانجـەكانی پێویستەچیبێت, وتی باشترە خۆتان بچنە لای بارزانی و پێشنیازەكانتانی بۆ

روونبکەنەوە. پێکەوە چووین بۆ لای بارزانی و شێخ محەمەد گەڕایەوە بۆ سلێمانی )

٦ـ نامەکەی١٩٦٤/٥/١٣ی کاژێك بۆ بارزانی تۆ گەیاندت یا دکتۆر عەبدوڵلائاگرین؟

( نە ئەو نامەیە و نەهیچ نامەیەکی کاژێکم نەبردۆتە خزمەت بارزانی نەمر)

٧ ـ لە ئەڵەمانیا مانگانەیەکت بۆ کوردو عەلی بڕیبووەوە, وەك خۆی بە دکتۆر نەبەزی وتووە.

( قسەیەکی نادروست و بێبنەمایە و هەڵبەستراوە, ئاخر چۆن لەلایەکەوە مانگی ٢٠٠مارك دەنێرم بۆ کوردۆ عەلی و لەولاشەوە لای دکتۆر جەمال نەبەز دەکروزێمەوە بۆ پارە؟!)

٨ ـ ئێران و بارەگای بارزانی بۆ ڕێگربوون لە گەڕانەوەی دکتۆر نەبەز بۆ کوردستان و بە مەترسییان دەبینی بۆ هەردوولا؟

(ئەوە پەیوەندی بە ئێرانەوە نییە, بارەگای بارزانیش کەمن بەرپرسی دووەمی دەسگای پاراستنی شۆڕش بووم و ئەو بڕیارانەش لە سنووری کاروفەرمانەکانی ئێمەدا بوو, ڕێگری لە گەڕانەوەی هیچ هاوولاتییەك ناکات بەتایبەتیش کەسێك تاوانێکی دژی کورد یا شۆرشەکەی نەکردبێت)

٩ ـ پیشـینەکانی نزیکبوونـەوەو یـەکگرتنی پارتەکـەی ئێـوە, پـارتی گـەلی کورد لەگەڵ کاژیکدا چۆن بوو؟

(ڕۆژێکیان شەهید تـۆفیقی نـوری بـەگ هـات,وتی چـەند کەسـێك دەناسـم نەتەوەیین و وەك ئێمـە بیردەکەنەوە,یـەکێکیان خزمیشمە,مامۆسـتا ئەحمـەد هـەردی شـاعیرە,ئەڵێن بـا یـەکتر بناسـین, گوێبیسـتی بـیر و بۆچـوونەکانی یەکتربین ولەیەکترتێبگەین .ئێمەش پێشنیازەکەیانمان پەسند کردو لـە مـاڵی ئەحمەد هەردی کۆبووینەوە, هـەر لـە سـەرەتاوە ئاشـکرا دیـاربوو هـەردولا هـەمان بیروبۆچـوون و ئامانجمـان هەیـەو لەسـەر هەرهـەموو رایەڵـەو هێڵـە درشتەکان کۆك وتەبابووین, تەنهاخاڵێك هەبوو ئایا لەو دو لایەنە رکەبـەرە, مەلامسـتەفاو باڵەکـەی مەکتـەبی سیاسـیی بـە رابـەریی ئیـبراهیم ئەحمـەد هاودەنگی کامیان بین, لەئەنجامدا ئەوەش لە بەرژەوەندی بارزانی یەکلایی کرایـەوە .هـەر لـەو کۆبونەوەیەشـدامن دیـاریکرام بەلێپرسـراوی سـلێمانی و شێرکۆ بێکەس هاوکارم بێت.

١٠ـ دووا پرسیار, ڕووداوەکانی کانی ماسیی و بەتایبەتیش کوشتنی کۆمونیستەکان,پێنج کوژراو ودووبریندارڕۆژی١٠/٩/١٩٦٤و شەوەکەی, چۆن ئەنجامدرا وکێ بەرپرسیارە؟

وەك هەمـوولایەك دەزانن , ئەو ڕۆژە من لە سلێمانی نەبووم, لە رانیە بووم, کە گەڕامـەوە عـەسرێکی درەنگ گەیشتمەوە شار, بەرپرسانی پێشمەرگەی سلێمانیم بانگکرد بزانین ئەم کوشتارە بۆکراوە و بە فەرمانی

کێ کراوە؟ دکتۆر فوئاد و کەمالی ئەحمەد بەرقی وحەمە ڕەشید ئەحمەد شانە وتیان سەربەخۆ نەکراوە...بە پەلە چوون بۆلای عگێد سدیق کە نوێنەری بارزانی بو لە شار و نامەیەکی مۆرکراوی پێدابوون کە ئەو فەرمانی پێداون ! هەتا ئێرە وەلامەکانی کاك حەمەی عەزیزە,بەلام ڕاستییەکیش هەیە کە کۆمەڵێك ناو خراوەتە بەردەم بارزانی مستەفا کە دز و جەردەی ناوشارن و بەرۆژ سەرانە دەسێنن و شەوانەش دزی و ڕاو و ڕووت دەکەن و دانیشتووانی شاریان هەراسان کردووە, عگێد بارزانیش بە ڕەزامەندیی بارەگای بارزانی فەرمانی لەناوبردنیانی مۆرکردووە, ژن و منداڵی قوربانییەکانیش کە جلە خوێناویەکانیان دەبەنە بەردەم بارزانی و دەڵێن بۆ پیاوەکانمان کوژران؟ بارزانی لەوسونگەیەوە کە ئەوانە (گوایە دزو جەردە و ڕێگر و پیاو خراپەکانی ناو شاری سلێمانی بوون) وتوویەتی من وتوومە بیانکوژن! پیاو کوژەکانیش بەو تاوانە پارێزێ خۆیان لای بارزانی لەو هەموو تاوانە پاککردەوە کە لەناو شاردا دەکران و خستیانە ملی کۆمۆنیستەکان ولایەنێکیش (دوور لە پارتیی وکاژیك) لەگەڵ عوسمانی ئامەدا کە ئەندامێکی لاوانی نەتەوەیی کورد وهەمان کات ئەندام وپێشمەرگەی پارتیش بوو,ڕێکدەکەوێت دەستێك لە چەند کادیرێکی کۆمۆنیست بوەشێنن بۆ چاوترساندن.

**لا.٨٧: " شتێکی دیکە کە ئەبە ئاگرین هەوڵدەدات بۆی ئەوەیە دامەزراندنی کاژیك ببەستێ بەبنەماڵەی بارزانییەوە. ئەزهەموولایەك ئاگاداردەکەمەوە, نە ئیدریس بارزانی و نە هیچ کەسێکی دیکە لە بنەماڵەی بارزانی دەستیان نەبووە لە دامەزراندنی کاژیك دا.**

**پارتی و مەلا مستەفای بارزانیش زۆر دژی کاژیك بوون...لە ڕێی N. R. T  و وتووێژەکەی لەگەڵ بەڕێز شێرزاد فاتیح دەرکەوت کە پارتی بەر لە ئاشبەتاڵی١٩٧٥ فەرمانی بە پاراستن دابوو, هەشتا کەسێك لە ئەندامان و لایەنگرانی کاژێك تیرۆر بکا, خۆ ئەگەر ئاشبەتاڵ ڕوونەدایە هەشتا کاژێکیی دەبوونە کۆچی قوربانیی . .... تەنانەت لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە, مەلا مستەفای بارزان بەفیتی سەرکردەکانی پارتی, بوو بوو بە دوژمنێکی سەرسەختی کاژێك. دوژمنایەتیی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بەرامبەر بە کاژێك پاش جیابوونەوەی دەستەی برایم/جەلالیش هەر درێژەی کێشا.... پارتیی یەکێکیان راگرتبوو نێوی راستینەی گوینتەر سپۆر بوو بەڵام نێوی خۆی کردبوو بە ئەلەکساندەر فۆن شتێرنبێرگ .... دەیگوت لە کییێف ( ئۆکرانیا ) لەدایکبووە و کوڕی مەلامستەفای بارزانییە لە ژنە رووسەکەی... ... ئێستەش وا لە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لە بەرلین کاربەدەستە و مووچەی باش وەردەگرێ و نوێنەرایەتی دڵشادی کوڕی مەلامستەفای بارزانی دەکا."**

** کاژیك بە شێوەیەکی سروشتیی و لەنێوجەرگەی کۆمەڵگای کوردی باشورەوە هەڵقولاوە,نەك دەستێك لەپشت دامەزراندنییەوە بوبێت. تەماشایەکی بەیانەکەی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق٢٥/٩/١٩٦٤بکەین, هەستدەکەین ساڵی١٩٦٤دوای جیابوونەوەی باڵەکەی پۆلیت بیرۆ- مەکتەبی سیاسیی لە پارتی , ئیتر پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوەشاوکەوت, کاژیك چووە ژێرباڵی و خستییەوە سەر پێ, ئەوە راستییەکە نکوولی لێناکرێت . مامۆستا برایم ئەحمەد لەو رووەوە وتوویەتی : ( نەمانئەزانی کاژیك هەوڵی ئەوەیان بوو بە جێگەکەی ئێمە شادبن ) بەسەرهاتێکی کورت و پڕماناش دەگێڕنەوە: دوای جیابوونەوەی مەکتەبی سیاسیی پارتیی بەڕابەرایەتیی مامۆستا برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی, ئەندامێکی باڵای سەرکردایەتی نوێی پارتی (ئیسماعیل عارف)

دەچـێتە لای بـارزانی و دەڵێـت : جـەناب کۆمــەڵێك خۆیـان خزاندۆتــە نێـو پارتییەوە, لەهەموو شانەو شانە سەرەکیی ورێکخراو ولیژنەی ناوچەکانیشدا هەن, دژی پارتیشن ! ئـەمر بفـەرموون چارەسـەرێکی (سـەوریی وفـەوریی ) بکەین . بـارزانی دەپرسێت ئەوانـە کـێن, چـجۆرە کەسێکیان لەگەڵدایـە و قەبارەیان چەندە؟ کـابرا دەڵێـت قوربـان , هـەر شـەش حـەوتێکن و کەسـیی دیکـەیان لەتەکـدا نییــە! بـارزانی دەڵێــت : ناوەکانیــان دەزانیــت؟ کــابرا کاغەزێك لەگیرفانی دەردەهێنێت و دەڵێت قوربان ئەم حەوت ناوەن کەلێرەدا نووسیومن . بـارزانی دەڵێـت ئـادەی بـۆم بخوێنـەرەوە.بارزانی کـە حـەوت ناوەکان دەبیستێت , دەڵێت جا ئەم حەوت کەسە ئەمەنـدە کارامـەو چـالاك بن و سەریان لەم حیزبە زلە شێواندبێ هاواریان بێت بەدەستیانەوە,سا وەڵـڵا لایقن,دە ئێستە لـەخوار ئەوانـەوە بنووسـە هەشـتەم مسـتەفابارزانی ! ئـەم بەسەرهاتە زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بـۆ سـاڵانی ١٩٦٤و١٩٦٥ و ئەگـەر وەك تۆ دەفەرمووی (پارتی و مـەلامستەفای بارزان بەفیتی سەرکردەکانی پارتی, بــوو بـــوو بـــەدوژمنێکی سەرســەختی کاژیــك) چــۆن ســاڵی ١٩٩٥ لــە سیمینارێکی تۆدا لەئەڵەمانیا, کـە بۆیەکـەمجار لەگـەڵ هـاوبیری هێـژا کـاك جەواد مەلا, یەکتریمان بینـی , زۆر بەشـانازییەوە و وەك شـتێکی نەبیسـتراو ئــەو بەســەرهاتەی بــۆ مــن گێڕایــەوە کەبــەلای ئەوەوە(هێشــتا هــەڵمی لێهەڵدەستا) منیش بەپێکەنینەوە وتم برالە ئەوە زۆر کۆنـە. مەبەسـتی مـن ئەوەیـە ئەگـەر لـە ١٩٦٢ بـەدواوە پەیوەنـدیتان لەگـەڵ هـاوبیرانی کاژیـك نەبووە, کاك جەواد ئەو بەسەرهاتەی لەکوێوە بیستووە؟ بێگومان لە ئێـوەی

بیستووه و ئێوەش هەر لە هاوبیرانتان بیستووەو ئەوانیش لە شێخ محەمــەدی هەرسـین یـا محـەد عـەزیز بیسـتوویانە.لەبارەی بۆچـوونەکەی کـاك شـێرزاد فاتیحیشەوە کە پارتیی فەرمانی بە دەسگای پاراستن دابوو هەشـتا کەسـێك لە ئەندامانی کاژیـك ولایـەنگرانیان بکوژێـت,هیچ زانیارییـەکم لـەو رووەوە نییە, ئەگەر بڕیارێکیش هەبووە مەبەستی لە کـام کاژیکانـە بووە,دەسـتەی دامەزرێنەرو لایەنگرانیان یا لاوە هەڵچووەکان کـە کۆدەتایـەکی رامیارییـان بەسـەر ئەوانـداکردو لەناوخۆیانـدا سـەرکردایەتییەکی نوێیـان دیـاریکرد؟ جگەلەوەش باوەڕناکەم هیچ کاتێك بارزانی مستەفا دوژمنی کاژیـك بوبێـت

.

**لا.٨٨:."..** **بنەماڵەی بارزانی نەتەوەیی نین,ئەگەر نەتـەوەیی بوونایـە دوژمنایـەتیی کوردی نەتەوەییان نەدەکرد... ئەبە ئاگرین هیچ مـافی ئـەوەی نییـە مرۆڤـی نەتـەوەیی دەستنیشان بکا,چونکە خۆی نەتەوەیی نییە, ئەگەر نەتەوەیی بووایە, خـۆی و پاسـۆکی نەدەفرۆشت بە پارتی. مرۆڤی نەتـەوەیی خـۆی بـەهیچ بنەماڵـەو حیـزب و کەسـایەتیی ودەوڵەتێك نافرۆشێ و حیزبحیزبێنە ناکا, بۆ ئازادی و ئاشتیی و یەکسانی هەوڵدەدا..."**

** مامۆسـتا, ئـەمڕۆ حیزبایـەتی بەڕەوشـت پارێزییـەوە ناکرێـت, ئێسـتا حیزبحیزبێنە وکەس پەرستیی و کورسیی پەرستیی وخێڵ وسەرخێڵ پەرستیی و ناوچەگەرێتی جێگەی حیزبایـەتی راسـتەقینە و کوردایەتییەکـەی جـارانی گرتۆتەوە. قوربان ئەو سەردەمە بەسەرچوو , رۆشت و ناگەڕێتـەوە ... بۆیـە پرەنسیپەکانی کاژیك تەنها بۆ پەروەردەکردن وپەنـدو ئامۆژگـاریی وەرگـرتن بە زیندوویی دەمێننەوە. ئەو سەردەمە دەمێکە رابوردووە هاوبیرانی کاژیـك

دەروێشی کوردایەتی بوون... بەو دیسپلینەی کاژیکیش هیچ بیرمەندێك وهیچ کادرێکی مەیدانییش چەند چالاك و کارامەش بێت ناتوانێت حەفتا هەشتا هاوبیر کۆبکاتەوە ! کێ و کام حیزب و بنەماڵەو کام کەسی یەکەمیان نەتەوەیین یا نەتەوەیی نین؟ئەوەتە ئەمڕۆ نەتەوەکە سەری بووە بەژێر لەشییەوە,حیزبیش بەپارە دەگەڕێ, پارەی مۆڵیش, ملیۆن و ملیار بەحەلالی دەستناکەوێت, ئەوەی بۆ ئازادی وئاشتیی و یەکسانیش خەبات بکات , یا دەیکڕن یا دەیفرۆشن یا مەمرەو مەژی لە پەراویزدا یا لە دەرەوەی مێژوودا دەیگوزەرێنێت ....لێرەدا شتێکم بیردەکەوێتەوە: ساڵی١٩٧٢هاوبیر محەمەدی ئەحمدیم راسپارد نامەیەکی رێکخستن ببات بۆ کەرکووك و وەڵامەکەشی بهێنێتەوە. ئەو هاوبیرە بە حەمە سوور ناسرابوو,ناوە نهێنییەکەیم لە یادنەماوە ,کرێکار بوو لەکارگەی جگەرەی سلێمانی, دوکانێکی دارتاشیی بچکۆلەشی بەرامبەر کارگەی جگەرەکە هەبوو.رێکخستن بۆ ئەو چوون و هاتنەوەیە بڕی ١٥٠ صەدو پەنجا فلسی تەرخان کردبوو, وتم هاوبیرگیان لەبەنزینخانەکەی عەقاری_ شۆڕش بوەستە و بەیەکێك لەو پیکاب و لۆرییانەی بۆ کەرکووك یا چەمچەماڵ دەچن سواربە , جا بەپیاوەتی بێ یا ٥٠فلسی دەدەیتێ و لەوسەریش بەوجۆرە بگەڕێرەوە و هەرچیش مایەوە لە چایخانەیەکی رێگا بۆ نان و ماستێك و دووچا.خوێنەری هێژا سەیری لێنەیەت, ئەو بڕە پارەیە بەلای منیش و ئەویشەوە کەم نەبوو! کاك محەمەد لەو دواییانەدا چووە بەغداو لەشی ساغ بێت بە هێزی بازوو وئارەقەی نێوچاوان دەوڵەمەندببوو, جارجار لە سلێمانی

کەدەمبینی دوای من چۆن و تۆ چۆن بەشانازییەوە شتێکی ئەو سەفەرەی دەگێڕایەوەوهەردوکمان لە ناخی دڵەوە پێدەکەنین.

**لا.٨٨: " جا ئێستە باوادابنێین , کاتێ ئەبە ئاگرین چووە نێو پاسۆکەوە و زانی پاسۆك لەبەر هەر هۆیەك دەبێ بابێ , کەڵکی بە پێوە وەستانی نەماوە و دەبێ لە حیزبێکی دیکەدا بتوێتەوە, تەنانەت ئەوەشی هەر بە بیروڕایەکی تایبەتی خۆی بۆدادەنرا, ئەگەر هیچ پلەو پایەو پارەیەکی لەو حیزبە( پارتی ) وەرنەگرتایە, نەك بەرامبەر ئەو خۆفرۆشییە بیکەنە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی وپلەی دکتۆرا وپرۆفیسۆری پێبدەن...ئەوجا چۆن بەڕێوەبەرانی شۆڕشی ئەیلول( بارەگای بارزانی )ئاشبەتاڵیان بە شۆڕش کرد بۆ رژێمی ئێران, هەرئاواش ئەبە ئاگرین ئاشبەتاڵی بە پاسۆك کرد بۆپارتی لە١٩٩٣/٧/٢٧دا."**

** پاسۆك ماوەی ١٧سال,١١/٩/ ١٩٧٦ ـــ ١٩٩٣/٧/٢٧لەشاخ بەژمارەیەکی کەم پێشمەرگەو کادیرەوە, بەو هەموو تەنگەژەو بارودۆخە نالەبارو بارگرانییەوە, هەتیو و بیکەس شانی دابووە بەر وهەرچۆنێك بوو بەپێوە وەستابوو, دوای راپەڕین پێشمەرگەو کادیرانی زۆر, جۆرەها چەك و تەقەمەنی و داراییەکی جێگیریش لەمشتا, هەموومانگیك٪٣ی داهاتی گومرگی بەرەی کوردستانی وەردەگرت ,هیچ پێویستییەکی بە یەککگرتن نەبوو کە لە پێناویدا سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدات و ئیتر ناوی لەکولەکەی تەریشدا نەیەت.ئەوەی پێویستی بە یەککگرتن بوو , سەرکردایەتیی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق , بەتایبەتی کاك حەمەی حاجی مەحمود وئینجا پارتی گەل و شەهیددکتۆر سامی عەبدولرەحمان و لەوبەڕێزانەش بەپەلەتر کاك عەبدوڵلا ئاگرین بوو.خوێنەری

هوشياريش مەبەست و ئامانجی تایبـەتی و گشـتیی هەریەکـە لـەو بەرێزانـە دەزانێت . سەروەختێك شەهید سامی و عەبدوڵڵا ئاگرین ماوەیـەك پێکـەوە لە ژوورێکی بارەگایەکی پارتیدا بوون لە هەولێر, لە دانیشتنێکدا کـە بـاس لە یەکگرتنی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـحسك و پارتی سۆسیالیسـتی کورد ـ پاسۆك و پارتی گەل دەکرا, سامی (باڵۆنێك) ی بۆئاگرین هەڵدا بـە ئاسمانـدا(کـاك عەبـدوڵڵا ئەگـەر قبـوول بکـەیت , مـن پێشـنیازدەکەم تـۆ هەڵبژێرین بۆ سکرتێری یەکگرتنەکە).

** بارزانی ئاشبەتاڵی بۆ ئێران نەکرد , نەخێر, بارزانی کـە لەگـەڵ عێـراق رێککـەوتنی١١مـارت١٩٧٠ ی مـۆرکرد, ئێـران هـەر ئاگـاداریش نـەبوو لەدیوەخانی بارزانی چباسە, شای ئێران وەك من و تۆ لـەرادیۆوە بیسـتی... بارزانیش کە ئاگاداری رێککەوتنەکەی شای ئیران و صەددام حسێن نـەبوو , نەیـدەزانی لـە دیوەخانەکـەی جـەزایر چباسـە , وەك مـن وتـۆ لـە رادیـۆوە هەواڵەکەی بیست . پێنج رۆژ دواتـر , شـای ئێـران بەدەسـتی ئەنقەسـت لـە رۆژی ١١/مارت١٩٧٥دا بارزانی بانگ دەکات بۆ تاران ولـە رێککەوتنەکـە ئاگاداری دەکات وەك (داش بە داش) , هەق بە هەق, بەڵام داشـەکەی شـای ئێران داشە هارە بوو, هەقەکەشی هـەقی کـوردی کـرد بەژێرەوە.هەوڵـەکانی عەبدوڵڵا ئاگرینیش بۆ یەکگرتنی پاسۆك و حسك, لەسەرەتادا دوور بوو لـە چاوبڕینە دەسکەوت و پلەو پایە, هۆکاری تایبەتیی لەپشتەوە بوو پەیوەسـت بـــە ئـــەزموونی تفتوتـــاڵی خـــۆی لـــە گـــەڵ شـــێرکۆی هـــەژار و حەمـــە

مستەفا(شەهید ئازاد مستەفا) و عوسمان رەشید و شێرزاد فـاتیح و...بـەڵام دواتر ستراتیجەکەیی گۆڕی بـەوەی نـاوی پاسـۆك کوێربکاتـەوە و ئەوانـەش هەموو مایە پووچ بکات کە رکەبەرو ناحەزی بوون وخزمەتێکی گەورەش بە پارتی بکات , هەر بەوجۆرەشی کرد و بە بەردێك چەندین نیشانی شکاند.!

**ل.٨٩: " ئەبە خۆڵەمێش لە لاپەڕە ٦٨ و٧١ی نامیلکەکەیدا دەڵێ کاژیك کۆبوونەوەیەکی کردووە بۆ تاووتوێکردنی گوایە پەیوەندییەکانی جـەمال نەبـەز لەگـەڵ حیزبـی پـان ئێرانیست و سەرۆکەکەی موحسین پزیشکپور , لەکاتێکدا ئەو حیزبە سەر بە شـای ئێـران بووە, ئەم پەیوەندییەش لەرێی میر کامەران بەدرخانەوە بووە ."**

** هاوینی ٢٠١٣لە دانیشـتنێکدا لـەماڵی دکتـۆر عەبـدوڵڵائاگرین لـە هەولێر وتم: تۆ کە چوویت بۆلای دکتۆر جەمال نەبەز لە ئەڵـەمانیا هـەر بـۆ ئـەوەبوو زیادەکـانی کاژیکنامـە لابـەرێت و باسـی حیزبـی پـان ئێرانیـزم و موحسینی پزیشکپور نەکات یا شـتی دیکەشـی بەدەمـەوە بـوو؟ ئەوەنـدەی لـەیادم مابێـت وەڵامەکـەی زۆرلاسـتیکیی و بـە پێچـوپەنا بـوو. نەبـەز لەتێڕوانینێکی مێژوویی و ئەتنیکی و ریشەیی زمانی هـەرە کـۆنی گـەلانی ئێرانەوە و ئینجا دەستنیشانکردنی قەوارەیەکی خـاوەن شارسـتانێتی دێـرین کـە کـورد جیگـەی خـۆیی تیدابکاتـەوە و لـەو تـەنیایی و بێکەسـیی و لـەو بێدۆست و پشتیوانییە مێژووییە نەپسـاوەیە خـۆی راپسـکێنێت و تـەکانێك بداتە خۆی جیـاواز لـە جـەنگ و شـەڕەتەقە و لـەو رێگەیـەوە کۆتوپێوەنـدە ژەنگ گرتووەکان بپسێنێت و بەکەمترین قوربانی بگاتە ئامانجـەکانی و وەك هـەر گـەلێکی عـەرەب کـە ئەندامـە لـە کۆمکـاری عەرەبدا, تـورك لـە(

پشتێنەی گەلانی قەفقاس) وپەیمانی ناتۆداو گەلانی ئەورووپا لە یەکێتی ئەورووپادا, کوردیش لە یەکێتی گەلانی ئاری نەژاددا هەست بە جۆرێك ئارامیی ودڵنیایی بکات. ئەوهەولانەی دکتۆر جەمال نەبەز و هاوکارەکانی وهاوبیرەکانی دەبیت زۆر بەرز بنرخێنین... ئەوان کوردایەتییان دەکرد, نەك حیزب حیزبێنە و سیاسەتبازیی. چەند کەسێکی نەتەوەیی لەخۆبوردوو لەرووی ئەو هەموو شۆڤێنییانەی تورك و فارس و عەرەبدا, بەورەیەکی پۆلاییینەوە شانیان دابووە بەر وەنگاویان دەناو بەدووی رێگەچارەیەکی گونجاویشدا وێلبوون دەروازەیەك بۆکورد بەرەو خۆر, بەرەو سەربەخۆیی بکاتەوە.

لاپەرە ٨٩ و٩٠: "... **لەنێو ئەم خوێنکارانەدا, خوێنکارانی فارس ( ئێرانی ) کە هەندێکیان سەر بە دکتۆر موسەدیق بوون و هەندێکیان (توودە) یی بوون, ئەمانە بەهیچ جۆرێك پشتی کوردیان نەدەگرت, دەیانگوت مەلامستەفا پیاوی شای ئێران و ئەمریکایە بەلام هەندێکیان سەر بە حیزبی پان ئێرانیست بوون کە توانیمان کاریکەینە سەریان پشتگیریی شۆڕشی کورد بکەن و بەرامبەر خوێندکارە ئارەب و ترکە شۆڤێنییەکان بەرگری بۆ کورد بکەن ... لەگەڵ ئەو خوێندکارانەدا کە سەربەحیزبی پان ئێرانیست بوون , وتووێژمان کرد و تێمانگەیاندن ئەگەر ئەوان بۆ ئازادی و بەختیاریی گەلانی ئێران کاردەکەن,( ئەوە )ئەو گەلانەی لەدەرەوەی سنووری ئێران دەژین و پێوەندییەکی مێژوویی و فەرهەنگیی کۆنیان بە ئێرانەوە هەیە, ژمارەیان دەهێندەی ئەو خەڵکەن کە لە نێو سنووری ئێراندا دەژین, بۆ وێنە کورد کە وڵاتەکەی بە پێی شەرەفنامەی شەرەفەدینی بتلیسیی لە تەنگەی هورمزەوە دەستپێدەکا تاچیاکانی قەفقاس و لەوێوە تا دەوروبەری زەریای سپیی ناڤێن .گەلی بەلووج کەژمارەیان لە پاکستان و ئەفغانستان پترە لەوانەی لەئێرانن و گەلی داریزمانی ئەفغانستان و گەلی ئۆسیت کەلە سنووری یەکێتیی سۆڤێتدا( رووسیا.ن.ك. ) دەژین**

**و چەندین گەلانی دیی وەك تاجیكەكان . ئەمانە هەموو لەرووی ئێتنۆلۆژییەوە بە گەلانی ئێرانیی دێنە ژماردن . وشەی ئێران ( نەك ئیران وەك فارسەكان بەهەڵە دەریدەبڕن ) لە وشەی كۆنی( بوومی ئاریانــام ) ەوە , واتــە( زەویــی ئارییــەكان )هاتووە, ( كـە ) بــووم بــەمانای زەوییە( سەرنجی وشەی بوومە لەرزە بدە ), وشەی( ئاریا )ش پێوەندیی بە ئــاگرەوە هەیــە , واتە بە فەرهەنگی پەرستنی خوای رووناكی یەوە, نەك بە رەگەزێكی تایبەتییەوە .گەلی فارسیزمان لە چاو ئەم گەلانەدا٪١٠ ـ ٪١٥یــە. لەبــەر ئــەوە كاتێــك ئێســتە( واتــە لــە شەستەكانی سەتەی رابوردوودا: ج.ن ) ئەگەر ئــەو گەلانــەی ئارەبیزمــانن و لەبنەڕەتــدا ئارەبیش نەبوون و بەهۆی پسوڵمانەتییەوە بوون بە ئارەب, هەوڵی ( یەكێتیی ئارەب ) بدەن , بۆچی دەبێ هەوڵی جۆرە كۆنفیبیدراسیۆنێك بــۆ گــەلانی ئێرانییــی نــەدرێ , ئــەو دەمــە دەوڵەتێكی كۆنفیدراڵی ئێرانیی لە كورد و فارس و بەلووج و پەشتوون و داریزمان و تاژیك و ئۆست و ...هتد دروست دەبێ بەرامبەر یەكێتیی ئارەب و تــۆرانیزم ویــەكێتیی ئــەوروپا... دیمان ئەم قسانەیان بە دڵ بوو, كەوتنە پشتگیریی شۆڕشی كــورد و رۆژنامەكــەیان( خاك وخون ) خستە خزمەتی شۆڕشی ئەیلوولەوە."**

** حیزبی پان ئێرانیزم سەر بە شای ئێران بــوو, ئــەو خوێندكارانــەش بەهــەوای ئــەو گەمەیە هەڵدەپەڕین كە حەمە رەزا شا لەگــەڵ كــورد و شۆڕشــەكەیدا دەیكرد ,هەرچــی ئەوانەی سەر بە رێبازی دكتۆر موسەددیق بوون , لە باوەڕی نەژاد پەرســتی كوێرانــەوە هەڵوێستیان وەردەگرت و لایەنگرانی پارتی كۆمۆنیســتی ئێران(تــوودە) لــە كلكایــەتی مۆسكۆوە لەكورد وكێشەی كوردیان دەڕوانی ,تفەنگە بەكرێگیراوەكانی رەجەوی كە بە (موجاهیدینی خەلق) ناسرابوون بەهاری ١٩٩١بە دڕندانەترین شێوە بەخۆیان و تانك و زرێپۆشەكانی صەددام حسێنەوە نامەردانــە كــوردە راپــەڕیوەكانی گــەرمیانیان شــەهید دەكــرد. بــەڵام دكتۆرموحســینی پزیشــكپوور, ســەرۆكی پــان ئێرانیســت وەك نەبــەز لەلاپەڕە ٩٠دا دەڵێت **" كەشای ئێران و سەددام حسێن پەیمانی جەزائیریان گــرێ دا, سەركردەی پان ئێرانیست موحسینی پزیشكپوور دژی پەیماننامەی جەزائیر قسەی كرد و لەسەر كوردی كردەوە دژ بە ســەددام حســێن و ئەمــەش ركــی شــای**

**ئێرانی هەستان لێیان." هەروەها بە ئێرانییە نەیارەکانی نێو حیزبەکەیی دەوت کە دژی خواستەکانی کورد بوون:"دەوڵەتێکی کورد لەسەر سنووری ئێران بێ باشترە, یان دەوڵەتێکی ئارەب( یا ) ترك؟ لەکۆبوونەوەی سالانەی خوێندکارانی پان ئێرانیستدا , مارشی کوردستان (سروودی ئەی رەقیب) دەچرێندرا و چەپڵە لێدەدرا بۆی. نۆکسە بە پێچەوانەی پارتی و حیزبە کوردییەکانی دیکەوە, تاکە کۆمەڵەیەك بوو کە ئالای کوردستانی لە کۆبوونەوەکانیدا هەڵدەکرد. پارتی وەك ئارەب و ترك و فارسە شۆڤێنییەکان لە دژی هەڵکردنی ئالای کوردستان بوو, ئێمەی بە شۆڤێنی و جیا بوونەوەخواز و کۆنە پەرست دەدایە قەڵەم, دەیگوت لە سووریا کوردستان نییە."**

** سەرەتای راپەرینە جەماوەرییەکەی باشووری کوردستان , هاوبیرانی پاسۆك لەبارەگاکەی شەقامی برایم پاشای سلێمانی, وەك هێنانەدیی ئاواتی دێرینی کورد , ئالای پیرۆزی کوردستانیان بەرزکردەوە. چەندین کەس لەژێریدا وەستابوون , بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە هەر تەماشایان دەکرد و فرمێسکی شادییان دەڕشت .ئەو رۆژە بەتایبەتی چووم بەدوای چەند هاوبیرێکی دێرینی کاژیکدا , وەك مامۆستایان فایق عارف و کامیل ژیر و غەفور ئەمین وئەحمەدی برای و کاك عومەر شەمەیی و ئەحمەدی برای وعەبدوڵڵای کاك ئەحمەدی چایچی .....بەلام بۆ ئێوارە هەردو سەرۆکی کورد, جەلال تاڵەبانی ومەسعود بارزانی هەریەکەو بروسکەنامەیەکیان بۆ مەکتەبی سیاسیی پاسۆك نارد, کە پێویستە ئەو ئالایە بەزووترین کات دابگرن. پاسۆك وەلامێکی گونجاوی بۆ ناردنەوە. بۆ سەینێ دوو بروسکەی

بەپەلەو هەڕەشە ئامێز هاتن : هەر ئەمڕۆ و بەگەیشتنی ئەم برووسکەیە دەستوبرد ئەو ئالآیە دابگرن .

**ل ٨٩.: " ئێمەی هاوبیرانی نوکسە, لایەنگریی شۆڕشی کوردمان دەکرد دژ بە رژێمی ئێراق , سەرەڕای هەموو خراپەو تاوانێکی کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلوول و پارتی بەرامبەرمان, هەوڵمان دەدا دۆست و لایەنگر بۆ شۆڕش بدۆزینەوە, بەهیوای ئەوەی شۆڕشەکە بەسەر رژێمی ئێراقدا سەرکەوێ, کە مەخابن ئاشبەتاڵی لێدەرچوو. ئەم ئاشبەتاڵەش رێکەوت نەبوو, چونکە کەسانی زۆری وەك شێخ محەمەدی هەرسین و محەمەد ئەزیز و ئەبە ئاگرینی تێدابوو, کە هەر بیریان لە دەسکەوتی خۆیان دەکردەوە."**

** بۆ رێکخراوێك کە کوردایەتی بکات ئەوە پرەنسیپە بنەڕەتییەکان و ئەلف و بێی کوردایەتییە , کوردایەتیی راستەقینە نەك حیزبایەتی و حیزبی بنەماڵە سەپاندن بەناوی کوردایەتییەوە. هاوبیرانی نەتەوەییش ,کاژیك و پاسۆك رێبازیی کوردایەتییان بەرنەداو چاوەڕوانی پاداشت و دەستخۆشانەشیان لە کەس نەکرد. شێخ محەمەدی هەرسین و محەمەد عەزیزیش لە چاو زۆربەی هەرەزۆری بەرپرسانی شۆڕشی ئەیلوولدا بەحەوت ئاو شۆرابوونەوە, عەبدوڵڵا ئاگرینیش تەنها ئەوماوەیەی نێوان سەرەتای مارتی ١٩٧٤ هاتا سەرەتای مارتی١٩٧٥وهەرەسی شۆڕش , بەشداریی شۆڕشی کردووە .

**لا. ٩٣ : عەبدوڵڵا ئاگرین لەلا پەڕە (٣٥)دا دەنووسێ ( مەبەستی لە کتێبەکەی دکتۆر عەبدوڵڵایە : لا پەڕەیەکی گەش لە مێژووی کاژیك , بیرەوەری و دیکۆمێنت( دۆکۆمێنت )١٩٦١ ـــ ١٩٧٥ ): " کاژیك نوخبەیەکی دانسقەی زۆر زۆر کەمیان لەگەڵدابوو.کاتێك لە نێوان هەردوو سەرکردایەتیی کاژیك و حیزبی گەلی کورد دا مداوەلات کرا , بەبێ کۆنگرە بڕیاردرا , بووین بە یەك حیزب , ئەویش بەناوی کاژیکەوە ساڵی١٩٦٤" . دکتۆر نەبەز لە بەرامبەردا دەڵێت : " واتە لەساڵی ١٩٦٤ەوە باسی کاژیکی بیستووە و سەیرەکەش لەوەدایە حیزبە گەورەکەی ئەوان بێدەنگ و بێ کۆنگرە خۆی لە نێو چوار پێنج کەسدا تواندبێتەوە و دوو دامەزرێنەرەکەش دەبنە ئەندامی سەرکردایەتی کاژیك و زۆرناباب کارەساتی کانی ماسیی ڕوودەدات و هەر دوای ئەوەش ئەو دووانە ڕوودەکەنە بارەگای بارزانی و ئیتر هەموو هەولێك دەدرێت کاژیك لەناوەوە و لەدەرەوەی ولاتیش بێدەنگ بکرێت.( محەمەدئەزیز و شێخ محەمەدی هەرسین هیچ جووڵەیەك ناکەن و (لە خەباتگێڕی مەزنیش)ئەبدوڵڵا ئاگرین پزیسکێك دەرناچێ, نازانم ئەم قسانە بۆ منداڵ دەنووسێ؟ یان دەیەوێ دەوری ( پاراستن ) ی سەر بە پارتی, لەم کەینوبەینەدا بەم شێوە گەوجانەیە بشارێتەوە؟؟؟"**

** بەلای زۆربەی هەرە زۆری خوێنەرانی نامیلکەکەی دکتۆر عەبدوڵڵا و کتێبەکەی دکتۆر نەبەزیشەوە, باسوخواسی دروست و باوەڕپێکراو لەبارەی دامەزراندنی کاژیك و دوواتریش پارتی گەلی کورد, ناردنی شەهید شێخ محەمەدی هەرسین و کاك محەمەد عەزیز بۆ نێو شۆڕش ,کارەساتی کانیی ماسیی و ئینجا(بەناکامیی سەرنانەوە)ی کاژیك . ئەمانەوکێشەکانی نێوان پاسۆك ودکتۆر نەبەز لەهەموو باسەکانی دیکە گرنگترن .من بەشبەحاڵی خۆم زانیارییەکی ئەوتۆم لەبارەی سەرهەڵدان و دامەزراندنی پارتی گەلی کوردەوە نییە, ئەوەندە هەیە پورزاکانم شەهید تۆفیقی نووری بەگ و براکانی و ئامۆزاکانم سەر بە وان بوون و بەماڵە خزمەکاندا دەگەڕان و شەوانە کۆڕیان دەبەست بۆ بلاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی. ئەندامەکانیان بەگشتی کاسبکاران وپیشمەرگەوخوێندکارانی پلەی ناوەندی و دواناوەندی بوون , زۆر

چست وچالاك كاريان دەكرد و زۆر و بۆر هەمووكەسيشيان وەردەگرت و لە هەردوو رێكخستنی قوتابيانی نەتەوەيی كورد و لاوانی نەتەوەيی كورددا رێكدەخران, ژمارەی خۆيان و جەماوەرەكەشيان(هاودەنگەكانيان) لە ژمارەی هاوبيران و هەوادارانی كاژيك زۆر زۆرتر بوو بەڵام ئاستی روناكبيرييان زۆر لەخوارتر بوو, شيرازەی ديسپلينيشيان توندوتۆڵ نەبوو,دەيانويست كاری گەورە ئەنجام بدەن, چالاكيی پێشمەرگانەی خۆيان بكەن و جێگە دەستيان دياربێت, نەك وەكو كاژيك (سەربازی نەناسراو و گومناو)بن وهەموو چالاكييەكانيان بۆخزمەتی سەركردايەتيی شۆڕش و بارەگای بارزانی مستەفا بێت و خۆيان مايەپوچ و سفر هيچ بەدەستەوە! ئێمە لە رێكخستنی كاژيكدا رۆژانە خەستەخانەكان دەگەڕاين و دەرمان و دەرزی و لۆكە وسارغيمان كۆدەكردەوە , بە دراوسێ و دۆستان و خزم و كەسوكاردا دەگەڕاين و پيتاكی جلوبەرگ وپێڵاومان دەكرد بۆ پێشمەرگە,كاديرەكانيش بەرۆژ لە چايخانەو دووكانەكان و ناوبازاڕدا خەڵكيان هوشيار دەكردەوەو بەبيری نەتەوەيی گۆشيان دەكردن , ئێوارانيش دوای نانخواردن هەر يەكێكيان دەچووە ماڵە خزمێك يا دۆستێك و ناسياو و دراوسێكانيان كۆدەكردەوەو بيرو باوەڕی كاژيكيان بۆ روونەدەكردنەوەو رەخنەی توند و رووخێنەريان لە ماركسيزم و رژێمەكەی رووسيا و كۆمۆنيستەكان و پارتی ديموكراتی كوردستانيش دەگرت و ئامادەبووانيان هاندەدا بەهەموو تواناوە هاوبەشيی شۆڕش بكەن,بەڵام پەلەيان نەبوو رايانكێشنە ناو رێكخستنی كاژيكەوە و كەسانی پەسەندكراويش وەك قۆناغی يەكەم لە يەكێتی قوتابيان يا لاوانی نەتەوەييدا رێكدەخران و درەنگ دەگەيشتنە پلەی ئەندامێتی كاژيك , بەڵام هەردوباڵەكە بێپەروا

دژایەتی رژێمەکانی عێراق وئێـران وتورکیـا و سـووریایان دەکـرد, جگـە لـە ململانیٚ و بەربەرەکانێی کۆمۆنیستەکان و هەردوو باڵەجیابووەوەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان , باڵەکـەی سـەر بـە مەکتـەبی سیاسـی (جـەلالی) و باڵەکەی سەر بـە بـارزانی مسـتەفا (مـەلایی) بـەڵام بەچـەکی بـیرو بـاوەڕ و بەڵگەی بەهێز و سەرەتاکانی فەلسـەفە هێشـتا نەڕسـکاوەکەی کوردایـەتی! بەتایبـــــەتیش کـــــە پارتـــــەکان لـــــەرووی فەلســـــەفییەوە هیچـــــیان پێنەبوو,کۆمۆنیستەکانیش چەندکلێشـەیەکیان لەبـەرکردبوو, وەکـو تـووتی هەر دەیانوت ودەیانوتەوە بەڵام کە بیردۆزەکانی لینینـی مـەزنیان لـەبارەی مافی نەتەوە ژێردەستەکانەوە دەخرایە بەردەست , دەمیان دەبوو بـە تەڵـەی تەقیو ... ئەوەی بارزانی مستەفا و پارتیی یەك دەنك منەتیان لە هاەبیرانی کاژیك نەدەزانی و تـەنها جـاریکیش بـەو هاوبیرانـەیان نـەوت ماندونـەبن , دەستتان خۆشبێت . هاوبیرانی کاژیـك پاداشـتیان نەدەویسـت بـەڵام پێـزانین پێویستە,کەچـی ئـەوان هـەر زۆر سـپڵەوپێنەزان بـوون و پارتییـەکانیش دژایەتی هاوبیرانی نەتەوەییان دەکرد. ئەوەتە ئێستەش هەر بەوجۆرەیـە ,روو لەوانە دەکەن وباوەشیان بۆدەکەنەوە کە سـاڵەها دژی شـۆڕش بـوون و پشـت دەکەنـە ئەوانـەی بـەردەوام رۆڵـەی دڵسـۆزی شـۆڕش و کوردایـەتی بـوون . بەڵگەنەویسـتە هـاوبیرانی کاژیـك بووبونـە کـراس سـووری بەرلەشـکر بـۆ بارزانی و هەر ئەوانیش شانیان دایە بەر دیـوارە داڕووخاوەکـەی پـارتی ,کـە لەئـەنجامی جیابوونـەوەی باڵەکـەی مەکتـەبی سیاسـی لـە١٩٦٤دا,تـەنها ناووناوبانگی شۆڕشگێڕانەی بارزانی مسـتەفاو تواناکـانیی خـودی خـۆی لـە بواری شەڕی پارتیزانیی وسەرکردایەتیکردن و بەڕیوەبردنی بەرەکانی جەنگدا لەپاڵ پشتگیریکردنی بێسنووری کاژیکدا بۆی, پارتیی هەسـتانەوە سـەرپێی

خۆی . دەستگای پاراستنیش بۆ پاراستنی هەیبەت و دەسسەڵاتی بارزانی و دووبارە نەبوونەوەی دووبەرەکییەکی دیکە لە ریزەکانی پارتی وشۆڕشدا, دامەزرێنرا. یادی بەخێر ماموستا برایم ئەحمەد لەو بۆنەیەدا بەناسۆرەوە وتوویەتی : (نەمانئەزانی کاژیك هەوڵی ئەوەیان بوو بە جیگەکەی ئێمە شادبن) لە کادیرە پیشکەوتووەکانی ئەو سەرەتایەی کاژیك, شەهید لەتیف عەلی, شەهید مامۆستا حەمە صالح بێسەریی(ناسراو بە صالح هیتلەر), شەهید سەعید گەوهەر, شەهید مامۆستا عیزەت رەشید ,شەهید توفیق نووری بەگ,شێرکۆ بێکەس(خ.ل), مامۆستا حەمە عەلی فەرەج(خ.ل),محەمەد مەجید ئەصلان, غەفوور ئەمین ,ئەحمەد ئەمین ,عەبدولفەتاح عەبدولرەززاق(ناسراو بە مەلا فەتاح),شێخ جەلال بەردەزەردیی,کەریمی شێخ حەسەنی چەخماخساز و هی دیکەش .

لەبارەی جەماوەری کاژیك و هاودەنگەکانییەوە هەروەها رووداوەکانی کانی ماسییەوە دوو نموونەی بچکۆلە دەخەمە بەرچاوی خوێنەری هێژا:

١ ـ فەتاحی نووری بەگی پوورزام پێشمەرگەیەکی شۆڕش و سەر بەلاوانی نەتەوەیی کورد, بەسەختی بریندار بووبوو, لەخەستەخانە کەوتبوو, ژمارەیەکی لە رادەبەدەر لە سەرجەمی هاوبیرانی کاژیك ,خزم و دۆست وناسیاو و نەناسیاویش سەردانیان دەکرد. کەسێکی قسەقوتی سلێمانی وتبووی هەرکەس دەیەوێت بزانێت کاژیك چەند زۆرن , سەرێکی خەستەخانە بدات دەزانێت !

٢ ـ رووداوی کانی ماسیی : من شایەتییەك بۆ کاك حەمەی عەزیز دەدەم , ئێوارەی کارەساتەکە١٩٦٤/٩/١٠ چەند هاوبیرێك: شەهید تۆفیقی نووری

بەگ,شەهید جەمالی عوسمان دایی(ناسراو بە جەماله قوش,خوشکەزای کاك حەمـــــەی عـــــەزیز), عەبـــــدوللای کـــــاك ئەحمـــــەدی چاپچـــــی (عەبدوڵڵاکۆرناڵ),کەمالی جەمالی موختار(خاڵۆزای کەمالی عوسمان دایی) و بەنـدە نـووری کـەریم , لـە مـالی خوالێیخۆشـبێت و یـادی بـەخێر,هاوبیر کەمالی عوسمان دایی (خوشکەزای کاك حەمەی عەزیز) میوان بووین, کـاك حەمەی عەزیز لە سلێمانی نـەبوو , لـە قـەڵادزێ بـوو, کـە گەڕایـەوە هاتـە ماڵی خوشکی, زۆر تۆڕەو شپرزە خـۆیکرد بـەژووردا, دەیـوت (ئەمـە چـۆن کرا, ئەو خەڵکە بۆکـوژران,بەئـەمری کـێ ؟) ئـیتر ئـەوان چـوونە ژوورێـك و وتیان کۆبوونەوەیان هەیە.

٣ ـ لـەبارەی رووداوەکـانی ١٩٦٤/٩/١٠ ی کـانیی ماسـی , کاژیـك بـۆ بەیانێکی دەرنەکرد ؟ بە بۆچوونی من دەستێك رێگریی لەوەکردووە بۆئەوەی بەسەر پارتی و شۆڕشدا نەسەپێت و دەستەچەورەکە بەسەر کاژیکدا بسـوون, ئەمەش سەریگرت چونکە خەڵك دەیوت ئەگـەر کاژیـك دەسـتی تێـدا نییـە ئەی بۆ بەیانیك بلاوناکەنەوە.؟ بەلاّم کە بەیانێك بلاّونەکرایەوە بـە دۆسـت و دوژمـن رایبگەیێنێت کاژیك لەو تاوانە بێبەرین , کەواتە کێ کردوویـەتی ؟ ئاخر پارتی و کۆمۆنیست لە ململانێیەکی سـەختدابوون لەسـەر پـاوانکردنی گۆڕەپانەکە, کە کامیان پێشـڕەوی خـەباتی جـەماوەرن .ئـەوان پارتییـان بـە حیزبێکی بورجـوازی دادەنـا کـە ناتوانێـت پێشـڕەوی گـەلی کوردبکـات کـە گەلێکە لەگەلانی عێراق بەلاّم بە نەتەوە نایەتە ژماردن چونکە بە فـەرمودە

ناماقوڵەکانی ستالین ,دیکتاتۆرە ملهوڕەکەی روسیا کورد مەرجەکانی نەتەوەی تێدانییە!!لەو باوەڕەدام هەر کاك **محەمەدی عەزیز** و **شەهید شێخ محەمەدی هەرسین** رێگربوون سەرکردایەتیی کاژیك بەیانێك دەربکات دژ بەو رووداوەی کانیی ماسی,چونکە ئەو کاتە گومانەکان روویان لە پێشمەرگەی مەلایی دەکرد و ئەوەش بارزانی لێتووڕەدەکردن , چونکە زیانی بەپەیوەندییەکانی دەگەیاند لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت و هاوپەیمانەکانیدا.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سەرکردایەتی کاژیك کەوتبوونە ژێر ئەژموونی بارزانییەوە لە رێگەی ئەو دوانەوە . باشە خۆ پارتی کۆمۆنیستی عیراقیش هیچ لایەنێکی تاوانبار نەکرد, ئەی ئەوەیان بۆ؟ چونکە کۆمۆنیستەکان بەدەست کۆدەتاچییەکانی بەعسییەوە شپرزەو بێدەرەتان بوون و ئومێدێکیان تەنها بەمەلا مستەفا بوو داڵدەیان بداو رێگەیان بدا بارەگایەك لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستاندا بکەنەوە بۆگردکردنەوەی ئەندامەکانیان و رزگارکردنیان لە کوشتن , ئەگەرنا زۆر چاك دەیانزانی تاوانەکە چۆن و بەفەرمانی راستەوخۆی کێ کراوەو سەربەکام لایەنیشن . کاك **محەمەدی عەزیزیش** لە گۆڤاری (باسکار)دا نووسیوێتی کەمالی ئەحمەد بەرقی و حەمە رەشیدی ئەحمەد شانە لەوتاوانە بەرپرسن کە هەردوکیان بەرپرسی باڵادەستی (مەلایی)بوون لە سلێمانی بەڵام ئەو ماوەیە (وەك کاك حەمەی عەزیزبەئامادەبوونی دکتۆر بەکر عومەر وتی)مۆرەکەی لیژنەی پیشمەرگە بە دەست حەمەرەشیدەوەبوو,خۆ ئەگەر لەپارتیش بپرسین , ئەوە لقی چوارـ سلێمانی ,تەنها پازدە رۆژ دوای رووداوەکە لە

١٩٦٤/٩/٢٥دا, بلاّوكراوەيـەكی لـە دژی كاژيـك بلاّوكـردەوە, ئەگـەرلقی چوارتەنها سووكەگومانێكيشی لەكاژيك هەبايـە دەهـۆڵی بۆلێـدەدا.ئامانجی بلاّوكراوەكەش هێرشكردنە سەر باڵەكەی (م.س) و مامۆستا برايم ئەحمـەد و لەپاڵێشـيدا سـووك تەماشـاكردنی كاژيكـە بەوشـێوە بـازاڕيی و داڕشـتن و دەربڕينە لاوازو بێ سەليقەيە, وەك دكتـۆر نەبـەز كۆپييـەكی بلاّوكراوەكـەی لەلاپـەڕە ١٣٣و١٣٤ خسـتۆتە بەردەسـتمان (... ئـەم جـورە پروپاگندانـە دوژمنانی شۆرش وە نەتەوەی كورد دروستی ئەكـەن وە كومەلـە لاداوەكـەی ابراهيم أحمد ئەوە وەك قەوان لی ئەدەنەوە وەبە هـەموو توانايەكيانـەوە ئـەم جورە پڕوپاگندانە بلاوئەكەنەوە وە قەوانيكی تازەش لی ئـەدەن ئـەلين پـارتی كاژيك ئـەيبات بـەريوە.... ئەمانـەوی بوتـان روون بكەينـەوە كـەوا كاژيـك كۆمەليكی چەندكەسين كە سەريان لی شيواوە و خوشيان نازانن چـی ئەكـەن وە بە هيچ جۆريك لە ريزی پارتيمان جيگايان نابيتەوە و خويان بەوە دائـەنين كـە خزمــەتی شۆرشـو نەتـەوەی كـورد ئەكـەن بـەلام كـەوەكو بـۆ هـەموو كوردپـەروەريك دەركـەوتووە كـە پەيوەنـدی يـان لەگـەل شۆرشـدا نـەبووە وە يارمەتی شۆرشيان نەداوە وە گری يەتی هەستيان (عقيد نفسی) {مەبەستی لە گرێی دەروونی ـ عقدە نفسی يە.ن.ك}يان هەيە دەربارەی ژيان و خويان

لقی ٤ سلێمانی

١٩٦٤/٩/٢٥

هیـوادارم خوێنـەری هێـژا, بەچـاوی سـەرنج و ڕەخنـەوە لـەو چـەند دێـڕەی بەیانەکـە بڕوانێـت کـە دەقـاو دەق گواسـتوومەتەوە بەهـەمـوو لایەنـە سەقەتەکانی زمانەوانی,ڕێزمان,ڕێنووس,داڕشتن و دەربڕین وئاستی لاوازیـی ڕووناکبیریی نووسەرەکەی کە زۆر زەق وئاشـکراپێوەی دیـارە و هاواردەکـات وئـەو کـادیرە هەڵبژاردانـەی پـارتی کەگەیشـتوونەتە پلـەی کـارگێڕی لقـی سلێمانی بەهەموو قەزاو ناحیەکانییەوە (گری یەتی) لەبری گـرێ , (هەست ـ شعور ) لەبری دەروون , (عقیـد) لـەبری عقـدە , بـەکاردەهێنن! ئـەوەشمان لەیاد نەچێت ئەو هەموو درۆو بوختانە شاخدارانەی بڵاوکراوەکە بۆ کـاژیکی داتاشیوە, بەڵام زاتی ئەوەی نەکردووە بەتاوانی کانی ماسیی شانی ئـارداوی بکات,چونکە (ئەو لەو سـەری هاتۆتـەوە) بۆیـە گـوێی خـۆی لێتەپانـدووە و هەرباسیشـی ناکـات . ئەمـەش بەڵگەیـەکی حاشـاهەڵنەگرە کـە کاژیـك پەیوەندی بەو تاوانەوە نییە.لە ڕوداوە دڵتەزێنـەکانی کـانی ماسـیداخاڵێکی سـەرنجکێش ئەوەیـە قوربانییـەکان لـە خانەیەکـدا پـۆلین ناکرێن,دەستنیشـانکردنیان زۆر هەڕەمـەکیی وماشـەڕایی بووە,یـەکێك لـە قوربانییـەکان نـوری وەسـتا عـەلی(نوری زەنگیانـە)دەمێك بـوو لـەپارتی کۆمونیسـتدا نـەمابوو! کـەریمی عەبـەخڕە پیـاوێکی قسـەخۆش و لـەنێو خەڵکـدا بـەرێز و خۆشەویسـت بووە,تەنانـەت بـەمیزاجی کـێ و کـێ چـەند کەسایەتییەکی ناسـراوی شـار وەك حەمـەی بەکر,مامۆسـتایان حەمەئـەمین حەسـەن, مـەحموود محەمـەد سـەرۆکی(نەقابەی موعـەلیمین فـەرعی سلێمانی)دەسنیشان کرابوون, خۆشبەختانە بەرنەکەوتن.بۆچـوونێکیش هەیـە

کەناحەزانی پارتی و بارزانی مستەفا,بە رێککەوتن لەگەڵ عوسمانی ئامەدا ئەو تاوانانەیان رێکدەخست!! بەڵگەیەکی دیکەش لای مامۆستا حەمەسەعید حەسەنەوەسەریهەڵدا, کە نووسەرێکی بە ئەزموون وبوێرە و خاوەن قەڵەمێکی بەبڕشت و راستیی بێژە و لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ١٩٧٥ ئەندامێکی چالاکی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو , کۆمەڵێك رەخنەی رووخێنەر و سەرنج و بۆچوونی ورد و سەلمێنەری لەسەر خاڵە نێگەتیڤەکانی پارتەکەی و پارتی کۆمۆنستی سۆڤێت,ستالینی دکتاتۆر نووسیوە....کاك حەمە سەعید بۆ ساغکردنەوەی ئەو رووداوەو ئاشکراکردنی بکوژەکان پەیوەندی دەکات بە کادرە پێشکەوتوو وسەرکردەکانی حیزبەکەیەوە : ( بابی تارا, باوکی سەرباز, جەلال دەبباغ , فاتیح رەسووڵ, مەلا عەلی و نایب عەبدوڵلا, هیچیان زانیاری تەواو و دروستیان لەکن نەبوو.)[1] لەسەر کارەساتی کانی ماسیی وکوشتنی کۆمۆنیستەکان , بەڵام مامۆستا ئەحمەدحامید فریای دەکەوێت و لە وەڵامنامەکەیدا بۆ حەمەسەعید دەڵێت: (... رووداوەکەی کانیی ماسی رۆژی١٠/٩/١٩٦٤وشەوی١٠لەسەر١١/٩/١٩٦٤ بە ئەنجام گەیەنراوە. رۆژی١٠/٩ سەرلەبەیانی تا پێش نیوەڕۆ ئەم شەهیدە نەمرانە: ١ــ مەلاعەلی ٢ــ عومەری مام عەلی ٣ــ مەلا حەمەئەمین ٤ــ نوری حەمەعەلی ٥ـ ئەورەحمانی ساڵحی خلە لە ماڵ و لەناو بازاڕ وبەبەرچاوی خەڵك و خێزانەکانیانەوە گیران و فڕێندران و کوژران, لەهەمان کاتدا تەقە لە ئیسماعیل پاڵەوان و کەریمی عەبەخڕە کرا و وایاندەزانی مردوون بۆیە

بەجێیان هێشتبوون . چوارکەسی یەکەم هەر رۆژی ٩/١٠ بەدەم رێگاوە تا کانیی ماسی هەموویان کوشتن. بۆ شەوێ بڵاویان کردەوە گوایە شەهید ئەورەحمان رایکردووە بەڵام بە کوژراوی سوتاندیان و تەرمەکەیان لەو چەمەی خوار کانیی ماسیەوە فڕێ دا. براتان : ئەحمەدحامید (٢٠٠١/٢/١٠

چوارقوربانیی دیکە: عارفی وەستا حەسەن(کۆپاندروو), عوسمان سەیوانی(بەرگدروو), ساڵح میرزاو عەبدوڵڵا میرزا_ برای یەکتری , نانەواو کوردی ئێرانبوون , کە تیرۆرکران دەستیان بەهەویرەکەوەبوو.)[٢] سەرنجێك لەسەر ئەو زانیاریانەی مامۆستا حەمەسەعید حەسەن هەیە, یەکێك لە قوربانییەکان کە عومەری مام عەلی بوو,ئەو پیاوە نەرفێنرابوو, بەڵکو لەدوکانەکەی خۆیدا کوژرا لەگەرەکی پیرمەسوور(پیرمەنسوور).

کاك عارف حەسەن( ناسراو بە عارفی حەسەنی کۆپاندروو) دانیشتووی گەڕەکی پیرمەسوور(پیرمەنسوور), وەرزشەوانی لەشجوانیی بوو, شەوێکی هاوینی ١٩٦٤لەنزیك چایخانەکەی قالەی شاسوار_ مەڵکەندی بە پلانی مستەفای بابەگەورە کوژرا, نەك بەدەستی ئەو.ساڵانێك دوواتر خزمێکی عارف کوڕێکی مستەفا دەکوژێت, بەڵام بکوژی راستەقینەی کاك عارف کە بکوژی عوسمانی شێخ عارفی بەردەزەردیی خزمی شەهید مولازم کەریم شێخ سەلامیش بوو, لەم ساڵانەی دوایيدا بەدەردی خوامرد. عوسمان سەیوانیش لە تۆڵەسەندنەوەی خوێنی کۆمۆنیستەکاندا,هەڵدەستێت بە

کوشتنی عارف قوربانیی پێشمەرگەی پارتی و پارتیش ئەوی کوشتەوە. لێرەوە سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیست پلانی تۆڵەسەندنەوەی وەستاند, کە چەند ئەندامێکی دەستوەشێنیان دیاریکردبوو بۆ تۆڵەسەندنەوە و دەیانتوانی دەستی قورسیش بوەشێنن وەك:

١ـ یادی بەخێر کاك شێخ عەلی بەرزنجەیی (باوکی بەختیارعەلی نووسەر) کە هەرچەند باسی ئازایەتیی ئەو پیاوە بکرێت هێشتا زۆر کەمە.لەئازایەتیی ونەبەزییەکانی ئەوپیاوە,هەندێکیانم بینیوە, وەك ئابلۆقەدانی لەخانوویەکدا لە نزیك شەخسەکەی شێخ جافەری گەڕەکی شیخان,شکاندن وپەڕەوازەکردنی مەفرەزەیەکی پۆلیس کەچووبوون دەستگیری بکەن وبریندارکردنی بەرپرسیی مەفرەزەکە(قۆمیسەر کامیل عەلی کاکی چوارتایی),فڕاندنی پارەی مووچەی مانگانەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی لە گۆڕەپانی بەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی بە هاوکاریی حەمە کوڵەباڵ.

٢ ـ حەمە کوڵەباڵ دوای ئەو چالاکییە لەلایەن مەفرەزەیەکی جەلالییەکانەوە لەسەری شەقامی سابونکەران کوژرا.

٣ـ ئەکرەمی حەپسە ١٩٧٦لە مووسڵ لەسێدارەدرا.

٤ ـ کەمال(ناسراو بە کەماڵە کوێر)

٥ـ جەمالی عەلی فـایزیش لـەرێگای بەغـداو لـە ڕووداوێکـی تەمومژاویـدا لەناو لۆرییەکەیدا تیرۆرکرا . بەداخـەوە کـاك لـەتیف حەمـە مـراد نایەتـەوە یادم .سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیست کەوتبووە نێوان دو ڕێگاوە : ئەنـدام و لایـــەنگرانی بـــەرگریی و تۆلەســـەندنەوەیان دەویســـت بـــەڵام بـــارزانی و ســـەرکردایەتی شـــۆڕش ئـــەوەیان قبـــوول نـــەدەکرد و بنکـــەو بارەگایـــان هەڵدەوەشـــاندن و لەناوچـــە ڕزگارکراوەکـــانیش دەریانـــدەکردن , بۆیـــە سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیست بارزانییان بـەلاوە گرنگتربـوو,کرو خـامۆش سەری خۆیان کزکرد.

لەبەڵگەیەکی دیکەشدا لە زمان کەسوکارو هاوڕێیانی قوربانییەکان ولایـەنی پەیوەندیداریشەوە ,حەمەسەعیدحەسەن , ڕووداوە دڵتەزێنەکـە بەتـەنها دوو دێـڕ لـەگۆڤاری پەیامـدا چـڕدەکاتەوە و بۆشـایی بـۆ شـرۆڤەو چەندوچـوون ناهێڵێتەوە :(ڕۆژی قەلاچۆکردنی شیوعیەکانی سـلێمانی١٠/٩/٦٤ یەکێکـە لـە لاپـەرە هەرەڕەشـەکانی مێـژووی پـدك(پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان) و پەڵەیەکی لەکاڵبوونەوە نەهاتووە بە تەوێڵی هـەموو ئـەو ترسـنۆکانەوەی لـە دوای ئەو قەسابخانەیەوە بوون) بەبیرو بۆچوونی خۆیشی پیاوکوژەکان بـەجۆرە ناودەبات( پیاو کوژانی کانی ماسی: عوسەی ئامە,مچەی بابەگەورە,سالەی قالـە حەلاو(سـالەپیر), حەمـەی دەروێـش نادر,حەمـەی عـەزیز, قوربـانیی, عـەلی ئیـبراهیم دەروێـش, عەبەلالـە, قالـە تەگـەرانی , کـەمال بـەرقی, حەمەرەشیدی ئەحە شانە, کەریم دانزێر,عەبدوڵڵا قەرەتۆغانی.)[٣]

له روانگەی حەمەی عەزیزەوە, ئۆبالّی کوشتنی شیوعییەکانی سلێمانی لەلایەن پیاوکوژەکانی کانیی ماسییەوە (لە ئەستۆی حەمە رەشیدی ئەحمەد شانەو کەمالی ئەحمەد بەرقی دایە و ئەو تاوانە سەرئەنجامی بڕیارێکی سەرپێیی ئەو دووکەسەبووە, نەك هەڵوێستی پارتی و بارزانی .)[٤] بەلاّم وەك (ئەحمەد بانیخێلاّنی لە لاپەڕە٢٢ی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت : ئەو بۆچوونەی حەمەی عەزیز جێگەی متمانە نییەو تەقەلایەکی بێسوودە, لای کەم بۆ خاوێنکردنەوەی پەرێزی خۆی, چونکە بارزانی ناردی بەدووای پیاوکوژەکانی کانیی ماسیداو وەك دەستخۆشانە سەرو کلاشینکۆفی خەلاّتکردن, بۆیە رێی تێدەچێت قەلاچۆکردنی شیوعییەکان لە١٠/٩/٦٤ بە فەرمانی, یان لای کەم بە ئاگاداریی ئیسماعیل عارفی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پدك.و عگێد سەدیقی بەرپرسی لقی چواری پارتی بووبێت, کە ئەو سەروەختە هەردووکیان لە سلێمانی دەبن .)[٥]

** بەڵگەیەکی کە گرنگییەکی تایبەتیی هەیە: سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابوردوو سالّی ١٩٧٣یا١٩٧٤ئەحمەد کەریم, ئەندامی سەرکردایەتی لقی کوردستان ـ پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەمالّی عەبدوللاّ ئاگرینی زاوای لەدانیشتنێکی خێزانیدا لەو بارەیەوە پرسیارێکم لێکرد, وتی ( حیزبمان بەو قەناعەتە گەیشتووە کاژیك وەك تەنزیم, بێبەرییە لە تاوانی رووداوەکانی کانیی ماسی, لیژنەی ناوچەی سلێمانی, لیژنەی پێشمەرگەی ناوشار ولقی سلێمانی پارتی، مەسئوولی موباشیرن ) وتم ئەی بۆ لەو

بارەیەوە روونکردنەوەیەك بلاّوناکەنەوە؟ وتی(کاك عەبدوللاّش ئەو باسەی کردۆتەوە, بەلاّم زۆر درەنگە.) وتم کاك ئەحمەد, بۆ مێژوو درەنگ نییە . وتی ( تەصریحم داوە , لەوەزیاتر چی , ئەتەویَ پارتی ومەلامسستەفامان لیَ بوروژێنیت ؟)

شایانی وتنە هەر هەموو هاوبیرانی کاژیك دەپرسن : هەقدار وخاوەن خوێن داکۆکی لەکاژیك دەکەن , کەچی کاژیك خۆی بێدەنگەو پارێزی خۆی پاکناکاتەوە؟ مامۆستا نەبەزیش رەخنە لە رەخنەیەکی عەبدوللاّ ئاگرین دەگرێت کە لە نامیلکەکەیدا نووسیوێتی:( ئەبوایە سەرکردایەتی کاژیك بەیانێکی دەربکردایە, هەم نارِەزایی و هەم بیَ بەری(بێبەریبوونی) خۆی لەو کارەساتە ناخۆشە بەجەماوەرو خەڵکی شاری سلێمانی خۆشەویست و هەموو دنیا رابگەیاندایە, مەخابن ئەوەی نەکرد هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو,چونکە بەدڵنیاییەوە دەیڵێم: ئێمەی کاژیك نەبووین .) دکتۆر نەبەز دەڵێت: **"باشە بۆچی ئەبدوللاّ ئاگرین لەماوەی ئەو پێنج شەش ساڵەدا کە بەرپرسیاری لکی رێکخستنەکانی کاژیك بووە ئەم کێشەیەی روونەکردۆتەوە؟ بۆ لە وتوو وێژە تەلەفیزیۆنییەکاندا بەئاشکرا نەیگوت, کیَ بووە؟"**

** خالێکی دیکەش کە پێویستە بوترێت, کاتی رووداوەکە عەبدوللاّ ئاگرین لە قوتابیان یا لاوانی نەتەوەیی کورددا بووە وبەوهۆیەشەوە کە خوێندکار بووە لەبەغدا,دوور بووە لە رووداوەکەوە... ئینجا دوای پێنج ساڵ و دوای شێرکۆبێکەس لە ١٩٦٩ـ ١٩٧٥ئەو بووبە بەرپرسی لقی سلێمانی

کاژیك و لقیش ناتوانێت باز بەسەر سەرکردایەتیدا بدات و بەیان لەسەر شتێك دەربکات کە سەرکردایەتیی بێدەنگەی لێکردبێت, بەتایبەتیش لە رێکخراوێکی بچووکدا و لەلایەکی دیکەشەوە دوای ئەو هەموو ساڵە , بەیانی چی ؟!

** ئەو رووداوانە هەریەکەیان بەجۆرێك و دوور و نزیك لەسەرچاوەیەکەوە یا چەند سەرچاوەیەکەوە ئاگادارییەکم لێیان هەیە,حەمەی دەرویش نادر یەکێکە لەسەرکردەکانی چالاکییە گەورەکەی لێدانی بیرە نەوتەکانی زومار( ناوی نهێنی چالاکییەکە رووبار بوو) وعەلی برایم دەرویش ئەندام یا لێپرساوی لیژنەی پێشمەرگەی نێوشاربوو, بەلاّم زانیاریم لەسەر شەهید قادر تەگەرانی نییە لەو سەردەمەدا,هەرچەند باوەڕناکەم پەیوەندی بەو کێسەوە هەبێت .جگە لەوانە تاوانباری راستەقینە لەو کێسەدا هەن و چەند کەسیکیشیان لە ژیاندا ماون و نەوەو کەسوکاری قوربانییەکانیش زۆرن و کیشەی لیپەیدادەبیت دەنا ناویانم دەنووسیی .

** لە١٩٦٤بەدوواوە کاژیك هیچ جۆرە چالاکییەکی نەمابێت, وەك نەبەز دەڵێت , دوورە لە راستییەوە, هەر بۆ نموونە دەڵێم ئەو وێنە پۆستکارتەی گۆڕەکەی شەهیدی جوانەمەرگ لەتیف عەلی کەلە ئەڵەمانیا گیانی سپارد, دکتۆر نەبەز ناردییەوە بۆ هاوبیران,ئەگەر چالاکی وەستاوە و رێکخستن نەماوە,کەواتە دکتۆر نەبەز بۆ کێی ناردووە . دکتۆر نەبەز کە ئەو قسەیەش دەکات ناهەقی نییە , ئەوکە ئاگاداری یەکگرتنی پارتی گەلی کورد و

کاژیك نەبوویێت , لە کویێوە ئەو چالاکییە سنووردارو زۆر زۆر نهێنییانە ئاگاداربێت, خۆ ئەگەر مامۆستایان فایەق عارف , کامیل ژیر وئەحمەد هەردی ئەو یەك دو جارە بە سەردان نەچونایەتە بەرلین , رووداوە گرنگەکانیشی نەدەبیست. راستە لە ١٩٦٨بەدواوە وەك دیاردەیەکی نامۆ, ژمارەیەك هاوبیر لە ئاستە جیاوازەکاندا (کشانەوەو چوونە دوواوە), هەر لە ئەندامانی قوتابیانی نەتەوەیی و لاوانی نەتەوەییەوە هەتا ئەندامانی کاژیکیش  ئەوەندەی لە یادم مابێت وەك,شەهید حەمەصالّح فەرەج(ناسراو بە صالّح هیتلەر),جەمال شارباژێڕی شاعیر, کەمال عوسمان دایی, جەمال عوسمان دایی(خوشکەزای کاك حەمەی عەزیز وخالۆزای کاك کەمالی جەمالی موختار),کەمال عەلی نانەوا,نەوزاد سابیر قەرەداخی,عەزیز ئەحمەد,هیوای رادیۆساز لە شەقامی کاوە,ئەحمەدی ئەمین ئەفەنی,جەلال بێتەل(برای جەمال شارباژێڕی,عوسمان حاجی عەبدوڵلا(برای مولازم عومەر),جەلالی حاجی دەروێش (خوشکەزای مامۆستا عەبدوڵلا جەوهەر), حەمەعەلی تۆفیق(برازای کاك جەلال تۆفیقی کۆگای سرۆچك) ,کەمالی عەلی کونجرینیی , جەمالی عەلی کونجرینیی ,عارف شێخ کەریم(عارفە سوور),حەمە قادری ئەندازیار(ژنبرای شەهید ئەورەحمانی سەیدعەلی حافز),عەلی محەمەد مامە, مولازم سەروەت ,فازیلی حەمەی مەلا تۆفیق), فەرەیدوون رەوف عارف, جەمال عەزیز(خزمی مامۆستا هەردی), حسێن فەتحوڵلا , نیهاد مەحموود(ئامۆزای مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین,سمایل محەمەد سوور, رەحیم غەفوور,..و زۆری دیکەش کە ناویانم

لەیادنەماوە.دیاردەکەش سرووشتیی نەدەبینرا, بەڵکو بەرنامەڕێژ بوو, بەڵام لـەکوێوە و سەرچـاوەکەی لـە چ لایەکـەوە بـوو, ئەوانـە دەیـزانن کـە لـە سەرکردایەتیدا مابوونـەوە: مامۆسـتایان ئەحمـەد هەردی,فەرەیـدوون عـەلی ئەمین,کامیل ژیر,فایەق عارف وئەندامانی لقی سلێمانی: شـێرکۆ بێکـەس, حەمەعـــــــەلی فـــــــەرەج , عەبدولفـــــــەتاح عەبـــــــدولرەززاق (مەلافەتاح),محەمەدمەجیدئەصـــــــلان,عەبدوللائاگرین. دوابـــــــەدوای رێککەوتنەکەی ١١مارتی١٩٧٠ی نێـوان شۆڕشـی کـورد و رژێمـی بەغـدا, مامۆسـتا فەرەیـدوونیش لـە شـاخەوە گەڕایـەوە شـار و دەسـتی لـە کاژیـك کێشـایەوە,کاك شـێرکۆش کـە لێپرسـراوی لقـی سـلێمانی بـوو,من هـەتا ١٩٦٩ش ,پەیوەندی ریکخستنم بەوەوە بوو,ئەویش ١٩٧٠ کشایەوەو چووە دواوە .

**ل.٩٤: "باشە خاڵە حەمەی ئەبدوللا ئاگرین و شێخ محەمەدی هەرسـین دوو سـەرکردەی کاژیك نەبوون, بۆچی دەنگیان لێوە نەهات؟ لە(خەباتکاری مەزنیش ) ئەبـدوللا ئـاگرین پزیسکێك دەرناچێ .... ئەی کە دەبێژێ رەنگە هەندێ عەناسری ناو کانیی ماسیی هەبووبێ سەربە تەنزیمی کاژیك بوون, باشە ئەمانە کێ بوون, بۆچی نێویان ناهێنێ؟ "**

❊❊ ئەو دو(هاوبیرە) لەوە دەرچووبوون خۆیان لەقـەرەی ئـەو باسـانە بـدەن, گەیشتبوونە پەنا حەجەکە,کاك عەبدوللاش دەمێکە دەروێشی کاك حەمـەی عـەزیزە. سـاڵی١٩٧٥ لەچـۆمان باسـی یەکـەمین کۆمـەڵـە چیرۆکی خـۆیی بۆکردم,وتی پێشکەشم کردووە بە کەسایەتییەك, مـن وامـدەزانی مەبەسـتی کاك ئیدریس بارزانی یە, کەچی مەبەستی کاك حەمـەی عـەزیز بـوو, بـەڵام

ئـەو جـارە ڕێکنەکـەوت , هـەتا سـاڵی٢٠١٠ کـاك حەمـەی عـەزیز لـە ئەڵەمانیاوە گەڕایەوە کوردستان و زەوی و خانو وئوتومبیلی وەرگرت و کاك عەبـدوڵڵاش دڵنیـابوو مـاڵی بـارزانی لـێیڕازین, ئینجـا نامیلکەکـەیی پێشکەشکردکە (نەیهێشتووە لە ژیانی سیاسیدا بگلێت). ئـەوە راسـتە کـە چـەند ئەنـدامێکی لاوانـی نەتـەوەیی کـورد لەگرووپـە ناوزڕاوەکـەی کـانیی ماسیدابوون ونـاتوانین نکـوولی لێبکـەین و شـارراوەش نـین, هـەر بۆنموونـە: عوسمـانی ئامـە, حسـەینی فـارس, مسـتەفای بابـە گـەورە, زاهـیرە سمێـڵ, سالەپیر, کەریم دانزێڕ....

** ڕووداوەکانی کانیی ماسیی و تاوانی کوشتنی کۆمۆنیستەکان لەرۆژی ١٩٦٤/٩/١٠دا لە شاری سلێمانی تاوانێکی نارەوای گەورەو پڕاوپڕ تیرۆری سیاسیی بوو, بەڵام ئەو بێتاوانانەی کە کوژران و حیزبەکەشیان (حشـع) دژی کێبوون و لەگەڵ کام لایـەنی سیاسـیی ئـەو سـەردەمەدا ململانێـی فیکریـی دەکردو شۆڕشی ئەیلوولی بە دەستنیێژی کۆمپانیاکانی نەوت لە قەڵـەم دەداو بارزانی و سەرکردەکانی پارتی و شۆڕشیشی بە بەکرێگیراوی بلۆکی خـۆراواو ئێـران دەناسـاند و قاویانـدەدان و قـەوانی لـەو بابەتـەیان لێـدەدا ... ئـەم هەڵوێستانە بۆ کۆمۆنیستە کوردەکان هەڵەو کەمتەرخەمییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو , دەکەوێتە ژێریاسای لێپرسینەوەو ورياکردنەوەوەو سزاکەشـی هەرچییەك بێت , نابێت کوشتن بێت .خوا لێیان خۆشبێت بەناڕەوا کـوژران . سلێمانیش ئەو رۆژگارە لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ئەو (پێششمەرگانەدا) بـوو

کــه دووای جیابوونەوەکــەی ١٩٦٤ی باڵەکــەی مەکتــەبی سیاســی پــارتی دیمـوکراتی کوردسـان لـە مەلامسـتەفا,ئەوانەی لەگـەڵ بارزانیـدا مابوونـەوە کەزۆرینە بوون, بە (مەلایی) نـاودەبران و (عگێـد بـارزانیی) وەك نوێنـەری بارزانی هـاتبوو سـەر لـەنوێ رێکیانبخاتـەوە, ژمارەیـەك لـەو پیشـمەرگە مەلاییانە , ئەندامی یەکێتی لاوانی نەتـەوەیی کـورد بـوون ... بێڕەوشـتیی هەندێکیان گەیشتبووە ئاستێك,کرداری یـەکجار قێزەونیـان دەنوانـد, بـەرۆژ بە مەکینەی سەرتاشـینەوە بەشـاردا دەگـەڕان وئـەو کوڕەگەنجانـەیان (ئـەتك دەکرد) کە وەك مۆدەی جیهـانیی ئـەو کاتـە قـژیان درێـژدەکردەوە, چـەندین جاریش ئەتککردنی ئەو گەنجـە بـێ پشـتوپەنایانەم بەچـاوی خـۆم بینیـوە .! شەوانیش لـە گەڕەکەکانـدا راوو رووتیـان دەکـردو دەچـوونە سـەرماڵانیش و ئەگەر ماڵێك پاسەوانێکی چەکداری نەبووایە حاڵی شڕ بوو, پشـتی لۆرییـان دەنا بە درگای حەوشەکەیەوە و ماڵیان باردەکرد هەروەك ماڵی خۆیـان بێـت و بگوێزنەوە. بەیانییـەك,تاریك وروون مەلایـەکی مزگـەوت رووتدەکەنـەوە, پێیدەڵێن (مامۆستا کاتژمێرەکەت مەزبووتـە, پـێش و پـاش ناکـات؟) ئـەو بێچـارەیەش لەوەڵامــدا دەڵێــت (عــەزیزم مــاڵی قــەڵب ســەر ســاحێبی, بیهێنەرەوە!)

**لا٠.٩٤: " بەر لەوەی ئەبدوڵڵا ئاگرین لەسەرویەندی تازەبوونەوەی شەڕی نێوان بەئس و سەرکردایەتی بارزانی لە مارت١٩٧٤ بێ بۆلای من لەبەرلین, چووبووە شام بۆلای کاك جەواد, کاك جەواد برایانە ....لەدیمەشقەوە بۆ بێروت بردبووی و لەوێشەوە بەفڕۆکە هاتبوو بۆ**

**ئەورووپا.کە لە بەرلین چاومان بەیەککەوت هیچ باسی کاروباری کاژیك و هاوبیران و ئـەو شتانەی کە لە ئێن ئارتی ونامیلکەکەیدا گوتویەتی و نووسیویەتی هیچ باسێکیان نەبوو."**

** ئەو سین و جیمەی دکتۆر نەبەز لەگەڵ کوردۆ, حەمـە مسـتەفا,حەمەی عـەزیز, شێخ محەمـەدی هەرسین وجەلال تاڵەبانی کردوویەتی, چـۆن هاتوویـت و بـەچ پاسـپۆرتێك و ڤیـزەی کـویَ و... پێویسـت بـوو خەسـتوخۆڵتر ئـەو پرسیارانەی لـە عـەبـدوڵلاش بکردایـە, خـۆ ئەویشـی نەدەناسـی و ناویشـیی نەبیستبوو , برا خۆشهاتی, خێرە ئەو ڕێگە دوورەت بڕیوە وهاتوویت منیـك ببەیتەوە کوردستان لەکاتێکدا تەنانەت بەناسینی ئاسابیش من تـۆ ناناسـم؟ جا, یان ئەوەیە نامەی کاژیکی بەدەستەوەبوو, یا نامـەیەکی دیکەی هێنـاوە ؟ ئەگەر نامـەی بەدەستەوەبوو, چۆن هیچت لەبارەی کاژیکەوە لـەو نەبیسـت و پرسیاریشت نـەکرد چـۆن دەزانێـت ژیـانی مـن لەئـەوروپا لەمەترسـیدایە, سەرچاوەی زانیارییەکەت چییە و بەپشتیوانیی کـیَ وکـام لایـەن ژیـانی مـن دەپارێزیت؟؟ مامۆستاگیان باوەڕناکەم تۆ کە قـاڵبووی ژیانیـت ئەوشـتانەت هەروائاسـان بەسـەردا تێپـەڕێت. وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە گرێـی گـەلێك نهێنیمان بۆدەکەنەوە .ئەمجارەش دەیلێمـەوە مامۆسـتا هەنـدێك جـار تـەنها سەرکۆزەری باسەکە بەبادەکات و بنکۆزەرەکەی دەهێڵێتەوە و جاریَ شتێکی بەسـەردادەدات ..... دەمێنێتـەوە ئـەوەی بڵـێم هاتنەکـەی کـاك عـەبـدوڵلا هاوینی ۱۹۷۲یا ۱۹۷۳بوو نـەك مـارتی۱۹۷٤وەك دکتـۆر دیـاریکردووە و لای حکوومـەتیش من کەفیلی بووم کەدەگەڕێتەوە عێراق و وەك خـۆی وتـی تەنها من ئاگـاداری ئـەو سـەفەرەم . چوونەکەشـی بـۆ دیمەشـق بـۆلای کـاك

جەوادمـەلا, مـن بـۆ میـژوو دەیلـێم کـاك عەبـدوڵڵا کـە گەڕایـەوە باسـیی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد ,لقی سووریای دەکرد.

**لا.٩٥: " گونـاهی ئەمانـە هـەمووی دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو هاوبیرانـەی کـە هـیچ دەنگوباسێکیان نەدەنارد بۆمن. لەبەرئەوە هەرکەسێك بهاتایەو بیگوتایە کاژێکم ناچاربووم باوەڕبکەم پێی, چونکە بەدەگمەن کەسێك هەڵدەکەوت کەبە ئاشکرا بڵێ کاژێکم** ."

** برا من نازانم تۆ لە هاوبیرانی دامـەزرێنـەر پچـڕابوویت یـا ئـەوان لـەتۆ پچـڕابوون؟ لایـەنی رێکخسـتنیش بخەینـە ئـەولاوە , خـۆ لەگـەڵ هـاوبیران مامۆستا فایەق عارف وکامیل ژیردا دۆستی دێرین بـوون و هەردووکیشـیان سـەردانیان کردبوویـت و هەرنـەبێت جارجـارەش لەگـەڵ نامـەی جـەنابی دایکتاندا نامەت بـۆ ئـەوانیش نووسـیوە. ئەمـە جگـە لـەو نامەیـەی کـاك بەختیاری برای هاوبیر بروسکە لە ١٩٧٨یـا١٩٧٩دا هێنـابووی و مامۆسـتا فایـەق عـارف لـەماڵی خۆیـان لەگـەڕەکی شـۆڕش(عەقاری خـواروو) لـە کۆبوونەوەیـەکی تایبەتـدا بـەئامادەبوونی هـاوبیران کامیـل ژیـر, محەمـەد مەجید ئەصلان, عومەرشەمەیی و مژدە تایەر وبەندە نوری کەریم نامەکەی خوێندەوە بۆ وەلامدانەوەی پرۆژەیەکی سـەرکردایەتیی بەعسـی سـوریا, کـە هاوکاریی و هەمئاهەنگییـەك لـەنێوانمادا هـەبێت دژ بەرژێمەکـەی صـەددام حسـەین... ئـەوە جگـە لەچـەند نامەیـەکیش لەگـەڵ عەبـدوڵڵا ئاگرینـدا. لەلایەکی تریشەوە ئەوەندەی شارەزای شێوەی کارکردنی مامۆستا بین, خانـە گومانەو باوەڕ بەشتێك ناکات هەتا بەحەوت باردا هەڵگێڕوداگێڕی نـەکات,

گەر وانەبایە خۆ دەورویپشتت پڕدەبوو لەناحەزان, گەر نەڵێم دوژمـن و هێڵـی لار وسیخوڕەکانی داگیرکارانی کوردستان .

**لا. ٩٥ :" ئەو ئەگەر کاژیکە(مەبەستی لە دکتـۆر عەبدوڵلایـە ) کاژیکـەکان خۆیـان پـێ نا پارێزدرێ و کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی ( پاراستن ) و بەئس و رژێمی شـاو... خـۆ ئەگـەر کاژیك نەبێ, بۆچی دەبێ من بپارێزێ و بە چ هێزێك و لەبەرچی... بیرم بـۆهیچ پـیلان و نەخشەیەکی پشت پەردە نەچوو بۆ لەناوبردنم. پاش گەڕانەوەی, چەند نامەیەکی ناردبۆم و منیش چەند جارێك وەرامم دایەوە هەتـا ئاگادارکرام کە پێوەندی ژێر بەژێری بە پارتییەوە هەیە."**

**هاوبیرانی کاژیك نەکەوتبوونە بەر هەڕەشە, بـەڵام دەزگـای پاراسـتن زۆر بـە وردی چـاودێری ئەنـدامانی کـاژیکی دەکـرد, تەنانـەت ئەوانـەی پلـەو پایەیەکیان لە نێـو پـارتی و شۆڕشـدا هـەبوو, لـە هـاوبیرێکی کاژیـك نزیـك نەدەبوونەوە ئەگەرچی دۆست و ناسـیاو و خـزمیش بوونایـە.١٩٧٤ چـەندین جـار هـاوبیرم دیوە,لـەنێو پارتیداکاریـدەکرد, وەك پەیوەنـدی رێکخسـتن دەمناسی و دەیناسیم بەڵام خۆی گێلدەکرد.هـەربۆ نموونـە رۆژێـك چـوومە بارەگاکـەی ئەفسـەری شـەهید حەمـەی سـەیدعەلی حـافز لـە پشـتی چـیای کوڕەکاژاو, یـەکێك لـەو هاوبیرانەکـە پەیوەنـدی رێکخسـتنی بەمنـەوە بـوو (کـاك حەمــەقادری ئەنـدازیار) بەوهۆیــەوە فەرمانـدەری هێزەکـە زاوای بوو,ئەویش کرابوو بەکاربەدەست , بـەڵام زۆر بەلامـەوە سـەیربوو, تەنانـەت سڵاوێکیشی لێنەکردم, توومەز خـۆی دەپارێزێـت, لەناوچـەی بەرزنجـەش لـە بارەگـای رێکخراوێکـی پـارتی , لەگـەڵ هاوبیرێکی(پچـراولە رێکخسـتن)دا,

تۆشی هەمان هەڵویست بووم! تەنها لایەنێك كە گوێی بەوە نەدەداو هـەموو هاوكارییەكی هاوبیرانیشی دەكرد هێـزی خـەبات و فەرماندەرەكـەی شـەهید فەتاح محەمەدئەمین بوو بەهەموو بەتالیۆنەكانیشییەوە بەتایبەتیش هـاوبیری شەهید نوری حەمەعەلی. دوای هەرەسی شۆڕش چـەند زانیارییـەكی گـرنگم لــەبارەی ئــەو راپۆرتانــەوە وەرگــرت كــە لەســەرئێمەمانان نووســرابوون ...لەبارەی پەیوەندی كاك عەبدوڵلاشەوە بەپارتییەوە,پەیوەندیی نـەبووە,من گومـانم لێـدەكرد پەیوەنـدی بـە پاراستنەوە هەیـە, ئەوەشـم لـەملاو ئـەولا باســـنەكردووە بـــەڵكو وەك دو هـــاوبیر كەســـالانێك پێكـــەوە كارمـــان كردووە,ســاڵی٢٠١٣ لەســەردانێكدا بــۆ كوردســتان شــەو لــەماڵی خۆیــان لەهەولێر وتی هـەموو ئـەو خالانـەی لەسـەری نـاكۆكین یـا هـاودەنگ نـین , ئەمشەو یەكلاییان دەكەینەوە.یەكەم خاڵ گومانەكـەم بـوو كەپەیوەنـدیی بـە پاراستنەوەهەیە, بەراستیی زۆر نیگـەران بـوو, وتـی ( زۆر بەداخـەوە دوای پتر لە چل سـاڵ هاوڕێیـەتی و هـاوبیرێتیی ئـەوە بـەمن ئەڵێیت...)هەنـدێك شتیشـی لـەو بارەیـەوە بـۆ روونكردمـەوە كـە گومانەكـەمی رەوانـدەوە كـە پەیوەندی بە دەسـگای پاراسـتنی شۆڕشـەوە هـەبووبێت بـەڵكو ناڕاسـتەوخۆ پەیوەندییەكی تایبەتی بە كاك حەمەی عەزیزەوە هەبووە.ئـەم پەیوەندییـەش چۆن و لەكەیەوە دامەزراوە و بەهۆی كێوە بووە و بۆ بەتایبەت لەگەڵ ئـەودا بووە, ئەوە بەدوادا چوونێكی تایبەتی دەوێت چـەندین هـاوبیری پەیوەندیـدار كاری بۆبكەن. ئەوەشم بـە كـاك عەبـدوڵلا وت كـە كـاك محەمـەد عـەزیز و شەهید شێخ محەمەدی هەرسین لە١٩٦٤ بەدوواوە فڕیـان بەكاژیكـەوە نـەماو

بەهاوبیریش نایەنە ژماردن وشەهید کاك فەتاح محەمەد ئەمین ئاغاش کەس نکوولی ئەوە ناکات دۆست و هاوکاری کاژیك بوو بەلاّم ناشتوانێت لەیەك کاتداخۆی بە دوولایەنی سیاسیی جیاوازەوە ببەستێت و سەرلەپێناوی هەردوولادابێت....ئاخر ئەو چۆن کاژیکەو لێپرسراوێکی بالاّی ئەولایەنەشە بڕیاریدابوو هەشتا کەسێك لە کاژیك ولایەنگرانیان تیرۆربکات؟ ئیتر لەو کاتەوە پەیوەندیم لەگەڵ کاك عەبدوڵلاّدا پچڕاوە. بەلاّم بۆ هاتووە تۆ بباتەوە کوردستان ودەتوانێت تۆ بپارێزێ! من ئەو پرسیارە دەکەم : لەکێ دەتپارێزێت؟ خۆمن وەك دوست و کەسێکی نزیك زۆرچاك ئاگادارم, ئەوکاتێك لەلایەن نەیارەکانییەوە هەڕەشەی کوشتنی لەسەربوو, ئەگەر سێبەری فەتاح ئاغای لەسەرنەبایە نەیدەتوانی ژیانی خۆی بپارێزێت , نەك هەر ئەوە بەڵکو زانیاریی تەواویشی پێدرابوو لەسەر ئەو کەسەی دانراوە بۆ کوشتنی ! ئەو زانیارییە ورد و دروستەشی لەکوێوە وەرگرتووە , لە دووکەس بەدەر نییە: فەرمانداری هێزی خەبات شەهید کاك فەتاح یا کاك حەمەی عەزیزکارگێڕی بارەگای بارزانی و بەرپرسی دوەمی پاراستن. ئەمەیە کاك عەبدوڵلاّ نامیلکەکەیی پێشکەش بە خاڵە حەمەی کردووە کە (نەیهێشت لە ژیانی سیاسیمدا بگلێم) .من کە ئەمە دەڵێم , ئەوە لەو روانگەیەوەیە کە لەنێو هەموو هاوبیرانی کاژیکدا بە ( سەرکردایەتی و بنکردایەتی ) یەوە تەنهاو تەنها کاك عەبدوڵلاّ ئاگرین پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە کاك فەتاح و کاك حەمەی عەزیزەوە هەبوو , لە نێو هەموو فەرماندارەکانی هێزەکانی ( لەشکری شرڕشگێڕی کوردستان )یشدا تەنها

شەهید کاك فـەتاح پەیوەندییـەکی دوو قـۆڵی نهێنـی لەگـەڵ کـاك حەمـەی عـەزیزدا هەبوو , لە هەموو رووداوەکان و (خشەی مار و مێرو) لـە تـەواوی دەڤـەری فراوانـی سـلێمانی زانیـاری پێـدەدا بەتایبـەتیش لـە سـەر گوتـار و رەفتاری بەرپرسانی پارتی و گەندەڵیەکانیان , ئەویش رێنمایی ئەمی دەکـرد کە دێتە بارەگای بـارزانی , چـی بڵێـت و چـی بکـات .... پلانـی کوشـتن و کوشتنبازییە لـە سـاڵی ١٩٧٠بـەدواوە لـەنێو نەتەوەییەکانـدا سـەریهەڵدا و داهێنـــان و هونەرکاریشـــیی تێـــدا دەکـــرا وەك پلانـــی ســـووتاندنی فوئادمحەمەدئەمین سەڕاج بە مەنجـەڵێك ئـاوی لـەکوڵ !! پلانـی تیرۆرکردنـی کاك عـەبدوڵا ئاگرین لەخەودا, تیرۆرکردنی کاك کـەمالی جـەمالی موختـار, مامۆستا عوسمان رەشید. شەهید جەلالی حاجی حسـێنیش ئامـادەیی تێـدا بـوو سـەری یـەك دوویـەك لـە نـەیارەکانی بـێ کلاوبکات.لـەو رووەوە دکتۆرحوسێن موحەممەد عەزیز لە کتێبی شێرکۆ بێکـەس, یـاد و یـادەوەری نووسیویەتی(... تـەنیا هـەر چـوار ئەفسـەرەکە: مەنسـووری حەفید,کـەریمی شـێخ سـەلام, شـوان و حەمـە شـەوقی بـە قسـەو گفتـی شـێرکۆ هەڵخەڵەتان(مەبەسـتی شـێرکۆی کـوڕی هـەژار موکریانییە)ئـەوانیش کـاتێ رۆیشتن پاش ماوەیە پەشیمانبوونەوە, چونکە باری پاسۆك و درۆکانی شێرکۆ یان بە تەواوی بۆ دەرکەوت. ئەوەبو هەر دوای ماوەیەك شێرکۆ بەجێیهێشـتن و بۆ هۆڵەند گەڕایەوە, هەر باشـیش بـوو لـە دەس جـەلالی حـاجی حوسـێن رزگاریبوو و نەیکوشت!)

**ل. ٩٥ " ئەبە ئاگرین لە ل.١٢٠ ی نامیلکەکەیدا دەڵێ: (...لەسەر پێشنیاری من بڕیاردرا کۆنفرانسێك ببەستین. ئەو کۆنفرانسە لە مانگی دووی ١٩٧٥ دا لەماڵی کاك هەردی لەنەغەدە سازکرا..."**

** بەر لەهەموو شتێك ئەوکۆبوونەوەیە (کۆنفرانس)ە هەڵدەگرێت نەك هەر هەڵوێستەیەکی لەسەربکەین, بەڵکو بەکاوەخۆ شەنوکەوێکی بکەین وبەهەموبارەکانیشدا هەڵسەنگاندنی وردو بەسەلیقەی بۆبکەین. وەك دەزانین کۆنفرانس هەروا بەهەوانتەوهەڕەمەکیی نابەسترێت, دەبێت هۆکاری گرنگ لەئارادابێت وەك کێشەی گەورەو ململانێ لەنێو ریزەکانی رێکخستندا, وەرچەرخانێکی کتوپڕی مێژوویی و هاتنە پێشەوەی قۆناغێکی نوێ کە پێویست بە گوڕانکاریی بکات لە پلان و دروشمەکان و تاکتیکەکاندا. ئینجا کۆنفرانس واکتوپڕ نابەسترێت , ئامادەکاریی پێشوەختی دەوێت , سەیرانێکی قەراغ شار بەو دەستوبرد و بەلەپروزەیە رێکناخرێت !کەواتە هۆیەکەی چیبوو؟ بۆ وا کتوپڕ بوو, بانگکراوەکان چۆن دیاریکران, ئامادەبووەکان کێبوون و ئەوانەی ئامادەنەبوون بۆنەهاتن ,کۆبوونەوەکە چەندی خایاند و باسوخواسی سەرەکی چیبوو, بڕیارەکان و راسپاردەکان چیبوون و ئەنجامەکانیش چ کاریگەرییەکی پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤی بەسەر ئامادەبووان و هاوبیرانی کاژیکەوە هەبوو؟ ئەمانە هەمووی هێشتا بێ وەڵام ماونەتەوە. ئینجا دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین کەدەڵێت(بڕیاردرا) کێ بڕیاریدا؟ سەرکردایەتی کاژیك بڕیاریدا؟ ئەگەر وابێت کەواتە کاژیك وەك رێکخستن هەتا ئەو کاتە مابوو! ئەگەر کاژیکیش نەمابوو, ئەو بڕیاردەرە لە

کوێوه هات؟ کۆبونەوەکەش یا هەرناوێکی زلی وه ك (کۆنفرانس) ی لێدەنێن زۆر گـــرنگ نییـــه بـــەلاّم گرنگـــه بزانـــرێ بانگکراوەکـــان کێبـــوون و ئامادەبووەکانیش کێبوون و ئەوانەش که نەهاتن , بۆ نەهاتن؟ بەدڵنیاییـەوە و بـۆ مێـژوو دەڵـێم ئامادەبووەکـان ئـەم هاوبیرانـه بـوون: مامۆسـتایان ئەحمەدهەردی,کامیل ژیـر, عەبـدوڵڵائاگرین ,شـەهید نـووری حەمـه عـەلی (فەرماندەی بەتالیۆن و جێگری فەرماندەری هێزی خەبات), محەمەد مەجیـد ئەصلان ,جوانەمـەرگ عومـەر حەمـه شـەمەیی,عەلی تۆفیـق (لێپرسـراوی دارایـی هێـزی خـەبات), فەرهادعەبدولحەمیـد و نـوری کـەریم ,کاتەکـەش کۆتایی پایزی ١٩٧٥ بـوو,ئـەو سـاڵه لەپڕێکـدا سـەرماهات, هێشـتا جلـی هاوینەمان لەبەردابوو , سەرما بەجۆرێك زۆری بۆهێنام ناچاربووم له گوندی چۆمان قەمسەڵەیەکم کڕی..... هەرچەند کۆبوونەوەکه کۆنوسـی بۆنـەکراوە, کـه ئـەوەش خـۆی لـه خۆیـدا پرسـیارێکه , کۆنفرانسـێك دۆکـۆمێنتێکی لەدواجێنەمێنێت!! بەهەرحاڵ نه ئەوەنـدەی خایانـد و نەکێشـەو ململانێشـی تێـدابوو هـەر وەك ئـەوەی هەریەکـەمان لـه (نەسـت )ی خۆیـدا بـەر لـه ( هەسـت) دەمـانزانی مـل کـەچ کردنـه لەبـەردەم بەرژەوەنـدیی بـالاّدا , یـا سـەرنەویکردنه لەبەرامبـەر گێژەڵووکـەدا...... پۆختـەی خاڵـه گرنگـەکانم لەیادە.ساڵی٢٠١٠ مامۆستاکامیل ژیرلەماڵی خۆیان پرسیاری لەمن کـرد( ئـەرێ تـۆ بەشـداربووەکانت لـەیادماوە؟ ) وتم جگـه لـه تـۆو مامۆسـتا ئەحمەدهـەردی و عومـەر شـەمەیی, ئەوانیدیکـه لەریگـەی گەڕانەوەمانـدا بەئێراندا بۆ پێنجوین له ستۆدیۆیەکی شـاری سـابلاّخ (مـەهاباد) وێنەیـەکی

بەکۆمەڵ وهەریەکەشمان بەتەنیا وێنەیەکی(پۆرترێت)مان گرتووەو دەبوو شەهید نوری و عەلی تۆفیق دوواتر وەریانبگرنەوە , دڵنیاشم ئەو وێنانە لە ئەلبوومی وێنەکانیاندا ماون . ئەمە بەو مانایەی کاك عەبدوڵلای تێدا نەبووە, رووبە رووش لە هەولێر و لەماڵی خۆیان بەخۆیم وتووە و لەکتێبەکەشیدا لەلاپەڕە١٢١دا لەو بارەیەوە نووسیوێتی{بڕواتان هەبێ من ئەمەم لە یاداشتەکانمدا نووسیوەو تۆمارکردووە, کەچی لەو ماوەیە هاوبیرێکی بەشداربووی کۆنفرانسەکە لێیپرسیم : ئەرێ کاك عەبدوڵلا تۆ بۆچی بۆکۆنفرانسەکەی نەغەدە نەهاتی و ئامادەنەبوویت ؟ .. بۆ ئەو قسەیە زۆر سەیرم پێهات و لە دڵی خۆمدا وتم : دیارە ئەمجۆرە رووداوە گرنگ و ناسکانە لەکاتی خۆیدا تۆمارنەکرێن ئەوە لەوەیە بەتێپەڕبوونی تەمەن لە مێشك و بیرەوەرییەکاندا بسڕێتەوە وا لەهەندێك مرۆڤ بکات بە ئیلحاحەوە نکوڵی لە راستیی واقیعی ئەو رووداوانەش بکات و دەست لەسەر(**نسيان الذاكرة**) ی خۆیدا بگرێت .}ئەمە قسەی دکتۆر ئاگرینە , دەقاودەق لەنێوان دووکەوانەکەدا وەك خۆی نووسیومەتەوە, بەڵام دەبێت بزانین دەستەواژەی (**نسيان ألذاكرة**) هەڵەیەو ئەو مەبەستی لە (**فقدان ألذاكرة** ) یا( **داء آلنسيان**)ە و لەلایەنی پزیشکییەوە لەگەڵ وشەی عارەبیی(نسيان) دا زۆر لەیەکتر جیاوازن , ئەویان نەخۆشییە( نەخۆشیی بیرچوونەوە) بەڵام (نسيان) دیاردەیەکی کاتییە بۆ ماوەیەکی کورت یا درێژتر , وەك بیرچوونەوە و بیرنەهاتنەوەی ناوێك , رووداوێك یا هەرشتێك بۆماوەی چەند چرکەیەك , چەند خولەکێك , کاتژمێرێك , رۆژێك و کەمتر

یازیاترو ئینجا  شتەکەمان بیردەکەوێتەوە وەك من کە لەیادم نەمابوو کاك عەبدوڵڵا ئاگرین یەکێك بووە لە ئامادەبووانی کۆنفرانسەکەی شاری نەغەدە بەڵام دواتر گومانم لەو بۆچوونەی خۆم پەیداکردو لە ئەنجامی پێکەوە بەستنەوەی چەندرووداو و یەکتربینینێکی ئەو رۆژانەدا گومانەکەم رەوییەوە و دڵنیابووم یەکێك بوو لەبەشداربووان, ئەوەی ئەو بەشداریی تێدانەکرد خۆ کاندیدنەکردن بوو لەگەڵ ئێمەدا(مامۆستایان فایەق عارف و کامیل ژیر و بەندە نوری کەریم) بوو هەڵبژاردنی لیژنەی ناوچەی سلێمانی پارتی لە هاوینی۱۹۷۰دا. هەروەها بەشدارنەبوونی لە کۆبوونەوەکەی ماڵی ماموستا فایەق عارفدا, وەك پێشتر باسمکردووە ,جا من  لەوێدا تووشی سەهو بووم و پەردەپۆشی ناکەم و لەپێناو پاراستنی راستیداو بۆ چەواشەنەکردنی هاوبیران و خوێنەران و لنگەوقووچنەکردنی رووداوەکان ومێژووش , ئاوەژووبوونەکە راستدەکەمەوە وئەو قسە تفتەی بەرامبەریشم کردوویەتیی بەهەند وەرناگرم و وەك لەگەڵ منیشی نەبێت ودەڵێم کاك عەبدوڵڵاش یەکێك بوو لە ئامادەبووانی کۆنفرانسەکەی نەغەدە و پشتگیریەکی بەهێزی منیشی دەکرد کە ئەوانەی بەیانەکەیان لەسەر سەرکردەکانی کاژیك نووسیوە کۆمەڵێك لاوی خوێن گەرمن و لەبێدەنگی کاژیك بێزاربوون و تەقینەوە , بەڵام بەشێوەیەکی نادروست ونەشیاو و ئاشکراکردنی ناوەکانی ئەندامانی دامەزرێنەر یا بابڵێین سەرکردایەتی کە بەجۆرێك لە سیخوڕی دەژمێردرێت , ئەگەرچی مەبەستیشیان سیخوڕیکردن نەبووبێت. بەڵام با دکتۆر ئاگرین سەیری بەمەش بێت و نە لەدڵی خۆیدا بەڵکۆ ئاشکرا بڵێت کە هاوبیر

(عەلی تۆفیق) ی بە ئامادەبوو نەژماردووە و (عەبدولفەتاح)ی لەجێگەکەی داناوە, چ هۆیەك هەیە جگە لە(**نسيان الذاكرة**) وەك خۆی دەڵێت؟ هاوبیر شەهید نوری حەمەعەلی وهاوبیر عەلی تۆفیق وەك نوێنەری شەهید کاك فەتاح ـ هێزی خەبات هاتبوون... **هاوبیرعەبدولفەتتاح** رەززاق(مەلافەتاح) یەکێك بوو لەوهاوبیرانەی من لەسەر راسپاردەی مامۆستا ئەحمەد هەردی گەڕامەوە پێنجوین و دەوروبەرەکەی بۆ ئاگادارکردن و بانگکردنیان بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکەی شاری نەغەدە ـ خۆرهەلأتی کوردستان . بە هەرحاڵێك بوو هەندێکیانم دۆزییەوە, چونکە ئەو خەڵکە تاریك و روونی بەیانی بۆ خۆپاراستن لە بۆردومانی فرۆکە جەنگییەکانی رژێمی بەغدا لەشار دەردەچوون ولەو شاخ و هەردانەو یا لە نێو ئەشکەوتەکاندا دەمانەوە هەتا خۆرئاوا , ئینجا دەگەڕانەوە .ئەوانەی دۆزیمنەوە وەك هاوبیران عەبدولفەتاح , کەمال عەلی نانەوا ,عەتا سوڵتان بەکورتی و بەکوردی وبێباکانە وتیان نامانەوێت ئامادەبین ! هاوبیران جەلال دەرویش قادر و وئەوانی دیکەش لەو بار و دۆخە سەخت و دژوارەدا, بەو پەلە پەلە نەدەدۆزرانەوە .لە دامێنی ئەم وەلأمەدا دەمەوێت خاڵێکیش رونبکەمەوە پەیوەست بە دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین ,بەرێزیان لە چاو پێکەوتنەکەی کەناڵیNRTداو لە نامیلکەکەو لەو کتێبە قەبەیەشدا کە بەم دووایيانە لەسەر مێژووی کاژیك , هەرچییەکی وتووە و نووسیوە شەقڵی ئەوەی پێوە دیارە هەرکەسێك بیرو بۆچوونی خۆی بەراشکاوی بخاتە روو و بەدڵم نەبێت , رەخنەم لێبگرێت , ناحەز و رکەبەرە و لەخانەی دۆستەکاندا دەریدەهێنم . ئەمەش بەڵگە نەویستە دکتۆر بە

هـەوای ئـەو (میـزاج)ە دەپـەیڤێت و دەنووسـێت . لێـرەدا تـەنها نموونەیـەك دەخەمە بەر دیدی خوێنەران : منێك كە پتر لە ٤٠چل ساڵ هاوبیرو هـاوڕێیً نزیك و دڵسۆزی ئەو پیاوەبووم لە چاوپێكەوتنەكەیNRTدا, دەسـتە گـوڵ و هاوبیری نمونەیی كاژیـك (سـێ هـاوبیر, هـەر ئـەو سـیانە: عومەرشـەمەیی, فــەرهاد عەبدولحەمیــد و نــوری كەریم),لــە نامیلكەكەشــیدا(لاپەڕەیەكی پرشنگدار لە مێژووی كاژیك ...) لە دۆكۆمێنتەكانـدا و لەچـەند شـوێنێكی جیاوازدا لاپەڕەیەكی(كلیلی رێكخستنەكانی كایك دەخاتـە روو كـە بریتییـە لە نـاوی راسـتەقینەو نـاوی نهێنـی وتەمـەنی هـاوبیرانی دەسـتەی دووەمـی كاژیـك كـە كـادیرە پێشـكەوتووەكانن و راسـتەوخۆ لـەدوای ناوەكـانی ئـەو هاوبیرانەوە كە هێشتا لە كۆمیتەی سەركردایەتیدا مابوونـەوە, بەنـدە نـوری كـەریم ٨هەشـتەمین نـاوەو بـە ٢٥سـاڵ تەمەنیشـەوە لـە هـەموویان گـەنجتر بەشێوەی بەڵگەی دۆكۆمێنتاریی بلاوكردۆتەو.

بەڵام هەر ئەو نوری كەریمە لە كتێبە گەورە رەنگاورەنگەكەی ئەم دواییەیدا, نوری كەریم بـە ئەنقەسـت لـە چـەندین شـوێندا فـەرامۆش كـراوە!! چـەندین هــاوبیر و دۆســت و ناســیاو ئــەوەیان بــەلاوە ســەیربووە, هــاورێی دێــرینم مامۆستا رەوفی حاجی فـەرەج كۆكـۆیی ئەنـدامی پێشـووی پەرلـەمان وتـی (ئەرێ كاكە ئەوە بۆ ئەمجارە عەبدوڵلا ئاگرین تەنها یەكجا نـاوی هێناویـت؟ ) وتم كاكــە رەوف هەركــەس هــەردو كتێبەكــەی دكتۆرعەبــدوڵلا و چــاپی یەكـەمی كتێبەكـەی منیش(سـەرنجێك لـە دوابەرهەمەكـەی دكتـۆر جـەمال

نەبەز,کاژیك١٩٥٩پێشخان و پاشـخانەکانی) بـە وردی بخوێنێتـەوە وەڵامـی پرسیارەکەی دەستدەکەوێت

**لا. ٩٥ ـ ٩٦: " لێرەدا دەمێنێتەوە چەند تێبینییەك لەبارەی وتووێژەکەی هاوبیر کامیل ژیرەوە لەگەڵ تەلەفیزیۆنی ئێن ئار تی لـە ١٨و٢٠١٤/٢/٢٤دا, ئـەوەی کـە گـوتی( مـەلا مستەفای بارزانی ئاگای لەوەنەبووە کە پارتی و پاراستن بەو جۆرە دژ بە کاژیـك بـوون و بارزانی لەسەرەتاوە گومانی هەبووە بەرامبەر کاژیك, بەڵام دوایی گومانەکەی رەواوەتەوە و فرۆشگەی شۆڕشی داوە بە شێخ محەمەدی هەرسین و زۆر رێزی محەمەد ئەزیزی گرتووە. ) باشە بۆچی پاش ئەوە چالاکیی رۆشنبیری و رێکخراوەیی کاژیك لە کوردستاندا بەجارێك وەستاون وپارتی وپاراستن هەروەك جاران و لەجاران توندوتیژتر دەژمنایەتیی کاژێکیان کـردووە؟ بۆچی شێخ محەمەدی هەرسین و کاك محەمەدی ئەزیز کەبوونەتە باوەڕپێکراوی بارزانی , رێیان لەو دوژمنایەتییە نەگرتووە و هیچ چالاکییەکی کاژێکانەیان نەبووە . بۆچی ئەحمەد تۆفیق ( ئەوڵای ئیسحاقیی ) کە زۆر دڵسۆز وسەرلە پێناوی مەلا مستەفای بارزانی بوو, بـە ( قسەی کاك کامیل ژیر ) ئەو پێشنیازی ئەوەی کردووە کە کاژێك دوو ئەندامی خۆی بنێـرێ بۆلای بارزانی و نێو شۆڕش؟ بەڵگە چییە بۆئەوەی کە ئەو پێشنیازە پێشنیازی ئەحمەد تۆفیق خۆی بووە و رانەسپێردراوە بۆ ئەو کارە ؟ پاشان بۆچی ئـەو دووکەسـەی نێـردراون, کـاك محەمەدی ئەزیز وشێخ محەمەدی هەرسین بوون و دووکەسی دیکە نەبوون ؟ کێ ئەو دووانەی هەڵبژارد؟ و بە پێی چ پێوانەیەك ؟راستییەکەی مرۆڤ ناتوانێ هەروا بە سادەیی باوەڕ بەمە بکاو نەیەتە سەر ئەو بیرەی کە تەواویی چیرۆکی لە پڕ پەیدابوونی ( پارتی گەلی کورد ) و خۆ تواندنەوەی لەنێو کاژێکدا بێ کۆنگرە و بێ هیچ پرسکردن بەمن و بێ وەرگرتنی بیروڕای من و هەرپاش ئەوەش روودانی کارەساتی کانیی ماسی و چوونی محەمەد ئەزیز ومحەمەد هەرسین بۆلای بارزانی, نەخشەو پلانێك نەبووبێ بۆ نەهێشتنی کاژێك, هـەروەك پلانـی کـوردۆ( سەروەت ) ئەلی بۆ نەهێشتنی سۆکسە."**

** کاك حەمەی عەزیز لەبارەی پارتی گەلی کورد وکاژیك ,کامیان پێشتر دامـەزران دەڵێـت پـارتی گـەلی کـورد زۆر پێشـتر دامـەزراوە,بارزانی

ساڵی١٩٦٤ئەحمەد تۆفیقی ناردبو بۆ سلێمانی بیروبۆچوونی دانیشتووانی شارەکە وەربگرێت, ئێمە وەك پارتی گەلی کورد پێشنیازمانکرد بارزانی شۆڕشەکە بکاتە شۆڕشی میللەتێك لە پێناو سەربەخۆییدا, ئەحمەد تۆفیق وتی خۆتان بچنە لای بارزانی باشترە.ئێمە ئەو دەمە ئەحمەد هەردی ,فایەق عارف,کامیل ژیر,فەرەیدون عەلی ئەمین,عەبدوڵڵاجەوهەرمان نەدەناسی, من و شێخ محەمەدی هەرسین چووینە گوندی تەگەران-شارباژێڕ ،بەلاّم ئەو بەو هۆیەوە کە دوکاندار بوو گەڕایەوە سلێمانی ،من بارزانیم لە گوندی وەرتێ بینی. بەناوی پارتی گەلی کورد و لاوان و قوتابیانی نەتەوەییەوە قسەم دەکرد. لەنێوان چوونەدەرەوەی ئەو دوانە و خاوبوونەوەی چالاکییەکانی کاژیکدا چەندین رایەڵ و سەرەداو هەن.من دەڵێم خاوبوونەوە نەك ( بەجارێك وەستان ), یەکەمجاریش ئەوانەی لە بنەڕەتدا سەر بە پارتی گەل بوون زۆر بەبێدەنگی کشانەوە...ئەوەندەی بێتەوە یادم هەر بۆنموونە یادی بەخێر کەمالی عوسمان دایی خوشکەزای کاك حەمەی عەزیز,ئەوەی پەیوەست بوو بەو هێڵەی رێکخستن کەئەو بەرپرسیی بوو, کۆمەڵێك بلاّوکراوە و وئابوونەی مانگانەو....رادەستی من کردو وتی ئیتر حیزبایەتی ناکەین ! سەیر لەوەدا بوو چەند هاوبیرێکی هێڵەکەی لای منیش کتوپڕ پەیوەندییان پچڕاند وبە هەمان بیانوی ئیتر حیزبایەتی ناکەین . ئەم جۆرە کشانەوە بەکۆمەڵەش ئاسایی نەبوو, ماستەکە موویەك پتری تێدابوو

.

پرسـیار و گومانـەکانی مامۆسـتا نەبـەز هـەموویان بـەجیۆرێن و زۆر وردو هەستیاریشن,قسـەکەی کـاك کامیـل ژیـریش دەسـەلمێنم و پێشـنیازەکەی عەبدوڵڵای ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق ,ئەویش هـەربۆ بەرژەوەنـدیی کاژیك بووەو لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی خودی خۆیشی کە وەك کـوردێکی نەتەوەیی پشتیوان و هـاودەنگی هـەبێت لـەبارەگای بـارزانی .بەدڵنیاییـەوە دەڵێم ئەحمەد تۆفیق کوردێکی نەتـەوەیی هەڵبـژاردە بـوو , یـەکێك بـوو لـە دیارترین و چـالاکترین هەڵسـووڕاوانی شـۆڕش , دەتـوانم بڵـێم بـاڵی راسـتی بارزانی ئەوبوو,لەو باسەدا هەر نهێنییـەك هـەبێت لـەوێوە سەرچـاوەدەگرێت (وەك دکتۆر نەبەز دەڵێت) بۆ ئەو دوانـە دەسـت نیشـانکران و چـۆن بڕیـاری لەسەردرا ؟ یا ئەوەتە وەك چۆن یەکگرتنەکەی کاژیك و پارتی گەلی کورد بێ کۆنگرە ئەنجامدرا , ئەمەش کاك ئەحمەد تۆفیق زەمینـە سـازیی بـۆکردووەو ئەوانیش ناوی خوایان لێهێناوەو تف لە دەسـت و قـووەت لـە خـوا, سـەریان پێوەناوە بەرەو سەرەوە, بارەگای بـەرزانی . ئـەو بەیانـەش ئەگـەر هەڵەنـەبم لەژێر سەردێڕی (دیسانەوە بارزانی)دا بوو, نەك (دیسان بـارزانی). مـن ئـەو بڵاوکراوەیەم بەچاوی خۆم بینیوە , بەیانییەکیان بـە تەنیشـت درگـای ژووری بەڕێوەبەری خوێندنگەکەمان( ناوەندی وەتەن) برادەرانی کۆمۆنیست لەقەدی دیوارەکەیان چەسپ کردبوو, ئێمەی خوێندکار وامانـدەزانیی لە دژی بـارزانی نووسراوە, بـەو مانایـەی دیسـانەوە کێشـەی بارزانییـەکان و شـەڕو کوشـتار سەریهەڵدایەوە! من تەنها جارێك ئەحمەد تۆفیـق (عەبـدوڵڵای ئیسـحاقیی)م بینیوە لەگەڵ شەهید تۆفیقی نووری بەگی پورزامدابوو , نێوانی لەگـەڵ ئـەو

و شێخ محەمەدی هەرسیندا خۆشبوو , ئەوان دەیانوت کاژیکە و تۆفیـق دوای بارزانی مستەفا ئەوی بەنموونەی خەباتگێڕی نەتەوەیی دادەنا .شێخ محەمـەدی هەرسینیش فرۆشگەی شۆڕشی پێنـەدرابوو لەبەرئـەوەی کاژیکـە, ئـەو هـەر لەسەرەتاوە زانیی چۆن دەچێتە ناوئیشـەکەوە, یەکـەم مـانگ دووئەوەنـدەی بەرپرسـی پێشـووی فرۆشـگەکەی قـازانج خسـتبووە بەردەسـتی لێپرسـراوی دارایی.

** ئەو سەردەمانە کاروباری شۆڕش هێشتا هەر بەدەسـت خـودی بـارزانی مسـتەفاوە بـوو, ئاگـای لـە هـەموو شـتێکیش بـوو, هـیچ بەرپرسـێکیش نەیدەتوانی شتێکی لێبشارێتەوە,دەسگای پاراستنیش هێشتا دانەمـەزرابوو, باوەڕیش ناکەم بارزانی گومانی لە کاژیـك هـەبووبێ, کاژیکـەکان بـە نـان و ئاو وبەرگو کاڵـەوپێتاوی خۆیـان لـە شـاخ و لـە شـار, لـەدەرەوەو لـەناوەوە, سـەرومڕ و بێپـەروا وەك پێشـمەرگەو وەك سـقیل سـەرلەپێناوی شـۆڕش ودژایەتی نەیارانی بارزانی مستەفایان دەکرد, ئەویش ئەوەندە پتریی لەکەس نەدەویست, ئیتر بۆگومانیان لێبکات؟

**ل.٩٧: " تەلەفیزیۆنی (رووداو) یش کەوتە باسی کاژیك: لە ئێوارێی رۆژی دووشەممەی ٢٠١٤/٤/٢١دا بەرنامەیەکی لەبارەی(کاژیك)ەوە پیشاندا, بەڕێزان کامیل ژیر, فایەق ئارف, شێرکۆ بێکەس,فوئاد حەمەمین,شێرزاد فاتیح, فـەرهاد عەبدولحەمید,مامۆسـتا خـەفوور ئەمین, ئەنوەر برزوو, ئەلیی ساماخا و ئاسۆس هەردی بەشداربوون. سەرنجڕاکیش ئەوەیە هەریەکەیان جگە لە ئاسۆس هەردی , بەجۆرێك پێوەندیی بە رێکخراوی کاژیکەوە هەبووە , سا یا وەك دامەزرێنەر( فایەق ئارف و کامیل ژیر) یا وەك ئەندام( مامۆستا خـەفوور ئـەمین**

**,ئەلیی ساماخا, ئەبدوڵلا ئاگرین( پێشتر ناوی ئاگرینی تێدانییە.ن.ك),فوئادحەمەئەمین ,شێرزادفاتیح, ئەنوەر برزوو**)"مامۆستاشیرکۆ بێکەس لەومێزگردەدا وتوویەتی( گەورەترین هەڵەی کاژیك ئەوەبو کە چووە لای مەلامستەفا).لەو بۆچوونەدا مامۆستا نەبەزیش هاوڕایەتی. ئینجا مامۆستا گلەیی ئەوەش دەکات کە بەڕێزان هاوبیر بروسکە ئیبراهیم و جەواد مەلا, لە هەردوو بەرنامەکەی ئێن ئار تی , هەروەها رووداویش بەشدارنەبوون .

** هاوبیران کاك بروسکە ئیبراهیم وکاك جەواد مەلا جێگە دەستیان بەخەباتی هاوبیرانی کاژیکەوە لەئەورووپا دیارو ئاشکرایە, بەڵام نەك شارەزایی , ئاگاداریشیان لەسەر کاژیك و رووداوەکانی کوردستان نییە. ئەنوەر برزو ساڵی١٩٧٠ پەیوەندی کردووە بە کاژیکەوە,کادیرێکی پارتی بوو لەشارباژێر, کوڕێکی رووناکبیر وچالاك وبەدەموپل و (زۆرزان)بوو, قسەیەکی دانسقەی هەیە کەدەیگوت ( تۆ تەماشا, دوای ئەم هەموو ساڵە ئێستا تێگەیشتم پارتی چییە و کوردایەتی لەکوێوە دەکرێت!)کاك شێرکۆ بێکەس هەتا١٩٦٩/١٩٧٠ بەرپرسی لقی سلێمانی بووە,پێشتریش رەخنەی لەو شێوەی کارکردنەی کاژیك دەگرت و ئەو سستی و خۆماتکردنەی بەنادروست دەژمارد ,کە دەستنیشانی گەورەترین هەڵەی کاژیکیش دەکات , ئەوە بە پێوانەی ئەمڕۆ نەك بە پێوانەی بارودۆخی ٥٠ساڵ پێشتر.مامۆستاغەفوور زۆر شارەزایە وئاگاداری گەلێك لەلایەنە دیارو نادیارەکانی سالآنی سەرهەڵدانی کاژیك و پارتی گەلی کوردە وهەتا ساڵی١٩٦٨یەکێك بوو لە هەرە کادیرە چالاکەکانی کاژیك,کاك عەلی سام

ئاغـــا یەکێکـــە لـــە پیاومـــاقوولانی ســـلێمانی و کەســـایەتییە ناســـراو و پەسەندەکان و لەبواری رامیاریشدا خـاوەن ئـەزموون و بەهەڵوێسـتە . کـاك شێرزاد فاتیح لە دامەزراندنی پاسـۆکەوە لـە نزیکـەوە ئاگـادارە و پیـاوێکی بەهیمەت و قسە لە رووە .

**لا.١٠١: " جارێکیان رەحمـەتیی بـرایم ئەحمـەد بـە خـۆمی گوت(کـە نووسـینەکانت دەخوێنمەوە, هەست بەوە دەکەم بە شارەزاییەکی زۆرەوە کوردایەتیت کردووە بە زانستێك کە بەسەر پێی خۆیەوە وەستاوە... باوەڕبکە, ئەگەر کاژێك نەدەچووە لای مەلا مستەفا, خـۆم یەکەم کەس دەبووم کە دەهاتمە ناو کاژێکەوە)"**

** مامۆستا برایم ئەحمەد هەوڵ و کۆششی بەردەوامی پـەنجا سـاڵێکی تـا ئەو کاتەی مامۆستا نەبەزی لەچەند وشەیەکدا چڕکردۆتەوە , بـەڵام هێشـتا مافی خۆی بەکەمەوە پێداوە .لەگەڵ رێزم بۆ ئەو دووکەڵە نووسەر ورامیـار و بیرمەند و مەزنـەی کـورد, بـەڵام باوەڕناکـەم (بلـە) ئـەو قسـەیەی لەدڵـەوە کردبێ کە دەهاتە ناو کاژێکەوە. کاژێك ١٩٦٢بەدوواوە ناوی بیستراو بـەنێو شاری سلێمانیدا بڵاوبووەوە کە شوێنی لەدایکبوونی (بلە) وکاژێك و بنکـەی سـەرەکیی پـارتی و شۆڕشـیش بوو,ئـەویش هـەر لـە١٩٦٢ەوە سـەرەتای ناکۆکییـــــەکانی خـــــۆیی و هــــــەڤالانی لەگـــــەڵ بارزانیـــــدا سـەریانهەڵدابوو,گۆڕەپانەکەش بریتیبوولـە پـارتی وکۆمۆنیسـت وکاژێـك , دەبووایە هەر زوو هەنگاوبنێت بۆ نزیکبوونـەوە و دامەزرانـدنی پەیوەنـدی و لەیەکترتێگەیشـتن, بـەڵام لـەو رووەوە تروسـکاییش بەدیناکرێت.ئـەوان وەك ناتۆرەیەك بە کاژێکیان دەوت (کوردکوژە) .

ل.١٠٣: "**پاش ئاشبەتاڵی دووەم (١٩٧٥) کـەدیم هـاوبیرانی کاژیـك هـیچ چـالاکیی و هەڵوێسـتێکیان نـەبوو لەسـەروبەندی ئاشـبەتاڵدا, ئیـدی خـۆم بەدەروێسـت نـەدیی بەبڕیارەکانی هاوبیرانی کوردستانەوە, وەك مرۆڤێکی سەربەخۆ کەوتمەکار. ئەوی نامیلکەی کاژیك** ونكسةآلثورة آلكردية (**مەبەستی لە نووچدانی شۆڕشی کورد کـە ١٩٧٠ چـاپکراوە) بخوێنێتەوە, بەجوانیی جیاوازی هەڵوێستی من و هـاوبیرانی ئـەورووپا لـە هەڵوێسـتی هاوبیرانی کوردستان دەبینێ. پاش ئەوەش هیچ شتێك بـەنێوی ڕێکخـراوی کاژیکـەوە لـە ئەورووپا دەرنەچوو.**"

** ئەوەی ڕاستیی بێ نازانم مەبەست لە ئاشـبەتاڵی دووەم چییە, چـونکە لەمێـژووی کـورددا , وشـەی ئاشـبەتاڵ وەك زاراوەیـەکی ڕامیـاریی ــــ سەربازیی , هەرەسەکەی شۆڕشی ئەیلوول هێنایە ئاراوە .جانـازانم ئەگـەر ڕووداوەکـانی١٩٦٤ کـە دکتـۆر نەبـەز ئاگادارنییـە لێیـان بەئاشـبەتاڵ و ئاشبەتاڵی یەکـەم ناوبنێـت ، ئەمـە یـەك, دووەمـیش لـەنێوان مامۆسـتا نەبـەز و سـەرکردایەتیی کاژیکـدا گـەلێك تێـڕوانین و هەڵوێسـتی جیـاواز هــەبووە, سـێیەمیش مانــای ئەوەیــە هــاوبیرانی کوردســتان هەرنــەبێت هەتا١٩٧٥چالاکیی و هەڵویستیان هەبووە, چوارەمیش دەبوو مامۆستا زۆر زووتر ئاگاداری بکردنایەو ئەو هەڵوێستەی بخستایەتە بەرچاویان . لـەبارەی کەمتەرخەمی و بێبـاکیی (سـەرکردایەتی) کوردسـتانەوە خـاڵی لاواز زۆرن, هــەر بۆنموونــە دوای ئاشــبەتاڵ ئەوەنــدە خۆیــان مانــدوو نــەکرد هــاوبیران بەسـەربکەنەوە و ڕێنماییمـان بکـەن , چـیبکەین . تواناکانمـان لەگـەڵ ئـەو دەنگانەدا یەکبخەین کە چەك دانانێن و درێژە بە شۆڕش دەدەن یا ڕووبکەنـە ئێـران یـا بگەڕێنـەوە عێـراق ! هەرەسـی شـۆڕش یـا ئاشـبەتاڵ لـە ڕۆژی

١٩٧٥/٣/٣ ەوە بلاّو بووەوە , بەشبەحالّی خۆم هەتا ٤/٢٦ یـش بـەمالّ و منداڵەوە لە ئێـران لـە چاوەڕوانیدا مامـەوە هـەتا بینـیم ئەنـدامانی لقـی چواری سلێمانی پارتیش بەرەو عێراق کەوتنە ڕێ, یەکێکیان شەهید صـدیق ئەمین( صدیق ئەفەندی) وتی "کـوڕی خـۆم ئەوانـەی چـاوەڕوانییان دەکـەیت دەمێکـە لەسـلێمانین" بـەگوێم نـەکرد هـەتا لـە شـارە دێـی کامیـاران , (یەدوڵڵا)ی دووکاندارم بینی , سەر بە (ئیتیلاعـات) یـش بـوو, وتـی ئـەوە نەگەڕاویتەوە؟ ئەم قسەیە لەمن وەرگرە: (ئەگەر بیستووتە زۆر کەسـلەوانەی گەڕاونەتەوە لە سێدارە دراون و سـێدارەیەکیش بۆتـۆ دانـراوە , ئینجـا هـەر ئـەمڕۆ, نـەك سـبەینێ بـڕۆرەوە ئـەو دیـو!) ئێـوارەی ئـەو رۆژە گەیشـتینە پێنجوین .

لا.٩٩ : " **باسی ئەوەکرا( مەبەستی لە مێژگردەکەی ئێن ئار تی ٢٠١٤/٤/٢١ەیە.ن.ك. )کە کاژێك بـۆ نووسـینی کاژێکنامـە سـووتی لـە نووسـینەکانی ساتیعولحوسـەریی( ساطع آلحصری ) وەرگرتووە یان لاسایی کردۆتەوە.** "

** هەر لە یەکـەمین چـارەکی سـەدەی بیسـتەمەوە, روونـاکبیریی کـوردی باشوور لە کانیاوی قووڵ و روونی رووناکبیریی عەرەبەوە سەرچـاوەی گرتـووە و هـەتا ئێسـتاش بەردەوامـە . ئـەوە تـازە بـەتازە رووناکبیرانمـان بـەکاوەخۆ دەست بۆ سەرچـاوەکانی ئێرانیـی و فارسـی و ئـەورووپایی درێژدەکـەن . بـۆ کـوردو بـارودۆخی ئـەو سـەردەمە , ئاسـتیی روونـاکبیریی نووسـەرەکانمان , قەڵـەمی دامەزرێنـەرەکانی کاژێـك لەقەڵەمەکـەی سـاتیع ئەلحوسـەری

بەبڕشتتر بووە و پەکیان لەسەر ئەوە نەکەوتبوو لاسایی بکەنەوە. کاژیکنامە لەمێژووی ئـەدەبی سیاسـیی کـورددا, رابـەر و رێچکەشـکێن وداهێنـەرە , خوێنـەر هـەر زوو هەسـتدەکات ریـتم ومیتـۆدێکی تایبـەتیی تێدایـە, زۆر جیـاوازە لـە ئـەدەبییاتی پـارتی و کۆمۆنیسـت کـە لەسـەر کلێشـەی نووسینەکانی حیزبەکانی ولاّتانی عەرەب و ئێران کـۆپی دەکـران , نـەك وەك کاژیـك خۆمـالّیی وبۆکـورد و بـۆ هێنانـەدیی ئـاوات و ئامانجـەدوور و نزیکەکانی کورد تۆمـاریکرد و خوێنـەر هەسـتیدەکرد بـەزمانێکی کـوردیی پوخت و بۆکورد نوسراوەو ئەوەی تێدایە کە تۆ دەتەوێت بیکەیتـە بەرنامـەی خەبات لەپێناو رزگارکردن و یەکگرتنەوەی کوردستان و بنیاتنانی سیسـتمی یەکسانیی و دادیی کۆمەلاّیەتیدا, دواتریش کاژیکنامە بە هەولّ و کۆششـی دکتـۆر جـەمال نەبـەز کرایـە پـرۆژەی دارِشـتنی فەلسـەفەی کوردایـەتیی وبناغەی(قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کوردیی) لەسـەر دامەزراند.کاژیکنامـە لـەو سـەردەمەدا دیاردەیـەکیی رامیـاریی , مێـژوویی, فیکریـی نـاوازەبوو, زادەی بیریـی کۆمـەلّێك روونـاکبیری دانسـقەو هەلّکـەوتووی کـوردە و بـۆ کۆمەلّگای کورد نووسراو کالاّ بەقـەد بـالاّی کـورد بڕدرا.ئینجـا فەلسـەفەی ناسـیۆنال(نەتەوایەتیی), هـیچ یـەکێك لەگـەلانی عـەرەب, فارس,ئەلّەمان,فەرەنگ, ئینگلیز, رووس وهتد.... خاوەنی نین و بیرمەنـدی ئەوانیش داینەڕشتووە.ساتیع ئەلحوسەریی,عەبباس مەحمود ئەلعەققاد, تەها حسـەین , کـەمال یوسـف ئـەلحاج, میشـێل عەفلـەق, شـبل ئەلعەیسـەمی ...وزۆری دیکـەش بنـەماکانی فەلسـەفەی ناسـییۆنالیزمی عـەرەبی لـە

بیرمەندانی هاونەتەوە و بێگانەی پێش خۆیان وەرگرتووە, چونکە سەرچاوەی سەرەکی زمان و وێژەو هزری عـەرەب هـەر قورئـانی پـیرۆزە و ئـەویش نـەك شتێکی لەو بارەیەوە تێدانییە,بەڵکو پێداگریی و جەخت لەوە دەکات گـەلان هەموو بران و خاکی ولاّتان گشتی زەوی یەزدانـە ویـەزدان بۆیـە بـە شـێوەی گەل و هۆزی جیاواز دروستی کردوون هەتا یەکتر بناسن و هاوکـاری یەکـدی بکەن وموسوڵمانانیش هەموویان بران , عەرەب بن یـا عـەرەب نـەبن لـەوی دیی پەسەندتر نییە, مەگەر بە خواپەرستیی و کرداری چاك.

لەمێزگردەکەدا ئـەوەش وتـرا, کـە دامـەزرێنـەرانی کاژیـك خوێنـدەوار بـوون بـەلاّم پیـاوی سیاسـەت نەبوون.مامۆسـتا لـەوەلاّمی ئەوانـەدا دەڵێـت" ...
**ئەوانەی سالاّنێك شەڕی کورد کوژییان کـرد و نێویـان نـا براکـوژی لەرامیاریـدا قـالّبوون؟ ئەوانەی پە نجاسـالّ تـە پلوزوڕنایان بـۆ ڕژێمـی تیرۆریسـتی سـۆڤێت و سـتالینی کوردکـوژ لێدا,رامیارییان باش دەزانی؟ ئەوانەی پاش ١٤ساڵ قوربانیـدان ئاشـبەتاڵیان بـە شۆڕشـی کوردکرد وەستای رامیاریی بوون؟ ئەوانەی هەر لەشکری ئەمەریکا هاتە کوردستان و ئێراقەوە پێش مارینزەکان کەوتن, بیٚ هیچ پە یمان و گەرەنتییەك, ئەوانە رامیاریزان بـوون؟ کاژیـك فەلسەفەیەکی نویٚ و ڕێبازێکی نوێی هێنـایە پێشەوە...."**

** بەر لەهەمووی, جیاوازییەکی زۆر لەنێوان خوێنـدەوار وروونـاکبیردا هەیـە, هـــەموو رووناکبیرێـــك خوێنـــدەوارە ,وەلیٚ هـــەموو خوێنـــدەوارێك روونـــاکبیر نییە.دامەزرێنەرانی کاژیکیش دەسـتەی هـەرە بـالاّ و هەڵبـژاردەی روونـاکبیرانی کوردبوون . من وای بۆدەچم کە شۆڕشی ئەیلوولی١٩٦١ هەڵگیرسـاو جـەماوەری کوردی باشوور بەهـەموو چین و توێژەکانـەوە باوەشـیان بـۆکردەوەو سـەروماڵیان لەپێناودا بەخت دەکرد,سەرانی کاژیـك هەسـتییان کـرد کاژیـك ناتوانێـت ببێتـە

ڕێکخراوێکی جەماوەریی بنکە فراوان , گشت چین وتوێژە کۆمەڵایەتییەکان لەهەموو ناوچەکانی کوردستان کۆبکاتەوە نەك تەنها دەستەیەك ڕووناکبیران و تەنها شاری سلێمانیش پانتایی جموجووڵ و چالاکییەکانی بێت, بۆیە هەتا هەلێکی لەبار و گونجاو دێتەپێش, شێوەی کارو خەباتی گوڕی وجۆرێك خەباتی ڕێکخراوەیی پیادە دەکرد(زۆر نهێنی ودیسپلینێکی سەخت) کە تەواو جیاواز بوو لە نهێنکاریی و دیسپلینی هەرهەموو لایەنە رامیارییەکانی کوردستان و وڵاتانی دەوروپشتیش , بەڵام هەرگیز ئەوهەلەی بۆ نەرەخسا ,تەوژمێکی ئایدیۆلۆژی ورامیاریی نەتەوەییانە بکات بەنێو بزوتنەوە چەکدارییەکەدا و لەئەنجامیشدا کۆنترۆلی بکات و شۆڕش لەنێو شۆڕشدا هەڵگیرسێنێت , بەڵام بزوتنەوە چەکدارەکە توانی حکوومەتێك لەنێو حکوومەتی عێراقدا دابمەزرێنێت , بارزانی شایەك بوو تەنها تەختوتاج و ئاڵاو دراوی تایبەتیی نەبوو. مەرج نییە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوێکی رامیاریی یا رامیاریی ـ سەربازیی, هەردەبێت رامیارکاربن, نەخێر دەشێت بیرمەند و هزرەوان بن و بنەماکانی باوەڕێك یا فەلسەفەیەك دابڕێژن وهێڵە درشتەکانی بەشێوەی مانیفیست بخەنە بەردەم گەل و بەردەوامیش کار لەسەر دەوڵەمەندکردن و گەشەپێدانی بکەن وەك چۆن مارکس و ئینگلس دەیانکرد و خۆیان لەقەرەی کاری ڕێکخراوەیی و حیزبایەتی نەدەدا, ئەوەبوو دواتر لینینی مەزن و ترۆتسکی جەماوەریان بۆجۆشداو لەدامەزراوێکی رامیاریی زۆر فراواندا ڕێکیانخستن .بەڵام ئایا لینینی مەزن هەموو ساڵێك و لەنێو هەموو گەلێکدا هەڵدەکەوێت ؟ بە پێویستی دەبینم ئەوەش بڵێین گەلی کوردیش وەنەبێ بیرمەندو هزرەوانی تێدا هەڵنەکەوتبێت , هەربۆنموونە لەسەدەی بیستەمدا و تەنها لە باشووری کوردستان مامۆستایان: حاجی تۆفیقی

(پیرەمێـردی نـەمر) , بـرایم ئەحمـەد , ئـەورەحمانی زەبیحی,عەبـدوڵڵا جەوهـەر, مەسعوود محەمەد , پرۆفیسۆرجەمال نەبەز, ئەحمەد هەردی لەو مەیدانەدا بوون .

لا.١٠٦ : " **ئەبدوڵڵا ئاگرین هەواڵ و زانیاری ناڕاست بڵاودەکاتەوە, وەك لەلا پەڕە ٣٨ تی نامیلکەی نێوبراودا دەبێژێ کە ئەو نامەیەکی کاژێك کە رۆژی ١٩٦٤/٥/١٣ نووسراوە{وێنەی نامەیەکی دەستنووسیشی بلاوکردۆتەوە لە لا پەڕە ٤٦ ـ٤٩دا} , گوایە ئەو نامەیە بووە کـە ئەوهـەر ئـەو رۆژە بردوویـەتی بـۆ بـارزانی} بـە دڵنیاییـەوە دەبێـژم کـە ئـەو قسـەیە ناڕاستە.هاوبیر بروسکە ئیبراهیم ئەو نامەیەو دوونامەی دیکـەی لەگـەڵ خـۆی هێنـا بـۆ موینشـن.نامەی چـوارەمیش ئەحمـەد نـەقیب کـە لەکوردسـتان گەڕایـەوە هێنـابووی بەرواری١٩٦٥/٢/٢١ی لەسەر بوو. نامەکان هەموو بە ئارەبیی نوسرابوون و تایپ کرابوون. ئەز لەلەندەن لە مامۆستا هەردیم پرسی بۆچی نامەکانتان بۆ بارزانی بە ئـارەبیی بـوو, گوتی :(چونکە پێمان وایە بارزانی ئارەبیی لە کوردیی ئاسانتر دەخوێنێتەوە. )" هـەروەها مامۆستا نەبەز دەڵێت: " مامۆستا هەردی ١٩٧٨ لەلەندەن پێمیڕاگەیاند کە ئەو نامەیەیان بە حەمەی ئەزیزدا ناردووە بۆ بارزانی. بێجگە لەمـەش مامۆسـتا هـەردیی گـوتی : چـوار نامەمان نارد بۆ بارزانی بەڵام وەرامی هیچ نامەیەکی ئێمەی نەدایەوە.**"

** کاژێك لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا چوار نامە بۆ بـارزانی دەنێرێـت , نامـەکان ئامـۆژگاری و رێنیشـاندان و پێشـبینیکردن بـوون , چـۆن وەڵامیـان بداتەوە و بیسەلمێنێت کە کـەڵکی لێوەرگرتـوون و ئێـوە لـەو دووربیـنترن... یەکێك لەونامانە داوا لەبارزانی دەکات کێشەی کورد لەنیوخۆییەوە بکەینـە نێو دەوڵەتی . باسێکی ئەو نامانەم لە مامۆسـتای کۆچـکردوو حەمەعـەلی فـەرەج بیسـتووە. ئـەوپیاوە ئەنـدامی لقـی کوردسـتانی کاژێـك بـووە, بارگەلەیـەك دۆکـۆمێنتی گرنگـی زۆرچـاك پاراسـتبوو, هەرهـەموو نـاوی ئەنـدامان و کلیلـی ریکخستنەکانیشـی بـەپوختی هـەڵگرتبوو, زۆرێـك

بەلگەنامەی لایەنەکانیی دیکەشی پاراستبوو.لەم سالانەی دواییدا مامۆستا کامیل ژیر داوای لیستی ناوەکانی کردبوو, نەیدابوویە , وتبووی دەفەوتێت . هەرچۆنیك بووە بەگفت و پەیمان دەیداتی. ئەنجامیش هەروادەبێت و مامۆستا کامیل ژیر بزریان دەکات و هەتا چەند مانگێگ نایاندۆزێتەوە, مامۆستا حەمەعەلی دەڵێت ئاخر کە نەمدەدا دەمزانی دەفەوتێت, ئەوەتە فەوتان .( بەراستی زۆر نیگەرانم , هەستدەکەم پارچەیەك لەجەستەم نەماوە.) بارزانی وەلامی چوار نامەکەی کاژیکی نەدایەوە , دوای راپەڕینیش مەسعود بارزانی وەلامی دوونامەی پرۆفیسۆر جەمال نەبەزی نەدایەوە. جابەوەدا کەمنیش بۆ کاك مەسعوود نامەیەکم بەهۆی لقی شەشی ئەورووپای پارتییەوە ناردوو نامەیەکیشم لەگەڵ کتێبێکی دەسنووسدا بردە بیرۆی تایبەتیی سەرۆك لە پیرمام ـ سەری رەش و دوای ئەوانەش ئیمێلێکم بۆ ناردو هیچ وەلامێکیان نەبوو, وادیارە گوێ بە دەنگ و هاوار و نامەی دلسۆزان نادەن ئەگەر سەربە خۆیان نەبن .

**ل.١٠٧ : "... ئەبدوڵلا دەڵێ ئەو لە ساڵی١٩٦٤دا, زانیوێتی کە کاژیك هەیە."**

** ئەوە گرنگ نییە کەی ناوی کاژیکی بیستووە یا زانیوێتی رێکخراوێکە و هەیە .ئەوەی ئاسایی نییە, لە رێکخراوێکی وەها توندوتۆڵدا, کەسێك لەماوەی پێنج ساڵ کەمتردا , بەسەر چەندین کادیری پێشکەوتوو, ئەندامی لقدا بازبدات و ببێتە بەرپرسی لقی کوردستان . دەڵێم لقی کوردستان

چـونکە کاژیـك تـەنها لقـی کوردسـتان و لقـی ئـەورووپای هـەبوو , لقـی کوردستانەکەش هەر لقی سلێمانی بوو!

**لا.١٠٧: " لێرەدا هێندەك پرسیار هەن کە دەبێ هاوبیران کامیـل ژیـر و فایـەق ئـارف وەڵامی بدەنەوە{لە دامەزرێنەران و سەرکردایەتیی تەنها ئەو دووانە لە ژیاندا ماون.ن. ك} : بۆچی کاژیك کە هێندە بە نهێنی کاریدەکرد, دەرگەی خۆی هەروا بە ئاسانی بۆ( پارتی گەلی کورد ) خستە سەرپشت؟ پارتی کە ئەو هەموو کین و دوژمنایەتییەی هەبوو بەرامبەر کاژیك, کاتێك محەمەد ئەزیز و محەمەد هەرسین چوونە نێو پارتییەوە . بۆچی پارتی هیچ وشەیەکی دژ بە( پارتی گەلی کورد ) و ئەم دووکەسە پێ نەبوو؟ "**

** سەرانی پارتی و شـۆڕش نەیانـدەزانی ئـەو دوو کەسـە دامـەزرێنـەری ( پارتی گەلی کورد ) بوون و لەگـەڵ کاژیـك دا یـەکیانگرتووە. ئایـا نـاردنی ئەو دووانە بڕیارێکی سـەرپێیی بـوو, یـا (سـەرکردایەتییەکە) بـۆ ئامانجیـك بڕیاری لەسەردا ؟ کاك حەمەی عەزیز لە وەڵامی وەها پرسـیارێکدا وتـی : ( من هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە پێشمەرگە بووم و ئەوەش بڕیـاری خـود خـۆم بوو ، ئەو کاتە نە کاژیك و نە هیچ کەسـێکی کـاژیکم دەناسـی )بەهـەرحاڵ ئەوانـە هـەر کەگەیشـتنە پـەنا بـارزانی , بـەرگوکالآی کاژیـك لەبـەرخۆیان دادەمـــاڵن و دەبـــن بـــە مـــەلایی عـــەیار٢٤. ناحـــەزانی کـــاژیکیش لەهەرپلەوپایەیەکدا بووبن هەرگیز نەیاندەتوانی لەبـەردەمی ئـەوان و فـەتاح ئاغادا بڵێن لەل. ساڵی ١٩٧١ ئەندامانی لقی چواری پـارتی, فـەتاح ئاغـا بانگدەکەن بۆ نانخواردنی ئێوارە لە ئوتیل ئاشتی ـ سلێمانی, بەڵام نـەك بـۆ رێزلێنان وبەسەربردنی ئێوارەیەك پێکەوە, بەڵکو بـەوناوەوە و لەسـەر مێـزی

مەیخواردنەوە دابەزنە سەری و داخی دڵیانی پێبڕێژن , بەڵام ئـەو پێشدەسـتی دەکـات و وەك لێزمـەی بـاران دەبارێتـە سـەریان ، شـەهید نـووری شـەریف لەگەڵێدابوو,گێڕایەوە وتی (سووك و سەلیم وترۆی کردن !)

**لا.١٠٨ : "...ئەزوێنەیەکیی گۆڕەکەی هاوبیر لەتیف ئەلیم نارد بۆ ئەبدوڵلا ئاگرین..."**

** ئەوە ١٩٦٨ بوو, من ئەوکاتە پەیوەنـدیم بـە کـاك عـەبـدوڵڵاوە بـوو, وێنەکـەی لـە زەرفێکـدا دەرهێنـا دیـاربوو لـە ئـەورووپاوە هـاتووە, ئەگـەر هەڵەنەبم بەناونیشانی بەڕێز دایکی مامۆستا نەبەز نێردرابـوو, پێشـانیدام و وتی ئەوە یەکـەمین شـەهیدی کاژیکـە .لـە وێنەکـەدا ئافرەتێـك ومامۆسـتا نەبەز لەسەر گۆڕەکەی شەهیدی جوانەمەرگ هاوبیر لەتیف عەلی وەستاون . هـەردوکمان وامانـدەزانی ئافرەتەکـە هـاوڕێی مامۆسـتایە. ئێمـە کەوتینـە وڵاتی ئەڵەمانیاو هاوبیر بروسکە ئیبراهیم و (ئیرمگارد) ی هاوسەری بوونـە میوانمان لـە شـاری ئـاخن ـ ئەڵـەمانیاو شـەو قسـەو باسـەکانمان هاتـە سـەر شەهید لەتیف و ئەو وێنەیەو هەڵبەسـتە بـە سـۆزەکەی شـێرکۆ بێکـەس لـە دیوانی کەژاوەی گریاندا بۆ شەهید لەتیف . خۆشبەختانە دیوانەکەش لەبەر دەسـتدابوو,... وتم ئـەی ئـەو ئافرەتـەی لەوێنەکـەدا لەتـەك مامۆسـتادا وەستاوە کێیە؟ وتی ئەم (ئیرمگاردە)ی هاوسەرمە ! دواتر لـە گفتوگۆیەکـدا لەگەڵ مامۆستادا هەمان ئەوباسەی شەهیدی جوانەمـەرگ لـەتیف عـەلی و وێنـەی سـەرگۆڕەکە هاتـە پێشـەوە, مامۆسـتا وتـی نـەخێر ئـەو ئافرەتـە(

ئێرمگارد) ی هاوسەری کاکە بروسکە نییە , کچێکە ئەو ماوەیە هاوڕێ بووین .

**لا. ١٠٩ : " شێرکۆی هەژار لەچاوپێکەوتنی هەفتەنامەی رووداو,ژمارە٢٤٨ رۆژی٢٠١٤/٥/٨ وتوویەتی: (بارزانی کاژیکی بەهیچ نەدەزانی, چونکە هیچ نەبوون.)"**

** ئێمەی کورد رۆژانە وشەی(هیچ) زۆرجار لەجێگەی خۆیدا بەکارناهێنین کە پێچەوانەکەی(شت)ە, بۆیە کاك شێرکۆ دەبوو بڵێت (بارزانی کاژیکی بەهیچ دەزانیی) , بەومانایەی هیچەو لەجێگەی نەبووانە . لێرەدا من هەرئەوەندە دەڵێم , ئەگەر بارزانی کاژیکی بە نەبوو زانیوەو هیچ حسابێکی بۆ نەکردووە, ئەی چۆن ١٩٦٤کە کاك ئیسماعیل عارفی ئەندامی (م .س ) پارتیی ناوی حەوت سەرکردەکەی کاژیکی دەخاتە بەردەست, بارزانی دەڵێت (دە ئێستا لەژیریاندا بنووسە : هەشتەم بارزانی مستەفا) ئاخر بارزانی خۆی لە سەرکۆمار و سەرکردەکانی عێراق بەکەمتر نەدەبینی , چۆن لەخوار کەسانێکەوە ریزدەگرێت کە هیچ بن ! دوای ئەوەش کاژیك با هێزی چەکدارو بنکەو بارەگای نەبووبێت و راستەوخۆو بەناوی خۆیەوە(شەڕەتەقەی) نەکردبێت, بەڵام بەردی بناغەی قوتابخانەی بیریی نەتەوەیی جێگیرکردو بەردەوامیش تەلارەکەی هەڵچنرا ئەگەر بەشێنەیی و هەنگاوی کورتیلەش بووبێت و بزوتنەوەکەش خۆرسك و سروشتیی و ساناو خۆشگەرِ بەنێو تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواریی و رێکخراوەکانیدا بڵاودەبێتەوە و ئامانجەکانی کاژیك بوونەتە بەرنامەی کاری گشت رێکخراوە

سیاسـیی و پیشـەییەکانی کوردسـتان و جارجـار لـەملاو ئـەولاش بـاس لەدامەزراندنی دەوڵـەتی کـورد دەکرێت ,دەمێـك گـەرموگوڕ و دەمێکـیش سسـت وخاودەبێتەوە...ئێمـەی هـاوبیرانی کاژێـك زمـانی کوردایـەتیمان بەسـەربەخۆیی کوردسـتانی گـەورەو دامەزرانـدنی دەوڵـەتی یـەکگرتوو پـڕاو خەباتمان بۆ دەکرد, بەڵام ئێستاو لـەم سـاتە وەختـەدا ناوچـەکە هـەر ئـاگری لێدەبێتەوە و نە مـاڵی کـورد ئەوەنـدە رێـك ودامـەزراوە , نـە هەلومـەرجی نێوخـۆی عێـراق و نەهەڵوێسـتی وڵاتـانی دراوسـێ هانـدەرە و زلهێزەکـانیش بەتایبەت ئەمەریکاو بەریتانیا هەرچەند هاتنە سەر ئـەو بـاوەڕەی کـوردیش وەك گەلانی دیکە , تەواوی ئەو مافەی هەیە بڕیار لەسەر چارەنووسی خـۆی بدات, بەڵام دڵنیاشن کاتەکـەی نـەگونجاوە و وەك زەمـین لـەرزێنێکی بـەهێز هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەهەژێنێ , هەژاندنێکی هێند بەتین و تـاو کـەس پێشـبینیی ئەنجامـەکانی بۆناکرێت. هەربۆیـە سـەرانی کـورد نابێـت مامەلەیـەك بکـەن قـانزاج سـەری مایـە بخـوات .قسـەم لەوەنییـە دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ کورد لە یەکگرتنی کوردستانی باشـوروخورهەڵات کە پتر لە ئێران وکوێت نـەوتی تێدایە,لەبەرنامـە نهێنییـەکانی ئەمـەریکاو رێککەوتنە نهێنییەکانی لەگەڵ ئەوروپادا جێگیرکرابێـت یـا رێککـەوتنێکی نهێنی دیکە لەگەڵ رووسیای (پۆتین)داکرابێت بەپێی یاسای قانزاج بەنیوەیی و تورکیاش بە(کاسەلستنەوە)دەمکوت و دەست بەستراوبکەن .

**ل.١١٢ : " ئەز, نە كاك فەرهاد ئەبدولقادرم دەناسی و نەكاك شێرزاد فـاتیح, ئـەوان هاتنە لای من و بە منیان گوت حیزبێكیان دروستكردووە بـە نێـوی ( حیزبـی سۆسـیالیزمی نەتەوەیی كورد )ەوە....."**

** ئەمە مانای ئەوان حیزبێكـی نوێیـان دامەزرانـدووە و ناویـان لێنـاوە و سـەركردایەتییان بـۆ دانـاوە , نـەك لـە كاژێـك نـارازین و دەیانـەوێت بـە مەبەسـتی چاكسـازیی یـا بووژاندنـەوەی رێكخسـتن و چـالاكییەكان كـۆنگرە ببەسـتن وهـەر رەخنـەو كەمتەرخەمییـەك هەیـە لـە سـەركردایەتی ,لیژنـەی پەیوەنـدی, لیژنـەی لـق, هـەمووی بخرێتـە روو, هـەموانیش ملكەچـی بڕیارەكانی كۆنگرە بن , نەخێر ئەوان حیزبێكی نوێیان هەیە, بەناوێكی نـوێ و سەركردایەتی و بنكردایەتی نوێ و شـێوازی كـاركردنی نوێـوە وكـەهاتوون بۆلای دكتۆر نەبەز, مەبەسـتێكیان هـەبووە, ئەگـەرنا, ئـەم پرسـەگورگانەیە چییە ؟

لەكۆتاییشدا هەر لە خوێندنەوەی ئەم دوا بەرهەمـەی دكتـۆر نەبـەزدا چـەند سـەرنج و تێبینییـەكی لـەجۆرێكی دیكـەم گەلاڵـەكرد و هـەوڵ دەدەم بەوشێوەیەی خزمەت بەبەرهەمەكەبكات بەرچاویان بخەم :

ئێمـە زۆرێكـی زۆر لەمامۆسـتای گەورەمانـەوە دكتـۆر نەبـەز فێربـووین و فێـریش دەبـین, ئازایـەتی ئێمـەش نییـە, ئـەو لـە دوور ولـە نزیكـەوە لـە فێركردنمـان بەردەوامـە و هـەتا مـاوین قـەرزداری ئـەوین ...بـەلام بـەداوای لێبوردنەوە چـەند سـەرنجێك لەخزمەتیـدا دیاریدەكـەم و بەرلـە هەمووشـیان

دەڵێم نەدەبوو ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری کاژیك، تەنها سێ ساڵ دوای دامەزراندن ئیتر ئاگاداری بارودۆخی ناوەکیی و دەرەکیی کاژیك نەبێت و بەتایبەتیش وێستگە گرنگەکانی وەك یەکگرتنی دوو ڕێکخراوە نەتەوەییەکەی باشوور، کاژیك و پارتی گەلی کورد لەژێر ناوی کاژیکدا, چوونە دەرەوەی دوو ئەندامی سەرکردایەتی و گیرسانەوەیان لە بارەگای بارزانی , ڕووداوەکانی کانی ماسی ,خاوبوونەوەی رایەڵەکانی ڕێکخستن و پاشەکشەو دانیشتنی چەند ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر ـ سەرکردایەتی وژمارەیەکی بەرچاویش لە دەستەی دووەم و کادیرە پێشکەوتووەکان و ریزەکانی خوارەوەش , یاخیبوون و جیابوونەوەی گرووپێك لە هاوبیران و پەڕکردنی ئەندامانی سەرکردایەتی و دامەزراندنی کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی نوێ , کۆنفرانسە مێژوویی و چارەنووسسازەکەی شاری نەغەدە ـ خۆرهەلاتی کوردستان و دواتریش بوونی کاك عەبدوڵڵا ئاگرین بە لێپرسراوی ( هەرچەندە هیچ کەس لێی نەپرسییەوە) ڕێکخستنەکان و هەڵگری هەرسێ مۆر و تامغەکەی سەرکردایەتی , لیژنەی پەیوەندی , لقی سلێمانی کاژیك !

ئەمە لەلایەك , لەولاتریشەوە هەر کوردیك و ناکوردێکیش مامۆستا بناسێت ئەو پرسیارەی بەبیردا هاتووە ئەگەر راستەوخۆش لەمامۆستای پرسیارنەکردبێت ئاخۆ بۆ ئەو ڕۆشتنەی ڕۆشت و کوردستانی جێهێشت ئەوساو ئێستاش نەگەڕایەوە و هەر پاساوێکیش بهێنێتەوە کەسێك لێی

ناسەلمێنێت , مەگەر هۆکارهەبێت هەر خواو خۆی بیزانن.ئاخۆ لایەنێك هەبێت دەستی بچێتە خوێنی ئەو پیاوە بەخزمەت و ماندونەناسە ؟ بۆیە دەتوانین بڵێین لەو بێسەر و بەرییەدا و لەو پاشا گەردانییەدا کە ( خوم دەشێوێت ) و کەس بەکەس نییە , دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین خۆی دەکاتە خاوەن و بەو جۆرەی کە دەیزانین ئەوەندەی لە توانایدا بووە کردوویەتی و ئەویش هەوڵیداوە بۆشاییەکە پڕبکاتەوە و تین و تەوژمێك بە ڕێکخستنەکە بداتەوە و هەوڵەکەشی بەهاوکاریی و تێهەڵچوونی کەسانێکی بێزار لە باڵەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان (جەلالییەکان) وەك کاك شێرکۆی هەژار و مامۆستا عوسمان ڕەشید وجوانەمەرگ حەمە مستەفا (ئازاد مستەفا)بەلاّم کورد وتەنی (ئاش لە خەیاڵێك و ئاشەوان لە خەیاڵێك) , ئەوان دەیانویست لیستی ناوی هاوبیران و کلیلی ڕێکخستنەکان( ناوە نهێنییەکان) ودۆکۆمێنت و چاپەمەنییەکانی کاژیکیان بکەوێتە دەست وکە ئەو کارانەیان ئەنجامدا ئینجا ئەویش و (سەرکردایەتی یا سەیرکردایەتی) یەکەش (پەڕبکەن) وەك خۆیان دەیانوت .لەراستیشدا هەروابوو , هەربەو جۆرەش کەوتەوە و کاك عەبدوڵڵا دەستی بە زاخدا چوو , هەستی دەکرد خەڵەتاندوویانە و کارلەکار ترازاوە .... ئیتر لێرەوە پۆخڵەواتی پلانەکانی یەکتر کوشتن هاتە گۆڕێ بەلاّم خۆشبەختانە خوێنی تێدا نەرژا .

دکتـۆر نەبـەز لـە زمـان هونەرمەنـدی گـەورەی کـورد, کۆچـکردوو رەفیـق چـالاکەوە بەسـەرهاتێکی سـەردەمی ئـاوارەیی و دەربـەدەریی هـەژاری موکریـانی دەگێڕێتـەوە لـە بەغـدا, بـەڵام ئەوەنـدەی گـوتی و گـوتم تێدایـە خەریکـە تـاموبۆی نووسـینەکانی مامۆسـتام لێ تێکـدەدات. ئـاخر شـێوە نووسینی مامۆستا نەبەز بەلای زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەییەکانی کوردەوە, بـەوە ناسـراوە وەك دۆشـاو و رۆنـی زسـتان و بـەفرو دۆی هاوینـان سـادەو بووژێنەرەوەن بەڵام ئەم دواییانە هەندێك (پووشوپەڵاش)یان تێکەوتووە.! بـە خۆمی رەوانابینم و بەخۆشمدا راناپەرمووم رووی رەخنەیان تێبکەم بـەڵام... هەر بۆ نموونە :

١ - دەرهاویشـتنی پیتـەکانی ع غ لـە ئـەلف و بێـی کـوردی وگـۆڕینی دەنگەکانی ع,غ بـۆ ئ,خ وەك: عەبـدوڵلا, بەغـدا, سـەعید بـۆ ئەبـدوڵلا, بەخدا, سەئید. هەروەها , نەوت/ نەفت , ئەنـدازە/ هەنـدازە , ورد/ هـورد, سوود/سووت , سەدە/سەتە, رەوشت / رێوشت , بـەئابڕو/ ئـابرودار, بینەر_ تەماشاوان/سەیرکەر(پاشـگری کـەر بەکارنـەهێنانی جـوانترە, وەك لـەبریی یاریکەر دەڵێین یـاریزان, چێشـت کەر_ چێشـتکار) . ئـەو تێکسـتانەش کـە مامۆستا وەریگرتوون و لە نێـو دوو کەوانـەی دانـاون , دەبـوو نەیانگۆڕێتـە سەر شێوە نووسینی خۆی. بۆ نموونە قسەکانی مامۆستا ئەحمەدهەردی, ئـەو ناڵێت : نێو , لە نێوبردن , ئێراق بەلکو دەڵێت ناو, لەناوبردن , عێراق.

٢ ـ نامیلکەی کوردایـەتی بـیر و باوەڕمانـە , ئامـانجی نزیـك و دوورمانـە, بریتییە لەکۆمەڵێك هۆنراوەی زۆر بەهێز و پێزی نەتەوەیی مامۆستا کامیـل ژیر, کە مامۆستا حەمـەی مەلاکـەریم خسـتنیە ژێـر نەشـتەرێکی کولـەوە, مامۆستا جـەمال نەبـەز بـەناوی خواسـتراوی (زەردەشـت) ەوە لـە نامیلکـە تەنزئامێزە بە نێوبانگەکـەی (کوردایـەتی لـەژێر نەشـتەرەکولەکەی حەمـەی مەلاکەریمدا) وەڵامێکی دایەوە, نووسەرەکەی کرد بە پۆڕی خوراو.

٣ ـ مامۆستا بێبەڵابێت لە نووسـینی عەرەبیـدا زۆر جـار وشـەی (ألکـرد , **ألأکراد**) ی بەکارهیناوە لەبریی(ألکورد) کە یەکەمیان وەك رێنووس هەڵەیە و دوەمیان وەك واتا هێندە بەرتەسکە کە هەرکۆمەڵێك مرۆڤـــ دەگرێتـەوە ژمارەیان دەوروبەری ملیۆنێك کەمتر یا چکۆ پـتر بێـت , نـەك نەتەوەیـەکی ٤٥ ملیۆنی . ئەمە بەجۆرێك لە هەست و نەستی بێگانەدا رەگـی داکوتـاوە وەك سەردەمی کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهان بێت , نەك ئێستا کە کـورد خاوەنی حکومـەت و پەڕلەمانـە و یەکێکـە لـە (وڵاتـانی بەرهەمهێنـەر) ی نەوت .

٤ ـ لاپـەڕە١٢٥ ـ ١٢٦: بلاڤۆکی(چەندوشـەیەك لـەبارەی ئـەم بزوتنـەوە چەکدارەوە) بەڵێ خوێنەر دەزانێت کاژیك نووسیوێتی , بـەڵام نازانێـت ئایـا لیژنـەی لـق, لیژنـەی پەیوەنـدیی یـا سـەرکردایەتیی یـا چ کۆمیتەیـەك دەریکردووە؟ چونکە تـەنها بـەرواری لەسـەرە , کەلەکوتاییەکەیـدا نوسـراوە ٣١ ی ئابی ١٩٦١!

٥ ـ لاپـەڕە١٢٧ : بلاڤـۆكی كاژیـك ( ئـەم بزوتنـەوە چـەكدارەو تـاكتیكی سوپایی) نەك نازانرێ چ كۆمیتەیەكی كاژیك دەریكردووە بەڵكو بەرواریشـی لەسەرنییە .

لـــە لاپـــەڕە ١٢٨یشـــدا بلاڤۆكەكـــەی بەنێونیشـــانی( ســـەرنجێكی تـــر لەكارەساتەكەی ئەم دوایی یە) ئەویش هەر بەو جۆرەیە .

٦ ـ ئەمە جگە لەم  دۆكومینتانە كە كۆپییان لە پاشكۆی كتێبەكەدایە:

لاپەڕە١٢٩: دۆكومێنتی: (رۆژنامەی) بانگی كاژیك لەلای سەرووی لاپەڕەی یەكەمدا ئامانجی سەرەكی كاژیك دانراوە:كوردستان بۆكـورد, یەكسـانی بـۆ گەل. لەژێریدا دروشمی كاژیـك {دوو پیتـی لاتینیـی k بەرامبـەر یـەكتر} و لەناویانـدا نوسـراوە بـانگی كاژیـك. لـە ژیریشـیدا نوسـراوە: رۆژنامەیـەكی كـوردی یـە فەلسـەفەو بیروبـاوەڕی حیزبـی (كاژیـك) بلاودەكاتەوە.لـەژێر ئەویشـدا: دامودەزگـای كاژیـك لـە ئـەورووپا نـاو بـەناو دەری ئـەكات بەسەرپەرشـتی هـاوبیر رەسـووڵ و لەسـەر بڕیـاری كۆنفرانسـی دامودەزگـای كاژیك لە نیسانی ١٩٦٨دا. لەژێر هەموو ئەوانەشدا نوسـراوە: ژمـارە(١) ـ ١٤ی نیسـانی١٩٦٨. لـەم چـەند دێـڕەی سـەرەوەدا چـەند خاڵێـك سـەرنج رادەكێشن.

ا‌ـــ بـــانگی كاژیـــك رۆژنامـــە نییـــە, چـــونكە رۆژانـــە دەرنەچـــووە, ناوبەناوبلاوكراوەتەوە, دەتوانین بلێین بلاوكراوەیەكی وەرزی یە

ب ـ كاژيك وەك كۆمەڵە دامەزرا, نەك حيزب .

ت ـ ئاشكرايە هاوبير رەسوڵ , مامۆستا نەبەزى خۆمانە بەڵام بڕيارەكەو كۆنفرانسەكەو دامودەزگاكە, بەخوێنەر نامۆن .

٧ ـ بانگەوازەكەى مامۆستانەبەز نووسيبووى و لەلاپەڕە١٤١ و١٤٢ دا كۆپيەكەيى بلاَوكردۆتەوە,هەروەها " بەيانە ناو زڕاوو ناڕاستگۆ وپڕ لەبوختانەكەى ١٩٧٥/١/٢٥ى شێركۆى هەژار" لە لاپەڕە١٨١ دا, و نامەكەى ئازاد مستەفا بۆ دكتۆر نەبەز لەلاپەڕە١٨٩دا, خوێندنەوەيان دژوارە و مامۆستا تايپى بكردنايەو لەپاڵ يەكتردا بلاَوى بكردنايەتەوە, چاكتر بوو چونكە ئەو دۆكۆمێنتانە هەرهەموويان بەلگەنامەى مێژوويى گرنگ و دەگمەنن و خوێنەر بەهۆيانەوە لە ناوەڕۆكى كتێبەكە تێدەگات و ئێستاو لەداهاتووشدا لێكۆڵەران و مێژوونووسان ئەو بەڵگەنامانە بەرچاويان روونندەكاتەوە بتوانن شەنوكەوى مێژوويى و تاووتوێى زانستيى و ئەكاديمى كاژيك و وێستگەو رووداوەكانى تەمەن وسەردەمە كورتەكەى كاژيك بكەن . لەو دێرۆكە كورتەى تەمەنى كاژيكدا دياردەيەكى يەكجار نامۆو سەرنجراكێش دەبينرێت بە دێرۆكى هيچ رێكخراوێكى راميارىى خۆرهەلاَتى ناوەند و ئەملاو ئەولاتريشەوە نابينرێت و ديادەيەكى نامۆ و تاقانە وبێهاوتايە :

١- ئەندامێكى دەستەى دامەزرێنەر كۆميتەى سەركردايەتيش (مامۆستا عەبدوڵڵا) جەوهەر ساڵى١٩٦١دواى تەنها دووساڵ لە دامەزراندنى

کاژیـك لـه ١٩٥/٤/١٤دا,دەسـتبەرداری هـەردوو پۆسـتەکە دەبێـت و دەکشێتەوە.

٢- ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر وکۆمیتەی سەرکردایەتیش دوای٣سێ ساڵ لە دامەزراندن وڵات جێدەهێڵێت بـەرەو ئـەورووپاو جـارێکی دیکـە ناگەڕێتەوە کە هەتا ئەمڕۆ دەکاتە ٥٥پەنجاوپێنج ساڵی رەبەق!

٣- ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنـەر و کۆمیتـەی سـەرکردایەتیش (دکتـۆر ئیحسـان فوئـاد) دوای٣سـێ سـاڵ لەدامەزرانـدن دەچـێتە رووسـیا بـۆ خوێندن و ئیتر بڕای بڕ خوانـەکا کارێـك بـۆ کۆمەڵەکـە بکـات بـەڵکو پەیوەندی بە رێکخراوێکی دیکەوە دەکات و خواحافیز و ماڵئاوا.

٤- ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر و کۆمیتەی سەرکردایەتیش(مامۆسـتا فەرەیدوون عەلی ئەمین) دوای١١یازدە ساڵ دەکشێتەوە.

٥- دوای١٦شـازدە سـاڵ بـاڵێکی کۆمەڵەکـە لـە دەسـتەی دامەزرێنـەر و کۆمیتــەی ســەرکردایەتی یاخیــدەبن و بــە بلاڤۆکێــك هەرهــەموویان لەسەرکار لادەبەن و خۆیان دەکەنە (سەرانی کردە) .

٦- دوای١٦شازدە ساڵ و مانگێگ و ١١یازدە رۆژ گوایە سەرکردایەتییەکی نوێتر دامەزراوە

٧- ئەنـــــدامێکی دەســـــتەی دامەزرێنـــــەر و کۆمیتـــــەی سەرکردایەتیش(عەبدلکەریم عارف) دوای ٢٠ بیست ساڵێك,شەوێك لـە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لەنێودەچێت!

٨- ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر و کۆمیتەی سەرکردایەتیش(مامۆستا ئەحمەدهـــــــەردی)دوای هەڵپەســــــــاردنی چـــــــالاکییەکانی کۆمەڵەکە(هەڵوەشـــاندنەوە) و دوای٢٣بیســـت و ســـێ ســـاڵ دەبێتـــە سکرتێری پارتێکی هاوبیری کۆمەڵە هەڵپەسێردراوەکە.

٩- ئەندامانی دیکەی دەستەی دامەزرێنەر و کۆمیتەی سەرکردایەتیش کـە مابوونەوە(دکتۆرجـەمال نەبەز,مامۆسـتا کامیـل ژیر,مامۆسـتا فایـەق عارف)یەکـــەمیان لـــە ئەورووپا(هەرخـــەریك بـــوو) بـــەڵام ئەوانیدیکـــە نەدەنگ و نەرەنگ.

١٠- پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی وئاسـتی زانسـتیی و روونـاکبیری دەسـتەی دامەزرێنەر و کۆمیتەی سەرکردایەتیی بەمجۆرەبوو:

٥پێنج مامۆستای خوێندنگای دواناوەندیی و سەرەتایی.

٢دوو فەرمانبەری میریی.

٢دوو کاسبکار.

١١-ئەنـــدامێکی دەســـتەی دامەزرێنـــەر وکۆمیتـــەی ســـەرکردایەتیش دوای٥٦پەنجاوشەش ساڵ دەڵێت ئامـادەی کۆبوونـەوە(کۆنگرە) دامەزرانـدنی کۆمەڵەکە نەبووە.!

١٢-ئەنـدامێكی دەسـتەی دامەزرێنـەر وكۆمیتـەی سـەركردایەتیش دوای دابڕانی٨هەشـت سـاڵ لـە١٩٦٤ەوە(كـاك حەمـەی عەزیز)لـە١٩٧٢دا بـەبێ ئامادەبوونی خۆی(دیاریدەكرێتەوە) بە ئەندامی سەركردایەتی.!

كشانەوە,دابڕان و جیابوونەوە,لادان و كەرت بوونی رێكحراوێكـی رامیـاریی بۆ دووكەرت یا پتریش و تەنانەت خۆڕانەگرتن و رووخان و .... وەك بەسـەر عـەزیز حـاجی سـەركردەی باڵەكـەی (ناوەنـدی سـەركردایەتیی) پـارتی كۆمۆنیسـتی عێراقـدا هـات كـە لـە (كۆمیتـەی سـەركردایەتی حیزبەكـە جیابوەوە لەكۆتایی شەستەكانی سەدەی رابوردوودا,تەنانـەت ناپـاكیكردنیش لە نێو سەركردەكانی لابەنەكاندا روویانداوە و روودەدەن بەڵام بە قورسـایی و كاریگەریی جیاواز بەسەر رێكخـراوە رامیارییەكەوە,هەرێمەكەوە,وڵاتەكـەوە یانەتەوەكەوە.بۆ نموونە كاریگەرییەكانی جیابوونەوەی مامۆستا برایم ئەحمەد و هەڤالانی لە بارزانی مستەفا قورس بـوو, كاریگەرییەكانیشـی قوڵبـوون و بەردەوامیشیان هەیە,هەروەها جیابوونەوەی كاك نەوشیروان مستەفا لە مـام جەلال. لادانی صەدام حسەین لە رێبازە میانڕەوەكەی ئەحمەد حسـەن بـەكر قورس بوو,هەشت ساڵ جەنگێكی خوێناوی لەگەڵ ئێران و داگیركردنی كوێت و دواتـر داگیركردنـی عیراقیشـی بـەدوای خۆیداهێنا....بـەڵام كشـانەوەی هونەرمەندی فرەبەهرەی گەورەی كـورد رەفیـق چـالاك و نووسـەر و هۆنـەری ناسراوی كورد محەمـەد حەمـە ئـەمین (كاكـەی فەلاح)كـە هـەتا نێوەڕاسـتی ساڵانی پەنجاكانی سـەدەی رابـوردوو دووكۆمۆنیسـتێكی ناسـراو و بەرپرسـی

باڵای پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوون, لەوە بەدواوە پشتیانکردە ئەو حیزبەو جۆرە هاوکارییەکی رووکەش و هەڵخەڵەتێنەری میریی عێراقیشیان دەکرد, بەڵام نەك وەکو سیخوڕو بەکرێگیراو, نەخێر, کەچی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەستیان لێشتبوون, رەفیق چالاك بەناپاك و خۆفرۆش ئەژمار دەکەن وبڕیاری لەنێوبردنی مۆرکرا . ئەوەبو ساڵی١٩٦٢ تەقەیان لێکرد و رێکەوت وەهابوو هاوکات پارتیش تەقەی لەخوالێخۆشبوو عەلی حاجی مەلاشەریفی سەعاتچی کرد, هەردووکیان بریندداربوون و پێکەوە لەنەخۆشخانەی سلێمانی کەوتبوون.رەفیق چالاك بە عەلی مەلا شەریف دەڵێت :(عەلی مـن گوللـەی شیوعیم بەرکەوتووە,چاکدەبمەوە, بەڵام تۆ گوللەی شۆڕشی کوردت بەرکەوتووە دەتکوژێت .) هەر بەو جۆرەش بوو ئەو پیاوە دووای دوو رۆژ کۆچیدوایی کرد و چالاکیش پەیوەندیکرد بە شۆڕشەوە . هەر ئەو ساڵانەش بوو محەمەد حەمە ئەمین شاربازێڕی, ناسراو بە کاکەی فەلاح , بەرپرسی رێکخستنەکانی سلێمانی و کەرکووك لە پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا, دەستی لەو حیزبە کێشایەوە و بۆ یادی ماڵئاواییش لەو حیزبە و بیرو باوەڕیشی هەڵبەستە بەنێوبانگەکەی ( گوڵی ژاڵە)دەنووسێت , ئێستا هەر ئەم دوونیوە دێڕەم لەیادە , تەنها دوونیوە دێڕ بەڵام زۆر پڕماناو چڕوپڕ و جادوگەرانەش پێشبینی داهاتووی کردووە :

**گوڵی ژاڵە بڕۆ بمرە هەتا جاو مفت و هەرزانە**
**ئەوی دەستی بەزاخا چوو لەسەر تۆ ماڵی وێرانە**

**بەڵام کشانەوەی هونەرمەندی گەورەی کورد رەفیق چالاك و هۆنەری ناسراو کاکەی فەلاح کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە نەبوو.**

لێرەدا بێ مەبەست شتێکم بە بیرهاتەوە, برایانی کۆمۆنیست و مارکسییەکانیش ساڵانێکی دوور و درێژ دروشمە زۆر سەرەکییەکەی خۆیان ( ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن ) یان بەرزکردبووەوە و نە ئێمە دەمانزانی لینینی مەزن لە کۆنگرەی پارتە کۆمۆنیستەکانی خۆرهەڵاتدا کە ساڵی ١٩٢٠لە شاری باکۆ بەسترا, لینین مەردانە ئەو دروشمەی گۆڕیوە و لەبەرژەوەندیی دەیەها گەلی چەوساوەو پلیشاوەی بێ بەش لە هەموو مافەکانی مرۆڤی سەردەم کە کورد لەپێش گشتیانەوەیە, دروشمەکەی کرد بە (ئەی کرێکاران و گەلانی چەوساوەی جیهان یەکگرن) بەڵام مەخابن نەك هەرگەلانی چەوساوە, بەڵکو کۆمۆنیستەکانی ئەو گەلانەش لەو بڕیارە مێژووییە گرنگە و لەو وەرچەرخانە ئایدیۆلۆژییە ناوازەیە بێ خەبەربوون یا بەردێکیان خستبووە سەرو گوێی خۆیان لێخەپاندبو نەکەوێتە دەمی گەلانی چەوساوە!

دووا وتەش دڵنیام مامۆستای بیریی کوردایەتیی بە مەزنیی ودڵفراوانیی خۆی دەمبەخشێت ئەگەر خوانەکردە سنووری نێوان مامۆستا و قوتابیم بەزاندبێت , ئامانجیشم خزمەتێکی بچووکە بە دیرۆکی بزاڤی نەتەوەیی

کورد(کوردایەتی).خوێنەرانی هێژاو بەتایبەتیش هاوبیران هەر هەڵەو پەڵەیەکم بۆ هەڵگرنەوە دڵ فراوانم ودوعا گۆیانم .

پیرەمێردی مەزن فەرمویەتی:

**(ئەو کاتە زانیم وڵات فەوتاوە زانا لە دەرگای نەزان وەستاوە)**

**لەکۆتاییشدا چەند وردە تێبینییەك دەخەمە بەردەم خوێنەران و کەسانی پەیوەندیدارەوە:**

**١-دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین پەکینەکەوتووە لە سەر مامۆستا کامیل ژیر,هاوبیران عەبدولفەتاح عەبدولرەززاق(مەلافەتاح)ومحەمەد مەجید ئەصلان تەمەن درێژبن لەژیاندان بۆ ئەوان ناکاتە شایەت بۆ پشتراستکردنەوەی کۆنگرەکەی کەمامۆستا کامیل نکوولیی لێدەکات و دەڵێت کۆبوونەوەی وا لەماڵی مندا نەکراوە.**

**٢-کاژیك لە١٩٧٤/٣/١١دا بڕیاریداوە چالاکییەکانی هەڵپەسێرێت, هۆکارەکان چیبوون؟ئەی کۆنگرەی نەغەدە چۆن بەسترا,بەستنی کۆنگرە چالاکیی نییە؟**
**٣-ئەو هەموو کۆبوونەوە وکۆنگرە مێژووییانە بلاڤۆکێکیان بەدوادا دەرنەچووە:**
**کۆبوونەوەی(شەشەوانەکە)لە١٩٥٩/٤/١٤دا, بێئەوەی مامستا جەمال نەبەز ئامادەبێت و نیصابی یاسایی(حەوتەوانەکە)پڕبکەنەوە.**
**کۆنفرانسەکەی شاری نەغەدە,کۆتایی پایزی١٩٧٥. بڕیاری هەڵپەساردنی چالاکییەکانی کاژیك.**
**٤- هاوبیر عەبدلفەتاح(مەلافەتاح) خودی خوم لە پێنجوین ئاگادارمکرد بانگکراوە بۆ نەغەدە,زۆر راشکاوانە وتی دەمێکە بڕیارمداوە بەشداریی هیچ**

**چالاکییەك نەکەم,بەڵام لە لیستی ئامادەبوواندا خراوەتە جێگەی عەلی تۆفیق کە شەهید کاك فەتاح ئاغا ناردبووی.**

**٥- کاك عەبدوڵڵا نامەیەکی کاژیك دەبات بۆ بارزانی مستەفا لە رانیە, ناوی هاوبیر شێرکۆ بیکەس دەبات کە رێکخەری بووە و ئاگاداریکردووە کە چاوەڕوانی ئەندامێکی لیژنەی پەیوەندی بکات بەڵام ناوی ئەو هاوبیرەی چاوەڕوانی وەڵامی نامەکەی بارزانی دەکرد، ئاشکراناکات!**

**گەر ویستت خۆزگە ت بکەیتە گوڵ     خزمەتی دەوێ بە گیان و بەد**
**بە هەوڵ و رەنج ولێبڕان بە دڵ     دووربێ یا نزیك دەگەیتە مەنزڵ**
**گرنگ ئەوەیە رێبواری رێگا     ئامانجی دیاربێ و رێگا وننەکا**
**دڵت خۆشمەکە بە خۆزگەی بەتاڵ     ناگەیتە ئامانج بەهەوای خەیاڵ**
**تاکو خۆزگەکان بکەین بە بەرات     نابێ ماندووبیی لە هەوڵ و خەبات**

**(وەستا صاڵح)**

## ژێدەرەکان

١ ـ حەمەسەعیدحەسەن, کانی ماسی هەواری شاری بکوژان ,گۆڤاری پەیام ژمارە/٣٢ رەشەمێ ونەورۆزی٢٧٠١ی کوردی/٢٠٠١ زایین .بڕوانە دکتۆر جەمال نەبەز, کاژیك١٤-٤-١٩٥٩ پێشخان و پاشخانەکانی,کۆبەرهەم ژمارە١٣ , سلێمانی ٢٠١٥لاپەڕە ١٤٧.

٢ ـ حەمەسەعید حەسەن , كانی ماسی ..... هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو.


٣ـ حەمەسەعید حەسەن ,كانی ماسی هەواری شاری بكوژان , پەیام ژمارە/ ٣٢ رەشەمێ و نەورۆزی٢٧٠١ی كوردی/ ٢٠٠١ زایین , دكتۆر جەمال نەبەز, كاژیك١٤/٤/١٩٥٩ پێشخان و پاشخانەكانی , كۆبەرهەم ژمارە١٣. سلێمانی ٢٠١٥لاپەڕە ١٤٧ و ١٤٨.

٤ ـ حەمەی عەزیز, ئاوڕێك لەرابردوویەكی نزیك, گۆڤاری باسكار.ژمارە٣ لاپەڕە٨٨لەندەن ١٩٩٩ .

٥ـ ئەحمەد بانیخێلانی, بیرەوەرییەكانم , لاپەڕە ٢٢.ستۆكهۆلم ١٩٩٧.

٦- ساسان محەمەد دەروێش نادر ، نامەیەكی كراوە ،گۆڤاری هەلاڵە ژمارە /٦ لاپەڕە ٣٣، ٣٤ .

# ئەلبوومی وێنەکان


TURKEY
N
W
E
S
IRAN
SYRIA
IRAQ
کوردستان
KURDISTAN


ماموستا ئەحمەد هەردی
دکتور جەمال نەبەز
ماموستا کامیل ژیر
ماموستا فەرەیدون عەلی ئەمین
ماموستا عەبدوڵڵا جەوهەر
دکتور ئیحسان فوئاد
ماموستا فایەق عارف
دەستەی دامەزرێنەری (کاژیک)
١٩٥٩/٤/١٤




هاوبیرانی ئامادەبووی کۆنفرانسی ( کاژیك ) لە مانگی دووی ١٩٧٥ لە شاری ئەغەدە




لقی سلێمانی ( کاژیك ) ١٩٦٤/٣/٢١



**لەڕاستەوە : شەهید لەتیف عەلی , خاتوو ئێرمگارد هاوسەری هاوبیر بروسکە ئیبراهیم ئەحمەدی قازی ، دکتۆر جەمال نەبەز کۆتایی ١٩٦٥ میونشن.**



لەڕاستەوە : دکتۆر جەمال نەبەز ، شەهید لەتیف عەلی لەبەردەم زانکۆی تەکنەلۆژیای میونشن ، ساڵی ١٩٦٥ .



**لەڕاستەوە : شەهید عەبدالکریم عارف – ئەندامی سەرکردایەتی ، کەمال کوردە ، شەهید حەمەصالّح بێسەری (٢٨-٧-١٩٦٦) کتێبخانەی گشتی سلێمانی .**



**کۆمەڵێك لە هاوبیرە دێرینەکانی ( کاژیك )**

**لەڕاستەوە : مامۆستا عەبدوڵلای کاك ئەحمەدی چایچی ، شەهید تۆفیق نوری بەگ ، شەهید شێخ محەمەدی هەرسین، مامۆستا محەمەد مەجید ئەصلاڵن، کۆچکردوو مامۆستا حەمە علی فەرەج ، شەهید مامۆستا حەمە صالح بێسەری ( صالح هیتلەر ) سلێمانی ١٩٦٢/٣/٢١.**



**وێنەیەکی مێژوویی سەرۆکی پێشووی لیبیا( موعەممەر قەززافی) کە بەڕێز و نەوازشێکی قوڵەوە ، ئاڵای کوردستان لە هاوبیر جەواد مەلا وەردەگرێت.ڕۆژی ( ٢٥ –١- ١٩٩٧ ).**



لەڕاستەوە : شەهید حەمە صالّح بێسەریی ، کۆچکردوو عەبدوڵلا جەوهەر — ئەندامی هەردوو کۆمیتەی دامەزرێنەران و سەرکردایەتی. ك . ا . ژ . ی . ك ( كاژیك ) ، لەتیف فاتیح هەمەوەندی ( ١٣ — ١ — ١٩٧٣ ) .



سێ هاوبیر لە دەستەی دووەمی هاوبیرانی کاژیك : کۆچکردوو حەمە عەلی فەرەج، مامۆستا محەمەد مەجید ئەصلاڵن ، شەهید مۆستا حەمە صالح بێسەریی ( ٢١ — ٣ — ١٩٦١ ) سلێمانی .




لەڕاستەوە : شەهید نوری شەریف ، کەمال مەحمود ، نوری کەریم ، فازیل محەمەد تۆفیق نەقشبەندی لە یاریگاکەی سلێمانی ١٩٧٠ .



**شەهید عەبدوڵڵای ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق لە نیوەڕاستی دوو پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولدا .**




**دکتۆر جەمال نەبەز  و کۆچکردوو شیخ ئەحمەد نەقیب ، کۆتایی ١٩٨٢ لەماڵی شێخ ئەحمەد .**



فەرماندەی هێزی خەبات (شۆڕشی ئەیلوول ) هاوبیر فەتاح محمد ئەمین ئاغا – بەرزنجە ( ١٩٧٠ ) .



هاوبیر شەهید مامۆستا عیزەت ڕەشید و شەهید مامۆستا حەمەصاڵح بێسەری ١٩٧٤/٨/١٧ پێکەوە لەئەبوغرێب لە سێدارە دران .



**سـەردانێکی مامۆسـتا فایـەق عـارف – ئەنـدامی هـەردوو کۆمیتـەی دامەزرێنـەران و سـەرکردایەتی کاژیـك بـۆ بـەرلین لـە هـاوینی ١٩٧٦ دا لەگەڵ خێزانەکەی بۆ دیدەنی کردنی دکتۆر جەمال نەبەز.**



کۆبونەوەیەکی کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان لەشاری گویتنگن – ئەڵمانیا ١٩٩٨ ، لە ڕاستەوە : بروسکە ابراهیم ، دکتور نەبەز ، نوری کەریم .





**کۆبونەوەیەکی ئەندامانی کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان لەشاری گویتنگن – ئەڵمانیا ١٩٩٨ بەڕێزان شەوکەتی مەلا سمایل ,دکتۆر کوردستان موکریانی و دکتۆر جەمال رەشیدی هاوسەریی دەبینرێن.**



له ڕاستەوه : ؟؟؟ ، هاوبیر جەواد مەلا ، ؟؟؟ ، نوری کەریم ، ١٩٩



گرافیك ..... سەرەتا و کۆتایی کاژیك و پاسۆك !



داری بێبەر و سێبەر !



هەردوو ڕێکخراوە داخراوەکەی

نێوان ساڵانی ١٩٥٩ – ١٩٧٥ ، ١٩٧٦ – ١٩٩٢.



وێنەکـــەی ســـەرەوە،لە ڕاســـتەوە : دکتـــۆر جـــەمال نەبـــەز، هـــاوبیری کۆچـکردوو شـێخ ئەحمـەد نـەقیب ( حەفیـد) ٢٥-٩-١٩٨٣ گـاوتینگ – ئەڵمانیا .

وێنەکەی خوارەوە کۆمـەڵێك لـە هـاوبیرانی هەنـدەران لەسـەر گۆڕەکـەی شـەهید لـەتیف علـی لـە کۆڕسـتانی گـاوتینگ نزیـك شـاری میونشـن ( میونیخ ) .

# سەرچاوەکانی وێنەکان :


وێنەکانی ژمارە ٥ , ٦ , ٧ , ١٠ , ١٥ ,١٦, ٢٦

١ـ  جمال نبز، ألمستضعفون آلكورد وأخوانهم آلمسلمون , لندن ١٩٩٧.

٢ـ دكتۆر جەمال نەبەز،كاژيك١٩٥٩ پێشخان وپاشخانەکانی ,سلێمانی ـ كوردستان ٢٠١٥.

وێنەکانی ژمارە ٢ , ٣ , ٤ , ١٤ :

١ـ دكتۆر عەبدوڵا ئاگرين، لاپەڕەيەكى گەش لە مێژووى كاژيك , بيرەوەرى و ديكۆمێنت  ١٩٦١ـ١٩٧٥ , چ١ هەولێر٢٠١٣.

وێنەکانی ژمارە ١ , ٨ , ٩ , ١١ ,١٢ , ١٣ , ١٧ , ١٨ , ١٩ , ٢٠ , ٢١ , ٢٢ , ٢٣، ٢٥ ئارشيفی نوری كەريم و هاوبير فەرەج صاڵح بێسەريی .


٢٤ , ٢٦ : گرافيك و سازاندنی : نوری كەريم

# پـــــاشكۆ

## چەند نموونە يەك لە دۆكۆمێنتەكانى كتێبەكەى د.عەبدوڵلاَ ئاگرين


## ( چەند لاپەڕەيەكى گەش لە مێژووى كاژيك )

## لیستی هەندێک لەناو و ناوی حەرکی هاوبیرانی بازنەی لقی سلێمانی کاژێک




## نەخشەیەکی تری لیستی هاوبیرانی ڕێکخستنەکانی کاژێک

ساڵی ١٩٧٤




## نموویەک لە ریکخستنەکانی یەکیتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد

١٩٦٢ - ١٩٦٤



## ئەمەش دیکۆمێنتێکی دیکەی ریکخستنەکانی کاژیکە



ناسینەوەی هاوبیرانی کاژیك کە ناویان لەو لیستانەی سەرەوەدا لە لاپەڕەکانی ١٣٩, ١٤١, ١٤٣ دا نوسراوە:

١- عبدالله / دکتۆرعەبدوڵڵا ئاگرین .

٢- فتاح / عەبدولفەتاح عەبدولرەزاق(مەلا فەتاح)فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی .

٣- محمد مجید / مامۆستا محەمەد مەجید ئەصڵان .

٤- شێرکۆ بێکەس / هۆنەری گەورەی کورد مامۆستا شێرکۆ بێکەس .

٥- حمە علی / مامۆستا حەمە عەلی فەرەج ٢٠١٢/٨/١٧کۆچیدواییکرد .

٦-کاك فتاح / شەهید فەتاح حەمەمین ئاغا, فەرمانداری هێزی خەبات .

٧-جلال قادر/ خوالێیخۆشبێت جەلال دەروێش قادر برای شەهید عوسمان دەروێش قادر.

٨- نوری کەریم/ بەندە مامۆستا نوری کەریم لە ١٩٩٤ەوە لە ئەڵەمانیا نیشتەجێیە .

٩-کمال علی/مامۆستا کەمال عەلی نانەوا(صۆفی کەمال)٢٠١٣ کۆچیدواییکرد.

١١- عەتا /هونەرمەندی شانۆکار عەتا سولڵتان,زاوای کاك جەلال حاجی عەبدوڵڵا.

١٢- جلال قبانچی / جەلالی حەمەی قەپانچیی .

١٣- ئەحمەد حمە شەمەیی / ئەحمەد شەمەیی بازرگان برای هاوبیری جوانەمەرگ عومەر شەمەیی .

١٣- عبدالله احمد / مامۆستا عەبدوڵڵا ئەحمەد چاپچی ناسراو بە عەبدوڵڵا کۆرناڵ .

١٤- عارف /عارف شێخ کەریم ناسراو بە عارفە سوور.

١٥- بایز / وەستا بایزی شێخ محەمەدی بەنا, لە١٩٩٨ەوە لە وڵاتی ئەڵەمانیا نیشتەجێیە.

١٦- سەعید گەوهەر / شەهید خاڵە سەعید.

١٧- عزەت / شەهید ماموستا عیزەت رەشید , رۆژی١٧/٨/١٩٧٤لەگەڵ شەهید ماموستا حەمە صالح بێسەریی ناسراو بە صالح هێتلەرلە ئەبوغرێب لە سێدارەدران.

١٨- ئەحمەد سەلام / خوالێیخۆشبێت ماموستا ئەحمەد سەلام ١٩٤١-٢٠١٥ .

١٩- ئەنوەر برزو / فرۆشیاری چاپەمەنیی .

٢٠- عەلی مامە: پاڵەوانی زینداکانی بەعس و ژووری لە سێدارەدان و زیندانی هەتاهەتایی- ئەبوغرێب.

٢١- نهاد/ نیهاد مەحموود ئامۆزای ماموستا فەرەیدوون عەلی ئەمین .

٢٢- عوسمان سەرقەبران/ عوسمانی مام عەلی / کارگەی بلۆکی گردی جۆگە .

٢٣- نەوزاد صابر/ نەوزاد سابیر قەراخی,رێکخستنە سەرەتاییەکانی یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد .

٢٤- عزیز فتح الله / هاوبیری جوانەمەرگ عەزیز ئەحمەد فەتحوڵلا, ناسراو بە عەزیزە کونج .